● لەم ژمارەیەدا ●
● پیلانەکانی ئیمپریالیزم وزایۆنیزم دژی بەرگری فەلەستین لە لوبنان ل : ٢
● سەرچنار جوانی ـ شیعر
● روناکی ل : ٤
● خەباتی قوتابیانی کوردستان ل : ٥
● پۆستەی خوێنەران ل : ٦

(٨) لاپەڕە
نرخی
(٢٥) فلس
لە (دار الحرية)
چاپ ئەکرێ

هاوكاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپو بلاو کردنەوەی کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

ژمارە (٢٧٠) ٦ـ١٣/٦/١٩٧٥

سەرۆکی فەرماندە : کاری میللی پراکتیکێکی شۆڕشگێرانەیە

هەڤاڵ صدام : میللی کردن بڕیارێکی ئاسایی نیە چونکە بە ئامانجەکانی شۆڕشەوە بەستراوەتەوە

١٠٧٦ ملیۆن دینار بۆ بەرنامەی بەرهەم هێنان تەرخان کراوە .

هەڤاڵ صدام : بڕیاری میللی کردن دووبەشە ـ بڕیاردانەکەو سەرخستنی

○ بڕیاری یەکی حوزەیران بنچینەی ئابوری وڵاتی پتەوکرد

ڕۆژی یەک شەممەی ڕێکەوتی ١ـ٦ هەڤاڵ صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش سەری لە وەزارەتی نەوت داو لەگەل کاربەدەستانیدا کۆبۆوەو وتارێکی بۆ خوێندنەوە تیایدا باسی مەسەلەی میللی کردنی نەوتی کرد .. ئەمەش تەواوی وتارەکەیەتی :ـ

هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا سەردانمان لەم دەزگایانە بۆتە نەریتێك کە لە بۆچوونو حسابانی سیاسیو پەروەردەییماندا مانایەکی تایبەتی هەیە .. سەرکردایەتیی هەمیشە بە ئەنگەوەیە کە بایەخی ئەو بڕیارە گەورەیە ساخ بکاتەوە کە لە یەکی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ دا درا .

ئێوە ئەوەی میلای کردنو ئەو دۆخەتان لە یادە کە تیایدا ئەو بڕیارەی تیادا درا .. وە بۆ ئەوەی بە تەواوەتی لە بایەخی ئەو بڕیارە بگەن پێویستە بزانن کە پسپۆڕانی نەوتو شارەزایانی ئابوریو داراییو چەند وڵاتێکی دۆست ـ لە گەل ڕێزماندا بۆیان ـ هەموویان وا یان ئەویست کە نەوت میللی نەکەین .

وە باری داراییشمان بە جورێك بوو کە نەئەبوو بڕیاری میللی کردنەکە بدەین بەلام هەر کردمانو بڕیارەکەمان دا .

جا بۆ ئەوەی بو چوونو حساباتەکانمانو وێنەی ئەو بیروباوەڕە لە بەر چاو بێ کە سەرکردایەتی لە دەرکردنی بڕیارەکەدا ڕەچاوی کرد پێویستە ئەم ڕاستییانە بزانرێ .. هەموو شارەزاو پسپورەکان حسابێکی تایبەتی وژانراویان ئەکردو ئەگەیشتنە یەك ئەنجام ئەویش ئەمەیە :ـ بە پێی بۆ چونەکانیانو بە گوێرەی ئەو دۆخەی لە ئارادابوو نە ئەتوانرا ئەو بڕیارە بدرێ .. وە بۆ ئەوەی مرۆڤ بڕیار بدات ئەبێ پێداویستیی سەرکەوتنی بڕیارەکەشی لەبەر دەست دابێ وە بەپێی بۆ چونی ئەوان ئەو پێداویستییانەی ئەبوو لەو دۆخەدا لە بەر دەست دابایە پێداویستی داراییو ئابوری بوو .. ئەوانیش بەو شێوازو ڕێگایەی بوچونەکەیان ڕاست بوون چونکە بەپێی بۆ چوونی رووت (مجرد)و کلاسیکی تواناو پێداویستی دارایی و ئابوری لەبەر دەستدا نەبوو .. بەڵام بە گوێرەی بۆ چوونی

گۆڕانی سایکولوجی (نفسی) جەماوەر توانای لە ئارادا بوو ئەمەش مەسەلەیەك سەرکردایەتیی حیسابی بۆ ئەکاتو ئیشی ئەوە .

لە کاتی خۆیدا پێمان وترا : ئێوە کارێك ئەکەن زیان بە بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکانی جیهان ئەگەیەنیو ئەنجامی پڕ مەترسی ئەبێ ..

بەڵام ئێمە ئەوەمان لەبەر چاو بوو کە بڕیاری یەکی حوزەیران بڕیارێکی کلاسیکی

پروانە ل ـ ٧ ـ

ڕۆژی ٣ـ٦ سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر سەری لە بارەگای وەزارەتی کشتوکاڵو چارەسەرکردنی کشتوکاڵدا .

وە لە سەردانەکەیدا کاك عزت دوری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو وەزیری ناوخۆو سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵی لەگەلا بوو .

سەرکۆمار لەگەڵ دکتور حسن فهمی جمعە وەزیری کشتوکاڵو چارەسەرکردنی کشتوکاڵ کۆبۆوەو دەربارەی ڕوو لایەنە جۆربەجۆرەکانی چالاکی کەرتی کشتوکاڵ ئامۆژگاری دەربڕی . هەروەها باسی دەوری کاری میللی کرد لە پەرەپێدانی لادێداو وتی : کاری میللی پراکتیکێکی شۆڕشگێرانەیە ئەبێ بایەخی پێبدرێ چونکە پەیوەندییەکی پتەوی بە پێداویستییەکانی گەشەکردنی نەتەوەییەوە هەیە ، بۆ ئەوەی ڕادەی پەرەسەندنی کەرتی کشتوکاڵ بەرزبکرێتەوە .

هەروەها سەرۆکی فەرماندە ئەوەی سەلماند کە پێویستە تواناو لێهاتویی کارگەرانی کەرتی کشتوکاڵ بەجورێك بەرزبکرێتەوە کە لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشو ڕەوتی پارتییە فەرماندەکەی ، پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبدا بگونجێ .. سەردانەکەش نزیکەی سەعاتو نیوێکی خایاند .

ئا.د.ع

بۆ قازانجی کێیە ؟!

گەلی عێراق بەگشتیو گەلی کورد بە تایبەتی بە نارەحەتیو پەشێوییەکی زۆرەوە سەرنج ئەداتە ئەو هەلوێستە ناڕەواو نامرۆڤایەتییەی ئێستاکە ڕێژیمی سوریا لە ئاوی فورات دەرهەق گەلەکەمان ئەینوێنێ .

وە ئەم پەشێویو نارەحەتییەقوڵە لەچەند خالێکەوە سەقام گیر ئەبێ کە لە پێشەوەیان ئەمانەن :ـ ئەو هەلویستەی ڕێژیمی سوریا کار ئەکاتە سەر ژیانی سێ ملیون هاووڵاتی کە لە سەر ئاوی فورات ئەژینو پاشەڕۆژی ژیانیان مەترسییەکی زۆری لێ ئەکرێت .. جگە لەمەش ڕێژیمی سوریا سوورە لەسەر ئەوەی زیان لە بەرژەوەندی ڕەوای گەلەکەمان بدات .. ئەم هەلویستەشی لەو ڕەفتارانەیدا دەر ئەکەوێ کە بە ئاشکرا بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی برایەتی نەتەوەییە ئیمرۆ پەیوەندی برایانەی نەتەوەیی لە لایەن کاربەدەستانی سوریاوە دووچاری نکولی لێ کردنو پێپەست بووە ، بە شێوەیەك کە لەمەوبەر ڕووی نەداوە . کە ئەمەش بە ئاشکرا نیازی پێشیل کردنی برایەتی نەتەوەیی ئەگەیەنێ .

ڕای گشتی عەرەبو دۆست هەلویستی ناڕەوای کاربەدەستانی سوریایان ڕیسوا کردو پشتگیری عیراقیان کرد .. وە هەرکەسێ سەرنجی هەلوێستی ئەم کاربەدەستانە بدات بۆی دەرئەکەوێ کە هەق بە لای عیراقەوەیە .. جا لیرەوە ئەم پرسیارە خۆی ئەسەپێنێ : بۆ قازانجی کێ کاربەدەستانی سوریا ئەم هەلوێستە ناڕەوایە ئەنوێنن ؟! وە هەرچۆنێك بێ تەنیا دوژمنانی مەسەلەکەمان سود لەم هەلویستە وەرئەگرن ..

گەلی کورد کە پێشوازی قۆناخێکی نوێی ئاشتیو ئاسودەیی تەواوەتی ئەکات ، وا ئەبینێ کە هەلوێستی کاربەدەستانی سوریا تەقەللایەکی بە ئەنقەستە بۆ ئەوەی شۆڕشو پارتی فەرماندە پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەشتی لاوەکی خەریك بکەنو نەیەرژێتە سەر جێبەجێ کردنی بەرنامەی گەشە پێکردنو دەوری نەتەوەییو مرۆڤ پەروەری خۆی نەگێڕێ .

گەلەکەشمان هیچ ساتێك گومان لەوە ناکات کە هەر تێشکانو ڕیسوایی بەشی هەلویستەکانی ڕێژیمی سوریا ئەبێت کە هەموو بیروباوەڕێکی برایەتی نەتەوەییان خستۆتە ژێرپێوە .. وە گەلەکەمان ڕائەگەیەنێ کە یەك ڕیزو یەك دەست لە پشت سەرکردایەتی ژێری شۆڕشی ١٧ی تەمووزەوە ئەوەستێ ، هەروەکو لەمەوبەر لەپشت هەمان سەرکردایەتییەوە وەستا بۆ لەناوبردنی تاقمی بەکرێ گیراو .

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

ڕۆژی دووشەممەی ڕابوردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش یاسای ڕێکخستنی موڵکایەتی کشتوکالی لەناوچەی حوکمی ذاتی دەرکرد .

ئامانجی ئەم یاسایە فراوانکردنی کەرتی سوشیالستە لە کشتوکاڵدا کە بریتییە لە کێلگەکانی دەوڵەتو کێلگەی هاوبەشیو هەرەوەزکارییەکانی کشتوکالی ، بەپێی بڕیارەکانی هەشتەمین کۆنگرەی فطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب .

دیسان ئەم یاسایە کەرتی سوشیالست ئەچەسپێنێ وشێوەناك ـ تاکانەی بەرهەم هێنان کەم ئەکاتەوە لە ڕێی ئەو دەسەلاتانەی کە بە ئەنجومەنی بەرزی کشتوکالی داوە بۆ دەست گرتن بەسەر هەر پارچە زەوییەك یان باخچەیێك ، بۆ دروست کردنی بنکە ئابورییە گەورەکانی کشتوکال ، وەیا دەست گرتن بەسەر هەر ، ترومپاو مەکینەیێکی کشتوکالی بۆ بەرژەوەندی ئیسلاحی زەراعی ئەوەی شیاوی باسە کە لە سیماکانی ناوچەی حوکمی ذاتی زۆری دانیشتوانی لادێیەو کەمی ئەو شوێنانەیە کە بۆ کشتوکاڵ ئەشێنو لە دەستی دەوڵەتدان وەکە زۆربەیان دێمن .

ئامانجێکی تری ئەم یاسایە ئەوەیە ، جارێکی تر چاو بە سنوری مولکیەتی کشتوکالی لە ناوچەی حوکمی ذاتی بخشێنێ کە لەیاسای ئیسلاحی زەراعیدا هاتووە بە مەرجێك دەست لە سنوری بەش کردنی دانراودا لە یاسای ئیسلاح نەدات .

ئەم یاسا نوێیە بەرژەوەندەکانی جەماوەری جوتیاران مسۆگەر ئەکات لەو ڕێگەیەوە کە هیچ مافێکی (تەصەرف) بە کەس نەدرێت مەگەر ئەوانە نەبن کە جوتیاری ڕاستەقینەنو لە زەوییەکەدا کار ئەکەن لەوانەی کە مەرجەکانی بەشکردنی زویوزاریان هەبێ .

یاساکە مولکایەتی ئەو خاکانەی کە ڕاستەوخو ئەدرێن بە (٤٠) دونمی داناوە

پروانە ل ـ٧ـ

بەرنامەی بەرهەم هێنانی ئەم ساڵ

هەفتەی ڕابوردوو بەسەرۆکایەتی هەڤال صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو سەرۆکی ئەنجومەنی نەخشەکێشان ، ئەنجومەنی ناوبراو کۆبووەو بڕیاری دا کە ١٠٧٦ ملیون دینار بۆ بەرنامەی بەرهەم هێنانی ئەمساڵ تەرخان بکات ..

وەکاك طه جزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشو سەرۆکی لیژنەی ئاراستەکردنی ئەنجومەنی نەخشەکێشان بە پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی عیراقی وتوە کە دوای دانانی چەند پرۆژەیەکی ستراتیژی گرنگو پاش لێکولینەوەیەکی ئابوری پروژەکان ، ئەو پارەیە زیاد کراوە .. چونکە پار بۆ ئەم بەرنامەیە ٩٨٨ ملیون دینار تەرخان کرابوو .

وە وتی : بەپێی ئەم بڕیارە ئەو پارەیەی بۆ کەرتی کشتوکال تەرخان کراوە لە ١٨٥ ملیۆنو ٥٠٠ هەزار دینارەوە کراوە بە ٢٠٧ ملیونو ٥٠٠ هەزار دینارو پرۆژەی (اسحاقیو غرافو أبو غریبو پرۆژەی نهر سعد)و پرۆژە ئاودێرییەکان ئەگرێتەوە .. وە سەبارەت بەکەرتی پیشەسازی پارەکەی لە ٣٩٢ ملیون دینارەوە کراوە بە ٤٤٨ ملیۆن دینار کە پرۆژەی پیترۆکیمیاییو پەینی کیمیاییو ئیستگەی کارەباو پرۆژەی هەوێنی کاغەزو کارگەی پایەی کۆنکرێتو خشت بەهەموو جورەکانیەوە .

ئا.د.ع

Institut kurde de paris

پیلانەکانی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم دژی بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین لە لوبنان

حسن طوالبه

هەر چەند لە هەفتەی ڕابردوودا حکوومەتە عەسکەریەکەی لوبنان استقالەی کردوەو داوا لە ڕەشید کەرامی کراوە کە حکوومەتیکی تازە دامەزرێنێ بەڵام تا ئێستاش ئەندامانی حکوومەتی عەسکەری دەیانەوێ حکوومەت بەڕێوەبەرن و هیچ بەڵگەیەك نیشان نادا کە بەم زووانە حکوومەتیکی تازە دابمەزرێ .

سەرچاوە ئاگادارەکانی **بیروت** لایان وایە گیروگرفت خستنە بەردەم دامەزراندنی حکوومەت بەو هیوایەیە کە لە دەرەوەی لوبنان هەل و مەرجی بۆ ئامادە بکرێ .

لە ووەزعەدا کە حکوومەتیکی مەدەنی نیە هێزەکانی لوبنان پێی ڕازی بن و عەسکەریەکان هەروا بە سەر حوکم دا زاڵن باری ئاڵۆزی لە هەموو شارەکانی لوبنان درێژەی هەیەو دەستەو دایرەی حیزبی دەستە ڕاستی کە تاییب لە دژی بزوتنەوەی بەرگری فەلەستین و **جووڵانەوەی نیشتمانی لوبنان** ئاژاوەی چەکدارانە دەنینەوە .

ڕوژنامەی (اللواء)ی لوبنان لە زمان سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراوەوە نووسیویەکە سەفارەتی ئەمریکا لە بیروت بە نهێنی دەستووری بە ئەمریکاییەکانی لوبنان داوە جانتاکانیان بپێچنەوەو ئامادە بن هەر کاتێك پێیان گوترا بڕۆن . لەوە پێشتریش سەفارەتی ئەمریکا داوای لە مووچە خۆرەکانی و لە هەموو ئەمریکاییەکان کردبوو کە ماوەی ٢٤ سەعات لە ژوورەکانیان دەرنەکەون .

هێندیك کۆڕو کۆمەڵەی ئاگاداری بیروت نیگەرانی ئەوەن کە ئەمریکا بە بیانووی پاراستنی گیانی ئەمریکاییەکان هێزەکانی لە لوبنان دابەزێنێ ، بە تایبەتی دوای ئەو تەقینەوە کە لە شەریکەی بروسکەو تەلەفۆنی ئەمریکا لە بیروت ڕوویدا .

ئەو دەستوورە نهێنییەی سەفارەتی ئەمریکاو نیگەرانی لە دابەزاندنی هێزی ئەمریکایی بەڵگەی ئەوەن کە وەزعی لوبنان بەرەو ئاڵۆزی پتر دەڕواو بە پێچەوانەی تێکۆشانی ڕەشید کەرامی بۆ دامەزراندنی حکوومەتیکی مەدەنی ، وەزعەکە زۆر چاوەڕوانی تەقینەوەی لێ دەکرێ .

لێرەدا ئەو پرسیارانە دێنە گۆڕێ : ڕادەی ئاڵۆزی لوبنان چیە ..؟ هێزە دەستەڕاستیەکان چیان دەوێ ..؟ **ئەمریکا** تا چ ڕادەیەك ئامادەی دەست تێ وەردانی وەزعی لوبنانە ..؟

(ئاژاوە نانەوەی کە تاییب لە مێژە نەخشەی بۆ کێشراوە)

ئەو ئاژاوەنانەوەی تاقمەکانی کە تاییب لە کارەساتەکەی « دەکوانە » وە تا ئێستا دەستیان پێ کردوە شتێکی لە ناکاو نیە کە بەرێك کەوتنێکی جزئی بکووژێتەوە . کە تاییب کە ئێستا بە تەواوی دەرکەوتوە پێوەندی بە ئیمپریالیزمی ئەمریکاو سەهیۆنیزمەوە هەیە ، بەیارمەتی ئەوانە لە مێژە نەخشەی بۆ ئەوە کێشاوە کە ئاگری فیتنە لە لوبنان هەڵگیرسێنێ بۆ ئابلوقە دانی بەرگری و کز کردنی جووڵانەوەی نیشتمانی لە لوبنان . ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەیەوێ کە تاییب درێژە بە ئاژاوە نانەوە بدا تا ڕیگا بۆ دەست تێوەردانی ڕاستەوخۆ بە دابەزاندنی هێزی ئەمریکا یا هێرشێکی بەربڵاوی سەهیۆنی بۆ سەر خواروی لوبنان بکرێتەوە .

وا چاوەڕوان دەکرێ کە پێك هەڵپژان لە لوبنان هەر درێژەی هەبێ و ئەمەش مانای ئەوەیە کە حکوومەتی عەسکەری هەر لە سەر کار دەبێ و لە ئەنجام دا دەستوور بە سوپای لوبنان دەدرێ کە ئاژاوەکە بکووژێنێتەوە . دیارە هێزە دەستە ڕاستیەکان داوا دەکەن کە چەکدارەکان لە بیروت و شارەکانی تری لوبنان دەربکرێن و مەبەستیش لە چەکدارەکان پیاوەکانی بەرگری فەلەستین و ئەندامانی حیزب و هێزە نیشتمانیەکانی لوبنانە .

خۆ هەر کاتێکیش بەرگری بەوە ڕازی بێ کە لە شارەکان بچێتە دەرو لە هێندیك شوێنی وەك جنوبی لوبنان بژی ، ئەوە کارەساتەکەی ساڵی ١٩٧٠ی ئەردەن دووپاتە دەبێتەوە کە بەرگری لە عمان دەرکەوت بۆ جرش و احراش و ئەودەم سوپای ئەردەن توانی لە ناوی بەرێ . بەڵام ئەم جار ەپاك کردنەوەی بەرگری بە هاو بەشی قەوارەی سەهیونی و هێزە دەستە ڕاستیەکان دەبێ .

وەزعی فەلەستینی داگیر کراویش وا نیشان دەدا کە دوژمن خۆی بۆ شەڕیکی تازە ساز دەکا . لەو کاردروستاییە عەسکەریانەش کە لە ڕیزی هێزەکانی دوژمن دا دەکرێن و لە وە کە هێندیك ئەرکی بەڕێوەبەرایەتی دەدرێنە ئەفسەرە احتیاطەکان وەك ئەرمیل شارون کە کراوتە ڕاوێژکەری عەسکەری تایبەتی ئیسحاق ڕابین دەردەکەوێ کە خاشە بڕ کردنی بەرگری ئامانجی سەرەکی قەوارەی سەهیونی یە لە دەستدرێژیەکانی خۆی دا .

خۆ ئەگەر بتوانی بەرگری خاشە بڕ بکا مەیدانی بێ تەنگ بکا ئەو دەم دەستی دەکرێتەوە بۆ هێندیك نەخشەی دوژمنانەی تازە . بە تایبەتی کە دەزانین سەروکی ئەرکانی سوپای دوژمن چەند ڕۆژ پێش ئێستا گوتبووی شەڕی پێنجەم نیزیکە . هەڕەشەی هێز دابەزاندنی ئەمریکاش لەوانەیە تەنیا هەڕەشە بێت وێش دەچێ ئەمریکایە بیانووی پاراستنی ئەمریکاییەکانەوە چەند پارچەیەك لە هێزی دەریایی بنێرێتە ڕوخەکانی لوبنان و هەم چاوەدێری وەزع بکاو هەم چەك ویارمەتی بدا بە هێزە دەستەڕاستیەکان .

لەو حاڵەدا دیارە بوونی هێزەکانی دەریایی ئەمریکا لە دەریای سپی ناوەڕاست و ڕوخەکانی لوبنان هەڕەشە لە ڕژیمی سوریاش دەکا ، **بۆ** ئەوەی خێراتر خۆی بخاتە باوەشی ئەمریکاوەو لە ئەنجام دا هێندێك تنازلات بۆ دوژمن بکاو پەیمانی ئاشتیەکی بەردەوامی لەگەڵ دابەستێ و وەك دەوڵەتێك لە ناو نیشتمانی عەرەبدا بیناسێ .

ئەم وەزعە تەنیا هەڕەشە لە لوبنان یا بەرگری فەلەستین ناکا ، بەڵکوو هەڕەشەیە بۆ جووڵانەوەی شۆڕشگێری عەرەب بە گشتی . لە بەرامبەر ئەو مەترسیە گەورەدا کە هەڕەشە لە هەموو نیشتمانی عەرەب دەکا ، ئەرکی هەموو پێشکەوتنخوازێکی ئەم نیشتمانەیە کە بەرەوڕووی بوەستێ .. ئەرکی پشتگیری لە بەرگری فەلەستین ئەرکی هەموو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتووەکانی عەرەبی و جیهانیە .

جەژنی میللی کردنی نەوت

غفور میرزا کریم

گومانی تیادا نیە کە هۆیەك لە هەرە هۆیە سەرەکی‌یەکانی شاڵاو بردنی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی گەلی عیراق و داگیر کردنی نیشتمانەکەی مەسەلەی ئابوری بووە بە تایبەتی و لە سەرو هەموویانەوە « نەوت » .

بۆیە ئیمپریالیزمەکان لە یەکەم هەنگاویانەوە کەوتنە پیلان گێڕان و نەخشە کێشان و کام ڕێگای تەلەکەبازی و شەیتانی هەبوو هەمویان گرتە بەر وە بۆ تالان کردنی ئەم سامانە بێ شوماره وە مژینی خوێنی گەل و چەوساندنەوەی دام و دەزگایەکی تەونۆی پێك هێنا کاسەلێس و نۆکەرەکانی ئەلقە لە گوێی خۆی ، کە هەرچی بیەوێت و ئارەزووی بکات بێ سێ و دوو لێی کردن مۆر بکرێ .. کاسەلێسەکانی کلایتون و پیاوانی بەکرێ گیراوی لە هەر چوار قوورنەی وڵاتدا بڵاو کردەوەتا تۆوی دووبەرەکی لە نێوان ڕۆڵەکانی گەلی کوردو عەرەبدا بڕوێنن و شیرازەی یەکێتی وڵات بپچڕێنن .. ئەم بیرەو هۆزە بە نرخ ئەوی‌را بکات تا خەلکی هەرنیز نەی پەرژێتە سەر دوژمنی هەرە گەورەیان وە لە دوایدا بە ئارەزووی خۆی وەکو زەروو دەم بنێتە گیانی گەل و خوێنی بمژێ .. لە لای خەڵکی وا باو بووە کە ئەوترا دەوڵەتی نەوت دەوڵەتێکە لە ناو جەرگەی دەوڵەتی عیراقداو هەرچی ئەم بڕیاری لە سەر نەدا کەس ناتوانی دەستی بۆ بەری . دیارە جێی خۆی بووە کە نیشتمان پەروەرەکان ئەیان ووت کە کار بە دەستانی عیراق کۆلارەیەکەو سەری پەتەکەی وا بە دەست کۆمپانیەکانی نەوتەوە ، هەرچۆنێك بیەوێ و بە کامی دڵی خۆی هەڵی ئەدات .. بەڕاستی چارەنووسی گەل ، کلایتون ، لاین ، سمث ، ... وە پیاوەکانی کۆمپانیای نەوت دایان ئەناو ڕەوشوێنیان بۆ دیاری ئەکرد .

گەلی عیراق بە تێکڕای و بە بڕوایەکی پۆڵایینەوە کەوتە گێڕو کێشەو خەباتێکی هەمە چەشنەو چاکی مەردایەتی لێکرد بە لاداو شێرانە بەرامبەر بە ئیمپریالیزم و نۆکەرانی بە درێژایی چل ساڵی ڕەبەق بێ ووچاندن تێ ئەکۆشا .. هەرگیز کۆڵی نەدا، بەندیخانەو گولەو زۆرداری و کوشتن و بڕین و لە سێدارەدان و قامچی هەڕەشە هەرگیز نەبووە هۆی ئەوەی کە لە ڕێگای خەبات و تێکۆشان کەمێك لایان بدات .. ئەوە بوو تا لە ئەنجامدا بە یەکێتی گەل و یەکێتی کوردو عەرەب و کەمایەتیەکان و بە یەکێتی گەل و سوپا تەخت و تاراجی ئیمپریالیزم و نۆکەرانی هەرەسی هێناو خۆری شۆڕشی ١٤ی تەمووزی پیرۆز هەڵهات .

وە شۆڕشی ١٧ی تەمووز بە سەرکردایەتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب جارێکی تر گەلی عیراقی ووریا کردەوەو ڕای پەران . ئاگری سووری خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستانی بەر پا کردو هەموو نەخشەیەکی داناو هەموو ڕێگاو بانێکی دیاری کردو بە سەر زۆر کەندو کۆسپا زاڵ بوو ...

زۆر گیرو گرفتی وڵاتی چارەسەر کرد ، لە پێش هەموویانەوە بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی دەرکرد بۆ چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد ، بەم چەشنە ڕێگای خۆش کرد لە مەیدانی ناو خۆ تا گورزی گەورەی خۆی بووەشێنێ بەرامبەر بە ئیمپریالیزم و کۆمپانیە نەوتەکانیان .. ئەوە بوو لە ڕۆژی یەکی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٢ و بڕیاری میللی کردنی نەوتی‌دا ، لە کاتێکا کە ئیمپریالیزمەکان ئەوەی بە خەیالیانا نە ئەهات ئەمە بوو .

گەلی عیراق لە مێژەوە بە پەرۆشەوە چاوەنواری ئەم ڕۆژە پیرۆزەی ئەکرد و خۆی بۆ ئەم فەرمانە گرنگە ئامادە کرد بوو .

لە بەر ئەوە هیچ نابێتە جێگای سەرسوورمان ئەگەر جەماوەری گەل لەبەرەبەیانی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی – میللی کردنی نەوت – دا ئەم ڕۆژە بکەنە جەژنێکی خەباتی گەورەی نیشتمانی دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرست و کۆمپانیاکانی و بە هەموو چەشنێ ئامادەیی خۆیان بۆ هەموو قوربانی و خۆ بەخت کردنی نیشان بدەن ، تا هەموو خەیال پلاوێکی ئیمپریالیزم و نۆکەرەکانی بکاتە بلقی سەر ئاو ..

چەند ساڵێك بە سەر میللی کردنی نەوتدا تێپەڕی لەم ماوەیەدا دوژمنان هەر چیان لە باردا بووە کردیان .. کەندو کۆسپی زۆریان خستە سەر ڕێگای سەرکەوتن و پیلانی زۆریان ڕێك خست .. بەڵام گەلی عیراق بە وریایی سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ی تەمووزو پشت گرتنی گەلانی خەبات کەری جیهان و ئۆردووگای سوشیالیست ... توانی بە سەر هەموو گیروگرفت و ئەو پیلانانە دا زاڵ بێت و هەموو چەرمەسەری و نارەحەتیەکی بەردەمی چارەسەر بکات ، وە بە هەورازی سەرکەوتنا مل بنێ .. تا میللی کردنی نەوت جێگای خۆی بگرێ و گەل وردە وردە لەو بەرو بوومە بخوات و بحەسێتەوە ..

ئەمڕۆش پاش جێگیر کردنی ئاسایش لە هەموو سووچێکی وڵاتا گەلی عیراق بە یەك جاری بازووی خەباتی لێهەڵ ئەکاو بە پەرۆشەوە ڕووئەکاتە هەوڵ و کۆشش بۆ دامەزراندن و دروست کردن و ئاوەدانی و ئاشتی لە وڵاتا ، لە پێناوی پێش‌خستنی پیشەسازی و ئابووری و شارستانیەتی لە عیراقدا . دروستکردنی پرۆژەی گەورە گەورەو چاك کردنی ڕێگاوبان و بڵاو کردنەوە هەموو شارستانیەتێك لە لادێکانی عیراقداو بەتایبەتی لە دێهاتەکانی کوردستاندا و ناوچەکانی حوکمی ئۆتۆنۆمی .. بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە بە زوترین کات شوێنەواری دوا کەوتن و وێران کارەکانی پێوەدیار نەمێنێ و بگەڕێتەوە دۆخی جارانی .. ببوژێنەوەو پێش بکەون .

ئیتر با یادی سێ ساڵەی میللی کردنی نەوت بکەین بە جەژنێکی گەورە بۆ کاری ئاشتی .. بۆ دروست کردن و ئاوەدانی .. بۆ خەباتێکی درێژخایەن لە پێناوی پتەو کردنی برایەتی کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانی تر .. بۆ بەرزکردنەوەی پلەی خۆش گوزەرانی جەماوەری خەڵکی عیراق .. بۆ جێگیر کردنی ئاسایش لە وڵاتا .. بۆ چارەسەرکردنی کشت و کاڵ لە کوردستانی عیراقا ...

یەکی حوزەیران دەسکەوتێکی مێژوویی نەمرە

لەو کاتەوە کە سەرۆکی فەرماندە احمد حسن بکر بەناوی گەلەوە میللی کردنی کاروباری کومپانیای نەوتی عیراقی ڕاگەیاندوە کۆمەڵانی گەلەکەمان بەو بۆنە مەزنەوە ئاهەنگ دەگێڕن و بە یەکیك لە جەژنە گەورەکانی خەباتی دەزانن .

میللی کردن لە ژیانی گەلی ئێمەو کۆمەڵانی نەتەوەی عەرەب دا کارێکی ئاسایی نەبوو ، بەڵکو دەستکەوتیکی شۆڕشگیرانە بوو کە بووە هۆی ڕزگار بوونی سامانی نەوتمان و وڵاتەکەمان سەربەخۆیی ئابووری وە دەست هێناو ئاسۆیەکی تازەی بۆ پەرەپیدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کردەوە . هەروەها توانای شۆڕشی بۆ پشتیوانی مادی و مەعنەوی لە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی عەرەب بەشیوەیەکی تایبەتی و هی وڵاتانی پەرەئەستێنی دنیای سێهەم و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی جیهانی بە شێوەی گشتی ، بە هێزتر کرد .

میللی کردن شەڕێکی گەورەی خەبات بوو کە لەوی دا ویستی گەل بە سەریەکێك لە گەورەترین و پڕ مەترسی‌ترین مۆنۆپۆلەکانی جیهانی دا زاڵ بوو .. وە تەئسیرە سیاسی‌یەکەی لە سنووری وڵاتەکەمان تێ پەڕی و گەیشتە هەموو نیشتمانی عەرەب و هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە .

میللی کردن بۆ هاونیشتمانیەکانی عیراق خەونێکی لە مێژساڵەی هێنایەدی . دەوری کومپانیای نەوت لە تاڵان کردنی سامانی وڵاتەکەمان و چەوساندنەوەی کۆمەڵانی کرێکارانمان و دەست تێوەردانی کاروباری وڵاتەکەمان دا شتێك نەبوو کە لە ڕۆڵەکانی گەل شاراوە بێ . هەر بۆیەش هەموو لایەك بە میللی کردن دڵخۆش بوون و کۆمەڵانی گەلەکەمان بە هەستی بەر پرسیاری‌یەوە فەرمانەکانی بەڕێوەبەرایەتی سیاسی‌یان بۆ دەستە بەر کردنی سەرکەوتنی یەکجاری لەو شەڕە گرنگە مێژوییەدا ، بەڕێوە برد .

کومپانیاکان لە یەکی ئاداری ساڵی ١٩٧٣دا لە بەرامبەر توانای بەڕێوە بەرایەتی پارتی و شۆڕش بۆ بەڕێوە بردنی ئەو شەڕەو لە بەرامبەر دڵنیا بوونی لە سەر کەوتن و تێگەیشتنی گرنگی ستراتیژی ئەو شەڕەدا بە چۆك داهاتن و « ئەورێك کەوتنە وەدی هات کە ناوەڕۆکی میللی کردنی پاراست و زۆر قازانجی ئابووری گەورەی بۆ وڵات دابین کرد » .

لەو سێ ساڵەی دوای میللی کردندا دەرکەوت کە سەرکەوتنی ئەو کردەوە شۆڕشگێری یە گەورەیە چەند یارمەتی بە هێزبوونی هەڵوێستی شۆڕش دەدا لە مەیدانی عەرەبی و جیهانیدا و چەندەش کار دەکاتە سەر لەق و لۆق بوونی یەکێتی مونۆپۆلەکانی نەوت و کزبوونی سام و شکۆی ئەوان ، لە کاتێکدا کە هاوکاری نێوان وڵاتانی « ئۆپێك »و ڕیکخستنی سیاسەتی نەوتی‌ی ئەو وڵاتانە بەرەو باشتر دەڕوا هەروەك لەهەموو وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوت داواکاری میللی کردن بەرەوژوور چووەو نرخی نەوتیش زیدەییەکی گرنگی بەسەردا هاتوە .

میللی کردنی یەکی حوزەیران و لە دوایە میللی کردنی بەشی مونوپۆلەکانی ئەمریکایی و هوڵەندە وپورتوگال – گولبانکیان – لە کومپانیای نەوتی بەسرەدا ، بۆ بەرنامەی پەرەپێدانی ئابوری و بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵانی گەلەکەمان نوختە گورانێکی گرنگ بوو . ئەو گرنگیە بەوەدا دەردەکەوێ کە بزانین داهاتی نەوت لە بەرنامەکانی سەرمایەوە کارخستنی دوای میللی کردن دا چ شوێنێکی بۆ خۆی کردۆتەوە . هەر بۆ وێنە بەرنامەی ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥ ، (١١٦٩) میلیون دینار بووەکە ١٠٣٠ میلیون دیناری لە داهاتی نەوت پێك هاتوە .

لەسەربناغەی ئەو سەرکەوتنە لە بەرنامەی سەرمایەوە کارخستنی پلانی پەرەپێدان دا چەند پرۆژەیەکی ستراتیژی گەورە دانراون کە جێبەجێ کردنیان دەتوانێ پایەکانی بنەڕەتی میکانیزە کردنی وڵات دا بمەرزێنێ و ئابوری‌یەکی گەشەدارو هەموو لایەنیان بە پێی بۆچوونەکانی پارتی و سەرنجی لە بارەی قانوونی پەرەپێدانی بەپلانەوە ، بۆ پێك بێنێ .

لە ڕۆژنامەی « الثورە »وە وەرگیراوە

بۆ پێش .. بۆ ژیانا نوێ

تیلی امین

پاش ڕوخاندنا دەستەکا کرێگرتی لژوریا وڵاتێ و پەیدا بوونیا ئەگەرێت ئاشتیێ و ڤەگەریانا هاولاتیا بۆ کەس و کارین خوو ئاکنجیبوونا وان لجهێن خوو لدەڤەرا حوکمی زاتی . پێتڤیە چەند کاربە دەستیت بەرز بێن ڕوهنکرن بۆ ڤان نیشتمانیاییێن نهو ژڤرینە ناڤ ڕیزێن شورش پاشی بووان و هەر کەسەکێ ترچاك دیاربی مەبەست و ڕمانێن دەستەکا کرێگرتی یاهاتیە هاژوتن لدەمێ بوری بپالڤەنا ئیمپریالیزمێ و کەڤنەپەرستێ ژبو دانانا سەنگەرو ئاستەنگا درێکا شورشا ١٧ی تیرمەها پیرۆزو پارتا قوماندار پارتا بەعسا عەرەبی‌یا سوشیالیست .

بڤێ چەندێ و سەر ڤێ ڕوی دەستەکا پشت ڕێکەتی گرانترین زیان بجەماوەرێ عەرەب و کوردی ئێخستن و لاپەرەکێ ڕەش ژ مێژوی نڤیسی ، ئو بو ئەگەرا ئالوزیەکا مەزن د وڵاتێ ئێکدا، لەوما شورش و پارتا قوماندارو هەمی هێزیت نیشتمانی و پێشکەفتنخواز نەچاربوون ژبو سینگ گرتنا ڤێ دەستەکا کرێ گرتی و پاك‌کرنا خاکێ نیشتمانی ژڤان فیلبازین ڕێ گر هەتا لدوماهیێ ئەڤ دەستەکە هریای و ژبەرك جوی و ئالایێ سەرکەفتنا میللەتی بەرزو بلندبی بخەباتا کورین میللەتی ژ کوردو عەرەب .

بەلێ دەگەل ڤێ چەندێ – دگەل پەیمانا شورش بو ڤەمالینا خاکێ نیشتانی ژهەمی خاینێن و کرێگرتیا – شورش و پارتا وێ یا قوماندار بەردەوام بون ژبو بجەهینانا دەستکەفتێن گران ژبو جەماوەرێ عراق و پارستنا ئێکەتیا میللەتێ و برایەتی‌یا کوردو عەرەبا ، شورشا بەرکەفتی کاری ڕێ بکریت پێشیا دەستەکا خاینێ و چ هەلابو نەهێلت دا مەسەلا کورد بۆ خزمەتا خوو بکار بهێنت . چونکە چەوا دێتە زانین کو شورشێ هەر ژ پێشیێ ریکا چارەکرنا ڤێ مەسەلێ دەست نیشان کربوو گەهشت بو باوەریەکا « مەبدەئی » کو ئەڤ مەسەلا « مەسەلا کورد » هەمی ئەگەرێت خو ، یێن ڕاستەقینی هەنە ، لەوما شورشێ باوەری هێنا بڤێ مەسەلێ وەك ئالوزترین گرفتاریە بەرامبەری پێشکەفتنا میللەتێ لچەند هەیامێت بوری هەتا حکومەتێن بەری وەها هزرکر کو ئەڤ گرفتاریە چ چارە ژبو نایـن ، هەروەسا باوەریا شورشێ و

پروانە ل –٧–

ناکۆکی نێوان وڵاتانی پەیمانی ئەتلەنتیك

مۆسکۆ – ٣١–٥ ئاژانسی دەنگوباسی سوڤیێتی – تاس – ڕایگەیاند ناکۆکی توندوتیژی نێوان ئەو دەوڵەتانەی لە کۆنگرەی سەرۆکانی دەوڵەتەکانی پەیمانی ئەتلانتیکدا بەشدار بوون ، لە بەیانی دوا هاتنی کونگرەدا نەگونجاوە .

ئەو ئاژانسە لە بروسکەیەکدا لە برۆکسێلەوە ڕایگەیاند کە ئەو – ناکۆکی‌یە لە زۆر مەیدان دا دەرکەوتوە ، بە تایبەتی لە مەیدانی پێوەندی سیاسی و عەسکەری‌دا ، وەك پێوەندی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەورووپای ڕۆژئاواو پێوەندی نێوان یۆنان و تورکیا دەربارەی (قبرص)و مەسەلەی ناکۆکی نێوان دەوڵەتە گەورەکانی ناو ئەو پەیمانە دەربارەی بەرهەم هێنانی چەك .

ئاژانسەکە بە شێوەیەکی تایبەتی باسی ئەوەی کردوە کە بەیانەکە بە هیچ جۆرێك باسی پێوەندیەکانی ئەسپانیاو پەیمانی ئەتلانتیکی تێدا نیە ، – کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە توندی داوای دەکرد باس بکرێ . ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە پێشنیازەکە لەلایەن هاوبەشەکانی تری ئەو پەیمانەوە دراوەتە دواوە .

وەك دەزانین بەیانی دواهاتنی کۆنگرەکە پاش تەواو بوونی کۆبوونەوەکانی کۆنگرە دەرچوو کە هەر پازدە دەوڵەتی ئەندامی پەیمانی ئەتلانتیك بێجگە لە فەرەنسا تێیدا بەشدار بوون . هیچ باسی ئەو ناکۆکی‌یانەی تێدا نەبوو کە لەکۆبوونەوەکانی کۆنگرەی سەرۆکاندا بەئاشکرا لە نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیدا دەرکەوت .

ئەوەی ئاشکرایە فەرەنساو پورتوگال و یونان نارەزایی خۆیان بەرامبەر قسەکانی فۆرد سەرکۆماری ئەمریکا دەربڕی کە ئەو دەوڵەتانەی بە تەنیا ئەندامێکی ڕواڵەتی پەیمانی ئەتلانتیك » ناوبردبوو ! لە لایەکی ترەوە «جان سوڤانیارگ» وەزیری دەرەوەی فەرەنسا لە وتاری خۆی لە کۆبوونەوەی سەرۆکانی دەوڵەتانی پەیمانی ئەتلانتیکدا گوتی کە هەرچەند وڵاتەکەی لەباری عەسکەریەوە لەپەیمانی ناتۆدا بەشدار نەبووە بەڵام ئەو بە ئەندامێکی ئەو پەیمانەی دەزانی .

کاستانتین کارامانلیس سەرۆکی یونانیش ڕوونی کردەوە کە وڵاتەکەی زۆر لەوە نارەحەتە کە هاوسەنگی چەکدار بوون لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا نیە کە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست هەڵکەوتوون و هەر ئەوەش بۆتە هۆکە وڵاتەکەی لە سەرکردایەتی عەسکەری ئەو پەیمانە بکشێتەوە .

فاسگودو سانتوس گونکالڤیس سەرۆکی حکوومەتی پورتوگالیش دووپاتەی کردەوە کە پەرە ئەستاندنی پێوەندی وڵاتەکەی لەگەڵ وڵاتانی سوشیالیستی بە هیچ جۆر ئەوە ناگەیەنی کە ئەو وڵاتە نایەوێ لە پەیمانی ئەتلانتیکدا بمێنێتەوە .

ئاژانسەکانی دەنگوباس ڕایان گەیاند کە ئەو وتارانە نیشانەی ئەوەن کە ناکۆکی‌یەکی قووڵ و توندو تیژ لە نێوان دەوڵەتانی پەیمانی ئەتلانتیکدا هەیە ، کە دوێنێ لە بروکسیل لە وەزعێکی پڕ لە ناکۆکی و جیاوازی هەڵوێست دا کۆتایی بە کۆبوونەوەکانی هێنا .

لە لایەکی ترەوە هێندێك سەرچاوەی ڕۆژنامەگەری فەرەنسا گوتوویانە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لەوەدا کورت دەکرێتەوە کە هەوڵ و تەقەلایەکی بێهودەدەدا بۆ ئەوەی پەیمانەکە لەو وەزعەی ئێستای دا بهێڵێتەوە .

ئەو سەرچاوانە هەروەها ڕوونیان کردۆتەوە کە پەیمانی ئەتلانتیك ئیتر ناتوانێ بژی و بە شێوەیەکی زۆر خەراپ بە ڕێوە دەڕوا .

ئا.د.ع

institutkurde.paris

چیرۆکی زۆر کورت

چیرۆکێک مۆنتیان پێشکەش ئەکات

- ١ -

« شت »

کەوانەی مەرگ ، ئەکرێتەوە

کەوانەی مەرگ ، گرژئەبێتەوەو ئەم :

- جەرگ خوێن ئەدەڵێنێ ! خوێن ئەدەڵێت و ، تاریکایی گەمارۆی بیلبیلەی چاوی ئەدات و ..

- ئای .. کە برسیمە !..

تاریکایی بوو یان برسیەتی بوو ، هەستاو ..

- کە پێ لەزەوی گیر ئەکەم زیاتر خوێن ئەدەڵێ ، برسیمە ، وابزانم ، بنووم باشترە ئەوەی بۆ تێر بوون بگەڕێم !

خەوت ، بەبرسیەتی ، خەوت خەو بەبرسیەتی .. شتە ..!

- ٢ -

شتومەك :

- غەریبێکم ، غەریبی تینووی کردووم ، غەریبی برسی کردووم ، ئەرۆم لەشم لە لەشی غەریبان هەڵئەسووم ، خۆم تێر ئەکەم !

وشەکان ، وەك « شتومەك » وەك ڕووبارێکی بەگوڕی قورس ، وەك ڕووبارێکی قورسی بەگوڕ ، غەریبی یان هەڵگرت و لەچەقی شەقامی جوانەکانا ڕژاندیانە کۆشی کچێکەوە ، دوو کچەوە .. سێ کچەوەو شت .. بوو بە « شتومەك » .

- غەریبم و برسیم و تینووم ، یەکێکتان تێرم کەن !

هەمو کچێك ! ژنێك .. ئامادەنیە لەشی بە غەریبان ڕابێنێ !

- ٣ -

جوین :

لەبەردەمی دەڵاڵێکی جوانێکا ، شانەکەی دەرهێنا سەری دابێنێ :

- کامیان ئاوێنەن؟! دەڵاڵەکە یان جوانەکە ؟ دوێنێ یەکێ لەمە جوانتر پێی وتم (حەز لەخۆت و شەکانت ناکەم بەڵام لەغەریبیتا ئەتوێمەوە !) دەی .

سەری داهێنا ، بەدەڵاڵەکەی وت :

- مەسافەی حەزی ئەو لەغەریبی من بەچرنووکێك کێشراوە . ئەڵێم چرنوك ، گرمۆڵەیە یان کراوەیە ؟! بەچەند ؟!

دەڵاڵەکە ،قسەکەی هینایەوە جواندن :

گرمۆڵەیە ..

یان ...

کراوەیە ؟!

دەڵاڵەکە ، چرە ناوگیرفانی خۆیەوە ، هاتە دەرەوە ، مۆڕەیەکی کردو :

- لەگیرفانی منا نەنووسراوە تۆ پرسیاری وا قۆر بکەی ، هەروەك نەنووسراوە منیش وەڵامی پرسیاری ... بدەمەوە !

- ئەڵێم .. بەچەند ..

یەك یەکی ڕاکێشراو لەشەقامەوە ، بەکۆڵانەکانا ، بە پلیکانەدا .. بۆ ژوورەوەو ... دەبەینێ ..

سبەینێ ، کەوانەی مەرگ ئەکرایەوە ، گرژ ئەبووەوەو :

- جەرگیش خوێن ئەدەڵێنێ !!

- مرۆڤ -

دەرسێك لە وڵاتێکی دوستەوە

محمدی مەلا کریم

لەناو ئەدیبەکانی وردە گەلەکانی سۆڤیەتدا کە تا پاش شۆڕش نەك هەر تەنها ئەلف وبێ یان نەبوو ، بەڵکو کۆڵکە خوێندەوارێشیان بەدەگمەن تیا هەڵئەکەوت ، شۆرەت و ناوبانگی شاعیر ڕەسووڵ گەمزاتەف (حەمزەتۆف)و نووسەر چەنگێز ئایتماتەڤ ، سنووری نەك تەنها وڵاتی خۆیان بەڵکو هی هەموو یەکیەتی سۆڤیەتیشی بڕیوەو ، چوونەتە ڕیزی پێشەوەی هونەرمەندە هەڵکەوتووە سەربەدەرەوە بووەکانی جیهانەوە .

ڕەسووڵ گەمزاتەف شاعیرێکە لە گەلی (ئەڤاری یا) کە یەکێکە لە پێنج گەلە (گەورەترەکەی) ئەو پەنجا دانەی خەڵکی کۆماری ئۆتۆنۆمی داری داغستانیان لێ پێکهاتووە .. چەنگێز ئایتماتەڤیش نووسەرێکی کیرگیزییەو کیرگیزیای نیشتمانی یەکێکە لە کۆمارە ڕۆژهەڵاتیەکانی یەکیەتی سۆڤیەت .. گەمزاتەف بە پێ یەس و شیعری تەڕو پاراو کە هەندێکیشی لێ کراوە بە عەرەبیو ، ئایتماتەڤیش بە نووسینی چیرۆکی باڵا ناوبانگی دەرکردووە . لەناو چیرۆکەکانیا (جەمیلە)و (یەدەم مامۆستا)و (گوڵساری ، ماڵاوا)و چەند چیرۆکی تری کراون بە عەرەبی .

مەبەستم لێرەدا ئەوە نییە لەبارەی ئەم دوانەو ئەدەبیانەوە بنووسم . تەنها بۆ شتێك ناوم هێنانە ئاراوە ، ئەویش ئەوەیە کە نووسراوەکانی ئەم دوانە بە ڕووسی ئەبینین ، سەیر ئەکەین لە لاپەڕەی یەکەم یا دووهەمی نووسراوەکانی گەمزاتەف نووسراوە لە زمانی ئەڤارییەوە کراوە بە ڕووسیو ، لە هی نووسراوەکانی ئایتماتەڤ نووسراوە لە زمانی کیرگیزییەوە ..

چ ئەو گەلە بچووکەی بە زمانی ئەڤاری‌یایی ئەدوێو چ ئەوەی بە زمانی کیرگیزی ، لە گەلە بچووکەکانی سۆڤیەتن بێگومان گەمزاتەف و ئایتماتەف خۆیشیان ئەوەندە کە هونەرمەندێکی باڵاو خاوەن دەستن ، شارەزایەکی ئارامەی زمانی ڕووسیشن . ڕووسی‌یش یەکێکە لە زمانە ئەدەبی‌یە هەرە دەوڵەمەندەکانی جیهان . دیارە ئەگەر ئەمانە بە ڕووسی بییان نووسی‌یایە نووسینەکانیان گەلێ لەوە جوانتر ئەهاتە کایە کە ئێستا نووسەرێکی تر ئەیکا بە ڕووسی ، چونکە وەرگێڕانی ئەدەب و بەتایبەتی شیعر کارێکی بە هیچ کلۆجێ ئاسان نییەو تەنانەت زۆر لە ڕەخنەگرانی ئەدەب لەو باوەڕەدان شیعر هەر لە بنەڕەتەوە وەرناگیرێ . ئەدەب ، نەخوازەلا شیعر ، لە کەسێکی تری جگە لە خاوەنەکەی وەرگێڕایە سەر زمانێکی کە بەشێکی زۆری ئەو هەستانەی کە ئەو خۆی مەبەستی بووەو لە ئەسڵەکەیدا دەری بڕیوە ، بەدەم وەرگێڕانەوە ئەڕوا . کەچی لەگەڵ ئەمەشدا و لەگەڵ ئەوەشدا کە گەلانی ئەڤاری‌یاو کیرگیزیا گەلێکی یەجگار بەجگار بچووکن و ئەوانەی بە زمانی ئەم دوو گەلە ئەخوێننەوە ئەچاو ئەوانەی بە ڕووسی ئەخوێننەوە ژمارەیان یەجگار کەمە ، ئەم جووتە هونەرمەندە ، وەك هەموو هونەرمەندەکانی گەلانی تری ڕووسی سۆڤیەت بیر لەوە ناکەنەوە کە خۆیان بشتر بە ملیۆنەها ئەوانەی بە ڕووسی ئەخوێننەوە - بناسێنن و ، بەر بە هەرچی نەتەوەکەی خۆیان و گەشاندنەوەی زمان و ئەدەبی نەتەوەکەی خۆیانیان مەبەستە . بە نانەت ئایتماتەف لەبارەی ئەم سووری‌یەی خۆیەوە لەسەر نووسین بە کیرگیزیایی ئەڵێ : ئەو گەلانەی پێشان ئەلف و بێی نەتەوەیی‌یان نەبوە ئەبێ بە زمانی خۆیان بنووسن تا کەس وانەزانێ زمانەکەیان توانای دەربڕینی ئەدەبی بەرزی نی‌یە . بەرابەر بەم سوور بوونە لەسەر گیانی نەتەوە پەرستی ، گەلی ڕووسیش نایەت بە چاوێکی تەسك سەیری ئەدەبی گەلانی تری سۆڤیەت بکاو هەرگیز پێیان نالێ ئێوە خۆ ڕووسی‌یەکی باش ئەزانن ، بۆ نایەن بە ڕووسی بنووسن تا ملیۆنەها ڕاستەوخۆ بەرهەمتان بخوێننەوە .. هەموو هۆیە بیان بۆ نامادە ئەکا لە حزمەتی ئەشە کردنی زیاتری زمان و ئەدەبی خۆیان بەهۆ هەمیشە ئەبینێ ڕۆڵی بەرهەمەندی خۆی بەرهەمیان ئەکا بۆ خوێندن و فێربوونی زمانی ئەدەبی گەلانی تری سۆڤیەت بەجۆرێکی وا تیا سەرامەد ببن و ئەدەبی ئەو گەلانە بە زمانی ... سەر ڕووسی .

بۆیەش ئەمڕۆ کە سەر بە هەر کتێبخانەیەکی مۆسکۆدا ئەکەی و هەواڵی بەرهەمی ئەسانی وەك گەمزاتەف و ئایتماتەف ئەپرسی ، بە هەناسەی سارد ئەگەڕێیتە دواوە ، چونکە هەر لە یەکەم ... دەرچوونیا تەواو بووەو خوێندەوارانی پێشان لەڕێگای کۆڤاری تایبەتی‌ی پلانی کتێب دەرچوونی مانگ و ساڵەوە ئاگاداری کاتی دەرچوونی ئەو بەرهەمانە بوون و چوون ناوی خۆیانیان نووسیوەو دانەی پێویستی خۆیانیان قۆرخ کردووەو لە ڕۆژی کەوتنە بازارێدا وەریان گرتووە .

ئەمەیە هەستی هونەرمەندانی نەتەوەکانی سۆڤیەت بەرابەر بە ئەدەبی خۆیان و ، ئەمەشە هەستی گەلی ڕووس بەرابەر بە ئەدەبی نەتەوەکانی تری سۆڤیەت .. لە سایەی هەستی‌وادا برایەتی‌ی گەلان گەشە ئەکاو مافی نەتەوەیی ئەبێ بە شتێکی ڕاستەقینەو هەموو کرمێکی دوورە پەرێزی و بەرچاو تەسکی و وشکە نەتەوایەتی ئەمرێ و کەس خۆی لە کەس بە زنترو بەبایەخ‌تر نازانێ و گوڵی باخچەی هەموو گەلێك لەبەر تیشکی خۆری برایەتی‌و هاوسانیدا گەشە ئەکا ..

بەڵێ ئەمەیەو ، هەر ئەمەو بەس !

سەرچنار جوانی

(بۆ سەرچنارە نازدارەکەم کە چاوی جوانی ببینێ پێ هەڵبەستم پێشکەش)

- مارف ناسراو -

سەرچنار جوانی گەلێ ڕازاوەی

بۆ پێ بەنیرو سەدی سەرچاوەی

لە گشت لایەکت خەندەو چرپەیە

خەڵکی هاتوچۆی لە گوێ ڕەیە

خۆ بۆ ئاوەکەی سەرچاوەی جوانت

هەزاران نازدار بوونە میوانت

جۆری ڕۆیشتنی ئاوی سەرچاوە

نیگا لە جوانی ئەوا .. ڕواوە ..!

بۆ ... دەڕوون ... بەمراوی

پەلەوەرانیش کەوتوونە داوی

لە ئاسمانەوە ئەنەون بۆ ئاو

تینوو ئەشکێنن زار ئەکەن پاراو

هەڵ ئەکەنەوە بە چەچە هەوا

بە سازی سروشت ئەکەونە نەوا

هەریەك بەستەیە بۆ (سەرچناری)

لە گەرووی نازا ئەکا بە دیاری

ئاوێنەی سروشت بۆی پێ ئەکەنێ

سوورمەی بێ‌گەردی بە ڕوویا ئەچنێ

هیچ کەس ناتوانێ باسی جوانیت کا

کەچی پێنووسم وا شەرمی تکا

ئیستا بۆ بەهای (جوانی سەرچنار)

پەڵکە زێڕینەی دایە بەرپلار

ووتی : بۆ لاچۆ کوا جوانیت ماوە ..!؟

زەردو سور ئیرە زیاد نێلەلاوە

شادن بە بەرگی ئاڵو واڵاوە

بەسەر چیمەنا جوانی ڕژاوە

تیشکی خۆر لەگەڵ چریسکەی بازن

یەك بۆ یەکتری ئاوات ئەخوازن

حرەی کۆبەرۆك ، زرەی پیاڵەی مەی

دلی بەردیشی ئەخستە وەی وەی

شەماڵی نەرمی ورشەی گەڵادار

قژو پەرچەمی تێك ئەدا جار جار

کوا شاری ڤینا باوکی ئاوازە

ئەمڕۆ سەرچنار پڕ بەهرەو سازە

بیتهۆڤن کوانێ سەمفۆنی تازە

هەر سەرچنارە بووکی ئەم ئیازە

پێکاسۆ وەرە تۆش بۆ ئەم شوێنە

وەك مامۆستایە نەخشی‌کە وێنە

بکێشەو بڵێ : جوانی .. ئاوایە ..!

کوا جوانی ئاوا .. لە ڕۆژ ئاوایە ..!

• • •

سەرچنار

٢٤-٤-١٩٦٧

کات و ڤرجینا وڵف و ڕۆمانی « شەپۆلەکان »

ئەنوەر قادر محمد

ڕۆمانی « شەپۆلەکان »ی ئەو قۆناخە درێژەمان بۆ ئەکات ڤرجینا وڵفم خوێندەوە ، لە کات (زمن)ی هۆنراوەکە لە ئەدەبی ئەوروپاییدا چرن‌سەیری ڕوولەنداو بە شێوەیەکی جیمس جۆیس و هنری جێمس و ناراستەوخۆ لەم سێ ڕستەیەدا مارسیل پروست ئەکەری ، دەرئەکەوێ : ئەروەش سەیری ئەم « لەناو ئەمی قاوەیی بەرە نووسەرە ئەکرێ ، فرجینا بەیانیکی زستاندا » ١١ ڕلفیش وەك (جۆیس) ڕێبازی « لەدو تەمی قاوەیی نیوە (تیار الشعور - التداعی الحر)ی ڕۆیێکی زستاندا » ٢٠٨ کرتۆتەبەر ، بەڵام جیاوازی‌ی « بە ساتێکی مۆر .. ئەم لەئەن جۆیسدا ئەوەیە ، ئێوارەیەکی مۆردا » ٢١٠ جۆیس ئەو بیرو وێنانەی بە (بڕوانە ل -٣٦- ، ژمارە ٤ حەیالی « پاڵەوان »ەکانیدا دێن و سالی (١) نیسانی ١٩٧٥ی دەچن هەموویان تۆمار ناکات ، گۆڤاری الاداب الاجنبیه ، مطابع بەڵکو ئەوانەین هەڵدەبژێرێ کە الف‌باء - دمشق) . مەبەستیەتی ، ... وت ئەم جۆرە ئوسلووبەش خۆی سەرجەم هەمووی تۆمار دەکات لە خۆیدا ، کاریلی ئێستانیلی ... ئەمە ... ئەوەی جۆرە سەردەمەو لە ساردو سەری و ... ئەسلوبی هەندێ لە ڕۆمانە ڕۆمانەکانیدا پەیدا ببێ و کلاسیکی‌یەکان ... دەکات جۆرێکی ... بێ ، ئەوەی لەم ڕۆمانەدا زۆر بەرەت « وت » چووە سەرنجی ڕاکێشام - کات -ی پیشەنی‌ی بۆ هەموو فەسڵەکانی ڕۆمانە ... بوو ، ڕووداوی ڕۆمانەکەی نووسیوە ، پێشە شەپۆلەکان - پێش ئەو ڕۆمانی کی‌یەکە بریتی‌یە لە بەسەرکردنی - یولیسیس -ی جۆیس و کات و شوێن ، دەس نیشان هۆنراوەی « وێرانە »ی ئیلیوت ، کردنی - کات - لە سەرەتای بەرۆژێکدا روو ئەدەن و ئەمەش فەسڵەکاندا بەم جۆرەیە : ڕووداوێکی تره لە ڕۆمانی ئارە لە ڕۆمانە کلاسیکی‌یەکان جیا هێمانێ خۆر هەڵنەهاتووە - ئەکاتەوە ، .. بەڵام مانای ئەوە ل ٣ نیە ، ڕۆمانەکە تەنیا باسی ئەو خۆر خۆی‌دا لە کەل - ل ٢٠ ماوە کورتەیە ، نەء ! پاڵەوانانی خۆرو بان نەرم بووە - ل٥٣ ڕۆمانەکە یادی ئارو بیرەوەری‌ی خۆری هەڵهاتوو نەك هەر ڕابووردووی خۆیان دێ بە دۆشەکە سەوزەکەی بەجێ خەیاڵیاندا ، ڕووداوەکانی ئەو هێشتیوەو نیدا پچڕ پچڕەکانی ڕۆژە ئەیانجوڵێنی و بەرەو وەك مرواری لە ناوەکەیدا دوێنێ‌ی و ڕابووردووی دوورو ئەبریسکێتەوە ، بەڵکو ڕوو منالی ئەیاننێرێتە دواوە ، پۆشی لە ڕووی خۆی هەڵمالیوەو هەموو ڕەنگ و شاخ و شەقام و بەئەواوی چاوی بڕیوەتە شتێکی دوورو پشتیان ئەبێتە شەپۆلەکانی ل ٧٩ بروینەرو بیر خەرەوەی ئەو خۆر گەیشتۆتە بەرزایی ئارەسات و ڕووداوانەی لە دیر ئاسمان ل ١٠٧ وەختەو هاتۆتە ڕێیان و کاری خۆر لە جمو جوڵدایەو روو تێ‌کردوون و لە دەروون و جیهانی لە ئاوابوونە ل ١٢١ بێ‌ئاگایی - لاوعی - یاندا خۆر مەیلەو ئاوابوونە ماونەتەوە ، ئیتر ڕابوردوو ل ١٣٥ ئێستا ئەتاڵێنە یەکتری و چیرۆك خۆر لە دەم کەلدا خەریکی نووسیش زیاتر گرێ‌کوێرەو ئاوابوونە ل ١٥٤ ئالۆزی‌ی دەروونی پاڵەوانەکە- ئەوا خۆر ئاوا بوو ل ١٧٥ یمان بۆ شی ئەکاتەوەو ئەیداتە (بڕوانە : فرجینا وڵف ، بەر تیشك و زیاتر کاکڵەی بیری الامواج ، وەرگێرانی (مراد (پاڵەوان - چیرۆك نووسی) الزمر) پیا چوونەوەی (احمد مان لا روون ئەبێتەوە . خاکی) ، دار الکاتب العربی (ئیلیوت) لە هۆنراوەی للطباعە والنشر ، قاهرە ١٩٦٨) « وێرانە »دا بەپێی بیرو لەیەك بەدوای یەکا هاتنی لێکدانەوەی خۆی ، باسی ئەم ڕستانەدا ، خوێنەر بۆی ناتەواوی‌یەکانی کۆمەڵی ڕوون دەبێتەوە ،کاتی ڕۆمانەکە سەرمایەداریمان بۆ ئەکات ، بە بریتی‌یە لە ڕۆژێك ، بەڵام لەو (تەداعی)و بزواندنی خەیاڵی ڕۆژەدا ، ڕابووردوو ئێستەو پاڵەوانەکانی لە ماوەیەکی کورتدا جاروبار بەرەو پاشەڕۆژو کە لە ڕۆژێك تێ‌ناپەڕێ ، باسی داهاتوو مل‌نانیش ، تێکەڵ یەکتر دەبن ، ئەمە زەمانێکی نەبڕاوەی مەسەلەکەیە

بەڵام ڕۆژەکە زەمانێکی ڕووالەتی‌یە .

ئەوەی ئەم ڕۆمانە بە وردی بخوێنێتەوە ، هەست ئەکات کە ڕووداوو یادگارەکانیش لەگەڵ جوڵانەوەی « خۆر »دا گەشە ئەسەنن و پێ بەپێی ئەڕۆن ، بۆ نمونە لە فەسڵی یەکەمدا کە هێشتا خۆر نەکەوتووە ، « سوزان » کچێکەو یەکێکە لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە ئەڵێت : « لە کونێکی پەرژینەکەوە ، بە چاوی خۆم دیم ماچی ئەکرد ، لەسەر گوڵدانەکەوە سەرم بەرز کردەوەو لە درزی شووشەکەوە ڕوانیم ماچی ئەکرد ، بینیم « جینی »و « لویس » - دوو پاڵەوانی تری ڕۆمانەکەن - یەکتریان ماچ ئەکرد ، چی خەمم هەیە ئەیخەمە تووێی دەسڕەکەم و وەك تۆپ لوولی ئەدەم ، پێش ئەوەی دەرسەکەم بخوێنم بەتەنیا ئەچم بۆ دارستانەکە ، لەسەر مێزەکە دانانیشم و ژمێرە حەل ناکەم لە لەلای « لویس »و « جینی » دانانیشم . (ل : ٩ الامواج) ئەم پەرە گرافە کاتی هەرزەکاری و لاوی نیشان ئەدا ، بەڵام لە فەسڵەکانی دواییدا لەگەڵ کۆچی (خۆر - کات)دا ، یادگارەکانیش قووڵ و گەورەتر ئەبن ، لێرەدا ئەو دەرفەتە نیە ، هەموو ئەو بەرەو پێشەوە چوون و بەرز بوونەوەیە دەرخەین ، بەڵام پەروگرافێکی تر لە فەسڵی شەشەم ئەخەینە پێش چاو ، کە جیایە لەمەی ئێستە .. بەڵێ ! چ لە کات و چ لە چۆنیەتی‌ی پەرگرافەکەشدا لە یەکتری جیاوازن :

کات : خۆر روو لە ئاوا بوونە .

جینی ئەڵێ : « هەندێك بە شەمەندەفەر ئەچن بۆ فەرەنسا ، هەندێکی‌تر بە دەریادا بۆ هیند ئەڕۆن ، خەڵکی‌ترو ئەوانیش کەسیان ببڕای ببڕو جارێکی‌تر سەر بەم ژوورەدا ناکەنەوە ، یەکێکیان ئەم ئێوارەیە ئەمرێ و یەکێکیان منالی ئەبێ » .. (ل ١٣٠ الامواج) .

« جینی » باسی هاورێکانی دەکات کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەن ئەبینین (کات)و قسەکانی جینی لەگەڵ یەك ڕێك ئەکەون و جیاوازی‌یان هەیە لەگەڵ ئەو قسانەی « سوزان » لە فەسڵی

بڕوانە ل -٧-

عەزیز نەسین

لە نووسین خۆڵ ئەدوێ

ش : کردوویە بە کوردی

« پەیتا - پەیتا لێیم دەپرسن :

- ئەرێ تۆ چۆن دەتوانی ئەم هەمو نوسینە بنوسی ؟

دەڵێن گوایە هەمو هونەرمەندێ پەری‌یەکی ئیلهامی هەیە ، ئەو گیانی هونەری بەبەردا دەکا .

کورینە ، هەر کە نێوی پەری ئیلهام بەرگوێ دەکەوێ ، گورج کچە ئاسمانی‌یەکی لە کەمەر بەرەوخوار باڵدارو لە کەمەر بەرەوژور جوانێکی قژسورمەی وەکو کیژە دەریایی لە پشتێنە بەرەوژور کچ و لە پشتێنە بەرەوخوار ماسیم دێتە پێش چاوو دەڵێی خۆی بەسەر شانی هونەرمەندێکدا داوەو سەری لە پەنا گوێی ناوە فسکە - فسك - وەکو قۆپیەی بداتێ - شتی بەگوێدا دەچرپێنێ .

من پەری ئیلهامم نیە ،خێوی ئیلهام ، درنجی ئیلهامم هەن. هینەکانی من نیوە باڵدارو نیو کیژ نین ، ئەو پەرەکەی هەر لە سەتا دەی مرۆڤن ئیتر ئەندامی لەشیان ، ئەو دواکەی جانەوەرە ، جانەوەر .. نەك خۆیان بەسەر شانمدا ئەدەن ، سواری قەڵاندۆچکانم ئەبن ، لە ژێریاندا قەمچ دەبەم و دەنوشتێمەوە ، ئارەقی شین و مۆر دەردەدەم ، شل و شەکەت دەبم ..

بۆ نەگبەتی دێوو درنجی ئیلهامی من یەکو دوش نین ، برێکن .. کە دوانیان دێنە خوارێ سیانیان سوارم دەبێ.

پەری تا بڵێی جوان و بەدەو کاو و بێ‌هاوتان ، دزێویی وا لە کن خێو ودرنجان ،بەڕاستی ئێسك گرانن ، نامەخوا خۆ ڕەنگ نیە بە پیاوە وە بنوسین نیتر ، هەر لێت نابنەوە ..

پەری دەلاوێنن ، دڵنەوایی دەکەن ، کەچی جندۆکەی دوا براو دەسرەوێنن نوقورچ دەگرن ، کار دەگرن ..

پەری ئیلهام گیان بەبەردا دەکا ، سەر لە پەناگوێی هونەرمەندان دەنێن ، بەگوییاندا دەچرپێنن .. کەچی خێوی ئیلهامی من ، درنجی ئیلهامی من ، جندۆکەی ئیلهامی من ، بەسەر پشتمەوە بە قەڵادۆشکانمەوە سەرومڕ دامدەگرێ ، لێم دەخوڕێ ، تێوەم دەژەنێ :

- بنوسە ! بنوسە دەی ! مەوەستە بنوسە وەنەوز مەدە تۆ هەقی نوستنت هەیە ؟ .. وەخەبەر بێ ! وا دامەنیشە .. گورج هەستە .. ناشبێ نەخۆش کەوی .. وس س س

من جندۆکەی ئیلهامم ، درنجم ، درندەم : کرێ وەرگرم خاوەن قەرزم ، کڕیاریم ، پێویستیی و ئاتاژی زۆرو زەوەندەی لەبن نەهاتووم یەکجار زۆرەو دوایی نایە .. ئەی نەنوسم چی بکەم ؟ هیچ شتێ لەسەر ئەم روی زەوی‌یە هێندەی پێڵاوێکی کونی دیوەدەر ئیلهام بە ڕۆحی هونەرمەند نابەخشێ و بۆ ڕەنجی دنە نادا .

بەدەستم بێ بۆرە بەندێکی‌وام لە بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤدا زیدە دەکرد .

« هەمو مرۆڤی دەتوانێ نەخۆش بکەوێ و ئەم نەخۆش کەوتن توانینەش مافێکی لێ خۆش نەبوی سروشتی و کۆمەڵایەتی ئەونۆیە کە لێی ناسەندرێتەوە » کە نەخۆش دەکەوم مەگەر خودا خۆی بزانێ چەندم ئێرەو بەخیلی بەو بەختەوەرە خودا پێداوانەدا دێتەوە کە لەسەر گازی پشت رادەکشێن و دەحەسێنەوە ، نیزیکەی نیوە چەرخێك دەبێ ئێستاو ئێستاش ، بەدرێژایی ژیانم ، مافی نەخۆش کەوتن توانینی ڕەوای خۆم بەکار نەهێناوە . جندۆکەی ئیلهامم ، جانەوەری ئیلهامم ناهێڵن و زازی نین .. شەوانە لە خەونمدا ، ڕۆژانە لە خولیامدا خولاسە لە هەمو دنیامدا هەردەڵێن :

- بنوسە

دەنوسم .

- هەر بنوسە !

هەر دەنوسم .

سبەینان کە دەنۆڕمە هەرێزە ، قەنەوزە ، خوناو بەسەرەکەی بەردەمم ، بۆ چرۆکی نامەزرۆییم نە نوت دەردێ و لە خۆڕا گەوزینم دێ .. وادەزانم ئەگەر پێ‌خاوس برۆم ماندوێتی پەنجا ساڵی رەبەقم لە قاچ و قول دەزێتە ژێر چەرمی پشتی زەوی‌یەوە ..

ڕۆژێك هەر دێ بحەسێمەرە بەڵام بەداخەوە ، ئەوساش هەست بە حەسانەوە ناکەم و بە خۆم نازانم .. دنیا ڕەنگی پەریوە ..

لە وەڵامی یەکێکدا ، پرسی :

- چۆن ئەو هەمو نوسینەت پێ دەنوسرێ ، - بە نیوە تورەیی و دڕدۆنگی‌یەوە ، گوتم : پێت وایە بە خێری خۆمان دەنوسین .. ناچاری‌یە ، ناچاری ، تەنگانەو دەست کورتی‌یە ..

بەڵام بێتو سەر لەنوێ - هەرچەند ناشبێ - لەدایك ببمەوە ، هیچ ڕێگایەکی دیکە ناگرم ، دیسان هەر دەمەوێ لەنێو بۆتەی ماندوێتی و شەکەتی پڕ بەختەوەری ڕەنج کێشاندا بجۆشێم و ببرێمەوە .

کە لە هەمو ئاشێك دەکەم بە شێوەی زۆر جوێ جوێ ، بە هەمە ڕەنگ و هەزار تەرزە دەنوسم ، لە هەمو تارو ئاوازان دەدەم ، ئەمەش پێم‌وایە ، لەبەر ئەوەیە چونکە سەرو ساختم لەگەڵ دەستەو چینی جیاجیای کۆمەڵەکەمدا زۆر خۆش بووە

بڕوانە ل -٧-

Institut kurde de Paris

٦٦ ملیۆن دینار بودجەی وەزارەتی اشغال و اسکانە..

بودجەی پرۆگرامی بەرهەم هێنانی ئەمساڵی وەزارەتی اشغال و اسکان گەیشتۆتە ٦٦ ملیون دینار ، بودجە کە بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانەیە کە لەمەوبەر دەستیان پێ کراوە لەگەڵ گەلێك پرۆژەی نوێدا •

کاك رشيد الرفاعي وەزیری اشغال و اسکان ڕایگەیاندووە : کە پرۆگرامی بەرهەم هێنان بایەخی بە پرۆژەی ڕێگاو بان وئاوەدان کردنەوەداوە ئەویش لەبەر پێویستی ئەمڕۆکەی وڵات •

بەوپێیەو لەسەر ئەوپرۆگرامە بودجەی بەرێوە بەرایەتی ڕیگەوبان ٣٥ ملیون و ٥٠٠ هەزار دینار دەبێت • کە ئەویش لە دروست کردنی چەند ڕیگەوبان وپردیکدا خەرج دەکرێت ، لەو پردانەی بەوپارەیە دروست دەکرێت پردی (باب المعظم)و (شط العرب)و پردی حلەو مسەیەب و نعمانی‌یە •

هەروەها ١٥ ملیون و ٥٠٠ هەزار دیناریش تەرخان کراوە بۆ پرۆژەی تەندروستی و حوکمەتی ، کە ئەویش بریتی‌یە لەدروست کردنی چەند خەستەخانەو دایەرەی حوکمەتی هەمە جۆر •

وە ٦ ملیون دیناریش بۆ دەزگای گشتی اسکان تەرخان کراوە ، ئەم پارەیە لە دروست کردنی چەند ئەپارتمەنکیدا خەرخ دەکرێت و ٦ ملیون دیناریش بۆ وەزارەت تەرخان کراوە ، وەزارەت ئەوپارەیە لە پرۆژەی ڕۆشنبیریدا خەرج دەکات بەشێك لەو پرۆژە ڕۆشنبیریانە بریتی دەبێت لە تەواوکردنی دانشگای بەغدا لەجادریەو دروست کردنی چەند قوتابخانەیەکی تر •

وە ملیونێك دیناریش دانراوە بۆ پرۆژەی دەست گرتنی لاوان ـ رعاية الشباب ـ وە دوو ملیون و ١٠٠ هەزار دیناریش دانراوە بۆ پرۆژەی هاوینە هەوارو گەشت و گوزار کردن وە ٤٦٥ هەزار دیناریش بۆ پرۆژەی ئەنوای جەوی دانراوە وە ٢٥٠ هەزار دیناریش تەرخان کراوە ، بۆ دروست کردنی چەند خانویەك بۆ بارەگای نیقابەکان لەوڵاتدا ••

هەرەوزیکی دروێنە لە کەرکوك

ڕۆژی یەك شەممەی ڕیکەوتی ١ی ئەم مانگە هەرەوزیکی گەورەی دروێنە کردن لە پارێزگای کەرکوك دەستی پی کردووە نیاز وایە لەو هەرەوزەدا دروێنەی ملیونێك و ١٢٠ هەزارو ٣٦٨ دۆنم دەغلودان بکرێت •• لەو هەرەوزە گەورەیەدا ٢٤٥ دەراسە بە کار دەهینرێت •

گۆشەی تەندروستی

ـ ٣ ـ

● زەردوویی ●

● بۆ دەست نیشان کردنی ئەم نەخۆشی یە ئەبێ میزو پیسایی و خوێنی نەخۆش فحص بکرێن •• جگە لەمەش بۆ ئەوەی بەوردتر نەخۆشی یەکەو جۆرەکانی لە یەکتری جیابکرێنەوە هەندێ فحصی تایبەتی جگەر ئەکرێ هەروەها ئەشیعەی (ئێکس ڕەی) سادەو ڕەنگاورەنگ ئەگیرێ بۆ دۆزینەوەی بەردو گرێ لە جگەردا ••

● نیشانەکانی نەخۆشی یەکە بەگشتی ئەمانەن :ـ لای ڕاستی سك ژان ئەکات و نەخۆش ئەرشێتەوەو میزی زەرد ئەبێ و پیساییەکەشی بێ ڕەنگ ئەبێ •

● چارەکردنی نەخۆشیەکە :ـ چارەکردنی ئەو جۆرەی کە بەهۆی لەناوچوونی خڕۆکە سوورەکانی خوێنەوە ڕوو ئەدات گرانە چونکە نەخۆشی یەکە زگماکە ، بێجگە لە دەرهێنانی سپڵ هیچ چارێکی تری نی یە •

بەڵام جۆری دووەمی نەخۆشی یەکە بەگرێرەی ئەو هۆیەی نەخۆشی یەکەی دروست کردوە یاخود بەدەرمان یان بە عەمەلیاتی جەراحی چارەسەر ئەکرێت و لەدەست ئەم نەخۆشی یە ڕزگاری ئەبێت •

● دکتۆر نەوزاد ●

ڕاپۆرتی ناوخۆ

ـ باوکی شیرین ـ

خوێنەری بەڕێز ! ڕووداوەکانی ناوخۆی ئەم هەفتەیەو هەفتەی ڕابردوو جۆرجۆر بوون • هەڤاڵ صدام حسین جێگری سکرتێری سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ڕایگەیاند کە پێویستە هەموو بڕیارێکی سیاسی پەیوەندی بەزانستەوە هەبێ • پێویستە سەرکردایەتی سیاسی بۆ هەموو بڕیارێکی دیاریکراو یارمەتی لە بیروڕاو ئاگاداری زانایان و پسپۆڕانی وڵات وەربگرێ •

هەڤاڵ صدام حسین ئامانەی لە وتارێکدا ڕاگەیاند کە لە کۆبوونەوەی یەکیەتی ئەنجومەنەکانی باسی زانستی وڵاتانی عەرەبی‌دا بڵاوی کردەوە • هەڤاڵ صدام حسین لەو وتارەدا گوتی بڕیاردان لەسەرتاوە وەک ئامانجێکە ، پاشان زانست و ئاگاداری ، پاشان ئەنجام گیری و پاشان بڕیار •

سەرکردایەتی سیاسی لەکاتی ئەنجام گیریدا ناتوانێ بەبێ شی کردنەوەو لێکۆڵینەوەی زانایانی تایبەتی ئەنجام گیری بکا • ئەگەر بشتوانێ بڕیاربداو ئەنجام گیری بکا ناتوانێ لە مەیدانی (اختصاص)و ئاگاداری‌دا جێگای زانایان و پسپۆڕان بگرێتەوە •

خوێنەری بەڕێز ! ئەوەی هەڤاڵ صدام حسین لەو وتارەدا دەستی بۆ درێژ کرد ، دەری دەخاکە شۆڕشی ١٧ی تەمووز بۆ جێگیربوونی بڕیارەکان و بۆ پتەوکردنی بناغەی ڕاپەڕینی نوێی وڵاتی خۆشەویستمان چەندە دەرکی نرخ و بایەخی زانستی کردووە •

لە لایەکی تریشەوە خوێنەری بەڕێز ! چەند هەنگاوێکی بەرچاو لە ناوچەی حوکمی زاتی‌دا هاوێژراون بۆ وەکار خستن و شیلگیر کردنی بنکە جۆربەجۆرەکان •

ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی حوکمی زاتی کۆبوونەوەیەکی بەست ، لەو کۆبوونەوەدا باسی وەزعی هێندێک دەزگاو دایرەی دەوڵەتی و باسی شێوەی وەکارخستنی ئەو دەزگاو دایرانەکرا بۆ پەرەپێدانی ئەرکەکانیان لە ناوچەی حوکمی زاتی‌دا •

ئەنجومەنی یاسادانان بڕیاری دا کە ئەو داخوازی و پێداویستانەی ڕاپۆرتی لیژنەکانی ئاگادارکردنەوەو پیادا چوونەوەی ناوچەی حوکمی زاتی دیاری کردوون ، حەوالەی پارێزگاکانی هەولێرو سلیمانی و دهۆک و دایرەکانی ئەنجومەنی تەنفیزی بکات بەپێی ئەرکی تایبەتی خۆیان •

خەڵکی عیراق بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی ، بە دڵخۆشی بوون و ڕێز لێنانەوە دەڕواننە ئەو هەنگاوانەی لە ڕێگای ڕیشەداربوونی ڕێبازی چارەسەرکردنی بەئاشتی و دیموکراتیانەی مەسەلەی کورد هاوێژراون •

ڕای گشتی پێشکەوتنخوازی جیهان بەردەوامە لەسەر بایەخ پێدانی ئەو هەنگاوە شۆڕشگێڕانەو ئەو دەستکەوتە گەورانەی بەسەرۆکایەتی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی لە عیراق‌دا هاتوونەدی • چیکوسلۆڤاکیا ستایشی ئەو سەرکەوتنانەی کرد کە وڵاتی عیراق دوای شۆڕشی ١٧ی تەمموز بەسەرۆکایەتی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب وەدەستی هێناون •

لە بەیاننامەیەکی دوقۆڵی دا کە دوای سەردانی دەستەی نوێنەرایەتی لاوانی چیکوسلۆڤاکیا لە عیراق بڵاوکرایەوە باسی ئەو سەرکەوتنانە کراوە • ئەو سەردانە لەسەر بانگ هێشتنی یەکیەتی گشتی لاوانی عیراق پێك هات و ماوەی ٩ ڕۆژی خایاند • لەو بەیان نامەیەدا باسی وتووێژی نێوان وەفدی ناوبراو و وەفدی یەکەتی گشتی لاوانی عیراق کراوەو بە وتووێژێکی برایانە دانراوە •

ئەم ستایشە ـ خوێنەری بەڕێز ! ـ ڕوانینی بیروڕای گشتی دنیای پێشکەوتنخواز بۆ ناوەڕۆک و ئاسۆی ئەو ڕاپەڕینە بەربلاوە نیشان دەدا کە لە عیراق دا پێك هاتووە • هەروەها ئەو شوێنە بەرچاوە نیشان دەدا کە وڵاتی ئێمە لە جووڵانەوەی شۆڕشی جیهان داگرتوویەتیەوە •

دەزگاو دایرەکانی پەروەردەو فێر کردن تێکۆشانی خۆیان بۆ خۆ ئامادە کردن بۆ خوێندنی سالی داهاتوو درێژە پێ دەدەن • وەزارەتی پەروەردە بڕیاری دا کە شەش کۆمەڵی کارکردن پێك بێ بۆ بەرنامەدانانی قوتابخانەکانی ئامادەیی و ناوەندی •

لەلایەکی تریشەوە هەروەها کارخانەی دروست کردنی دەفتەری قوتابخانە لە (دار الحريه للطباعه) لە بەغدا دەستی بە دروست کردنی دەفتەر کرد کە ٧٠ ملیۆن دەفتەری قوتابخانە لە جۆری (٦ـ٦٠) لاپەڕەیی بۆ سالی داهاتووی خوێندن دابین بکا • (دار الحريه) ئێستا خەریکی چاپ کردنی پتر لە ١٠ ملیون کتێبی مەدرەسیە بە زمانی عەرەبی و کوردی لەسەر حیسابی وەزارەتی پەروەردە •

ئەم هەنگاوانە بەشێك لە نەخشەی پەروەردەیی پێشکەوتنخوازانەی وڵات پێك دێنن کە بۆ بەرەپێدان و ڕیشەدار کردنی ڕۆشنبیری نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز کێشراوە •

لە بارەی دابین کردنی جێگاوبانی ئەمرۆیی بۆ هاووڵاتیانیشەوە ، لیژنەی جێبەجێ کردنی بەرنامەکانی نیشتەجێ کردنی پیشەسازی سەر بە وەزارەتی پیشەسازی و کانەکان لەم دواییانەدا (٤) خانووبەرەی نیشتەجێ بوونی دەست کرد •

هەریەك لەو خانووبەرانە کە ٣٦ هۆدەیە لەگەڵ پێداویستیەکانی تر بۆ نیشتەجێ کردنی کاربەدەستانی بەرنامەکانی پیشەسازی لە ناوچەی « ئەبو غریب » لە بەغدا • ئەو خانووبەرانە ٦ ملیون و ٥٠٠ هەزار دیناریان تێ چووە ، ئەمە دەستکەوتێش بەشێکە لە نەخشەی شۆڕش بۆ دابین کردنی جێگاوبانی ئەمرۆیی بۆ هاووڵاتیان •

دادەزراندنی سێ کارگەی «ئەلبان»

کاک (حاتم رشید)ی بەڕێوەبەری دەزگای گشتی پیشەسازی خواردەمەنی دروست کردن لە گەڵ دوو کۆمپانیادا بۆ ئامادە کردنی مەکینەو کەرەسەی کارگەی شیرمەنی ـ الالبان ـ دروست کردن ڕێکەوتن نامەیەکی مۆر کردووە ، پرۆژەکە ٤ ملیون و ٩٠٠ هەزار دیناری تێ دەچێت کارگەکان لە قەزای تکریت و مقدادیەو شاری دیوانیە دادەمەزرێندرێن •• وزەی بەرهەم هێنانی کارگەی تکریت ڕۆژی‌ی خوێدەدات لە ٢٠ تەن شیری پاکژ کراوو ١٠ تەن ماست و تەنێك قەیماخ وزەی بەرهەم هێنانی ڕۆژانەی پرۆژەی شیرەمەنی دیوانیە ٤٠ تەن شیری پاکژکراوو ٢٠ تەن ماست و دوو تەن قەیماخ و ٤ تەن ئایس کریم دەبێت •• بەڵام وزەی بەرهەم هێنانی ڕۆژانەی پرۆژەی شیرەمەنی مەقدادیە ٢٠ تەن شیرو ١٠ تەن ماست و تەنێك قەیماخ دەبێت •

عیراق بەشداری کۆبوونەوەکانی ڕێکخراوی « ئۆپیك » دەکات

ڕۆژی شەممەی داهاتووەزیری نەوت کاك تایە عبدالكريم بۆ کۆبوونەوەکانی ڕیکخراویی (ئۆپیك) لە گەڵ وەفدیکدا بەرەو لیبرڤیل دەکەوێتە ڕێ ، کۆبوونەوەکان ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو لە گابون دەست پێ دەکات •

لەو کۆبوونانەوەدا لە بەراپۆرتی* لیژنە تەکنیکی‌یەکانی ڕیکخراو دەکۆڵنەوە ، بە تایبەتی ئەوانەی لە بەیاننامەی بەرزی (ئۆپیك) لە مانگی مارتی پیشوودا لە جەزایر بلاوکرابۆوە لە گەڵ باسی شکانی نرخی دۆلارو ئەو زیانەی بە هۆی ئەو نرخ شکانەی دۆلارەوە لە وڵاتانی ئەندام لە (ئۆبك)دا دەکەوێت •

هەروەها لە باسی ڕیك‌وپیکی نیزامی ناوخۆیی ڕیکخراوەکەشیان کۆلیونەوە وە بەشێوەیەکی گشتی نرخی نەوت و غازو ئەو پارە زیادانەی وڵاتانی ئەندام لە (ئوبك)دا هەیانەو چۆنی بخەنە کارەوەو چۆن ئیش پێ بکەن و کەلکی لێ وەرگرن •

ڕوناکی

بۆکی دلێر نووسیویەتی

ڕیبازی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتی خۆی لە ئوقیانووسی هیند بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ سروشتی ستراتیژی ئەمریکا لەومەڵبەندەداو هەروەها بۆ ئەوئامانجە دوژمنکاریانەی هەیەتی •

جموجۆڵی ئەمریکا لەومەڵبەندەدا لە چوار چێوەی گشتی ستراتیژی ئیمپریالیزمدایە ، چوارچێوەیەك کە بناخەکەی لە سەر بەرهەڵستی خەباتی نیشتمانی و ڕزگاری‌ خوازی دامەزراوە ودەیەوێ جێ‌ی پێ‌ی ئیمپریالیزم و مونوپۆلەکان بەهێزبکا •

ئەگەر سەرنجێکی وردی‌واقیعی ئەو مەڵبەندە گرنگە بدەین زۆر بەڵگەی گرنگمان بۆدەردەکەون کە لە هەموویان بەرچاوتر ئەمانەن :

یەکەم : مەڵبەندی ئوقیانووسی هیند بەسەر مەڵبەندی خەلیجی عەرەبی‌یەوە هەلکەوتوە کە لەحیساباتی ناودەوڵەتان دا لەبەر هەلکەوتی ستراتیژی ولەبەر ئەوەی لەباری بەرهەم هێنان و پاشەکەوتەوە بەعەمبارێکی گەورەی نەوت دادەنرێ ، بەناوچەیەکی گرنگ‌دەژمێردرێ •

دووهەم : بوونی هێزی‌عەسکەری لە ئوقیانوسی هیند دا بۆ ئیمپریالیزمی جیهانی بەسەرۆکایەتی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەودەرفەتە پێك دێنێ کە جێ پێ‌ی خۆی لەومەڵبەندەدا بەهێزبکاو لە دژی قازانجی ئەو وڵاتانەی بەسەر ئوقیانووسی هیندەوە هەلکەوتوون بکەوێتە جموجۆڵ •

سێهەم : کارەساتەکان دەریان خست کە ئامادەکردنی هێزەکانی ئەمریکا لەومەڵبەندەدا لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی لە ناوچەی عەرەبی لەشەشی تشرینی سالی ١٩٧٣دا بۆیەبوو کە بوونی هێزی‌سوپایی ئەمریکا لەوناوچەیە یەکێکە لەو هۆیانە کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەیەوێ‌قەوارەی سەهیونیزمیان بۆ بەرەنگاربوونی جووڵانەوەی‌شۆڕشگێری عەرەب پێ بەهێزبکا •

چوارەم :ـ ئەگەر ئەونوختەیەش لەبەر چاوبگرین کە ستراتیژی دەریایی ئەمریکا دەیەوێ بەسەر ڕیگا دەریاییەکان و ئوقیانووسەکاندا زاڵ بێ‌هۆیەکی تریشمان لەوهۆیانە بۆ دەردەکەوێ کە پاڵ بەئەمریکاوەدەنین بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بەسەر ئەومەڵبەندەدابسەپێنێ •

پێنجەم :ـ بوونی چەندوڵاتێکی خاوەنی سامانی نیشتمانی گرنگ ودەسەڵاتی‌مونوپۆلەکانی جیهانی بەسەر ئەو سامانانەدا، پاڵ بەئیمپریالیزمەوە دەنین کە هەوڵ وتەقەلای خۆی بۆ درێژە پێدانی‌دەسەلات بەسەر ئەو وڵاتانە دا ئاشکرا بکا •

بڕوانە ل ـ٧ـ

سوپاس

بەبۆنەی دەرچوونم لە خەستەخانەی ـ خەیال ـ پاش عەمەلیاتی گورچیلەم ، زۆر سوپاسی بەڕێز دکتۆر کەمال حسین و دکتۆر نایل و هەموو کارگێڕانی خەستەخانەکە ئەکەم وە هیوام سەرکەوتنیانە •

هەروەها زۆر سوپاسی ئەو دۆست و برادەرانە دەکەم کە بە تەلەفون و بروسکە یان هاتوونە لام بۆ هەواڵ پرسین وە ئومێدەوارم هەرگیز ناخۆشی نەیەتە ڕێگایان •

رحیم عبدالله علاف

هۆزانڤانێ بریفکانی و چەند پرسیارەك

ـ صدیق عەلی ـ

باوەردەکەم، یاڤەر نینە ، ئەم هوزانڤان شێخ مەمدوح بریفکانی بخەلکێ بنیاسینین ، چونکە وەکی ستێرەکا گەشە لئەسمانێ تورەیی لبەهدیناو لکوردستانا تورکی و هەرکەسەکێ هوزانڤان بیت ، ئان خو بهوزان دوست بیت ، بزانیت ، بریفکانی دنیاسیت •

مەبدەرفەت ـ دەلیقە ـ زانی ، چەند پرسیارەکا ژێ بکەین و هندەك لایێت طاری ژتوری بێ روهنکەین •

پرسیار : کیژ سالێ نە دەستدایە ڤەهاندنا هوزانان و پارچانێکی و یا دیوماهیێ چ بوون ؟

بەرسڤ : من لسالا ١٩٢٨ێ یادەست هاڤێتیە ڤەهاندنا ڤان ڕێزێت هەرکو پارچە شیعرا ئێکێ بوو :

ئەسمەرێ سەردارا جانا خال وخەت سەکێ تەتەر
زیارەدا هەردو ڕەقیبان هەروەکی ئەسوەد حەجەر
ماهەبوون سەلاو سەلما شبهەتێ یاهن دبال
خەت ژمسك و لەب شەکر جەبهەت قمر عەقرەب لسەر
خال و خەت کاتب ژنو ئیعراب لسەر دام ـ دام ڤەدا
ئاگرێ عیشقا مەهەلبو دل ژمەمدوح بو دووکەر

ئەڤ ڕێزێن هەژی ژ پارچەهوزانا منا دویماهیێ نە :ـ

ئەز کوردم کوردێ چیانم
سەربلندێ بەهدینانم
خودێ دزانیت ژبو کوردا
هەتامرنێ چ دلڤانم

پرسیار : ژلایێ ڕەوانبێژیێ ڤە ، هوزانێت کیژ هوزانڤانێ بەهدینانی بهێزترن ؟

بەرسڤ : هوزانێت مەلایێ جزیری ژلایێ ڕەوانبێژیێ ڤە ژهەمیا بهێزترن ، هەلبەت راماناهە هەزانڤانێت کلاسیکی نە •

پرسیار : لسەر دەستنڤیسا (لەیل و مجنونا) لنك تە دوو هزرێت هەین ، ماموستا صادق ئامێدی دبێژیت یا ئەحمەدێ خانی‌یەو ماموستا دکتور عزالدین رەسول دبێژیت یاوی نینە، ڕەئیاتە چی‌یە ؟

بڕوانە ل ـ ٧ ـ

سەخبێرکرنا ئیداری و سەخبێرکرنا نەتەوایەتی ئامانجێت وێکڤەنە بۆ دەولەتێ هەمییێ

عبدالاله دوسی

شورش و قوماندارێا وی یا سیاسی ئەوا ڤی میللەتی بڕێڤەدبەت شورەشەکا هەفیشکیە و دیمقراطیەو بزاڤێ دکەت بۆ ڤەگوهاستنا هەفیشکی ل کومەلێ کێ دیمقراطی و بۆ پێشکەتنا ولاتێ هەر لایێ ئابوریڤەو کومەلایەتیڤەو دروست کرنا کارخاناو زەڤیێت نۆی و دەزگەهێت بازرگانەنێ و دەستەکێت ڕەوشەمبیری و کومەلایەتی • هەر دیسا شورەش بزاڤێ دکەت بۆدرست کرنا گەلەك پرۆژ ، وقەتاندنا هەوجەیێت وان ڕۆژا ژکادرێت شەهرەزا •

نەخاسمە پشتی ناشتی و نەناهی زێریەفە بوردستەنا خۆشتڤی و جڤاتیت شەریەتی و تەنفیذی بکارێت خۆ رادەبن بدرستی •

وە دگەل بزاڤێت شورەش وە دگەل بزاڤێت شورەشێ یاسایا ژمارە ١٨٦ یاسالا ١٩٧٠ دەرکەت بۆ درست کرنا بنکەها نەتەوایەتی یا شێرەت و پێشکەتنا ئیداری (المركز القومي للاستشارات والتطوير الاداري) ل وەزارەتا نەخشکێشانێ • ئەڤ بنکەها خاندنا لایێت ئیداری و ئابوری و هۆنەری دکەت •

ل هەمی پلا بۆ درست کرنا کادرێت ئیداری و قەنج کرنا ڕێکێت کاری • ئەڤ بنکەهە شیا گەلەك پێنگاڤا ل کارێت خۆ باڤێت ژ پەیدا کرنا کادرێت شەهرەزاو سەروبەرکرنا ئیدارا بەرهەمی •

ل دەڤەرا حووکمێ زاتی ل ڤان سالا کادرێت قەنج پەیدا بوون ژ بۆ سەخبێرکرنا کاروبارێت بەرهەمی و کارخانا ل دەڤەرێ •

شورەشا ١٧ی تیرمەهێ شیا دەستێ خۆ دانیتە سەرجهێت بێهێز ل ئامیرەتێت دەولەتی شۆ نوارێت حووکمەتێت کەڤن •

جهێت بێهێز لدیف خالا هاتنە دیارکرن :ـ

١ ـ ڕێکێت ئیداری دیربوون ژ ڕێکێت نوێ •

٢ ـ بیرووراطیەت یا مشەبوو

٣ ـ فوومانداری ئیداری یا بێهێز بوو ویا نەشەهرەزا بوو •

٤ ـ یابێ سەروبەر بوو •

٥ ـ ل کرێت ئیداری پێکەیی هەبوو (ازدواجيه) ل شولی •

٦ ـ حێ تێکرن هەبوو ل شولی •

شورەشێ بەرێ خۆدا چارەسەرکرنا ئەڤێ چەندێ جڤاتا فوومانداریا شورەشێ بریارا ژمارە ٢٢٣ ل ٢٤ـ٥ـ١٩٧٥ دەرێخست بۆ توخیب دانا خەتا سەخبێرکرنێ دابیتە بشکەك ژ قەتا نەتەوایەتی و چاڤێ خۆ بدەتە گەلەکێ سەروبەرکرنا دەولەتی و پێشکەتنا ئامیرەتێت بزاڤا ئابووری دابیتە ئەگەرا زێدەبوونا بەرهەمی و چاڤدێری بکەت ل نەخش کێشانێ و کورت کرنا ڕووتینی •

داهەمی کوردێت میللەتی پشکداریێ بکەن لخەتا سەخبێرکرنێ و هێزو شیانێت خۆ دیارکەن • شورەش بچاڤەکی بلند بەرێ خۆددەتە دەڤەرا حووکمێ زاتی ، ئەو دەڤەرا گەلەك نەخۆش بسەردا بوورین ژبەر وان کارا ئەوێت دەستەکرێ گرتی پێرادبووو سەروبەرێت نەخۆش پەیدادکرن ل روویا وەلاتی •

ڕێکا درست کرنا سنعەتەکێ هەفیشکی و کومەلەکێ هەفیشکی دێ هێتە درست کرن لسەربنیاتێ پەیداکرنا کادرەکێ تێگەهشتی و شەهرەزا شورەش بزاڤێ دکەت دا چینا پالا پشکداریێ بکەت ل نەخش کرنا فەتێت بەرهەمی داکارێت خو بدرستی برێڤەبەن

شورەشا ١٧ی تیرمەهێ شیا قووناغێت مەزن ببریت ل مەیدانا فێرکرنێدا کادر پەیدا بیت بۆ کارخاناو جهێت سەخبێرکردنێ شورەش بچاڤەکێ بلند بەرێ خۆ ددەتە فێرکرنێ و نەهێلانا نەخوندەواریێ ل دەڤەرا حووکمێ زاتی گەلەك قووتابخانێت نوێ هاتنە ڤەکرن و دانیشگا سلێمانێ هەمی هەوجەیێت وێ هاتنە ڤەتاندندا کارێت خۆ بچاکی بڕێڤەبەت •

شورەش براستی شیا ڕێکەکا نوێ ببرێت ل بزاڤا شورەشگێر ل دەڤەرا مەو ل هەمی لایا •

Institut kurde de paris

خەباتی قوتابیانی کوردستان

مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ئامادەی ئەکات

سەرنج و لێکۆڵینەوە لە بەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قطری پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب

گرنگیە نیشتمانیەکانو پەیوەندی نێوانیان

- ئازاد -

ڕوانینی هەمـــــووسەرکەوتنێکی نیشتمانی ، نابێ لە سەرکەوتنە نیشتمانیەکانی تر دور بخرێتەوە ، کە ڕووبەڕوی گەلێك لەگەلانی ئەبێتەوە لـەهەنگاوی مێژووی دیاری کراودا ئەو کۆمەڵە کارتێکردنە نابێ بەهیچ جۆرێك لە پەیوەندیـە نیشتمانیەکان داببڕێت . هەرجـۆرە بەرهەڵستیەکیـش بێتەکایەوە ، کە بڕیار لەسـەرئەو جۆرە ڕوداوانـە ئـەداو گرنگی نادەن بە مەسـەلەکە پێویستە بەتونـدی خەبـات بکەین لە پێناوی سـەربەخۆیی سیاسی و پاك کردنەوەی هەموو شێوەو بونێکی ئیمپریالیستی وسەربازی و ئابوری دا ، کـە بەستراوەتەوە ،بە خەباتـــی بێ ووچانەوە لە پێنـــاوی سەربەستی جەماوەرداو کوتایی هێنان بە دواکەوتن و چـارە سەرکردنی تەنگ و چەڵەمـەی نەتەوەی و دیموکراتی کە بـە مەسەلەی پاراستن و سەربەخۆیی سیاسیەوە بەستراوە . لەگەل ئەوبارە ناخۆشانەی نیشتمان توشی ئەبێ ، بەهۆی هێزەکانی ئیستعمارو کۆنەپەرسـتەوە ، ئەگەر هاتوو هێزە سیاسیەکانی کە لە پێناوی تعبئە کـردن و سـەرکردایەتی جـەماوەردا ئار ئەکەن ، ڕوویان وەرگێڕا .. بێ گومان پێیان لە زەلکاوی

پروانە ل -٧-

یەکێتـــی قووتابیـــانی کوردستانی عێراق

تاکە نوێنەری ڕاستەقینەی جەماوەری قووتابیانی ناوچەی کوردستانە

/ یەکیەتی قووتابیـــانی کوردستانی عێـــراق .. ڕێکخراوێکی تێکۆشـــەری قووتابیانە کەتوانیویەتی بە درێژایی ئەو ساڵانەی ژیـانی تا ئێستا لە کاروانی خەبـات و تێکۆشاندا شان بەشـــانی یەکیەتی یە قووتابی یە نیشتمانی یەکانی ناوکۆماری عێراق بـۆ بەدێ هێنانی مافەکـــانی قووتابیانی کوردو مافەکـانی قووتابیانی عێراق بەگشـتی بمێنێتەوە .. شان بە شـانی یەکیەتی قووتابیانی نیشتمانی عێراق - اتحاد الوطنی لطلبة العراق .

لە ڕێکەوتن نامـــــە مێژوویەکەی ئاداری (١٩٧٠) لەبەندی (٥)یدا لە بـــارەی بوونی یەکیەتی یە نەبەزەکەمان بە شێوازەیەکی ڕەسـمی .. هاتـووە کە :-

« میری دان بەمافی گـەلی کوردا ئەنێ وە بەدامەزراندنی ڕێکخراوە کوردستانی یەکـان لەڕێکخراوی قووتابیـــان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان وە ئەوڕێکخراوانە ئەنـدام ئەبن لەڕێکخراوە نیشتمانی یەکانی عێراق ، وە لەمانـــە ئەچـن . بـــەم پێیـــە یەکیەتی یەتێکۆشەرەکەمان بووە ئەندام یاخود بەشێك لەیەکێتی قووتابیانی نیشتمانی عێـراقدا دوای ئەوەی کە یاســـای ئۆتۆنۆمی چەسـپێنرا لـە ناوچەی کوردستاندا .

ئۆردوگای قوتابیان لە کوردستان

سەر کردایەتی شـۆرش و پارتی پێشرەو پارتی بەعســی سوشیالیستی عەرەب هەر لـە سەرەتای فەرمانڕەوایی داهەول و تەقـەلای داوە بـۆ هێنانە دی ژیانێکی بەختەوەر بۆ هەموو چینێکی کۆمەڵ . وەهەستی بەوە کردبوو کە وولات دوا کەوتووە لەدەســـت نۆکەرانی ئیمپریالیزم بۆیـــەویستی بەزوو ترین کـــات ئەم دوا کەوتنە لەبەر چـاو لاببات بۆ ئەم مەبەستەش داوای زبارەی کرد لە هەمـووچینێکی گەل بۆ پـــەرەپێ سەندنی وولات .

گەلی عێراقو ڕێکخـراوە پیشەییەکانیش ئامادەیی خۆیان بۆ ئەم مەبەستە دەربـڕی و بازووی خۆیان لە کار کـردن هەلکرد ، گەلێ جێگایـان ئاوەدان کردەوە کە ژیانی تیا نەبوو بە هۆی دروست کـردنی دیهاتی تازە کە لەگەل بـاری ئێستای ژیاندا بگونجێ . یەکێتی نیشتـمانی عێراقیش کە نوێنـەری ڕاستەقینەی قوتابیانی عێراقە وەك هەموو ڕێکخـراوە پیشەییەکان دەوری خـۆی گیراوە بۆ ئاوەدان کردنەوەو پـەرە پێ سەندنی وڵات وە چەند ئۆردوگای کـار کردنی پێك هێنا وەك (خالسە)و (ئەبو منێسیر) بۆ دوروسـت کردنی دیهاتی تازە بۆ بـرا جورتیارەکان . یەکێتی قوتابیـانی کوردستانی عێراق کـە پێشڕەوی قوتابیانە لە چـوار چێوەی ئۆتۆنومیدا هەست بەوە ئەکات کە لە پاش تێپـەڕ بوونی ساڵێکی پڕ ناخۆشـی ومالْ وێرانی لەدەست چەتـە بەکرێ گیراوەکان ، کوردستان پێ ویستی بـە ئـاوەدان کردنەوەهەیە .

پاش ئەوەی کە میـری نیشتمانی بەوەفایی و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ خزمەتی گەلی کورد پێویستە قوتـابی کوردیش کە دەستەیەکی ڕۆشەنبیرە لە گەلی کورد ئەم بەوەفاییەو خزمەتەی لەبـەر چاو بێت وە هەوڵ بـدات بۆیەك گرتن و ئاوەدان یکادنەوەو پەرە پێسەندنی کوردستان لە ژێر ئالای ئۆتونومیدا .

لەکۆتایی دا هیوا دارین کـە یەکیتی نیشتمانی ، قوتابیـانی عێراق دەست لە ناو دەست لەگەل یەکێتی قوتابیـانی کوردستان هەول بدەن بـۆ هێنانە دی ئامانجەکانی قوتابـی کورد لە ئاوەدان کردنـەوەو پەرە پێسەندنی کوردستان .

کۆلێجی پەروەردە

فریاد بلال

میللی کردن سەرەتای قۆناغێکی نوێیە

بەراستی بڕیاری میللی کردن لەعیراقدا بوو بـە سەرەتای قۆناغێکی نێو دەوڵەتی نوێو ئاســۆ لەبەردەم ڕوودانی گۆڕانی ڕیشەیی لـە پارسەنگ و کێشـــەی هێزەکاندا لە جیهان داکردەوە بۆ بەرژەوەندی بزوتنەوەی ڕزگاری گەلان .

لە لایەکی ترەوە بڕیاری میللی کردن لە قطـــری عیراقدا لایەنێکی گرنگی نەتەوەیی هەبوو . میللی کردنەکە دەستێکی دلێرانە بوو گەلی عەرەب لە بەزینی حوزەیرانەوە لە ئیمپریالیزمی وەشاند .. وەسەرکەوتن تیایدا بەیەکەم سەرکەوتن دانرا . هەروەها میللی کردن دۆخێکی فراوانی پشتگیری کردنی شۆرشگێڕانەی خولقاند لـــە مەیانی نەتەوەیی و لە چەند نیوەندێکدا کە پڕ بوو لە تەوژمی بە چۆکاهاتن و خۆبەدەستە وەدان و ورە بەردان .

لە راپۆرتی هەشتەمین کۆنگرەی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە

خەباتی قوتابیان

- صدرالدین رجب -

کۆلیجی پەروەردە

قولە ڕەشەکانی ئەمەریکـالەمێژە لەبن دەستی رەگـەز- پەرستان دەژین ، بە هەمـــووجۆرێك دەیان چەوسێننەوە . دەستەیەکی ڕوشنبیرو تـــێگەیشتو لە هەر شـــوێنێك بن‌زوو هەست بە چەوساندنەوەوزۆرلێ کردن دەکەن . بەڕاستی شۆفینیزمەکانی ئەمەریـــکادڕندانە قوتابی یە قولەڕەشەکان دەچەوسێننەوە ، هەر لەبـــەرئەم تێهەڵدان و بەســـوك ڕوانینەش بوو قوتابیـــان بزوتنەوەیەکی شـــۆڕشـگێریان دامەزراند . دامەزراندنی ئەم بزوتنەوەیە دەربڕی خواست و ویستی قوتابی یە ڕەشەکـان بوو ، ئەم لیژنەیە لە ســالی (١٩٦٠) دامـــەزرا . پێشان یاسای مافی شـــارستانیەت لەئـەمەریکا رێی نـــەدەدرا قولەڕەشەکان مافی دەنـــگ دانیـــان هەبـــێ ئـــەوەبۆ لیژنەی ناوبراو توانـــای خۆی بۆ لەناو بردنی ئـــەم تەگەرانە تەرخان کرد . تـا ئەو کاتەی لیژنە توانی خەڵکێکی زۆر تێبگەیەنێ کە میللـــەت پێویســـتی بەخوێنـــدن و هوشیاری یە .

هەر لەم لیژنەیـەش زۆر لیژنەی تر دروست بوون بـــۆ یارمەتی قولەڕەشەکان بۆیـــەهەردەم دژی دەسەڵاتی پۆلیسی دەوەستان .

ئەم یەکێتی یە نـــاوی« یەکێتی قوتابیانی ئەمەریکای لاتینی »یە کەبریتی یە لە کۆمولەڕێکخراوێك کە زۆربـــەی یەکێتی یەکانی ئەمەریکای لاتینی دەگرێتەوە لـە ٢٨-٨-١٩٦٦ دامەزراوە .

تیك شکاندن و پوکانەوەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ئەوپەری ئاواتی نەك هەر تەنهـــانەتەوەکانی ئەمەریکای لاتینـە بەلکو هەموو ئازادی خوازێکی ئەم جیهـــانە دژی ئـــەم رژێمە بۆگەنـــەیە تـا رۆژی لەناربردنی هەموو جـــۆرە چەوساندنەوەیەك میللەتـــان هەر تێ دەکۆشن .

- پۆستەی قوتابیان -

× بۆ برایان : ڕشاد محمد گەردی ، کەریم قەزاز

ئازاد نورالدین ، کاکـــە زیاد شۆرش .

بەرهەمەکانتان شـــیاوی بلاوکردنەوە نەبوون ببـــورن

× بۆ کاك (راغب حسین) ئەو وتارەی کە بۆت ناردبوین « بزوتنەوەی قوتابیـــــانی کوردستان » شتی دووبـــارە کردنەوەی تیابوو ببوورە .

پروانە ل -٧-

ئاگاداری هەموو لقەکـــانی یەکێتی‌مان دەکەینەوە کە بـــە زوویی هەواڵەکانی هەفتـــەیی بنێرن بۆ ئەوەی هەفتە بـــە هەفتە بلاوبکرینەوە .

هەواڵەکانی یەکێتی

★ دهـۆك :-

لە ژێر چاوەدێری جێـــگری بەڕێوەبەری پـــەروەردەی پارێزگای دهـۆك مامۆستا « محمد شـریف الخیاط » کۆڕێکی گەورە بۆ قوتابیـــان بەسترا بە بۆنەی گەڕانەوەی برا قوتابیەکانمان بۆ ڕیـــزی نیشتمان لەم کـــۆڕەدا بەرپرسیاری لقی یەکێتـــی « محمد طاهر » وتەی یەکێتـی خوێندەوە .

★ بە بۆنەی دەرچـــوونی دەورەی یەکەمی مامۆستایان بەشی کورو کچان یەکێتـــی ئاهەنگێکی گێرا لەم ئاهەنگەدا بەڕێوەبـــەری پـــەروەردەو بەرپرسیاری ڕێکخراوی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب و بەرپرسیاری لقی یەکێتـــیو چەندەها قوتابی و دانیشتوان ئامادە ببوون . لەم ئاهەنگەدا گەلێ قوتابی کورو کچ گۆرانیان ووت هەروەها شانۆگەرییەکی سەرکەوتووش پێشکەش کرا .

بەخۆڕایی خوێندن

یەکێك لەو هەنگاوە دیمو- کراسی و پێش کەوتوو خوازو مرۆڤایەتیانە . کە ســـەر کردایەتی شۆڕش و پارتـــی پێشڕەو . پارتی بەعســـی عەرەبی سۆشیالیست بـەرەو پێشەوەنای بەدی هێنـــانی گرنگترین خواستی گشـــت جەماوەری قووتابیانی عێراق - کردنی خوێندن بـــوو بەخورایی - لەگشت پلـــە جیاوازەکانی خوێندندا هـەر لە باغچەی ساوایانـــەوە تا ئەگاتە خوێندنی بـــەرزی کۆلیژەکان و زانکۆکان .

دەیان قووتابی لەبەردەست کورتی و ناتوانایی وازیـــان لەخوێندنی بەرز هێنا پێش دەرچوونی بڕیاری سەرکردایەتی شۆڕش .. بـــەڵام لەمـــەولا قووتابی چۆن یەك شـادئەبن بەهەموو پلەکانی خوێندن و کەس یان هیچ قووتابی یـەك دەست لەخوێندن هەڵناگرێ لەبەر دەست کورتی وەهەموو بەشدار ئەبن لە بنیات نانی عێراقێکی سۆشیالیستی پێش کە وتوو لەسایەی پارتـــی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست قووتابی بەخۆڕایی ئەخوێنـــیو پێویستیەکانی قوتابخانەی وە دەست دێت وە بۆ هیـــچ پێویستیەکی دانامێنێ .

گەر بەچاوێکی سـەرنج و تێ بینییەوە بڕوانینە دەقـــی بڕیارە کەو ئەو پارانـــەی کەدانراون بۆخەرج کردنی لـە ئەمساڵدا بۆ پێویستیەکانی قووتابی گرنگی و بەنرخی ئەم بڕیارەمان بۆ دەرئەکەوێ .

زانکۆی بەغداد ٠٠٠ر٢٥٠ر١ دینار

زانکۆی سلێمانی ٠٠٠ر١٥٠ دینار

زانکـۆی موسل ٠٠٠ر٢٦٨ دینار

زانکۆی بەسرە ٠٠٠ر١٩٧ دینار

ئامۆژگا هونەری یەکان دزانکۆی موستەنسەریە ٠٠٠ر١٠٠ تا ٠٠٠ر١٥٠ دینار وەئامادەی و ناوەندی وسەرەتای ١١٩١١ر٥٠٨ر١٠ دینار

ئەمە هەمووی لە پێنـــاوی دیموکراسی یەتی خوێنـــدن و خۆڕایی کردنی لەوولاتـــدا یەکان زانکۆی موستەنسەریە ژێر ئاسمانی نیشتمانە کـە ماندا بەخۆڕایی ئەخوێنێ .. وەبەر هەڵستی کەم دەستی و هەژاری لەبەردەم خوێندنـدا توێنرایەوە .

وەرزشی لاوان

گوڵزار

لەڕۆژی ٢٦-٥ دا وزیـری لاوان کاك نعیم حـــداد سەرکردایەتی ئەوکوبونەوەیەی کرد کە لەیانەی وەرزشـــی کەرخ کرا . لەو کۆبونەوەیەدا ئەندامانی لیژنەی ئۆلومپـــی عراقی و سەرۆك و سکرتێری یەکیەتیەکـــانی وەرزشـــی بەشداربون . لەکۆبونەوەکەدا کاك نعیم حداد ســـەروکی لیژنەی ئۆلومپـــی عیراقـــی ئاموژگاری ئەوانەی کرد کـــە لە کوبونەوەکەدا بەشـــداربون وە لەبارەی چونیەتی پەرەپێدانی گیانی وەرزشیی لە هەمـــو عیراقدا دووان وە ئـــەو ریگەو پێش نیازە تازانە باس کران . لەهەمان کاتدا خەڵات بەسـەر ئەو لاوانەدا دابەش کـــرا کە لە دەورەی حـــەوتەمی ئاسیادا لەسالی ١٩٧٤دا لـە تاران لە یاریەکاندا بەیەکـەم دەرچوبون .

تیپی هەل بژێرراوی توپی دەستی ئازربایجانی ســـوڤیەت ڕوژی پێنج شەمەی رابـــوردو گەیشتە بەغدا . لەشـوین کۆلیجی وەرزش لەگەل تیپـــی یەکیەتی قوتابیانی عـــراق - لقی بەغدا بەیەك گەیشتن لـە ئەنجامدا تیپی هەڵ بژێرراوی توپی دەستی ئازربیجانی بـــە ٢٤ گول بەرامبەر بە ١٦ گول بەسەر تیپی یەکیەتی قوتابیانی عراقدا سەرکەوت . ئەم یاریە لەژێر چاودێری کاك محمـــد دەبدەب کرا . کە بەیەکیـك لە یاریە گرنگەکانی ئازربیجانی سوڤیەتی ئەژمیردرێ .

ڕوژی سێ شەمە هـــەردوو پالەوانی یاری توپێ پـــێی عیراق نۆری ذیاب و شـــدراك یوسف . کوتاییان هینا بـــە بەشدار بونیان لە یاری کردنی توپێ پێی‌دا ئەوەی شـــایەنی باش بێ ئەم دوو پالەوانە لـــە سالی ١٩٦٣ ەوە لەتیپـــە هەل بژیرراوەکانی کـــوماری‌دا بەشدارن .

تیپی هـــەل بـــژیرراوی وطنی عیراقی لەتوپـــی پێ‌دا بەشـــدار ئەبێ لەیاریەکـــانی دەورەی ئۆلومپی‌دا کە لـــە مونتریال ئەگیرێ وە ئـــەم بەشدار بونەش ئەبێت هـــەر لە ئێستاوە خۆ ئامادەیی‌یەکی گەورەی بۆ بکریت چونـــکە ئەم دەورەیە وەکو ئەو یاریانـە نی‌یە کە لەنێوان وولاتێـــك و وولاتیکـــدا ئەکرێت لـــەم دەورەیەدا هەموو جیهـــان بەشدار ئەبێ .

حەوزی مەلە :-

هاوین هات ئەو حەوزانـــەی کە ئامادەکراوە بۆ مەلەوانـــی ئەبێ هەمیشە چاودێری بکریت چونکە ئەزانین ئەم جـــوورە یاریـــیە بە گرنگ‌ترین وە خوشەویسترین یاری ئەژمێرری لەبەرئەوە پێویستە ئەوانـــەی بەشداری ئەم یاریە ئەبـــن. ئەم پێویستیانە ئامادە بکەن :-

دەرپێی مەلە . خاولی خـــو وشك کردنەوە .

پیلاوی ئەسفەنج . کـلاوی سەر بۆ کچان .

هێندی ئامۆژگاری بـــۆ مەلەوانەکان :

١ - پێش مەلە خوت بخەرە بەر دووشەکەوە تا لەشـــت تەڕبێ .

٢ - پێش خو خستنە نـــاو حەوزەکـــە هێنـــدی جولـەی وەرزشی بکـــە تا لەشـــت گەرم بێ .

٣ - مەلە لەسەر خو بکـــە

٤ - زۆر لەئاودا مەمێنەرەوە مەلەوانی بەگرنگترین یـــاری وەرزشی ئەژمیرێ لەهـــەمو

بڕوانە ل -٧-

گۆشـــەی منـــاڵان

منداڵە خۆشەویستەکانم :

هیندێ ئاموژگاریم هەیـــە هیوادارم گوێی لێ بگرن وەبـە وردی پەیڕەوی بکەن .

وابزانم زورتان دەســـتان کردوە بەتاقی کـــردنەوەی سەری ساڵ ئەم تاقی کردنـــە وەیەش پێویست ئەکات کـــە پێش ئەوەی بچن بۆ تاقـــی کردنەوە ئەم پێویســـتانەی خوارەوەتان پێ بێ :

ڕاستە . پێنوس . لاستیکی خەت کوژانەوە . پێویستی ئیشی دەست . دەفتەر .

وابزانم پێویست ناکـات کە پیتان بڵێم ئەبێ وانەکانتان چاك ئامادەکردبێ ، چونکـــە شکی تیا نی‌یە قوتابی زرنـــگ هەمیشە پێویستی سەرشانی خوی ئامادە ئەکات . بۆ ئەوەی لەزوری تاقی کردنەوەدا دوش دانەمینێ نـــەزانی وەلامی مامۆستای چۆن ئەداتەوە .

منالە خوشەویســـتەکانم بەپێ ویستم زانی ئـــەو ئاموژگاریانەتان بخەمـــەوە بەرچاو ئا لەم کاتـــەدا : جـــا چیروکی ئەم هەفتەیەمـــان چیروکی پەپولەیە :

شوشو . پەپولەیەکـــی جوانی باڵ نەخشینە هەمیشە ناو گوڵ و گوڵزار جێ گـــەی ئارامـــی ئـــەوو هـــاوری کانیەتی .

ڕوژێك شوشو هەمـــو باڵندەکان و پەپولەکانی هاورێی لێی کوبوبونەوە بەڵینـــی پێدابون کە هەڵ پەرکیـــکی جوانیان بۆ بکات لەسەر گـولە گەشەکانی ناو باخچەکە .

دادە گەلاوێژ

بلبلەکان دەستیان کـــرد بە خوێندن بەم ئاوازە جوانـە لەگەل تیشکی خوری بەیانـــدا چەرخی سەمای شوشو دەستی پێ کرد بەراستی شوشو کـــە پەپولەیەکی باڵ سوری خـــاڵ خاڵی سپیو نارجی تێکەل بو . لەگەل ئەو ئاوازە جوانەدا کـــە کە هەمو هاورێکانی بەچاوێکی پڕ لە ڕێز تەماشایان ئەکرد . بەلام یەکی لەو پەپولانـــە کەناوی مۆن بو زۆری لاناخوش بو کە شوشو ئاوا هـــاوری کانی هەمو بەچاوی ڕێـــز تەماشای ئەکەن لەدلی پیســـی خویا . بریاری دابو تـــولـە لە شوشو بسێنێ نەهێڵـــێ جاریکی تر ئاوا لێی کۆببنەوە تەماشای هەڵ پەرکێ‌کەی بکەن لەدلی خویا تەگبیریـــکی ناپەسندی کرد بوو لەدلی‌خۆیا .

مۆن پاش ئەوەی شـــوشو لە هەڵ پەرکـــێ بووەوە ، هاواری کرد جا ئەوەچی‌یە ئەگەر ڕاست ئەکەیت وەرە با پێکەوە هەڵ پەرکی بکەین . شوشوی دڵ پاك چوزانێ مۆن داوی بۆ ناوەتەوە ؟ وتی کاکەمـــۆن من ئامادەم لەگەڵت هەڵ پەرکێ بکەم هاتە پێشەوەو دەستیان کرد بە هەڵ پەرکی .لەســـەر ئاوازی چریکەی بلبلەکـــان . لەپرا مۆن ئەو پیلانەی هاتبـــو بەبیریا گیرای باڵە جوانەکانی شوشوی نازداری شـــکان شوشو دەستی کرد بەگریـــان هەموو هاوریکانی لـــێی کوبونەوە بەلام چارەیان نەکرد

بڕوانە ل : ٧

نامەیەك لە براهونەرمەندەکان

ئێمە کە ئافرەتـــین ..شان بە شانی هەموو پیـــاوان لە سەر ئەم خاکە ئەژین و لـــەباری ئابوری و کۆمـــەڵایەتی و هونەریەوە توانای ڕاپەڕاندنی‌هەموو جۆرە کارێکمان هەیە . شان و بازوی ئافـــرەت ئامادەیە بۆ ڕاپەراندنی هەموو جۆرە فرمانێك کە لە ســـەرشانێتی .

بـــەلا م بە مەرجێك پەردەی‌رەش وەیان شەپۆلی دەریـــای لیل ڕیگەی پێ نەگریت . نەك‌هەر کارێکی کرد خێرا ئـــەو شەپۆلە هێرشی بۆ بێنێت .

ئەمەش هەمووی ئەگەرێتەوە بۆ برا هونەرمەندەکـــان بەڵێ تۆ .. ئـــەی بـــرای هونەرمەند .

ئەگەر تۆ رێـــگات لەخوشکت یان کـــەس و کـــارت نەگرت و هانت دان بۆ ئـــەوەی‌شان بە شانی خۆت خزمـــەتی هونەر بکەن و هەر وەکو خـــۆت‌هونەرمەندی کەس و کاریشـت هونەرمەندبن و خزمەتی هونەربکەن ئەو کاتە ئەبینـــــی کە ئالای هونەر چۆن ئەگاتـــەئەو پەڕی بەرزی و هونەرەکەمان ئەگاتە چ پلەیەك لە پلەکـــانی پێش کەوتن .

بۆ نموونە :-

ئەگەر خوشکەکەت ئارەزوی فێربونی هونەری لیـــدانی مۆسیقا بکات و هەوڵ بـــدات بۆ فێربونی و لە تیپیك لـــە لە تیپەکاندا شان بە شـــانی‌را هونەرمەندەکان کار بکـات ئەمە ئەبێ نەك هەر بە خراپـــێ بزانی بگرە بە هەمـــــوو توا ناشەوە یارمەتی و هـــان بدرێت .

برای هونەرمەند زۆر باش بزانە ئەگەر تۆ ڕێگات بـــە کەس و کارت نەدا بۆ ئـــەوەی خزمەتی هونەر بکەن دڵنیا بە تۆ هونەرمەندنیت .

برای هونەرمەند خەڵکی تر لۆمەو تانە لە ئێوە ئـــەدەن . چونکە ئێوەن هونەرمەندو ئالای پێش کەوتنی هونەر بە دەستی ئێوەیە .

بەلام بەداخەوە تا ئێســـتا کەس و کارێکی ئێوەمـــان نەدی لە ئافرەتان کە بەشداری کارێـکی هونەریی سەر شانۆ بێت ، جا برا هونەرمەندەکان تکاتان لێ ئەکەین ئـــەم سکالایەی ئێمە بگرنە پێـــش چاوو بە ڕاوردێکی خۆتـــان بکەن و بزانن هۆی چیـــە ئێمەی ئافرەت لەم خزمـــەتە پاکە دوورین ..

عائشە احمد عبدالله

گەشتێك بە پیشانگاکەی کاك مەدحەت و تابلوکانی دا

هونەر یەکیکە لە پێویستیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەر نەتەوەیەك .. گەلی کوردیش وەکو گەلانی تری ئەم سەر زەمینە بە خوێو هونەرکەیەوە هەمیشەبەرەو قوناخێکی پێشتر

هەنگاوی هاویشتوە .. گەلێك مامۆستاو قوتابی هونەرمەندو لاوی هونەر دۆستمان هەیەو تا ئێستا چەند جارێك هەندێکیان بە نۆرەی خۆیان بەرهەمە هونەریەکانیان پیشکەش بە

بینەرانی کورد کردوە ..

ڕۆژی سێشەممەی ریککەوتی ٢٧ـ٥ـ١٩٧٥ کاك مەدحەت محەمەد عەلی قوتابی پۆلی چوارەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە هۆڵی کۆمەڵەی



- کاك (مەدحەت)ی هونەرمەند

ڕوشنبیری کورد لە بەغدا پیشانگایەکی هونەری بەرهەمی دەسکردی خۆی کردەوە .. خەڵکێکی زۆر بەکۆمەل سەریان لە پیشانگاکەیدا .

هۆڵەکە گەلێك تابلۆی هەمە جۆرەی تیا هەلواسرابو کە زوربەیان پەیوەندی یان بەئێش و ئازاری چەوساوەکان و ژیان و تێکۆشانی خەلك و سروشت و واقیعی ئەم سەردەمەی مرۆڤی هاوچەرخەوە هەبو وەکو :

تینوێتی ڕوانەی کوردێك ، خیزانێکی کورد ، ڕێگەی سلیمانی ، بەرەکی ئیسکان لە کەرکوك ، قوزەری حەیدەرخانە لە بەغدا ...

تابلۆکانی مەدحەت هونەرمەند زوربەی تەماشاکەرانی بە خۆیەوە خەریك کردبو .. ئەوانەی دلداری هونەر بون دەستیان لەمل تابلۆکان ئەکردو بە دل رازو نیازیان لەگەلا شی ئەکردنەوە .. ئەوانەش کە تینویتی یان بە هونەر نە ئەشکا هەروا بە سەرپێییەکەوە سەیریکیان ئەکردو ئەرۆیشتن .

پەیامنێری هاوکاری خۆی گەیاندە هۆلەکەو چاوی بە کاك مەدحەتی هونەرمەند کەوتو پێی وت :

● **بەر لە هەموو شتێك تکایە خۆت بە خوێنەرانی هاوکاری بناسێنە :-**

- لە سالی ١٩٥٤ لە شاری کەرکوك لە دایك بووم ، ئیستا قوتابی پۆلی چوارەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانم .. تا ئێستا لە هەولێر لە سالی ١٩٧٣ دا پیشانگایەکی هونەری وە لەگەل میهرەجانی هونەری کوردی بەشداریم کردوە کە لە سالی ١٩٧٤ دا پێك هات ، وە ئەمەش سێیەم پلەی پیشانگای هونەریمە هیوادارم بەرهەمی ئایندەم باشتر بێو زۆرتر لە ناخی دلی بینەراندا جێگای خۆی بکاتەوە .

● **لە کام بەشی هونەردا شارەزاییت زیاترە ؟**

- لە بەشی هونەری تەعبیری باشتر شارەزاییم هەیە .. چونکە ئەتوانم لە ناخی کۆمەلەکەم بگەمو پەیوەندیم لەگەل ژیانی رۆژانەی کوردەواریدا لەناو تابلۆکانما دەر ببرم .

● **هونەری تەشکیلی چ خزمەتێکی مەسەلەی نەتەوایەتی کردوە ؟**

ئەوەندەی من بزانم هونەرمەندێك لە مرۆڤێکی ئاسایی باشتر هەست بەگیروگرفتەکانی کۆمەل ئەکاتو ئەتوانێ باشتر ناخی ئێش و ئازارەکانیان دەرببرێ ، وە ئەبێ هونەرمەند لە تابلۆکانیا ئێش و ئازارومەینەتی مەسەلەی نەتەوایەتی لە پێش هەمو شتێکەوە دەرببرێ وە هەتا بتوانێ ئەبێ راستگۆ بێ ..

● **ئەتەوێ هونەری کوردی لە چ پلەیەکدا ببینی ؟**

- ئەمەوێ هونەری کوردی تێکەل بە هونەری پیشکەوتوی جیهان بێت و خۆی لێ جیانەکاتەوە .. چونکە هونەری تەشکیلی لە کوردەواریدا دواکەوتوەو پێویستی بە هاندان هەیە .

● **ئوسلوبی ئیش کردنی هونەریت چۆنە ؟ وە کام هونەرمەند کاری تێ کردوی ؟**

- لە هونەردا وردەکاری تارادەیەك بەکار دێنم .. بە تایبەتی و بە شێوەیەك کەمرۆڤ بە ئاسانی لە ڕەنگەکانی تێ بگات و بچێتەناو تابلۆ کانمەوەوبزانێت کە باسی ئەووم کردوە ، هەروەها (ڤان کوخ)ی هونەرمەند زیاتر لە هەموو هونەرمەندەکانی تر کاری تێ کردوم - چونکە راستگۆ بووە وە توانی بە هەموراستیەکەوە ئێش و ئازاری چینە چەوساوەکان دەر ببرێ و خۆی بخاتە ناو دەرونیانەوە ئینجا پرسیارمان لە هەندێك لە ئامادەبووان و هونەر دۆستەمیوانەکان کرد کە بیروڕای خۆیان بەرامبەربە بەرهەمە هونەریەکانی کاك مەدحەت دەربڕن ،

لەوەلامدا کاك دلشاد محەمەدئەمین لە هەلسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانەدا وتی :

کاك مەدحەت هونەرمەندێکی لاوەو ، وا بزانم ئەمە یەکەم پیشانگایەتی لەناو ئەم کۆمەل وجیهانە پڕو جەنجال و فراوانە ، بەلام بە ڕەنگ و شێوەی دەربڕین و هەلبژاردنی بابەتەکانی توانیوێتی زیاد لەقەوارەووزەی چاوەڕوان کراو پڕ بکا بە کێشەکان داو تینوێتی و برسێتی وخەمی مرۆڤ بە ئاشکرا لە تابلۆکانی دا یەخەی بینەران بگرن .. ئومێدی زۆر تری لێ ئەکرێ کە لە پاشە رۆژدازۆربەی مرۆڤانی ئەم کۆمەلە فراوان و جەنجالە کاك مەدحەتی لاوی بچکولە وەك هونەرمەندێکی شێوە تایبەتی سەربەخۆ بناسن .

● **ئینجا داوای سەرکەوتنمان بۆ کردو پیشانگاکەیمان بەجێ هێشت ...**

ئەمە یەکێکە لەتابلۆکانی کاك مەدحەت

- پەیامنێری هاوکاری -

پۆستەی خوێنەران

★ **کاك جمال خدر بێستونی**

لە وتارێکیا بە ناوو نیشانی (دوو هەلوێست و یەك مەبەست) ئەوەی روون کردووەتەوە کە وتاری (لەنێوان سەرەتاو کۆتایی دا)ی کاك حەیدەر نانەکەلی لە وتاری کاك شێرزاد نانەکەلی وەرگیراوە کە پێشتر لە هێلی (هەر جارەی نووسینێك)دا بلاو کراوەتەوە .

ئەگەر راستەکەی وابێ وەك کاك جمال ئەلێ ، مایەی داخە نووسەری لاو لەبریتیی ئەوەی بە دوای داهێنان و دۆزینەوەی نوێدا بگەڕێ ، بنێشتی دەمی خەلکی تر بجوێتەوە .

★ **بۆ خاوەنی چیرۆکی (شەوێك لە نەکەرۆز)**

بابەتی چیرۆکەکەتان زۆر لەوە تەسکتر بوو بتوانێ مەبەستی کۆمەلێك خوێندەوار بگرێتە باوەشی خۆی .

★ **بۆ خاوەنی بابەتی وەرگێڕراوی (شیعرو شۆڕش لە مۆزەمبیق) .**

لەگەل ئەوپەڕی شانازیماندا بە خەباتی گەلی مۆزەمبیق و هەموو گەلێکی ترەوە ، لامانوایە بابەتی گەلێ لە پێشتر بۆ خوێندەواری ئەمرۆی کورد هەیە ، نەخوازەلا کە بابەتەکەش زۆر نییە بە عەرەبی بلاو کراوەتەوەو زوربەی خوێندەوارانمان عەرەبی باش ئەزانن .

★ **بۆ خاوەنی هەلبەستی (دەردێك) :**

بمانبوورە بلێین شیعرەکەت هیچی لە شیعر نەئەچوو .

★ **بۆ خاوەنی پارچە هەلبەستی (بۆ باوکی کوچ کردووم)و (مانگێکی جوان)و (تۆزێ ڕووناکی) :**

هەلبەستەکانت بۆ بلاو کردنەوە نەئەشیان . باشە ئەی ناوی ڕاستەقینەت لە ئێمەش بۆ ئەشاریتەوە ؟

★ **بۆ دۆستی تازەمان کاك (دەریا) :**

سوپاسی هەستی (دلسۆزانەت ئەکەین . لەبارەی ناوەڕۆکی نامەکەتەوە (١) لەگەلتا نین کە ئەم ڕۆژنامەیە سیاسەتی تیا نەبێ ، چونکە کوردیش وەك هەر گەلێکی تر سیاسییەو پێویستی بە سیاسەتی ڕاست هەیەو ئەبێ لەمڕووەوە بە زمانی خۆی قسەی لەگەل بکرێ (٢) سیوامان وایە ئەم ڕۆژنامەیە بەم نزیکانە هەفتەی لە جارێ زیاتر بلاو بکرێتەوە (٣) بۆیە داوای بەردەوام بوون لەسەر شیعر نووسین ناکەین لە خوێندەوارەکانمان چونکە ئەو شیعرانەی بۆیان بلاو ناکەینەوە مژدەی دوارۆژێکی شیعری باشی ئەو شاعیرانەیان پێ نییە (٤) بەداخەوە جاروبار هەندێ نووسەر بابەت لە کەسێکی کە یا سەرچاوەیەکی کە وەرئەگرن و ئیشارەتی بۆ ناکەن و ئێمەش بەم ناتەواوییەیان نازانین . بۆ هاوکاری خۆیشت لەگەلمان شادمانین بە بلاو کردنەوەی هەر بەرهەمێکی بەکەلکت . شیعرەکەی ئەمجارەشت بەداخەوە لەوانە نەبوو بۆ بلاو کردنەوە بشێ .

ئێمەش پرسیارێکمان لە تۆ هەیە : لەچییەوە چیرۆکت کردووە بە (کیرۆك) و لەکێت وا بیستووە ؟

★ **بۆ خاوەنی (چیرۆك بۆ سەر شانۆ) :**

بابەتەکەتان چیرۆکی سەر شانۆ نەبوو . ڕازێکی فۆلکلۆری بوو . لەبەرئەوەش کە ئەنجامی بیرەکەی بیرێکی کۆنەپەرستانەبوو لەبارەی (کچ)و (پیرەژن)ەوە نەمانویست مێشکی خوێندەوار بەم بابەتانە زاخاو بدەینەوە . چاوەڕوانی بەرهەمی پێشکەوتووی فۆلکلۆرین .

★ **بۆ خاوەنی وتاری (لۆرکا .. شاعیری نەمری ئیسپانیا) :**

پێمان خۆش بوو وتارەکەت بلاو کەینەوە ئەگەر وات نووسیبایەتەوە بە باشی بۆمان بخوێنرێتەوە . جا ئەگەر ئارەزووتان لێیە جارێکی کە بۆمان پاکنووس بکەنەوە .

★ **بۆ خاوەنی چوارینەی (منی عاشق) :**

بەداخەوە چوارینەکەت هیچ مەرجێکی هونەری تیا نەهاتبووەدی .

★ **بۆ خاوەنی بابەتی (سەرگوزشتەی (مەمێ گۆزێ) :**

بابەتەکەتان ، لەگەل ئەوەشدا کە کەرەسەیەکی فۆلکلۆری باش بوو ، لەبەر درێژیی نەمانتوانی بلاوی کەینەوە . ڕووەو گۆڤاری (بەیان)مان کردەوە . هەروەها بابەتەکەشتان لەبارەی (دەروێشی عەبدی)یەوە بمانبوورن .

★ **مامۆستا (دوکتۆر شۆ) لە هۆنراوەکەیدا) بۆ قوتابییانی زانکۆی سلیمانی) دەفەرموێت :**

هونەر بۆ کوڕو بۆ کچ هاتووە
فێری هونەر بە ئەی کچ تا زووە
فەرقی کوڕو کچ نەماوە دیارە
وەکو یەك هەردو لایان بەشدارە
ئەنجا کەوابوو کیژۆلەی تەمیز
خۆت نەپێچیتۆ لە هونەر هەرگیز

ئومێدی بە لاو وایە (دکتۆر شۆ)
چاکتر تێکۆشن بڕۆن بۆ پێشۆ ..

★ **بۆ خاوەنی (لە گەنجینەی فۆلکلۆری کوردی) :**

ناتوانین گفتی هەموو هەفتەیەکت بدەینێ . تۆ شیعری فۆلکلۆریمان بۆ بنێرە . چەندیما ن پێ بکرێ بلاوی ئەکەینەوە .

★ **بۆ خاوەنی چیرۆکی وەرگێڕاوی (گفتوگۆیەك لەگەل پۆلیسێکدا کە حەزی بە ڕاستی ئەکرد) :**

چیرۆکەکە تا گەیشتبوە سەر زمانی کوردی ، سێ چوار جار ئەمزمان و ئەوزمانی کردبوو تامی خۆی لەکیس دابوو . ببوورن بلاو نەکرایەوە . هەروەها دوو چیرۆکەکەی تریش .



کاکە مەم بۆتانی
ی . ئەندازیاری کشتوکال

لە ژمارە (٢٦١)ی هاوکاری خۆشەویست کاك طەبابان وتارێکی دەربارەی درەختی شەقامەکان نووسی بوو . لەبەر ئەوە وامان بەباش زانی هەندێ شت لەم بارەیەوە روون بکەینەوە .

درەخت یەکێکە لەو بەرهەمە گرنگانەی کە سروشت بەمرۆڤی بەخشیوە ، وەك هاورێیەکی هەمیشەیی لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە تائیمرۆ دەوری خۆی لە ژیانی دا دەبینێ . لە هەموو سەدەکاندا سودی خۆی بۆژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی مرۆڤ بەخشیوە . ئەو پەیوەندیە زۆر کۆن و تێکەلە ، دەگەرێتەوە بۆ ئەو کاتانەی مرۆڤی هوشیار دارستانی کردۆتە جێگای پشوودان و بەرەکانی خواردووە تا ئێستاش لە (بێشکە) دا رادەژێنرێن و بە (دارەمەیت) دەبرێنە سەر گۆر ، کە هەر دووکیان لە دار دورست دەکرێن .

هەرچەندە بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و شارستانیەتی .. پەیوەندی مرۆڤ و درەخت گۆڕاوەو لەو شێوەو ڕووەدا نەماوە کە جاران هەیبووە ، بەلام لە ناوەرۆکدا دۆستایەتی خۆیان پاراستورەو نرخی خۆی نەدۆراندووە ، وە ئیمرۆش دەورێکی بالا دەبینێ لە پێشکەوتنی شارستانیەتی و پیشەسازی ... سەردەم . هەر لەبەر ئەمەشە چەند گرنگی بدەین بە درەخت چاندن و لەسەری بدوێن و لە سودەکانی بکۆڵینەوە مافی خۆی نادەینێ و باسەکە تەواو نابێت .

سودی درەخت . کە بڕبڕەی پشتی دارستانە - لە ژمارە نایەت هەتا پتر چاوی پیا بخشێنین و لێی بکۆڵینەوەو باقی بکەینەوە . شتی گرنگ ترمان بۆ دەردەکەوێت ، پەیوەندیەکە توند تر دەبێت . بەلام بەنێکرایی دەتوانین لەم حالەتەی خوارەوەدا کۆی بکەینەوە :-

● **بەرهەمی سەرەکی دارستان دارەدەیەتی - کە درەختی براوە - دار لەسەرەتای ژیانی مرۆڤەوە تائیمرۆ ... دەورێکی گرنگ دەبینێ لە پێویستیەکانی مرۆڤ (مال . ناومال کەرستەی جوت . بەلام تالیسکە ..) وەئێستاش ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پێویستیەکانی مرۆڤی ئەم سەدەیەش لە دار بێبەری نین (پرد پاپۆر شەمەنەفەر . گەرم کردنی ناو مال . خانوو ...) نمونەیەکی بچوکن بۆ ئەم قسانەمان .**

● **کەتیرە . جەوت - کەپێستەی پێ خۆش دەکەن- بنێشت . سماق ... هەتا هەندێ لەو دەرمانانەی چارەی نەخۆشی دەهات .. لە دارو بەری دارن . وە مرۆڤی کۆن و**

تازەش ناتوانن دەستی لێ هەلبگرن و شتێکی تر بدۆزنەوە جێگای ئەو بگرێتەوە .

● **پێشکەوتنی شارستانیەتی و پەرەسەندنی زانیاری .. نرخی درەختی پەرەپێسەند ، بووە هەدەیەکی گرنگ لە زۆر لە پیشە سازیە پیشکەوتووەکاندا درەخت بۆ دوورست کردنی (کاغەز) بەکار دەهێنرێ کە بڕبڕەی پشتی هەموو زانیاری و زانستیە کەو بناغەی فێر بوون و کاری رۆژنامەکانە ، هەروەها بۆ دوورست کردنی (حەریر)ی دەست کردو (دابون) بەکار دەهێنرێ .**

بەهۆی پێشکەوتنی زانستی یەوە ، گۆرانێکی نوێ بەسەر پیشە سازی (دار) داهات ، ئەگەر جاران سوود لە هەموو دارەکە وەرنەگیرابێ ، ئیمرۆ هیچ پارچەیەکی نەماوە بێسوود بێت . ئیستا دار و چل و لقەکانیشی دەکرێ بە تەختەی پەستراو (الخشب المضغوط) وە هەتا ئەو ئاردەی لە دارەکەش دەمێنێتەوە بۆ شتی تر بەکار دەهێنرێ .

● (بەر)ی درەختی دارستان سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ خواردنی مرۆڤ و بالندەو مەرو مالاتی کێوی . زۆر لە بەری درەختەکان نرخی تایبەتی خۆی هەیە وەك قەزوان . چەقالە کاژی بەری . بەروو ...

● بەفرو باران خۆلی لاپالی ئەو شاخ و دۆلانە رادەمالێ کە بەدارو رووەك .. داننە پۆشراوە . دەشت و زەویەکاندا دەرێ و دۆل و شیووو ئاودرە دروست دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی شێوانی رووی زەوی و خۆلە بەپیت و بەرەکەتەکەی بەسەرەوە ناهێلێ و ئیتر سودی کشتوکالی نامێنێ . لە سەرێکی تریشەوە گۆم و دەریا چەو (سەد)ەکان پردەکاتەوە . وە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی سالی هەزارەها دینار تەرخان بکرێت بۆ پاك کردنەوەیان .

● ناشتنی دار لە ناو شارەکاندا و دوورست کردنی دارستان ... ئاوەدانی و ڕێگاو بان و کێلگەکان ... لە دەستی باو رەشەباو بەفر مانەوە .. دەپارێزێ ئەمەش دەبێتە هۆی خۆش کردن و جوان کردنی شارو دێ هات و ڕێگاوبان و شەقامەکان .. وە (بەر)ی کشتوکال زۆرتر دەبێ .

● ئابێ ئەوەمان لەبیر بچێت کە دارستان دەبێتە هۆی جوان کردنی سروشت بەگشتی ، زۆر بوونی سەیران کەر چ لە دەرەوەی ولات و چ لەناوەوە ، هاوێنە هەوارەکان ئاوەدان دەبێت .

وتمان یەکێك لە سوودەکانی درەخت خۆش کردن و جوان کردنی شەقام و ڕێگەو بانەکانەو پاراستنیتی لە باو رەشەبا . لە بەرئەوە دەولەتە پێشکەوتووەکان گرنگێکی زۆریان پێداوەو سەدەها شارەزاو ئەندازیاری کشتوکالیان بۆتەرخان کردووە . چونکە بۆتە رووێکی ئاشکرای پێشکەوتنی شارەکان .

هەرچەندە ماوەیەکی زۆرە عیراقیش دەستی کردووە بە چەندنی شۆستەی شەقامەکان ، بەلام تاکو ئێستا زوربەی هەرە زۆری بەفیرۆ رۆیشتوون . بەرێوەبەریەتیەکانی دارستان کۆلیان نەداوەو کۆل نادەن تا بەتەواوی ئامانجەکانیان نەهێننەدی . وەبۆ ئەمەش سالی هەزارەها نەمام بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەن . بۆ نمونە ، لەم دەسالەی دواییەدا ، هەر تەنها لە سنوری بەرێوەبەریتی دارستانی پارێزگای سلێمانی ئەم نەمامانە نێژراوون .

سال	ژمارەی نەمام
١٩٦٦	١٠٢٠٧
١٩٦٧	٩٧٦٩
١٩٦٨	١٠٩٢٠
١٩٦٩	١١٧٠٠
١٩٧٠	٤٥٠٩
١٩٧١	١٠٠٠٠
١٩٧٢	١٥٦٨:
١٩٧٣	٢١٠٠٠
١٩٧٤	٠٠٠٠
١٩٧٥	٢٠٠٠٠



ئەمە جگە لەوەی کە لافاو دورست دەکات و زیانێکی زۆر لە شارو دێو کشتوکال دەدات . بەلام ئەو ناوچانەی بەدارستان داپۆشراون وەکو خۆی دەمێنێتەوە . ئەمەش سودێکی وا بە دانشتوان دەگەیێنێ کە لە ژمارە نایەت .

● **بەهۆی زانیاری دارستان سێیەکی زەوی ئەم دنیایە بە درەخت داپۆشراوە . وەئەمەش بۆتە هۆی خۆش کردنی ئاوو هەوای ئەم زەوییەی لەسەری دەژین ، چونکە درەخت دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن وۆر کردنی ئۆکسجین - کە بۆ ژیانی رۆژانەی مرۆڤ و هەموو گیاندارێك پێویستە .**

ئەگەر هەندێ درەخت لە مالەکانی ناوشاری سلێمانی ببینین ، لەسەر شەقامەکان ئەمەرو لە رێگاکانی دەرەوەی شار بەدەگمەنیش درەختێکمان نایەتە رێ مەگەر چۆن رێکەوت شتێکی بۆ هیشتبینەوە . کەوابوو دەتوانین بپرسین ئەو نەمامانە چییان بەسەر هات ؟

ئەو نەمامانەی لە ناو شاردا لێ دەدرێ ، منالان و گەورەش ! دەیانشکێنەوەو هەلیان دەکەنو دەیبەنەوە بۆ مالەوە . لەویش لەبەر نەبوونی زروفی تایبەتی و ئاوو هەواو ... پاش ماوەیەك نەمامەکان و شك دەبن و فرێ دەدرێنە دەرەوە . وە ئەو نەمامانەی لە دەرەوەی شار دەچەنرێن، هەتا هەندێ لەوانەی لە ناو شاردا لێ دەدرێ ئاژەل و

بروانە ل ٧

پاشماوەی : هەڤاڵ صدام حسین

نی‌یەو بە بۆچونەکانی شۆڕش‌و ئامانجە ستراتیژو بڕوا بوونی شۆڕش بە جەماوەرەوە بەستراوەتەوە .

کەوا بوو شۆڕش چۆن ئەتوانی گۆڕانی چۆنی‌ی (نوعی) دەرونی هاووڵاتی‌یان بکات بە پارەیەکی گران بەها .. ئەم بۆچونە ئەبێ توندو تۆڵ بە باوەڕ بوونی شۆڕش بە جەماوەرو توانای گەل بۆ بەرەنگاری کردنی مەترسی‌و دروستکردنی پاشە ڕۆژ ببەستریتەوە .

دوای سەرکەوتن بەسەر تاقمی بەکرێ گیراوو ڕیککەوتن لەگەڵ ئێران ، لێمان پرسرا کە ئایا گەورەترین بڕیاری شۆڕش کامەیە ؟! بە ئاسانی وەڵاممان دایەوەو وتمان : گەورەترین بڕیار ، بڕیاری میللی کردن بوو .. ئێمە نامانەوی ڕەوتی شۆڕش کەرت بکەین چونکە هەموو ئاڵقەکانی بەیەکتری‌یەوە بەستراونەتەوە .. هەروەها نابێ ئەو دەورەشمان لەبیر بچێتەوە کە ئێوە هەمووتان بە تایبەتی پسپۆڕانی نەوت گێڕاتان لەگەڵ ئەو تەقەللایەی بۆ سەرخستنی بڕیاری میللی کردن داتان .

بڕیاری میللی کردن لە دووبەش پێك هاتووە : بەشی بڕیار دانەکەو بەشی سەرخستنی بڕیارەکە .. بڕیارەکە لە خۆیدا کە سەرنەکەوتبایە گەورە نەئەبوو ... ئێمە لەو هەڵسەنگاندنە دڵنیاین و چونکە بڕیاری ئەم میللی کردنە ئەگەر سەرنەکەوتبایە بێ گومان خەڵکێکی زۆر کەم داکۆکی‌یان لەسەر ئەکرد .

گرنگ بڕیاردان نیە بەڵکو گرنگ مسۆگەر کردنی پێداویستی سەرخستنی بڕیارەکەیە .

زۆر شۆڕشگێڕ لە دنیادا بڕیاری وایان داوە کە لەگەڵ بیروباوەڕیاندا گونجاوبووە بەڵام لە توانایاندا نەبووە کە پێداویستی سەرخستنی ئەو بڕیارانە دەستە بەربکەن‌و لەبەر ئەمە زۆر شورشی نیشتمانی‌ی لە جیهاندا لەبەر ئەم هۆیەو هۆی‌تر دووچاری تێك شکان بوون .

لەم ڕۆژەدا پیرۆزباییتان لێ ئەکەین .. وە پیرۆزبایی ئەو تەقەللا دڵسۆزانەتان لێ ئەکەین کە دانان و ئەبێ لە کۆتاییدا ئەوە بلێین کە بڕیاری میللی کردن لە یەکی حوزەیراندا ئەنجامە گرنگەکەی کە سەرکەوتن بوو لە یەکی ئاداردا ئەبێ ئەمە هەمیشە بەرەو کاری بێ وچان‌و کۆڵ نەدان پاڵتان پێوەبنێ .

باس هەر باسی شۆڕش‌و جێگیر بوونی سیستەمی شۆڕشگێڕ بکەن ئەگەر هاتوو پشتتان کردە هێزە هەڵگەڕاوەکان ئەوا لە دژمان کاری خۆی ئەکات ..

ئەوەتان لە یاد بێ کە ئێمە لە ناوچەیەکی گرنگی جیهان داین .

ئاگرتان لە ناوچەیەکی پترۆڵدا کردەوەو ئیمپریالیزم لەوە ئەترسێ کە کڵپەی ئەو ئاگرە بگاتە شوێنی تر .. هەمیشە بە ئاگاو ڕاپەڕیو بن بڕوامان بە ئێوەو پاشە ڕۆژ پتەوە .. سوپاس .

ئا٠د٠ع

پاشماوەی : لەگەڵ سەرکەوتندا

ناهەمواریدا هەڵئەخلیسکی ئینجا « بەمەبەست یان بێ‌مەبەست » پشتگیری هێزە شەڕخوازو دژەکانیان کرد کە لە دژی دەستکەوت‌و سەربەستی گەل کارئەکەن ، ئەو بارو زروفە سیاسی‌و کۆمەڵایەتیانەی دەوری مەسەلەی کوردی داوە ، هەڵویست‌و بۆ چۆن‌و تەماشاکردنی هێزە شەڕخوازەکان دیاری ئەکا کە پەیوەندی هەیە بەباروزروف‌و هەموو ڕێبازی شۆڕش‌و گەلەکەمان لەم قوناغەدا . مێژووی خەباتی بزوتنەوەی نیشتمانی بڕیار لەسەر ئەو پەیوەندیە ئەدا ، کە لەنێوان خەباتی گەلی کوردمان لەپێناوی مافە نەتەوەییە ڕەواکانی‌و لە نێوان خەباتی لە پێناوی داوا کاریە نیشتمانی‌و نەتەوەیەکاندا هەموو گەلی عێراق بە هەموو کەمەنەتەوەییە براکانیەوە ئەدا . هەروەکو هەوڵدان‌و سەرنەکەوتنی کۆمەڵی گومان لێکراوی پوچەڵ کردەوە ، کە هەوڵی ئەدا جەماوەری گەلی کورد لە جەماوەری عەرەب‌و کەمەنەتەوەیە براکان دورخاتەوە .

پاشماوەی : عەزیز نەسین ..

لەگەڵ زۆر ژینەواری هەمە چەشنەو خەڵکی جۆراوجۆردا بە هەڵس و کەوت بووم . ئەمەش بڕی لەو کارانەی کە تا ئێستا کردومن : وردە فرۆشی گەڕۆك ، شوانی ، سەربازی ، حسێبگێڕی ، نیگارکێشی ، ڕۆژنامە فرۆشی ، کتێبخانە گێڕی ، مامۆستایەتی تایبەتی ، وێنەگری ، نوسین ڕۆژنامەگەری ، بەقاڵی ، بەندیخانەچێتی ، ئەمەش پیشەیە ، لە پیشە زەحمەتەکانیشە ، ها بێکاری – خوی ئەمەیان لە هەموو پیشەیەك زەحمەت ترە . بۆیاخچێتی پێڵاو ، سەرتاشخانە گێڕی‌و هتد .. »

– بۆزانین –

داواکاری سەرلەنوێ تۆمارکردنەوەی عەقار

لەسەر ئەو داخوازی‌یەی‌لە ١٤-٥-١٩٧٥ پێشکەش بەم دایەرەیە کراوە بۆ سەرلەنوێ تۆمارکردنەوەی تەواوی عەقاری زنجیرە ٣٩٨ گەرەکی ملکندی بەناوی وەرەسەی کریم محمود خدربەو شێوەیەی بۆ ماوەی قانونی خاوەنی ئەم ملکەن‌و بەمەبەستی تەسبیت کردنی مۆڵکی ناوبراو بۆ تۆمارکردنی بەپێی ناوەرۆکی یاسای تۆمارکردنی عەقاری ژمارە(٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ بڕیارماندا ئەم داواکاری‌یە بڵاوبکەینەوە .جا هەرکەسی پەیوەندی یاخود مافی بەو عەقارەوە هەیەلەماوەی سی‌ی ڕۆژدا لەدوای بلاوکردنەوەی ئەم ئیعلانەوەداواکاری پێشکەش بکات‌و لەسەعات دەی سەر لە بەیانی‌ڕۆژی دوای تەواوبوونی ماوەی ئەم ئیعلانە لە جێگای ملکەکەئامادەبێت بۆ تەسبیت کردنی مافەکەی لەمەوقعی کەشف‌داکە لە ڕۆژی ناوبراودا بۆ ئەم مەبەستە ئەکرێ .

سعید شفیق
بەڕیوەبەری دایەرەی تۆمارکردنی عەقار لە سلێمانی

پاشماوەی : بڕیارێکی

و بۆ ئەو خاکانەی بە هۆیەکەوە ئاو ئەدرێن (٥٠) دونمی داناوە ئەم هەردوو جورە زەوی‌یە لەوانەیە کە بو چاندنی توتن‌و برنج وە یاخود پەمو یا بەرهەمی هاوینە بە کاردێن .

بەڵام ئەو زەوی‌یانەی کە بو بەرهەمی زستانە بەکار دێت ، یاساکە سنورەکەی بە (١٠٠) دۆنم داناوە بۆ ئەوانەی ڕاستەوخۆ ئاو دەدرێن‌و (١٢٠) دونمیش بۆ ئەوانەی بە هۆیەکەوە (بالواسطه) زەوی‌و زاریان ئاو دەدن .

هەروەها ئەو زەویانەی کە دارو درەختی لێیە بە باخ دانران بۆ دەستنیشان کردنی مولکایەتی کشتوکاڵی ئەگەر بەمعەدەل (٤٠) درەخت لە دونمێکدا بێت بەلای کەمەوەوە بۆ ئەوەش دانرابێت کە وەکو باخ بەکار بهێنرێت بەبێ لێکدانەوەی تەمەنی درەختەکان .

هەروەها یاسا ئەو زەوی‌و زارانەی کە بە ئاوی کارێزو بیرەکان ئاو ئەدرێت بەو جورە زەویانەی داناوە کە بە هۆیێکەوە ئاو دەدرێن .

دیسان یاسا فەرزی کرد کە هەر خاوەن پارچە زەوی وە یاخود باخێك کە مەساحەکەی لەوە زیاتر کە یاسا داینا وە نەبێ ئیقرارێکی گشتی لەبارەی زەوی‌یەکەی پێشکەش بکات بە پێی ئەو بەیانەی کە لە لایەن ئەمینداری گشتی کشتوکاڵو چارەسەرکردنی کشتوکاڵی دەرئەچێت لە ناوچەکەدا ، بە مەرجێك لە شەست ڕۆژ تێپەڕ نەکات لەو کاتەی کە یاساکە لە ڕوژنامەی میرییدا بلاو ئەکرێتەوە .

یاساکە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری زەوی‌وزار لە وەزارەتی کشتوکاڵو چارەسەر کردنی کشتوکاڵدا وەیان هەر بەڕێوەبەرایەتیێك کە جێگای ئەو بگرێت ، تەخویلی کرد بە پەسند کردنی بڕیارەکانی دەست بەسەرا گرتن‌و دابەش کردن‌و چەسپاندنی مافی زەوی‌وزار کە بەپێی ئەحکامی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵو یاسای نوێ وەرگیراون .

یاساکە بە پێویستی زانی کە ئەو بڕیارانەی ئیعترازیان لەسەر هەیە بدرێتە ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ بۆ ئەوەی دوا بڕیاری لە سەر بدات .

دیسان بڕیاری‌دا بەوەی ئەحکامی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵو ئەو ڕونکردنەوەو بەیاننامانەی بە پێی ئەو یاسایە دەرچوون وە کە بە پێچەوانەی ئەم یاسایە نین ، ناوچەی حوکمی‌ذاتی بگرێتەوە .

هەروەها ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵی تەخویل کرد بە لێکدانەوەی ئەحکامی یاساکە ، لێکدانەوەییێکی تەشریعی مولزەم کە لە ڕوژنامەی میریدا بڵاو بکرێتەوە ، هەروەها تەخویلی کرد بە دەرهێنانی ئاموژگاری پێویست .

یاساکە بڕیاری‌دا بەلا بردنی هەموو ئەو قەرزانەی کە کەوتونەتە ئەستۆی جوتیارەکان لەو ماوە دیارکراوەیەداو ئەو پارانەی لێیان وەرگیراوە پێش جێبەجێ کردنی یاساکە ، ناگەڕێتەوە .

هەر بە پێی ئەم یاسایەش هەموو ئەو بڕیارانەی پلەی دوایی‌یان وەرنەگرتووە بە پێی یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵی وە کە بە پێچەوانەی ئەحکامی یاسای نوێن ، ئیلغای کردن‌و ئەحکامی تازە بەسەریاندا ئەڕوات .

ئا٠د٠ع

پاشماوەی : گۆشەی منالان

ئیتر لەفرین کەوت مۆنیش دەستی کرد بە پێکەنین‌و بە باڵەکانی فری هەمو دایانە بەرتانوت‌و وتیان پێی ئیتر تۆ هاوڕێی ئێمە نیت .

شوشو بەدڵ شکاوی سەری خوی هەڵگرت‌و دەستی‌کرد بە ڕویشتن لەو کاتەدا تەماشای کرد میرولەیەك وا لەناو جۆگە ئاویکدا خەریکە ئەخنکی شوشو دەردی خوی لەبیرچوو گەلایەکی بەدەم هەڵگرتو خستیە ناو جوگەکەو میرولەکە خوی پیاهەڵ گەراندو لە خنکاندن ڕزگاری بو . میرولەکە زور زور سوپاسی شوشوی کرد پێی ووت هاتبووم بو تەماشاکردنی ئاهەنگی ئەمروت وە کە گەرامەوە وام بەسەرهات . میرولەکە ووتی ڕاوەستە بزانە تولەی تو چون لەمون ئەسێنمەوە . جیگای نوستنی شارەزام شەوی تولەی توی لێ ئەکەمەوە . شوشو پێ‌ووت من نامەوی ببم بەهوی ناخوشی کەس . میرولەکە وتی تو کارت پیوەی نەبی مون ئەو ئاهەنگە جوانەی لەدەست داین .

شوشو وتی چی لی ئەکەیت ووتی تۆ کارت نەبی وەرە لەبن ئەم دارەدا دانیشە بزانە من چیت بۆ ئەکەم .

مێرولەکە لە کەتیرەی دارەکەی بەدەم ئەکردەوە بەپێ هەڵی ئەگرتو ئەیبردە جیگەی نوستنەکەی مون . مون ئاگای لەم کارە نەبو شەوی کە هات نوست تەماشای کرد جیگەکەی توزی شیتەری هەیە وای زانی نەمەی بارانە نوست کەبەیانی هەڵسا بەهۆی گەتیرەکە باڵەکانی بەیکدا نوسابو دەستی‌کرد بەگریان . مێرولەکە پی‌ووت ئەی کەباڵی شوشوت شکاند بیرت لەوە نەئەکردەوە کە شوشو پەکی ئەکەویت ؟

مون دەستی‌کرد بەگریان‌و وتی شوشو گیان لیم ببورە شوشوگیان لیم ببورە من کاری نارەوام کرد بەرامبەر بەتۆ .

منالە خوشەویستەکانم کەس ئازاری کەس با ئاوای بەسەردی ئیوەش هیچ ئازاری پەپولە مەدەن با هەر لەناو باخەکانیانا بەخوشی بفرن .

پاشماوەی : کات‌و فرجیناولف

یەکەمدا ئەیکات‌و ئێمەش باسمان کرد .

من مەبەستم لەم قسانە هەر –کات–ی ڕومانەکەو گرنگی‌ی کاتە لە چیرۆکدا ، دڵنیام لەوەش کە هەندێ لە چیرۆك نووسە کوردەکان – بەتایبەتی ئەوانەی لاون – خۆیان بە (کات) ناساندووە . نازانم ئەوان دەربارەی (کات) ئەڵێن چی ؟

★ فرجینا ولف ئافرەتێکی نووسەری ئینگلیزە ، ساڵی ١٨٨٢ لەدایك بووە ، لە ساڵی ١٩٤١ دا ، لەوە ئەترسا شێت ببێ بۆیە لە ئاوا خۆی خنکاند، خاوەنی ڕۆمانی بەناوبانگی « المنار »و « شەووڕۆژ »و « ساڵان »و « ژوورەکەی یەعقوب »و « شەپۆلەکان »و « ئۆرلاند »و « لەنێوان وەرزەکاندا »یە .

أ٠ق٠م

پاشماوەی : دارستانەکانمان

گوێ درێژ ... دەیخوا . بەتایبەتی بەشە ناسکەکەی سەرەوەی (القمه النامیه) کە تاکە جێگایەکە دارەکەی پێ گەورە دەبێت‌و نشونما دەکات .

نەبوونی (تانکەر) هۆیەکی تری سەرەکی‌یە بۆ وشك بوونی دارەکان ، چونکە بەڕێوەبەریەتیەکانی دارستان ئەوەندە (تانکەر)ە یان نیە بۆ ئەوەی تەرخانی بکەن بۆ ئاو دانیان . لە بەر ئەوە گەرمای هاوین قەلاچۆی دەکات .

ووتمان بەڕێوە بەریەتی دارستان کۆڵ نادا‌و لەسنوری تواناو دەسەلاتی بوودجەو هونەری خۆی .. دەگەرێ بۆ باشترین شێوە بۆ ئەوەی‌ڕەنجی بەبا نەڕوات . ماوەیەکە دارستانیەکان خەریکی ئەوەن شۆسەکانی‌ناو شار چاك بکەن‌و نەمامی لێ‌بدەن، وە بۆ پاراستنی ئەو نەمامانە ، بەپێی توانا چوار دەوری نەمامەکە تەل بەند دەکرێ وە ئەو نەمامانەی لە تەنیشت ڕێگاو بانی دەرەوە لێ دەدرێ بەشێوەی کۆمەڵ‌کۆمەل (الواحات) دە چێنرین کە ڕوو بەری ٢٥ × ١٠٠ مەتر تا ١٠ × ٣٠ مەتر ، بەپێی جێگاو زروفی ناوچەکە . چواردەوری نەمامەکان بەسنگێ ئاسن‌و تەلی درکاوی .. تەل بەند دەکرێ . بەڵام بەداخەوە خەڵکی بەوەش ڕازی نابن کەنەمامەکان لەناو بەرن ، تەل‌و سنگەکەش هەڵدەکەنن . بۆیە ناچار بوون لەم دوایەدا لەباتی سینگی ئاسن پایەی کۆنکریتی بۆ دەکرێت .

« چارە بنە ڕەتیەکان »

بۆ ئەوەی وولاتی‌ئێمەش وەك ووڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەم دنیا پان‌و بەرینە بەرەو شارستانیەتی بڕوات لەم بارەیەوە . بۆ ئەوەی ڕەنجی دارستانیەکان بێ بەر نەبێت و شارەکانمان جوان‌و خۆش بێت‌و ئەم بەرو ئەوبەری ڕێگاو شەقامەکان بەدرەختدا بپۆشرێ لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە دانشتوانی ناوچە کە یارمەتی. بەڕێوەبەریتی دارستان بدەن هەر یەکە لەلای خۆیەوە خۆی بەخاوەنی ئەو درەختانە بزانێ‌و چاو دێری بکات‌و ڕێگە لەو کەسانە بگرێت کە دەیانەوێ دارو دارستانەکانمان تێك بدەن‌و درەختەکان بفەوتێنن . وە هەروەها شارەوانی شارەکان و پارێزگەی‌پارێزگاکان‌و بەڕێوە بەریتی پەروەردە .. هەر یەکە لەلای خۆیەوە دەستی یارمەتی بۆ بەڕێوەبەریتی دارستانیەکان درێژ بکەن، پولیس‌و سەربازەکان .. خۆیان بەلێ پرسراوی ئەو دارانە بزانن . ئەمانە یەکەم هەنگاوی سەرکەوتنە وە بەڕێوە بەریەتیەکانیش بەم کارانە هەڵسن :

● بەڕێوەبەریتی دارستان، بەپێی توانای پڕو پاگانەدەو نامیلکە .. دەربکات‌و بەکوردی چاپیان بکات‌و بڵاوی بکاتەوە . وە ئێستگەو تەلەفزیۆنیش پرۆگرامی تایبەتی تەرخان بکات‌و گۆڤارو ڕۆژنامە کوردیەکانیش .. گرنگی بە باسی دارو دارستان بدەن .

● دانانی پاسەوان بۆ درەختەکانی دەرەوەو ناوشار . تا بەتەواوی چاودێری دارستانەکان بکرین – کە ئەمەش لەتوانای بەڕێوە بەریەتیەکاندا نیە – بۆیە پێویستە پولیسی دارستان بە ژمارەیەکی پێویست بۆ ئەم مەبەسە تەرخان بکرێت . بەڕای من باشتر وایە کە شارەوانی پاراستنی درەختەکانی ناوشار بخەنە ئەستۆی خۆیان . چونکە ئەمەی بەڕێوەبەریتی دارستان دەیکات کارێکی سەرەکی نیە کاری ئەو پاراستنی دارستانە سروشتیەکانەو دوروست کردنی دارستانی دەستکردە .

● تەل بەند کردنی تەواوی چواردەوری ئەو نەمامانە ، بۆ ئەوەی ئاژەڵ خۆی پیانەکات‌و دەستی مرۆڤی خۆ پەرستی نەگاتی .

● ئاو دانی ئەو نەمامانە ، بەتایبەتی لە هاویندا ، هۆیەکی سەرەکی‌یە لە گەورە بوون‌و نشونمای دارەکان لەبەر ئەوە پێویستە ژمارەیەکی زۆر لە (تانکەر) تەرخان بکرێت بۆ ئاودانی نەمامەکان ، کە ئەمەش بەڕای‌من لەئەستۆی‌شارەوانی‌یە ئەگەر هیچ نەبێ بابە هەموو لایەك هەوڵ بدرێت بۆ ئەوەی لە هاویندا ئەوەندە (تانکەر)ە ئامادە بکرێت نەمامەکان لە تینوەتیا نەمرن .

● یاسای دارستان کە دەمێکە داندراوە و لە یاسای کۆنەکان وەرگیراوە ، چارەسەری ئەم مەسەلەیە ناکات . لەبەرئەوە باشتراویە – وەکو زانیومانە دەمێکە بەڕێوە بەریتی گشتی دارستان خەریکە – یاسایەکی نوێ‌و تایبەتی لەبارەی دارستانەوە دابندرێ‌و لەتاوانی دار ودرەخت هەڵکەندنیش بدوێ وەسزای توندی تێدابێت بۆ ئەو کەسانەی کە دەست درێژی دەکەنە سەر نەمامی شەقامەکان

ئیتر هیوامانە کە لە هەموو لایەکەوە یارمەتی بدرێن بۆ خزمەتی وولاتەکەمان‌و دەری بخەین کەئێمەش هیچمان لە میللەتانی تر کە مترنیە .

سەرچاوەکانی ئەم باسە :

١ – ڕاپۆرتی سالانەی بەڕێوەبەریتی گشتی دارستان .
Directory of Forestry Schools — F.A.O
٣ – تشجیر العراق – الغابات العامە .
Research in Forestry and Forest Products—F.A.O

بۆزانین

تەسجیل کردنی مەکینە

لەسەر ئەو داخوازی‌یەی‌لە ٢٤-٥-١٩٧٥ لەلایەن مصطفی قادر صالح پێشکەش‌بەم‌دایەرە کراوەو تیایدا داوای تەسجیل کردنی مەکینەکەی‌ئەکات کە لە سلیمانی ئیش‌ئەکات‌و نیشانەکانی بەم‌جورەی خوارەوە، جا هەرکەسێ پەیوەندی بەم مەکینەوە هەیەلەماوەی پانزە ڕۆژ دوای بلاوکردنەوەی ئەم ئیعلانەبەرێگای قانونی مراجعەت بکات‌و بەبەلگەئەم‌داواکاری‌یەی ساغ کاتەوە . بە پێچەوانەشەوە مەکینەوئەداتەکانی بەپێی سیستەمی تەسجیل کردنی مەکینەی‌ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٥٢ بەناوی داواکاری تەسجیل کردنەکەوە تەسجیل ئەکرێ‌و بەپێی سیستەمی ناوبراوشەهادەی ئەدرێتێ .

نیشانەکان :–

ناوی کارگەکە : داڤیدبراونی ئینگلیزی
جۆری مەکینەکە : (ساحبەزراعیە)
مۆدیل : ٩٩٠
ژمارەی محرك : ٤٢١١٤ ب٤٧
ژمارەی زنجیرە : ٤٩٦٣٤٠ب ٩٩٠
جۆری سوتەمەنی : گازوایل
هێزی ئەسپی : ٥٢ ئەسپ

عبدالرحمن احمد بابان
کاتب عدلی سلیمانی

پاشماوەی : وەرزشی‌و لاوان

جیهاندا . چەند خوش ئەبو وەزارەتی لاوان لە هەموو مەڵبەندەکانی لاواندا شوین مەلەی ئامادە بکردا یە بۆ ئەوەی ئەم یاریە لە هەمو ولاتدا بلاو ببوایەوە .

– لاوان –

یەکیەتی لاوانی عیراق بڕیاری داوە کە سێ ئۆردوگای کارکردن لەسلیمانی‌و هەولیرو دوهوکدا بکاتەوە .

بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك پێك هێنراوە بۆ دیاری کردنی شوێنی ئۆردوگاکان .

ئەوانەی بەشداری ئەم ئۆردوگایەنەن لەگەڵ بر جوتیارەکان کاری هەرەوەزی ئەکەن‌و یارمەتیان ئەدەن بۆ کۆکردنەوەی خەڵەو خەرمانیان .

لەسەریکی ترەوە بۆ یارمەتی دان لە دروست کردنی هیندی لادێ‌و ڕیگەو باندا . بەشدارئەبن .

پاشماوەی : بۆ پێش ..

پارتا قوماندار ئەوبو کو مەسەلا کوردو جەهینانا مافێت نەتەوێین میللەتی کوردو چارەکرنا ڤێ مەسەلێ برویەکێ دیمکراتی‌و پێشکەڤتی‌یەڤە بەرزترین ئەرکێ ڤێ قۆناخێ‌یە لەماو شوەرشێ گرانترین پویتەکر بمەسەلا کوردی یانەتەوەی‌و گەلەك دەسکەفتین بها سەر بنیادێ ڕاست بجەهینان بو جەماوەری کورد وەکو دامەزرندنا ئەکادیمیا کوردی‌و ڕێڤەبەریا ڕوشنبیری کوردی‌و کارگێڕەنا کوردی‌و خوێندن‌و فێربوون بزمانێ کوردی‌و دامەزراندنا زانستگای سلیمانی‌و بڕیارکرنا جەژنا نەورۆزێ جەژنەکا نیشتمانی‌و دەرکرنا پارێزگەها دهوکێ‌و ئاڤاکرنا چەند پرۆژێت بەرهەمی‌و هاڤینیگری ل دەڤەرا کوردستانێ .. هتد پاش ڤان دەستکەفتا شورشێ بباوریا پارتێ ژبو چارەکرنا مەسەلا کوزد بئاوایێ دوماهیڤە بەیاننامای ١١ی ئاداری ١٩٧٠ دەرێخست ت .

دروسترین ئەرك‌و کارێن ڕوشنبیرێت کوردێین پێشکەفتی ئەوە کو بو جەماوەری کورد گەش‌و ڕوهن بکەن نەخاسمە بۆ ئەو کەسێن ڤەگەریاینە ریزێت شورشێ نرخ‌و بهایێ دەسکەفتێن میللەتی عراقێ وەك میللی کرنا پترولی‌و یاسا چاك‌کردنا چاندنێ‌و بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی .. هتد .

چونکە دەستەکا کرێ‌گرتی بەری جەماوەرێ بن‌دەست گوهارتبو ژڤان دەست کەفتاو وەسا دیارکربو بووان کو ئەڤ دەست کەفتنە مەبەست بێ ئەوە دژینیا جەماوەری کورد ! هەروەها پێتڤی یە ڕوشنبیرێن کورد بخەبتن دڤێ قوناخا نازکدا ژبو پاراستنا دەست کەفتین جەماوەری بریکا پارستنا شورشا ١٧ی تیرمەهێ ژپیلان گێرانێت ئیمپریالیزمێ‌و کەڤنە پەرستێ ئو بریکا پشکداریا وان ددەزگەهێن ئوتونومی‌دا .

پاشماوەی : هوزانڤانێ بریفکانی

بەرسڤ : ئەڤ دەستنڤیسە یا هوزانڤانێ بناڤ‌و دەنگ ئەحمەدێ خانی‌یە ، برادەر عبدالقادر یەك‌گوش بومن یانڤیسی لسالا ١٩٥٠ ێ ، کو (آن داستان لیل‌و مجنون أست أز زبانی عذب‌و بیان الشیخ أحمد الخانی الفه سنه ١١٠٧ هـ) . بێ‌گومان سالا ئەڤ دەست‌نڤیسە هاتی‌یە نڤیسین ، ئەحمەدێ خانی‌یێ ساخبو .

پرسیار : بوچی هەتا نهۆ تە چ دیوانێت خو چاپ نەکرینە ؟

بەرسڤ : هێشتا زروفێت وەسا باش بومن هەلنەکەفتینە ئەز بکارم چاپ بکەم .

پرسیار : چ کارەکێ ئەدەبی تەهەتا نوکە کریە ؟

بەرسڤ : من فەرهەنگەکا کوردی یاداناێ‌و ئەزێ گەهشتیم تیپا – ش – ، دیسان من نامیلکەکا دانای لسەر بێژێت بیانی ، ئەوێت لناڤ ئەزمانێ کوردیدا بەلاڤبوین‌و بەرامبەری وان بێژێت کوردی من بێن دانایین .

پاشماوەی : ڕووناکی

شەشەم : خۆ ئەگەر شکانی ئەمریکاو کشانەوەی‌لەمەڵبەندی هیندی – چینی‌و کورت بوونەوەی دەسەڵاتی‌ئیمپریالیزم لەومەڵبەندەدا لەبەر چاوبگرین تێدەگەین کە تەقەلای وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بەهێز کردنی هێزی دەریایی خۆی لەمەڵبەندی ئۆقیانووسی هیندا بۆ ئەوەیە کە جێگای سەنگەرە لە دەست چووەکانی خۆی بەچەند سەنگەرێکی تازە پڕبکاتەوە .

ئەوانە چەند مەسەلەیەکن کە دەبێ چاودێرە سیاسی‌یەکان لە بەرچاویان بگرن، ئەگەربیانەوێ لەکارەساتەکانی مەڵبەندی ئۆقیانووسی هیند بکوڵنەوەو ئەودیاردانە لێك بدەنەوە کە بەهۆی هەوڵ‌و تەقەلای وڵاتە یەکگرتووەکانەوە بۆ بەهێز کردنی بوونی سوپایی خۆی لەو مەڵبەندەدا دەکەونە بەرچاو .

لەو دواییانەدا فیلیپ جیب یارمەتی دەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکادانی بەوەدانا کە وڵاتە یەکگرتووەکان دامەزراندنی دەزگای پێویست بۆ چاوەدێری دەریایی‌و هەوایی لە سەر جزیرەی « دیگوگارسیا » لە مەڵبەندی ئۆقیانووسی هیندا درێژە پێ دەدا بۆ ئەوەی پێگەی سەربازی تێدا دامەزرێنی .

هەروەها یارمەتی دەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا دووپاتەی کردەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاسیا ناکشێتەوەو ئەودان پێدانان‌و دووپاتە کردنەوەش لە لایەن کاربەدەستێکی ئەمریکاییەوە دەری دەخاکەحکوومەتی ئەمریکا تا چ ڕادەیەك گاڵتە بەبیروڕای گشتی جیهانی‌و هەستی‌کۆمەڵی ناودەوڵەتان دەکا کە ناڕەزایی خۆی بەرامبەر ئەوکردەوە دەربڕیوە . چونکە دامەزراندنی پێگەی ئەمریکایی لەو مەڵبەندە بەربەرەکانیەکی مەترسی دارە بۆ گەلانی ناوچەکەو هەڕەشەیەکی ئاشکراشە بۆ هێمنی وسەربەخۆیی وڵاتانی ئەو ناوچەیە .

پاشماوەی : پۆستەی قوتابیان

× **کاك (عادل حسین)**
درون بۆ لاپەرەکەمان نەگونجا

× برایان (ئازاد نورالدین)
– رشاد محمد گەردی –
تکایە شتی بە سوود تر بنێرن .

× **کاك (مردان)**
هۆنراوەکەت جوانە بەلام ئێمە بە کوردی نووسین بلاو دەکەینەوە .
ئیتر سوپاس .

ژمارەی سپاردنی به کتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤

لەگەڵ سەرکەوتندا

عبدالغفار الصائغ

● لەرێرەوی شۆڕشگێرانەی ئەمڕۆماندا ، ئەوەی دڵخۆشکەرەو باوەڕ بە پاشەڕۆژێکی باشتر بەهێز ئەکات ، گورج و گوڵی هەنگاوانی نەوەستاوە کە بۆتـــە ئامانجی ستراتیژی و بایەخدار لەبەر رووناکی ئەم باوەڕەشـــدا ، شۆڕش بۆ پێشـــوازی کردنی ئەو جـــەماوەرە کوردەی کەرایەوە ریزی نیشتمانی هەنگاوی نا .

● سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش ئەیانزانی کـــە سیمای دواکەوتویی و وێرانکاریی پاشماوەی دەســـتەی بەکرێگیراو گەورەو زۆرن، ئەو ترس و یرانـــکاری و تۆڵەکردنەوەیەی ئەو دەســـتە بەکرێگیراوە بەنـــاو هاووڵاتیـــانی کورددا بڵاوی ئەکردەوە بە مەبەســـتی ئەوەبوو لـــە شۆڕشی ١٧ی تەمـــوزیان دابڕ بکات و لەدەست کەوتە زۆرەکانی بێبەشیان بکات و ئەو کارەش گەلێ ئەنجامی سەلبی لەلایەنەکانی تەندروستی و ئابووری و ئاوەدانی و هەتا دەروونیشدا خستەوە .

● جا لێرەوە ، باوەڕ خستنە ســـــەر بیرتیژی شۆڕشگێرانە بۆ بازدان بەسەر رۆژگاردا هاتە کۆڕو نەك هەرپێویستی بەو باوەڕ پێکردنەیە بەڵکو بەکردەوە بوە هۆی گورج و گوڵی لەزامن کردنی ژیـــانی بەهەزاران هەزار هاووڵاتی کەرت کە گەڕانەوە نیشتمانەکەیان .

● وەبەپێی دەرك کردنی ســـەرکردایەتی پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەب بە بایەخی ئـــەم مەسەلەیە بڕیاری دا کـــە کادیرە سەرکردەکان بەرەو ناوچـــەی کوردستان بچن و خۆیان راســـــتەوخۆ سەرپەرشـــتی بەجێهێنانی هەموو پێویستیەکی جەماوەری کورد بکەن .

● ئەوە بوو هەڤاڵ طه جزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و ئەندامی سەرکردایەتی قطـــری وەزیری پیشەسازی و هەڤـــاڵ نعیم حـــداد ئەندامی سەرکردایەتی قطری و ســـــکرتێری بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز وەزیری لاوان و هەڤـــاڵ غانم عبدالجلیل ئەندامی سەرکردایەتی قطری وەزیری خوێندن و لێکۆڵینەوەی بەرزو هەڤاڵان عبدالفتاح یاسین و حســـن عامری و طاهر عانی ئەندامانی سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سۆشیالیســـتی عەرەب ، هەموویان ســـەریان لەکوردستان داو بەشـــارەکاندا گەڕان و بایـــەخدانی سەرکردایەتیی پارت و شۆڕشیان بەناوچەکە راگەیاند و لەهەموو جۆرچیوەیەکی (رۆتینیات) دەرچـــون و قوڵی کارکردنی گورج و گوڵانەیان بۆ زامنکردنی هەمـــوو پێویستیەکی هاووڵاتیەکانی هەڵکرد .

● دیسان سەرکردایەتی سیاسی پارتی و شـــۆڕش راسپاردەیان ئاراستەی هەموو دەزگا ئیدارنەکان کرد کە بایەخی تەواو بێ کەموکـــوڕی بەجێبەجێ کـــردنی ئیش و کاری ئەو هاووڵاتیانە بدەن کە گەڕاونەتەوە .

● هەروەها ، بایـــەخی باوکانـــەو دڵسۆزانەی (باوکی سەرکردە احمد حسن بکر سەرۆك کۆمار کاریگـــەری مەزنی کرد کە نموونەی دڵفراوانی باوکێـــکی گەورەیە باوەشی دڵسۆزی بۆ رۆڵەکانی ئەکاتەوە بەبێ گوێ دانـــە رابوردوو .

● دیسان یارمەتی دارایی درا بەهەر هاووڵاتیـــەك چەکەکەی لەگەڵ خۆی هینابووەوە کە ئەمە وای کـــرد پێویستی بەوەنەبێ دەست بۆ یارمـــەتی درێژبکات ، ســـەرەرای زامن کردنی خێرایی شـــوین و ماڵ بۆ ئەو هاووڵاتیانەی گەڕاونەتەوەو شوێنیان نەبوو .

● بەم جـــۆرە ، رەفتـــاری دیموکراتیانەو خۆشەویستی و مرۆڤایەتی بەرامبەر هەموو هاووڵاتیـــەك نوێنراو نەکەس گیراو نەکەس سزا درا چونکە یاســـای بەخشینی گشتی ، بەخشین بوو بەمانای وشە .

● وە بەم جۆرەو لەپاڵ پێشوازی گەرمو گـــوڕو دڵسۆزانەدا ، دەستیش کراوە بە رێگا کردنەوەو چاکردنی رێگا تێك چوەکان و خواردەمەنی دیـــاری سەرکردایەتی پارتی و شۆڕشەو پەیتا پەیتا بەئوتوموبیل ئەگاتە ناوچەی کوردستان و ئیدارەو دەزگاکانی حکومەت گەڕانەوە شوێنی خۆیان و دەزگا تەندروستیەکان گورج و گۆڵانە خەریکـــی خزمەتکردنی هاووڵاتیەکانن و نەخۆشخانەکان کرانـــەوەو دەرگای قوتابخانەکان کرانەوەو مامۆســـتایان بۆ نێردراو هەموو کاربەدەست و موچـــە خۆرەکان چوونەوە ســـەر ئیش و کاری ئاسایی خۆیان .

● کاروان ئەروات و ناوەســــتێ ، هەمـــوو پاشمارەیەکی شەڕو ویران کاری مەحو ئەکرێتەوەو هەموو پاشماوەیەکی سەلبیاتی رابووردوو راماڵ ئەکرێت .

● هەموو دەزگایەکی رەسمی و گەلی دەســـــت لەدەست خەریکی ئاوەدان کردنەوەی کوردستانی عیـــراق ئەبێت و جوانی و خۆشەویستی و ژیانی شـــادی تیا جێگیر ئەکات .

● یاسای چارە سەرکردنی کشـــــتوکاڵ جێبەجێ ئەکرێت و جوتیاری کورد بەرەنجی خۆی ئـــاخـــوات لەبەهێز کردنی شۆڕشی سۆشیالستیدا لەکوردســـتان لەپێناوی ژیانێکی باشتردا بەشداری ئەکات و لەپاشەڕۆژدا تێ ئەکۆشێت ، بۆ ئەو ژیانەی کەشۆڕشی ١٧ی تەمـــوز بەسەرکردایەتی (پارتی بەعسی سۆشیالســـتی عەرەب) لەپێناوی زامن کردنیا بەرپابوو .

● پیرۆز بایمان لـــــە جەماوەری کورد لەژیانی ئاشتی و ئاوەدانیاو بۆ پێشەوە .

یادی رۆژی

منداڵان

چوار رۆژ پێش ئێســـــتا سەراپای دنیا ئاهەنگی گێڕا .. ئاهەنگی یەکی حوزەیران ..ئەو رۆژەی « منداڵ » تیایـــدا ئەگەشێتەوەو « زەردەخـــەنە » ئەخاتە سەرلێوانەوە ، بوونی خۆی ساخ ئەکاتەوە بەوەی کەئەویش بەشێکە لەدروست بوونی مرۆڤایەتی و دامەزرانـــدنی پێچکەکانی مێژوو گەردوون .

بەدرێژایی ئەو سەدانـــەی« بوون » چاوی هەڵێنـــاوە ، « منداڵ » هەبووە، منداڵ بەشێك بووە لەژیان .. پارچـــەیەك بووە لەخەون و خەیالاتی مرۆڤ بەلام وەك دەستوونێکی بچکۆلە رەفتاری لەگەڵ کراوە .. منداڵ بە بست بالاکەی پێـــوراوەو ئاوقەی فیکری و بەهـــرەی ئەو منداڵە پشت گوێخراوە ..

لەم رۆژانـــەدا .. لـــــەشەقامێك لە شەقامەکانی شار ئەسووڕامەوە .. چەنـــــدمنداڵێکی ئیفەوماوو پەك کەوتەم بینی ، جگەرە فرۆش .. حەماڵ .. دەرۆزەکەر..بویاخچی .. ویستم هەندێ پرسیاری هەمەچەشنەیان لێ بکەم بەیادبۆنەوە .. بەلام بڵێم چی .. جگـــەلە ئازار هیچی ترم لێنەبیستن .. ئەو منداڵە جوانکیلانـــەهەموویان باسی بێدەرەتانـــی خۆیانیان بۆئەکردم .. گوێم لەهەندێ رازی ناسك بوو .

- بەخوا دایکم نەماوە .

- دایکم .. باوکـــم .. هەژارن !! ناچارم سپـــوال بکەم ..

ئاخ .. لەم هەموو واقیعـــە تاڵانە ، کەسەد « خۆزگـــە »ی لەژێر بناپێچـــی ئـــازاردا شاردۆتەوە . هەرچۆنێ بێ . ئەوا مێژووە هەروانابـــێ .

لەجەژنی منداڵانا .. باتێر تێر کۆرپە خنجیلە کانمـــان ماچ کەین ، سلاو لەهەمـــوو ئەو کۆرپانەی کە بێتاوان لـــە رەشماڵ و خیوەتەکانی ڤیێتنام و لائوس و کەمبۆدیاو فەلەستین و .. هەموو گۆشەیەکی ئـــــەم دنیایە سەریان نایەوە .. سلاو لەو منداڵانە بێ کـــــــە لـــە کێشەوەرەکانی ئەم جیهانـــــە رووت و رەجاڵ و پێخـــاوس بە ر ئەبنە گیانی شـــەقام .. نەء .. سلاوی گـــەرم لـــەو منداڵانەی لە پێناوی ژیانـــدا تێ ئەکۆشن .. بۆ دروســـت کردنی نەخشە بۆ زەردەخەنەی بەختیاری .. لە سەرلێـــوی منداڵان سەرمەشقی دەبێت .. سلاو لە رۆژی منداڵانی جیهان .

شێرزاد عبدالرحمان
نانەکەلی

نهێنی تەمەن درێژی ئادەمیزاد

⊙ هەندێ کەس ، تەمەنیان ئەگاتە سەد یان زیاتـــرو هەندیکی تر ناگاتە سەدساڵی و ئەمرێت ، ئەوەی ســـەرنج ڕاکێشی ئەوەیە هەندێ لـــەوکەسانەی تەمەنێکی زۆر بەسەر ئەبەن ، پیریەتیان کەمتر پیـــادەرئەکەوێت و تەندروستییان باشەو بەهێزو تواناشن .

⊙ بەپێچەوانەوە ، کەسانی واهەن ، تەمەنیان لەچـــل بەرەوژورتر بوو ، پیری یـــان زوو پێدا دیار ئەدات و بێتواناو لاواز ئەبن .

ئایا نهێنی لەمەدا چیە ؟

⊙ لە هەندێ ناوچەی سەر رووی زەمیندا ، دانیشتوانیان بەتەمەن درێژی ناسراون ، بـــۆ نموونە خەلکی گوندی « فیلکا بامبا » لە ئەکوادۆر کـــــە یەکێك لەدانیشتوانی ئـــــەم گوندە تەمەنی گەیشـــتە ١٤٢ ساڵ و لە یەکیکی تر لە ناوچەی قەفقاس « ئازربایجـــــانی سۆڤیەتی » تەمەنی گەیشـــتە ١٦٧ ساڵ و بە گـــــەورەترین ئادەمیزاد لە تەمەن درێـــژیدا ئەژمێردرێت و ناویشی « شێر علی مسلیمۆف » ە .

بۆ دۆزینەوەی نهێنی تەمەن درێژی ئادەمیزاد زۆر شارەزاو پسپۆر گەلێ تاقی کـــردنەوەو لێکۆڵینەوەی قووڵیان کردوە . پسپۆریکی بەریتانیایی کەناوی « نیل لیالی »یە بۆی دەرکەوتوە ئەوانەی مێشی هەنگویـــــن بەخێو ئەکەن تەمەنیـــان زۆر ئەبێت ، چونکە « پاشەڕۆکی » هەنگوین ئەخۆن ، جا ئـــــەم « پاشەڕۆکە » پڕیـــەتی لە (ئەنزیمات)و عەناســـیری سوودمەندی وا کە یارمەتـــی ئەوە ئەدات خواردەمـــەنی بەئاسانی هەزم بکرێت و بوونی ئەنزیماتی زۆریش لە لەشـــی ئادەمیزاد دا ، ئەبێتە هـــوی ئەوەی هەست بەچستو چالاکی بکات و ئیستە لە «پاشەڕۆك»ی هەنگوین « حەب » دروســـت ئەکرێت و خەڵکی بەکـــاری ئەهێنن .

« دیڤید دیڤیس »ی پزیشکی بەریتانیا پیش چەند تاقـــی کردنەوەیەکی لە گونـــدی « فیلکایا مبیا »ی ئەکـــوادۆر کردوە لەم بارەیەوە وتویە : دانیشتوانی ئەم گوندە لـــە خواردنیان (کالۆر) کـــەمەو لەخواردنی رۆژانەیاندا ناگاتە (١٧٠٠) کالۆری کەنیـــوەی خۆراکی رۆژانەی بەریتانیایە .

- ئەنجیلا دیڤیز -

چیرۆکی ژیـــانی ئەنجیـــلا دیڤز » ئافرەتی تێکۆشـــەری چەپڕەوی رەشی ئەمەریکـــایی لە کتێبیکی « ٣٥٠ » لاپەرەیدا لەم دواییەدا لە پاریـــــس بڵاوکرایەوە . کتێبەکـــــە بەدرێژی باسی ژیانی ئـــەم ئافرەتە تێکۆشەرە ئەکات لـــە منداڵیەوە لە هەرێمـــــــی « ئەلەباما »ی ئەمەریکا هەتـــا دیلکردنی لە « کالیفۆرنیا »و ئەو سزا نارەوایەی بەهـــوی تێکۆشانیەوە لەلایەن رژێمـــی ئەمەریکاوە توشیبوە .



پیرۆز ترین مەزنی .

عبدالله عباس

⊙ لەم رۆژانەدا ، لە کتێبی (دەنگەکانی ئەم چەرخە)دا ، لێکۆڵینەوەیەکم دەربارەی ژیان و ئەدەبی « ئەنتۆن چیخەف »ی مەزن خوێندەوە .

وە « چیخەف »ی مـــەزن وای بیر ئەکردەوە ، کە ئێش و ئازار ، چەند جۆرێکە ، ئێش و ئازار هەیە ، گەورەیەو مـــەزن یان جوانە ، ئێش و ئازاریش هەیە ، سزایەو بێنرخـــی و .. ناشیرینی !.

⊙ وە « چیخـــەف » وەك لێکۆڵینەوەکە ساخی کردۆتەوە قینی لە « ئێش و ئازاری سزاو بێنرخی و ناشیرین » بۆتەوەو خۆراگرتنێکی ئازایانە ، حەزی بە ئێشو ئازاری مەزن و جوان ئەکرد .

⊙ لەبەر ئەوە « چیخەف » مەزن بوو ..

⊙ ئەم مرۆڤە مەزنـــــە ، لەماوەی ژیانیاو لە ئەدەبەکەیدا راستیەکی بەرچـــاو ئەخست ئەویش ئەوەیە :

« ئەگەر مەزنی و گـــەورەیی شتێکی بریقەدارو لەبەر چاو بێت ، بەلای منەوە ، پیـــرۆز ترین مەزنی وا گەورەیی راست گۆیی مرۆڤە لەگەڵ خۆیـــدا ، جا کە مرۆڤ لەگەڵ خوێـــدا راست گۆ بوو، مرۆڤێکی چاك و ئازاو بەجەرگە » .

⊙ با لە خۆمانەوە دەســـت پێبکەین ، ئەو توانایـــــە لەخۆماندا پەروەردە بکەین کە بەرەو پێشەوەمانی ئەبـــــات لەوێوەی کە لەگەڵ خۆمانـــدا راست گۆ بین ، هەموو ئیشـــو ئازارێك لەم رێگایەوە ، جوانیە بەرەو پیرۆز ترین مەزنی ی .

دەرچوونی دوو هونەرمەندی کورد

بە بۆنەی دەرچـــوونی دەورەیێکی نوێ لە ئامۆژگای هونەرە جوانەکانی بەغـــداوە ئاهەنگێکی گەورە ساز کرا بە چاودێری مامۆستا محمدمحجوب وەزیری پەروەردە ئـــــەو قوتابیانەی کە بە یەکـــــەم دەرچوون خەلاتی کـــــردن ، لەوانە دوو قوتابی کـــــورد بوون :

ئازاد ئەحمەد - لقی وێنـــە کێشان - لە بەشی شـــــەودا کە خۆشی ، نوسەرە نە رۆژنامـــەی هاوکاری .

سەردار عەلی - لقی وێنـــە کێشان - لە بەشی رۆژدا .

پیرۆزبایـــی لەوان و هەمـــو قوتابیانی سەرکـــەوتوی ولات ئەکەین .

ئازاد ئەحمەد

چاپکراوی نوێ

- روشنبیری نوێ -

هەفتەی رابوردوو ژمـــارە (٤٠)ی بڵاوکراوەی رۆشنبیری نوێ کەلەلایەن بەرێوەبەرێتیی گشتی روشنبیری کوردیەوە دەرئەچێ کـــەوتە بازاڕەوە .. ژمارەی ئەمجارە بەرگەکـــەی ئۆفسێتەو دوو تابلـــــۆی هونەری تیادایەو ناوەرۆکـــە کەشی بە نووسین و بابـــــەتی روشنبیری و ئەدەبی و شـــیعرو هونەر رازاوەتەوە ..

- هاوکاری -

●○●○ دوو وێنەی ئەدوێن

پیریکی پینەچی ، لە پەنـــادیوارێکدا ،ژیان بەبەریەوەیەتی لەپاڵدانەوە چاکترە .. ژیان ، رەنج و خۆ هیلاك کردنە ، هەتائیش بکەیت هەست ئەکەیت ..ماویەتی .. ژیان ماویەتی ..



⊙ سەرچنار ، هاوینـــەهەوارێکی سازگاری سلیمانییەو هاوینەو بادەستی زیـــاتری ئاوەدانی بـــگاتە سەرچنارو هاوینە هەوارەکانی تـــری کوردستان و لەئاستی هاوینە هـــەوارە پێشـــکەوتوەکانی دنیادابن ، چونکە جـــوانی خۆیان لەوان زیاترە .

institut kurde de paris

● لەم ژمارەیەدا ●

● برایەتی کوردو عەرەب ل : ٢
● بەهرەمەندێکی نەخوێندەوار ل : ٣
● راپۆرتی ناوخۆ ل : ٤
● خەباتی قوتابیانی کوردستان ل : ٥
● پۆستەی خوینەران ل : ٦
لەگەڵ چەند بابەتێکی تر لە لاپەرە ٩و١٠دا ئەخوێنیتەوە٠

(٨) لاپەرە
نرخی
(٢٥) فلسە
لە (دارالحرية)
چاپ ئەکرێ

هاوکاری

سالی ١٩٧٠ دامەزراوە

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپو بلاو کردنەوەی
کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد - شارع الجمهورية - ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

ژمارە (٢٧١) ١٣-٢٠/٦/١٩٧٥

هەڤاڵ صدام : سەرکەوتنی شۆڕش بەسەر تاقمی بەکرێ گیراودا سەرکەوتنی شۆڕشی جیهانی یە

عیراقێکی سەربەخۆو رزگارو سۆشیالیستیمان ئەوێ

تەواوبوونی وتووێژی نێوان عیراق و سعودی یە

رۆژی چوارشەممە ١١ـ٦ وتووێژی نێوان عیراق و سعودی یە تەواوبوو وە سەر لەبەیانی رۆژی ١٢ـ٦ وەفدەکەی سعودی یە کە بەسەرۆکایەتی خاوەن شکو میر فهد عبدالعزیز جێ نشینی سعودی یە یەکەم جێگری سەرەک وەزیران و وەزیری ناوخۆبوو بەغدای بەجێ هێشت ٠٠ وە لەفرۆکەخانە لەلایەن هەڤال صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش و وەزیرو کاربەدەستانی دەولەتەوە بەرێ کرا ٠

ئەوەی شایانی باسە لەسەر داخوازی بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بەرێز جێ نشینی سعودی یە سەری لەعیراقدا ٠٠ وە لەلایەن بەرێز سەرکۆمارەوە لەکوشکی جمهوری پێشوازی کراو لەگەڵ کاربەدەستانی دەولەتدا وتووێژی کرد ٠

ئا٠د٠ع

رۆژی شەممەی ٧ـ٦ـ١٩٧٥ هەڤاڵ صدام حسین جێگری سکرتێری سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب ، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی فراوانی گشتی لیژنەکانی بەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخواز ئەم وتارەی خوێندەوە :ـ

هەڤالانی خۆشەویست ٠

بەناوی سەرکردایەتی بەرەوە سلاوتان لێ ئەکەم ٠٠ وە سلاو لە خەباتە جوامێرانەکەتان ئەکەم ٠٠٠ هەریەکێ لەئێوە لەشوێنی خۆیەوەو لە رێگای رێکخراوەکانیەوە ٠٠ وە هەمووشتان لە چوارچێوەی گشتی خەباتی ناوکۆیی دا لەپێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گەورانەی لەبەرنامەی بەرەدا هاتوون ٠

لە بەیەك گەیشتنی پێشومانەوە ، لە چوارچێوەی قطرو ناوچەکەو لە چوارچێوەی جیهاندا پەرەسەندنی گەورەو گرنگ رویداوە ٠ کاتێك کەباسی شوێن پێ کانمان ئەکەین ئەوەمان لەیادناچێ کە ئەم شوێن پێیانە پەیوەندی یان بەو شتانەوە هەیە کە لە جیهاندا روو ئەدات ٠٠٠ چونکە دوای ئەو پەرەسەندنە گەورەیەی لەزانستی تەکنەلۆجیا رویداو ئەو پەیوەندی یە خێرایەی لەجیهاندا هەیە ٠٠٠ وە دوای ئەوەی وای لێهات کەجیهان بەقۆناغی دامەزراندندا بڕوات ، دامەزراندنی بنچینە سەرەکی یەکانی سیاسەتی دەرەوە ٠٠٠ ئەمە شتێکە لە جەنگی دووەمی جیهانەوە تا ئێستا دنیا پیایدا تێ نەپەڕیوە ٠

دوای ئەمە هەمووی ئەبینین کە رووداوەکان خێراتر ئەبن و خولی گۆی زەوی بەراددەی پەیوەندی ئەم کارە بەو تەقەللایەی ئەدرێ بۆ پێك هێنانی سیاسەتی تایبەتیی و کارتێکردنەکانی سیاسەتی نێو دەولەتان و شوێنەوارو ئەستوندە گرنگەکانی ، پتر ئەبێ ، جابۆیە ناشێ دەست بۆ هیچ کێشەیەکی هەرێمایەتی یان ناوخۆیی درێژبکەین کە جێگایەکی تایبەتی هەبێ بەبێ ئەوەی پەیوەندی لەنێوان ئەو کێشەیەو ئەو روانەدا بدۆزینەوە کە لەجیهاندا رووئەدەن ٠

لەم جێگایەو ٠٠ نزیکەی سالێك لەمەوبەر ٠٠ بەیەك گەیشتین و لەکاتی خۆیدا دەربارەی تاقمی بەکرێ گیراوقسەمان کرد وە پێشبینی لەناوچونیمان کرد ٠٠٠ هەروەها پێشبینی سەرکەوتنی هێزەکانی شۆڕش و رزگاریو دیموکراتیی ئەم ـ قطر ـ ەمان کرد ٠

ئیمرۆش دوای ئەو سەرکەوتنە بەیەك ئەگەین بۆ ئەوەی جارێکی تر ساخی بکەینەوە کە ئەم هێزانە لە رەوتیاندا لەپێناو جێبەجێ کردنی بەرنامە کۆمەلایەتی ـ یەکەی بەرنامەی کاری نیشتمانیو ٠٠٠ لەپێناو پتەوکردنی رێبازی رزگاریخوازی لەسیاسەتی عەرەبیو سیاسەتی دەولەتان هەروەکو لەبەرنامەکەدا هاتووە ، هەر سەرئەکەون ٠

کاتێك ئەمانەوێ دەربارەی هێزەکانی دژ بە شۆڕش بدوێین ٠٠ ئەبێ لەسەرەتاوە ئەوەی ئەمانەوێ بەتەواوەتی لەلامان روون بێ ٠٠٠ چونکە زانینی ویستی (ئیرادە) هێزە شۆڕشگێڕە نیشتمانی یە دیموکراتی یەکان لەم ـ قطر ـ ەدا زانینی هەڵبەزینەوەی هێزەکانی دژ بە شۆڕشمان بۆ ئاسان ئەکات ٠ چونکە ئەگەر هیچمان نەوێ لەسنورێکی ئاسایی دا نەبێ شتێکی پێچەوانەی هێزەکانی دژی شۆڕشمان نایەتەبەر دەم ٠٠ وەکاتێ شتی ستراتیژی شۆڕشگێڕانەمان ئەوێ پێویستە ئەوەمان لەبەر چاوبێ کە هێزەکانی دوژمنمان شتی پێچەوانەی ئێمەیان ئەوێ لەرێخت و نیازو بەرژەوەندی دا ٠

بەکورتی ئێمە عیراقێکی سەربەخۆو ئازادو سوشیالیستیمان ئەوێ ٠ ئەمەمان ئەوێو ئەمانەوێ دەورێکی پێشڕەوانە لەناوچەکەو بەتایبەتی لەنیشتمانی عەرەبدا بگێڕێ ٠٠ ئەمانەوێ لە پتەوکردنی رێبازی سیاسەتی دژ بە ئیمپریالیزم لەمەیانی نێو دەولەتاندا دەور بگێڕێ ٠٠ ئەمانەوێ ولاتێکی بێلایەن بێ ٠٠ بەلام بەو واتایەی کەلایەنی جەماوەر بگرێ دژی چەوسێنەرانی ٠٠ لایەنی هێزی هەق بگرێ دژی هێزی ناهەق ٠٠٠

بڕوانە : ل ـ١٠ـ

میر فهد کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی بەست

شەوی ١١ـ٦ خاوەن شکۆ میر فهد عبدالعزیز جێ نشینی ولاتی عەرەبی سعودی یەو یەکەم جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیری ناوخۆ لەکۆشکی بەغدا کۆنگرەیەکی رۆژنامە نووسی گرت تیایدا باسی چەند مەسەلەیەکی گرنگی کردو وتی: وتووێژەکانمان لەگەڵ بەرێز سەرکۆمارو بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئیجابی بوون و باسی مەسەلە ناوکۆیی یەکانی نێوان هەردوو ولاتی برامان کرد ٠

هەروەها وتی : داوامان لەبەرێز صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کرد کە سەر لە سعودیە بدات و هەردوو لامان وتووێژی برایانەی نێوان هەردوو ولات تەواو بکەین ٠ وە دەربارەی باری ناوچەی خلیجی عەرەب وتی بەتێکرایی خلیجی عەرەب پشت بە ولاتی خلیجی عەرەب ئەبەستیو بەباوەڕی من هەلیکی وا هاتۆتە پێشەوە کە ئەم ولاتانە رێککەون بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندی یان بکات ٠ وە سەبارەت بە فەلەستین وتی : ئێمە تەنیا داوای مافی خۆمان ئەکەین ، مافی گەلی فەلەستین کە شوێنێکی زۆرگرنگی لە دەرونی هەموو عەرەبێکدا هەیە ٠

ئا٠د٠ع

رێکخراوی ئۆپیك و گرانکردنی نەوت

لیبەرڤیل : ١١ـ٦ ئاژانسەکان : لەبەیاننامەیەکدا کە لە کۆتایی کۆبونەوەکانی رێکخراوی ئوپیك لە گابون بلاوکرایەوە راگەیەنرا کە بڕیاردراوە تاوەکو سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ئاینده هیچ بڕیارێك دەربارەی گرانکردنی نەوت نەدرێت ٠

هەروەها رێکخراوی ئۆپیك داواکاری ئاژانسی وزەی دەولەتانی داوەتەوەو بڕیاریداوە کە وتووێژی لەگەلا نەکات سەبارەت بە گیروگرفتی وزە ٠٠ ئاگاداران وایان بلاوکردەوە کە زوربەی ئەندامانی رێکخراوەکە قایل لەبوون بەوەی کە وتووێژ لەگەڵ ئەو دەزگایەدا بکەن کەلەژێر دەسەلاتی ئەمەریکادایە ٠٠ ئەوەی شایانی باسە ئەو ئاژانسە لە ١٥ی تشرینی دووەمی سالی ١٩٧٤ دامەزراو لە ١٨ دەولەت پێك هاتووە

× ×

بەپێی راپۆرتێکی بەرەی گەلی رزگاریخوازی عوممان لە رووداوی هەلتەکاندنی قەلای (المیرانی) لە ٢٥ی مانگی رابوردوودا نزیکەی ١٠٠ سەربازو ئەفسەری بێگانە لەناوچوون٠ وە بەپێی بەیاننامەیەکی تری بەرە کە رۆژی ١١ـ٦ بلاوکرایەوە ، شورشگێران لە ناوچەی (زخار) و (عقبتان) لە شیخ نشینی عوممان لەدوو هێرشدا ١٢ سەربازی دوژمنیان لەناوبردوە ٠

لەلایەکی ترەوە رۆژی چوارشەممەی رابوردوو لە میهرەجانێکی جەماهیریدا لەعەدەن بەرێز عبدالفتاح اسماعیل سکرتیری گشتی سیاسی بەرەی نەتەوەیی لەیەمەنی دیموکرات هێرشێکی توندی بردە سەر رژیمی بەکرێ گیراوی عوممان ٠٠ کاك اسماعیل وتی :

ئەم رژیمە بەکرێ گیراوە بەکۆمەکی دەزگا جاسوسی یەکانی بێگانە دەستی کردوە بە تۆقاندنی گەلی عوممان و بەدڕندەترین شێوە هەولی کوژاندنەوەی شۆڕشی گەلی عوممان ئەدات ٠

ئاژانسەکان

وەزیری راگەیاندن لە یۆگۆسلاڤیایە

بێلگراد : هەفتەی رابوردوو مامۆستا طارق عزیز وەزیری راگەیاندن بەسەردان بۆ یۆگۆسلاڤیا چوو ، وە لەو سەردانەیدا نامەیەکی بەرێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشی بە سەرۆک وەزیرانی یۆگۆسلاڤیا ئەدات ٠٠

وەرۆژی ١١ـ٦ بەرێز وەزیری راگەیاندن لە بێلگراد لەگەل لێپرسراوانی رێکخراوی کۆمۆنیستەکانی یوگوسلاڤیاو کاربەدەستانی تردا دەربارەی پتەوکردنی هاوکاری نێوان هەردوو ولاتی دۆست وتووێژی کرد ، وە دوای ئەمە سەری لە بارەگای ئاژانسی دەنگوباسی یوگوسلاڤیا (تانیوگ) داو لەگەل کاربەدەستانیدا دەربارەی هاوکاری نێوان ئەم ئاژانسەو (ئا٠د٠ع) وتووێژی کرد ٠

ئا٠د٠ع

سلاو لەجەژنی رۆژنامەگەری عیراق

رۆژی یەکشەممەی ئاینده ١٥ـ٦ یادی دەرچوونی یەکەم رۆژنامەی عیراقە ، رۆژنامەی (الزوراء) کە لەسەردەمی حوکمی عوسمانیدا لەلایەن مەدحەت پاشاوە لەبەغدا دەرکرا ٠

الزوراء بەپێی ئەو بارو زروفەی تیایدا سەری هەلداو هاتەکایەوەو ئەو توانا مادیو تەکنیکی یەی ئەو سەردەمە لەبەردەستدا بوون دەورێکی گرنگی گێرا لەدانانی بەردی بناغەی رۆژنامەگەری عیراق کەئیمرۆکە لەسایەی حوکمی نیشتمانی بەسەرکردایەتی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب پەرەی سەندووەو هەنگاوی گەورەی بەرەو پێشەوە ناوەو دەرگایەکی پانو بەرینی لەبەردەم پەرەسەندنی فراوانتری پاشەرۆژیدا کێشاوە ٠٠ هەروەها لەسایەی حوکمی نیشتمانی یەوە رۆژنامەو گۆڤاری کوردی لەدۆخێکی لەبارو باشدا دەرئەچن و چالاکانە بەشداری ئەکەن لەگەشە پێکردنی ئەدەب و روشنبیری کوردیو دانانی بنچینەی رۆژنامەگەری یەکی هاوچەرخی کوردی کەخزمەتی سامانی نەتەوەییو کەلەپورو بیرو روشنبیریو ئەدەبی کوردیمان بکات٠٠ سلاو لەیادی رۆژنامەگەری عیراق و سلاو لەگیانی ئەو سەربازە نەناسراوانەی لە مەیان و جیهانی رۆژنامەگەریدا ژیانیان کرد بەمۆم و لەپێناو پاشەرۆژێکی باشتردا بۆ گەلی عیراق سوتان ٠

دەربارەی برایەتی کوردو عەرەب

غفور میرزا کریم

جولانەوەی نیشتمانی گەلی کورد وەکو هەموو جوولانەوەیەکی نیشتمانی تری گـەلانی خەبات کەری ئەم جیهـانە ، بەپێی پێویستی رۆژگـاروئەرکی مێژوویی هاتۆتە سـەر شانۆی ژیانو لە چوار چێوەی یاسایەکی کۆمەڵایەتی تایبەتیدا دێتو دەچێت ، لە گۆرانێـکی فراواندایە لە ناو گێـرەو کێشەی باری ناقۆلاو چەوتـی کۆمەڵدا ، شەقڵو قـەوارەی تەواوی خۆی دائەرێـژێ ٠٠ بگرە هەر وەکو ئاوێنەیەکـی روونە کـــە ئاواتی بەرزو ئامانجی پیرۆزی گەلی تیـــا دەرئەکەوێ ٠

بەم چەشنە ئەم جوولانەوەیە ئەوە لێبدا کە ئەم جولانـەوە وەکو گشت شتێکی ئـــەم نیشتمانیە کە مەند بەنـدی جیهانە پانو بەرینە سەرەتای ئەوەو بەپێی داوو تەلیسمـی لەدایك بوونی هەیەو بە پلەو ئەو ئەجولێتەوە ٠ بەمانایەکی قۆناخی خۆیدا هەنگاو ئەنـێ تر جولانەوەی گەلی کـورد تا ئەگاتە لووتکەی بـەرزی ٠ پێویستیەکی مێژوویـــنو بۆیە ئەتوانین بە هەمـــوو حەتمییەو لەئەنجامی ئارەزووی دلنیاییەکەوە بڵێین کـــە کۆمەلانی خەلـــکی نەتەوەی جولانەوەی نیشتمانی گــەلی کوردو کێشەی کۆمەڵایەتیـدا کورد لەناخـــی دڵو دەرونو هاتوتە کایەوە ٠

هەستو بیری هەموو ئـــەم بەکورتی پێویستیەکـانی گەلەوە هاتۆتە کایەوە ٠٠ لـە گەلی کوردو گیرو گرفتـــی قولایی هەموو پیویستیەکـانی کۆمە لایەتیو دوا کەوتن لـــە ئەو خەڵکەوە پەیدا بـووە ٠ کاروانی شارســـتانیەتیو وێنەو روخســــاری دەردو ئابووریو ژێردەستیو زەبـرو چەرمەسەریو تاڵیو سـوێریو زەنگی ئیمپریالیزمو کۆنــە هەژاریو برسیەتیو کلـــۆلی پەرستی ئەم جولانــــەوەی گەلە ٠٠ وە هەمیشە زبـــانی هێناوەتە دی ٠ وە گەلی کـورد حـــاڵو نوێنەری راســـتو بەتاقی کردنەوەیەکی تـــەواو ئاواتو ئامانجی ئەو گــــەلە بۆی ساخ بۆتەوە کە بەتەنهاو ئەنوێنێ ٠ بۆیـــــە جێگــای بەیەك لاوە بێ پشتو پەنـــا خۆیەتی ئەگەر بەراستیو بێ بەستن بەدۆستو دڵسۆزەکانی پەردە بڵێین کە هیچ کـــۆڕو لەوزەییدانی یەبەرامبـــەر بە کومەڵێکی تایبەتی ناتوانێـــت پیلانە گڵاوەکانی ئیمپریالیـزم بەتاقی تەنیا شانازی بکـات ٠ بووەستیو بەربەرەکانی بکات٠ یان لافو گەزاف لێبـــدا ٠٠ هەرگیز ناتوانێت ســــەر کە هەرتەنیا خۆی وەسـتای بەدوژمنەکانی دانەوێنـــێو دروست کەری ئەم جولانـــەوە سەرکەوتنو ئاواتەکانی بەدی یەیە وەهیچ سەرۆکی هــۆزو بهێنێ ٠٠ بۆیە کا شۆڕشەکانی تیرەیەکی تایبەتی نابێت لافـی شێخ سەعیدی پیران لەتورکیاو

بزوتنەوەکانی شێخ مەحمودی نەمر لە عیراق بونەتە عیبرەتو بەڵگەو بوونەتە مەڵبەنـــدی بەراوردکردنی بۆ گەلی کورد٠

سەر نانەوەو ژێر کەوتنی ئەم راپەڕینانە بە جـاری هەرەسی بەبیرو بـــاوەڕی گەلی کورد هێنا ٠

بۆیە ئاشکرا بوو کـــە ئیمپریالیزمو دامو دەزگـــای

پاشایەتی گۆڕ بەگژی عیراق گەلی بەتوانایەو بەتەنها کورد لە وزەو توانایدا نەبـــووە ئەو مێردەزمە ناقۆلایە بـــدا بەزدویدا ٠٠ جگە لەمە بـۆ میللەتی کورد دەرکەوت کـــە بەتەنیا کورد لەعیـــراقا چەوساوەو ژێر دەســـتەی کڵۆل نییە ٠

هەر گەلی کورد نییە کـــە بنالێنێ لەژێـــر چنگـــی ئیمپریالزمو نۆکەرانی بۆیـــە دەستی خستە دەستی گـــەلی

عەرەبەوەو پێکەوە ئـــاڵای بەرزی یەکێتیو تێکۆشانێکی سەختیان هەڵکرد ٠٠ هەر دوو لا کور کـــوژراو جەرگ سووتاو ٠٠ بێ زەویو زارو٠٠ نەخوێندوارو بێ مـــاف لە هەموو شتێك وەهــەر دوو لا دامو دەزگایەکی کۆنە پەرست ئەیان چەوسێنیتەوە ئەیــان کات بەگژیەکداو کوردو عەرەب

بەکوشت ئەدا ٠٠ تاوەکـــو ئیمپریالیزم بتوانێت بۆ خۆیو ئاغای بێتو خۆێنی هەمـــوو گەلی عیراق بمژێ ٠٠

واتە بەقوربانیەکـــی زۆر روون بووە وەکە پێویســـتە لەگەڵ گەلی عەرەبدا بێـــتو هاوبەشی خەبات کردنی بکاتو بۆ لە ناو بردنی کۆنـــە پەرستو سەرپان کردنـــەوەی ئیمپریالیزم بجەنگێ ٠ شەڕی بەردە قارەمـــان لەگەڵ گورگەو سیکو سوجەرە

کانی ئینگلیز خوێن رشـــتن خۆ بەخت کردنی رۆڵەکـــانی لە هەموو لایەکی کوردستانەوە راپەریونو راست بونــەتەوەو بەگژا چوونی ئینگلیـــز لە ـ گویان ، زاخۆ ـ ئامیدی ـ لە هەموو چیاو قەد پاڵەکانی٠ بۆی دەرکەوت کە ئەم هـــەموو هەوڵو کۆششە ٠٠ جێگـــای خۆی ناگرێتو هیچی لـــێ سەوز نابێت ٠٠ هەر ئەبێتـــە دەست مایەی خـەباتی دوورو درێژی گەل ئەو راستیەی بـــۆ ســــاخ بۆتـــەوە کــــە پێویستە ببێتە سەر رێگایەکی تری تێکۆشان ٠٠ بەچەشنێکی تر بێتە کۆڕی مەیدانی خەبات وەپێویستە دەست بخاتە نـــاو دەستی برا عەرەبەکانیانـــەوەو تێ کۆشانی خۆیوپەرەپێدانی ٠ لەگەڵ تێکۆشانی گەلی عەرەبدا ٠٠ بەرەیەکی یەکگرتـــووی توندو تۆل ببەستنو پەیمانێکی دوو قۆڵی ٠٠ خەبات کـــردن٠ بە خوێنو دلســـــۆزی مۆر بکەن تابتوانن پێکـــەوە ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستانی عیراق بدەن بەزەویداو خۆیان رزگار بکەن لە چنگیان ٠٠ بەم چەشنە دروشمی برایـــەتی کوردو عەرەب ئالای بـــەرزی تێکۆشانی پتەوی هـــەردوو لا وەك نەخشی بـــەرد لەدڵو دەروونی رۆڵەکانی عـــەرەبو رۆڵەکانی کوردا ٠ بچەسپێ، دیارە نابێت ئەوە شمان لەیاد بچێ کە رۆڵە رۆشنبیرەکانی

ئەو کۆڕو کۆمەلانە گـــەلی عیراقیش کە لە ناو جەرگـەی خەلقی زەحمەت کێشەوە هـەڵ قوڵاونو دەستێکی بـــاڵاو کارێکی هەرە باشیان گێراوە لەدانانی بەردی بناغەی ئـــەم کۆشکی بەرزی تێکۆشـــانو برایەتیەدا ٠ بۆیەکا نابێـــت ئەوەمان لەیاد بچێت کــــە رۆشنبیرانی کورد لەساڵەکانی (٣٠)دا نامیلکەیەکیان بـــڵاو کردەوە « بەناوی برایـــەتی کوردو عەرەبەوە » کە ئەمـــە بەراستی هەڵ شاخینێك بـــوو بەرووی ئەو بیرو بـــاوەرە تەسکانەدا کە هـــەبوون وە کەرەسەیەکی فرەباش بـــوو ، بۆ دروست کردنی قـــەڵای بەرزی ئەم یەکێتییە ئیتر لـــە ساڵەکانی سییەکانەوە هـــەر دوو لا واتە هەردوو گـــەل کەوتنە کنە کردن بۆ یـــەك گرتن ٠ بۆ رێك خســـــتنی تێکۆشانیان بەرامبەر بـــە دوژمن ٠ ئەوە بەیەکێتـــــی تێکۆشـــانی هەردو لا و بەقوربانی دانو خۆ بەخـــت کردنی هەردوو لا پەیمـــانی چەپەڵی (پۆس مۆس) هـــەڵ وەشایەوە ٠٠ وەعیراق سەرتاپا بوو بە پشکۆ ئاگرێك لەبەردەم ئینگلیزو کاربەدەستەکانیا ٠وە دروشمی (لەسەر بـــەردی بناغەی تێکۆشانی کوردو عەرەب پیلانو نەخشەکانی ئیمپریالیزم ووردو خاش ئەکرێت) خـــۆی گرت ٠٠ بەم چەشنە ئـــەم یەکێتیەو تێکۆشانە لە هەموو بزوتنەوەیەکی گشتی جەماوە ریدا خۆی نواندو بێ جیاوازی رۆڵەکانی گەل پێکەوە هاتنـــە کۆڕی خەباتو خـــۆ بەخـــت کردن ٠

بڕوانە : ل ـ٩ـ

بێ کاری تەنگی بە ئەمەریکا هەڵچنیوە

ـ ژود دویچە تسایتونگ ـ

شەڕی ڤیێتنام زۆر بەرو بووی خراپی بۆ ئەمریکا بەدی هێنا کە لە هەموویان گرنگتر زۆربوونی ژمارەی بێ کارانە ٠ پەنجاو پێنج هەزار سەربازی ئەمریکایی لـەشەڕی ڤیێتنــــامدا کوژران ، شەڕێك کە هێشتا ناوەرۆکـەکەی بۆ ئەو سەربازانەی لـــە کوژرانیش رزگاریان بووە روون نەبۆتەوە ٠ ئێستا پتر لـــە ٨ میلیون ئەمـریـکایی بێ کارن ٠رادەی ئەو بێ کارییە لـەم دوو ساڵانەدا رۆژ بە رۆژ زیـــادی کردوە ٠ لە مانگی ئابی ١٩٧٤دا ٥ر٤٪ ، لـــە شوباتی ١٩٧٥دا ٨ر٢١٪ بووەو لە مارسی ١٩٧٥دا گەیوەتە ٩٪ ٠

بەگوێرەی ســــەرژمێریو بەسەرکردنەوەی سەرانسەریی دەرکەوتووە کە لە هەر ٤ کـەس ئەمریکایی ٣ کەسیان ، نەك هەر لەبەر گیـــرو گرفتەکانی ئەمریکاو جیهان دوای شـــەڕی ڤیێتنام ، بەڵکو لەبەر تەنـــگـوچەڵەمەی ئابووری کە شــەڕی ڤیێتنام بەدی هیناون ،چاوەڕوانی پاشـــــە رۆژێکی تاریكو ناهومێدانە دەکەن ٠٠ زووربـەی خەڵکی ئەمریکا کارو کەسـبی خۆیان لە مەترسیدا دەبینـن ٠وا دێتە بەرچاو کە لە مێژووی ٣٠٠ ساڵەی ئەمریکادا شێواو یەکی ئاوا تووشی خەڵکـــی ئەمریکا نەبووە ٠

دوکتور (ئیستیفان لانداو)پسیکۆلۆکی زانســـــتگای « میشیگان » چاودێری بـ سەرمارەی ئەو بێ کارانەدا کردوە لە زۆر نـ سەر لـ دەزمـ نگای ئەو زانستگایە دەدەن ٠ دوکتور لانداو دەڵی بەشی زۆری ئـەو بێ کارانە تووشی دوودڵیو بێ باوەڕی بوونو بیر لـ خۆکوشتن دەکەنەوە ، ژمارەی ئـــــەو کەسانەش رۆژبە رۆژ زیـــاد دەکا ٠

گرو دەستی دیرەیەکی کـ رزینەوە لە کالیفۆرنیا کــــە وتووێژێکی زۆری لەگــــەڵ بێ کاران کردوە دەڵێ : بێ کار- بوون بەمانای لە دەســـت دانی ئیمانێکە کە زۆرمان خـــۆش دەوێ ٠

ئاوسـان (تورم)و بێ کاری ئۆرانێکی ئەوتۆی لە دۆخـــی ئەمریکادا پێك هێناوە کـــە بەهیچ جۆر لەگەڵ ژیانی خەڵکی ئەمریکادا رێك ناکەوێ٠ خەڵکی ئەمریکا لە ترسی پاشەرۆژێکـی نادیار لە هەموو کاتێك زیاتر پاشەکەوت دەکەن ٠ ئەو پاشە- کەوتە لـــــە ساڵی ١٩٤٥ وەتائێستا بێوێنە بووە٠ وەزارەتی بازرگانی لە واشینگتون رایگەیاند کــە کرێکارانی ئەمریکایی لە مەزیەك ،١٠٪ی داهـــاتیخۆیان پاشەکەوت دەکـــەن ٠ کرێکاران بەپەلە قەرزەکانیـــاندەدەنەوەو لــــە خەرج کردنی پارەدا زۆر پارێز دەکــــەن ٠ماوەیەکە کرینی بە دەستەچنەکیش لە بیرچۆتەوە ٠

خەڵکی ئەمریکا ئێستا زۆردەست پێوەدەگرن ٠ ســــەر- ژمێری لە ٣ شـــاری گەورەدادەری خستوە کە خەڵك لـــە مەسرەفی کەرستەی ئینیرژی دا- وزە ـ ، لـــــە سەردەمی گیروگرفتی ئینیرژیو نەچوونی نەوتیش پتر دەست پێـــــوە دەگرن ٠ خەڵك لـــــە سەرخۆو ئۆتومبیل لێ دەخورنو بەتەمای ئاڵو گۆڕ کردنیش نین ٠

خاوەنی شەریکەیەکی گەورەی ئۆتومبیل دەڵێ : ئێمـــە جاران چاوەڕوانیمان دەکرد بەهـــاردابێو کریاری مودیلی تازەی ئوتومبیـــــل زۆربن ٠ بەڵام ماوەیەکە سەری ئەوێنی کریـــار دیار نیە ٠

شەریکەیەك بۆ پروپاگاندەو کریار پەیدا کردن ، چوار رۆژ بەخۆڕایی لە ئوتیلەکانی فلۆریدامیوانداری لە کریاران کـــرد ٠ کارناسانی دەوڵەتیو کـــەرتی تایبەتیو دەزگاکانی پێوەندی گشتی ، چاوەدێری ئەو ئـاڵوگۆڕە دەکەن کە لە نێو کۆمەڵی ئەمریکادا بڵاو دەبێتـــــەوە ٠ســـەرژمێری تایبـــــەتی دەری خستوە کە یارمەتی خەڵکـــی ئەمریکا بە نەداران ٧٠٪ کەمی کردوە ٠ ماوەیەکە دوکانـــەکانی کۆنە فرۆشی بێ کریار بوون ٠ بەڵام کریاری کتێـــب فرۆشییەکان زۆرتر بوون ٠ بە قسەی « لاری مولومی » کە کاربەدەستی کتێبخانەیەکی گـــەورەی واشنگتۆنە ، فرۆشی کـــــەو نتێبانەی باسی گیروگـرفتی ئابووری دنیا دەکەنو کـــەو نتێبانەی لەبارەی ئابوورییەوە زۆر زیادی کردوە ٠

یەکەتییەکانی کرێـ کاری لەترســـی دوو پاتەبوونەوەی رووداوی « هـ ینـــی رەش »ی ساڵی ١٩٢٩ ، هاتوونە سـەر ئەوە کە لە داوای زیادکـــردنی کرێی رۆژانەدا پتـر پرد بنەوە ٠ بەشێکی زۆر لـــــەکرێکاران بۆ وەی کارەکەیـــان لەکیس نەچێ ، ملیان بۆ کـەم بوونەوەی کرێی رۆژانـــــە راکێشاوە ٠ لە « پێنسیلڤانیا »ی رۆژئاوا ولە « ئۆهایۆ » هەزاران ئەندازیاری شەریکەیەکی گەورە ئامادەیی خۆیان بۆ وەرگـــرتنی رۆژانەی کەمتر راگەیاندوە ٠ لە« نیواگلە ندی » هەرێمـــــی « کانێکتیکت » نیویێك لـــــە کاربەدەستی ئیدارەکان لــــە هەفتەدا چوار رۆژ کار دەکەن ٠ بیستو پێنج هەزار کرێکار لە شیکاگۆ بۆیان دەرکەوتووە کـــەلـــە دوازدە مانگی داهاتوودا کرێیان زیاد نابێ ٠

خەڵکی بێ کار بەدوای پەیـداکردنی کاردا ماڵو قۆناخــــی خۆیان بەجێ دێڵن ٠ تەنیا لـەچەنـــد مانگەی دوایی دا ١٠٠ هەزار ماڵ هەرێمی «کارولیناي»خواروو و سەروویان بەجـــێ هێشتوە ٠ ئەوان بەرەو ناوچەکانی نەوتی تەگزاسو میســـــی سیپی رۆژئاوا دەچن تا لـەوێ بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە ٠

ـ سەعید ئامادەی کردوە ـ

شەڕی ڤیێتنام چی بەسەر ئەمەریکا هێناوە

دیڤید هالبرستام

ئەوە چەند ساڵە ئەمریـــکاتووشی نەگبەتیو ئابروو چوون بووە ٠ لەپێشدا واتە گێـــتو،پاشان روژبەرۆژ تێك شـکانی حکوومەتی ڤیێتنـــامی خواروو ،یانی دەوڵەتێك کە ئەمریکا بـۆ راگرتنی ئەو زیاتر لـــە ١٥٠ میلیارد دۆلارو ژیـــانی ٥٦٠٠٠ ئەمریکایی فیدا کرد ٠ هەمـــوو ئەو زەحمەتە بەخـۆڕایی بوو ٠ تەلەفزیۆن بەردەوام کشانەوەی هێزەکانی لە شارەکانی ڤیێتنـــام نیشان دەدا ٠

پاشان رووکرایە ئەو نەخۆشخانە ئەمریکا بیانە کـــە برینـدارەکانی شـــەڕیان لێ کەوتبـــوون ٠ پەیامنێرەکان لەگـــەڵ چەنـــد کەســـی دەستو قاچ پەڕیوو تووێژیان دەکرد کە لـــە شەڕی ئەو شارانەدا بریندار ببوون ٠ دوا هامی کارەساتەکانی ڤیێتنـــام بەوەندە خێرابوو کە ئۆزقانێك ئابڕووی بـــۆ ســـایگۆن نەهێشتەوە ٠

لەسەرەتای پەلاماری ڤیێتنامی زەوروودواو تەوێـــژەکانی بەنتاگۆن بەهێزە چەکدارەکانی سایگۆنیان هەڵا دەگوت کـــە ورەیان لەشـــەڕدا زۆر بەرزە ٠ پاش چەند رۆژ کە وەزعـ کـــە بەلای تێ شکان د ئـــــۆڕا ، بەنتاگۆنیش هـــەلای زای تۆڕا ٠ ئەمجار کونگرێ ئاونیاز بوو کـــــە عەزمی سایگۆی بەئەدانی چەند سەد میلیـــۆن دۆلارێك تێك شـــکاندوە ٠ بـەڵام خۆش ئەوە بوو هـــەر ئەودەم کە ئەفسەرەکان بـــەو قسانە باوەڕیان دەکرد بیروڕای گشتی ئەمریکا گاڵتـــــەی بێ دەهات ٠ دیارە خەڵك زیرەك تربوو و رابەرەکان خـــۆش باوەڕتر ٠

ئەوانەی « ئاشـــتی ئابڕوو مەندانە »یان بۆ ڤیێتنام دەویست دەربارەی پاشە رۆژی ڤیێتنـــامی خوارو هەرگیـــــر تووشی

خۆخەڵەتاندن نەبوون ٠ ئـــەوە هەمیشە شکانێکی نهێنی بوو : دە ساڵ پێشتر کـــە ئەمریکا ئاگری شەڕی خۆش کرد ، تەنیا سێ چوار هەزار کەس لـــــە هێزەکانی ڤیێتنامی ژووروو لــە ڤیێتنامی خـــواروو بوون ، پاش پێنج ساڵ شەڕی دژوار دەزگای سوپایی ئەمریکا بەتەواوی سندم کراو هەڵو مەرجی تەقـــــە وەستاندن مەودای بە ١٧٥٠٠٠ سەربازی ڤیێتنامی ژووروودا کە لە خوارو بمێننەوە ٠

حکوومەتی نیکســـــۆن بەزیرەکی سەرنجی خەڵکی لەو ڕاستیە هەڵە کردو رووی بێ لە مەسەلەی دیلەکانی شەڕ کرد ٠ پاشـــــان گەڕانەوەی دیلەکانی شەڕ بەسەر کەوتنێك دانرا ٠ راستیەکەی ئەوە بوو کە ئێمە لەبەر ئەوەی نەماندەتوانی لە شەڕدا سەرکەوین شەڕە- کەمان دۆڕاندبوو ، ســـــوپای بەکرێ گیراوی ڤیێتنـــــامی خوارووش نەیدەتوانی پێشـــی سوپای شورشگێری گـــــەلی ڤیێتنام بگرێ کە لە ١٩٤٦ تـــا ١٩٥٤ فەرەنسەییەکانو لـــــە ١٩٦١ تا ١٩٦٤ سوپای ڤیێتنامی خوارووی تێك شکاندبوو ، وله ١٩٦٥ تا ١٩٦٩ ش ئەمریکای سندم کردبوو ٠

بەڵام ئەوانـــــەی رێك کەوتنەکەیان پێك هێنا کاریان بەو قسانە نەبوو ، ئەوان زیاتر

مەبەستیان ئابرووی چـــوون بوو ، دەیانەویست سـایگۆن لە ئابڕوو چـــوون رزگار بکەن ، بۆ ئەوەی ئابڕۆی واشـــنگتۆن نەچێ ٠ لەکاتێکدا ڤان تیـــو هەر لەسەرکار بوو ، ســـــەیر ئەوەیە ١٥ ســـاڵ پشتیوانیو یارمەتی ئەمریکا هیچ شـــتێکی نەگۆڕی ٠ وەزعی ساڵی ١٩٦٠ تا چەند رۆژ پێش ئێستا هەر وەك خـــۆی بوو : [illegible] دەرەبەگایەتی کــــە پاشماوەی رابردوو بووو لــــە دەورانی شەڕی ئیستیعماری دا لایەنگری فەرەنسە بوو ٠

ئەگەر لـــە هەوەڵ رۆژەکانی خـــۆش کـــــردنی ئاگـــری شـــەڕدا کە سێك بەســــەر کردە سوپاییەکانی ئەمریکای گوتبایە کاکـــــە فەرەنسەییەکان شەڕی ڤیێتنامیان کـــــرد و دۆڕاندیان ، توورە دەبوون وەوایان نیشان دەدا کە فەرەنسەییەکان هەر نەتەوەیەکی تێك شکاون ، زۆریان شەراب خواردۆتەوە و زۆر شەڕریـــــان دۆڕانـــــدوە ٠ بەڵام ئەمریکا وڵاتێکە کە مانای شکان نازانێ ٠ ئاخر ئەمریـــکا مانای شەڕیشی نەدەزانی ، دوو ئۆقیانووســـی گەورە ئەمریکایان لە شـــەڕی واقیعی پاراست ، بەڵام ڤیێتنام شتێکی تربوو ٠ لەپێشدا شەڕی تەلەفزیۆنو شەڕی ژووری خەو بوو ، هەر چەند وێرانی فیزیکی نەگەیاندە ئەمریکا بەڵام ئـــــەو وێرانیەی دەرخست ٠

رۆژ بەرۆژ تەلەفزیون زیـــاتر راستی کارەساتی دەرخست : بەهێز ترین میللەتی دنیا هێزی سامناکی تیکنۆلۆژی خـــۆی بەسەر کۆمەڵێکـــی لادێیی دا هەڵرشت کە لەوێدا نەدەکــــرا

دوژمن وخەلکی بێ تاوان لێك هەڵاوێری ٠

ئەوە شەڕێك بوو کە خەڵکی ئەمریکا هەرگیز پشتیوانی لێ نەکردو بەپێچەوانە بەرەبەرە لە دژی ڕاپەڕی ٠ ئەو شـــــەڕە ئەفسانەکانی ئەمریکای لــــە بەرێك هەڵوەشاند ٠ ئێستا هیچ خەبەر نەبوون کـــــە پەیامنێرێکی ئەمەریکی لەگەڵ تفەنگدارەکانی ئەمریکا کەوتـــــە ریگا ، بەڵام لەناکاو کامیراکەی وێنەی سەربازەکانی ئەمریکای گرت کە لەگەڵ ژنو وەمنداڵ بە دەرەفتاری دەکەنو خانووچکەی خەڵکی لادێ دەسووتێنن ٠ئەو کــــــردەوە بەراوەژووبوونی ئەفســــانەی ئەمریکابوو ٠ ئەفسانەی رۆژئاوا ئەمریـــــکا- ییەکان بە پارێزەری ژنو منداڵ نیشان دەدا ٠

ئەو کردەوە ناشـــیرینە بیروڕای میلیو نەها خەڵکــــی ئەمریکای لەبارەی شــــەڕەوە گـــۆڕی ٠ ئەوەش کردەوەیەك بوو کە بەسەدان جۆر دووپـــاتە کرایەوە ٠ لە ڕابردوودا خەڵکی ئەمریکا پێی وابوو سەربازە- کانیان لە شەڕدا چکۆلیـــــان دەبەشنەوە ، کەچی ئێســـتا دەبینن دەستیان بە کوشـــتار کردوە ٠ شەڕی ڤیێتنام هەمووی ئەو جۆرە بیـــر کردنەوانەی گۆڕی ٠٠

سەیر ئەوە بوو بیـــرو ڕای گشتی باشتر لە رابەرەکان لـــە کارەساتەکان تێ دەگەیشـــت ٠ شەڕی ڤیێتنام شـــتیک نەبوو بیرو ڕای گشتی ئەمریکا حەزی لێ بکا ٠ بەڵکە بەزۆر بەسەری

بڕوانە : ل ـ٩ـ

لەسەر وتارەکەی بەرێز سەدام حوسێن
لە کۆبوونەوەی لیژنەکـــانی بەرەی نیشتمانیدا

تێکۆشانێکی لەرادەبەدەر پێویستە بۆ بەرەبەرەکانی هێزەکانی دژی شۆڕش

ـ حسن طوالبە ـ

پاش ئەو هەموو تێشکانەی کە لە ساڵی ١٩٧٤و نیوەی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥دا تووشی ئیمپریالیزم بووەو لەپاش ئەوەی لە پورتوگالو خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا دەرکراو دوای ئەوەی تاقمە بەکرێگیراوەکـــەی لە ژووروی نیشـــتمان دا لەناوچوو ٠٠ دەتوانین بڵێین کەویستی گەلان سەرکەوت ٠

سەرکەوتنی شۆڕشــــە قارەمانەکەمان و هێزە نیشتمانیو نەتەوایەتیەکانی بەسەر تاقمی بەکرێگیراودا سەرکەوتنی هەموو گەلانی جیهـــان بوو ، هەروەك سەرکەوتنی گــــەلانی خوارووی رۆژهـــەڵاتی ئاسیا سەرکەوتنی هەموو شۆڕشگێرانی جیهان بوو ٠

ئەوە قسەی بەرێز سەدام حوسێن جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشە کە گوتی :

«سەرکەوتنی ویستی شۆڕش٠٠ ویستی هەمووی ئێوە ٠٠ بەسەر تاقمی بەکرێگیراودا بەســـەرکەوتنی شۆڕشی جیهانی لە هەموو جێگایەك دا دەنرێ » ٠

ئیمپریالیزم کاتێك لە خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیاو لە پورتوگال و لە ژووروی وڵاتەکەماندا شکاوە ، دەبێ نەختێك ورەی نۆکەرو بەکرێگیراوەکانی لە دنیادا بەرز بکاتەوە ٠ کاتێك تووشی ئەوشکانە دەبی بەتایبەتی لە وڵاتەکەمان دا کە لەناوەڕاستی مەڵبەندی نەوتەڵانی ئەم جیهانەدا هەڵکەوتوە ، دەبێ نەخشەیەکی تازە ئامادەبکا ٠ بەرێز سەدام حوسێن رێگای ئامادەکردنی ئەونەخشـە ئیمپریالیستییەی دەست نیشان کردو گوتی : « دەبێ نەخشەیەکی تازە ئامادەبکا چ بەخۆتێ خزانـدن بێ وچ بە بەرەنگا ربوونی را ستەوخۆ » ٠

ئەگەر شکانی ئیمپریالیزم لەوشوێنانەی باسمان کردن وەدڵی کەوتبێ ، دیارە شکانی لەم مەڵبـــەندە داوەرەگی پشت ئەستۆی (النخاع الشوکي) دەکەوێ هەروەك بەرێز سەدام حوسێن گوتی ٠ چونکە ئـــەم مەڵبەندە سووتەمەنی رەوڕەوەی عەسکەری وپیشەسازی ئیمپریالیزم دابین دەکا ٠ جا بۆ ئەوەی رەوڕەوەکە لەکار نەکەوێ وبۆ ئەوەی نەخشەکانی ئیمپریالیزم جێ بـــەجێ بکرێن بەشی زۆری هەوڵو تەقەلای خۆی هەربۆ ئـــەم

بڕوانە : ل ـ٩ـ

Institut kurde de Paris

دەرچوون لە بەهەشت

- چیرۆکێکی زۆر کورت -

« ئەگەر ئادەم بە زۆر لە بەهەشت دەرکرا .. ئێوە خۆتان .. »

نووسینی : فوئاد کریم

- ١ -

هەنگاوی یەکەم :

« شالیار » لەژێر سێبەری دار گوێزێکی بەساڵا چوودا پاڵ کەوتبوو .. تەڵەسمی خەو لە ژیانی جیاکردبۆوە .. کزە بای بەربەیان باڵای گوڵە گەنمە زەردەکانی ئەشەکاندەوە .. ریشە سپیەکەی ئەویشی ئەبزواند: پرخەی خەوی چوار سەعات ڕێگا ئەچوو . گوێی مردو زیندووی ئەم دنیاو ئەو دنیای ئەزرنگاندەوە .. شەو هات ، شەو چوو . مانگ هەڵات مانگ ئاوا بوو .. کەڵەشێر خوێندی ئەستێرە بە ئاسمانەوە نەما . مەلا بانگی دا .. نوێژ کرا .. جووتیار ، شوان ، گاوان روویان کردە دەشت‌و دەر .. بەڵام ئەو هەر پرخەی ئەهات. هەتاو گەیشتە ناوەڕاستی ئاسمان ، با گەرم بوو ، رەشە با هەڵی کرد ،گەردەلوول .. خەو زیاتر قورس بوو لە چاوی ئەو دا ..

دەنگی یەکەم : ئەمە لاشەی مردوویەکە لەژێر ئەم دارەدا ..

دەنگی دووەم : کوشتەی دەستی ..

دەنگی سێیەم : ئەگەر مردووش نەبێ ، هەر مردووە..

دەنگی چوارەم : بێداری کەمەوە ..

- ٢ -

هەنگاوی دووەم :

قرچەی گەرمای هاوین بەردی ئەتواندەوە ، ئاگرەو ئاگر باران . گیان لەبەر بەدەشتەوە ماوە .. تەنها پرخە پرخی « شالیار » نەبێت‌و نووزە نووزی چوار پیاوی دەربەدەر کراو .. لەژێر ئاسمانی بێ‌هەورا چاوەڕوانی بارانیان ئەکرد . لەخوا ئەپارانەوە . هەرکەسێك لە بن بەردێکدا پاڵ کەوتبوو . بەسەر سوورماتێکەوە چاویان بڕیبووە ، ئاسمان ، رووبار، هەتاو .. شالیار .. پەشیمانی پەشیمانی بە دەستێکی ئاسنین جەرگیانی ئەگوشی .. با لق‌و پۆپی درەختەکەی ئەشەکاندەوە چەند گوێزێك کەوتە خوارەوە . خەڵکی گوندەکە وایان ئەگێرایەوە کە مێردەزمە بەرهەمی ئەم دارە ئەدزێت ! ئەوانەی بە دارەکەوە مابوون هەموویان پووچەڵ بوون ..

یەکێکیان دانیشت ، ویستی « شالیار » بێدار کاتەوە ، بەڵکو ڕێگایان پیشان دات ، بەڵام لەتوانای‌دا نەبوو ئەو ئارەزووە جێبەجێ بکات . دیسان پاڵ کەوتەوە ، کورێکی باڵا بەرز و چوار شانە بوو ، نیشانەی زیرەکی بەناو چاوانیەوە ئاشکرا بوو .. هاتەوە یادی کە چۆن لە گوندەکە دەربەدەر کران ، پیرەژنێکی نەزۆك - دیمەنی لە پیرەژنی فەرهاد کوژ ئەچوو - قیژاندی بەسەریاندا:

- ملتان بشکێن .. ماڵەکەتان وێران کرد ..

- بێدەنگ بە .. ئەگینا بە لێوی ئەم چەقۆیە زمانت ئەبرم ..!

- ٣ -

هەنگاوی سێیەم :

دەنگێکی نهێنی لە ئەودیوی دنیایەکی بێ‌سنوورەوە هات .. وەکوو بروسکە لەگەڵ لێزمەی بارانا ، گزنگی هەتاوا ، ئاواتی مردووەکان .. وەك خەوێکی دوایی نەهاتوو ، بەپێش چاوی « شالیار » دا تێپەڕی .. هەزار باڵدار بەقەد دارەکەوە ئەیان جریواند .. دەنگەکە زیاتر کاری تێ‌کرد ..

- شالیار هەستە ..

- ممم .. ، .. ممم ..

پرخەی نەما ، گیانی بزواند چاوی هەڵهێنا .. پاساری‌یەکان ئەیان جریواند ، کۆترەکان ئەیان گماند .. رەشەبایەکی تیژ ریشی بزواند . هەردوو کونە لووتی پڕ بوولە بای گەرم .. ئیتر نەیتوانی بەردەوام بێت لە نووستن‌دا ..

- من کەی نووستم !

ئەمە کەیە .. ؟؟

- پێش مێژوو .. پێش زاین ..

ئەو شەوەی هاتەوە یاد کە لەدایك‌بوو لەژێر ئەم دارەدا .. شەو دووکەرت بوو ئەم کەوتە خوارەوە ، مێردەزمەکان ویستیان بیخنکێنن ، بەڵام دایکی خۆی بەسەریا کێشا ، لە چنگیان رزگاری کرد ، پێش چەند ساڵ بوو ..؟

- نازانم ئەو رووداوە کەی رووی‌دا ..؟

هیچ ئادەمیزادێکی بە دەوری خۆی‌دا نەبینی ، پرسیاری لێ بکا .. ! دەرخت باڵدار ، رووبار ، هەتاو .. کەس نەبوو وەڵامی بداتەوە ..!

١٨ نیسانی ١٩٧٥

پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی کوردی

مەجید نەدیم

گەرووی شمشاڵی پڕئێشم لەدووری تاقە نازدارێ
ئەخوێنێ ڕازی دڵداری بەیانی تاکو ئێوارێ
نە ئەم بێدەنگ ئەبێ ساتێ ، نەئەو رەحمێ ئەکا جارێ
ئەمان مردم عیلاجێ سا لە رێی پێغەمبەرا چارێ
وصاڵ یا قەتل یا تەسکین لە هەر سێ بۆم بکەن کارێ

ئەگەر نەت بوو دەمی نیازت لە لێوی کەعبە قەت نادەی
ئەبێت یاتاغی دڵ بێشک لەزیندانی خەما راخەی
چیە جیاوازیی ئەم خەڵکەو تەلار ویستن هەتاکوکەی
وەها سووتاوم ئەسڵا تابلی فریادم نەما سادەی
رەفیقان نیوە سووتن نامەرد عەرزە هاوارێ

چ ڕێم پیشان ئەدەن یاران نیە ژینم بەبێ بوونی
ئەگەرچی وا لە بەرچاوی خەیاڵە هاتن‌و چوونی
لەدووریی نیۆنیگای مەست‌و سکاڵاو نازو ئەفسوونی
لەکونجی سینە دەنگی ئای‌و ئۆی دڵ دێ بە مەحزونی
ویران بێ ئەمدی ساتێ لێ نەبێ زڵەی بریندارێ

تەمەن بو دەستی هاوژین‌و کەسێکی بەشی دێی چاکە
بدەن ڕێگام هەتا دەرچم لەناو ئەم [illegible] سامناکە
کەچی هەرچیم ئەدی هەڵپەی فرانی پشتی سەر لاکە
لەژێر باری خەما وا شانی صەبرم ڕشە ئێستاکە
فیراقی یار لەبەر ئاخر شەری ئێم بۆتە سەربارێ

گەلێ نیازو شتی چاکیان بەدیاری بۆ دڵم هاورد
لەسەر ڕێگای ریاکاری هەتاکو راکشێ وەك پرد
کە دەرکەوت ئەم مەبەستانە بە پوولێ‌گەورە تاکو ورد
ئەلای هیچ کەس ئەچم مەنعم ئەکا خۆت بۆچی ریسواکرد
درێغ کوا حاڵ زانێ رەببی توشم بێ بیمارێ

هەیە خونچەی شەوی بووکێنی دەستە دەستە بۆ ئەبرێت
هەشە خونچەی دڵی جوانی بەسەر شکۆی گەشا ئەدرێت
ئەگەرچی چاری دڵ ئەمرۆ بەبەزم‌و سازو مەی ناکرێت
صەبا یارانی مەجلیس گەر هەواڵی من ئەپرسن ئێت
بڵێ کێشایە مەیخانە دوو چاوی بێچوە عەیارێ

بەباوکێم وت نەبو سامان گەرام گیرفان کونی وردی
بەتەنیا کاغەزێکم دی شیعر بو پێشکەشم کردی
سەری بادا وتی رەنجت بەخۆڕایی هەوا بردی
دوڕو یاقووت ئەبارێ لەم کەلامە شیرینەت کوردی
خودا ساکوا لەدنیادا قەدرزان‌و خریدارێ

بۆئەوەی ئەدەبمان لە ژیانمان دوانەکەوێ

نەك تەنها ئەوانەی خەریکی کاروباری مێژوو نووسین‌و تۆژینەوەی مێژوون ، بەڵکو گەلێك لە ئەدیبەکانی زۆر لە گەلانی ئەم ڕووی سەر زەوی‌یەش دیارترین‌و گرنگترین ڕووداوی ژیانی گەلەکانی خۆیان‌و بەڵکو گەلانی‌تری جیهانیشیان ، لە شاکارە ئەدەبی‌یەکانی خۆیانا بە شیعرو چیرۆك‌و شانۆنامە تۆمار کردووە .

سەیری بەرهەمێکی مەزنی وەك (جەنگ‌و ئاشتی)ی تەلستۆی بکە . لەکاتێکا کە بە یەکێك لە چڵەپۆپەکانی ئەدەبی ڕووس‌و جیهان ئەدرێتە قەڵەم‌و هەموو ڕەخنەگرانی جیهان لە هەر قوتابخانەو بیرو باوەڕێك بن دان بەم ڕاستی‌یەدا ئەنێن کە بە یەکێك لە گرنگترین بەڵگەکانی مێژووی ڕووسیای سەردەمی جەنگی ناپلیۆنیش دائەنرێ . هەروا (بیرەوەری‌یەکانی مردوو خانەکە)ی دەستەیەفسکی‌یش بەش بە حاڵی باری ژیانی ناو زیندانەکانی ڕووسیای قەیسەری‌و (دایك)ی گۆرکی لەبارەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ساڵانی خۆ ئامادە کردنەوە بۆ ئوکتۆبەرو، سەدان بابەتی‌تر . پێویست بە نموونە هێنانەوە ناکاو لە گورتی بیبڕینەوە ، تێکڕای ئەدەبی زیندووی جیهان ، بە چاك یا بە خراب ، ڕاستەوخۆ یا نا ڕاستەوخۆ رەنگ دانەوەی سەرێکی باری کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئابووریی قوناخێکی تایبەتی‌ی ژیانی گەلێکی دیاری‌یە ، بەڵام لە شێوەیەکی هونەرمەندانەی لێ‌هاتوو سەرکەوتووداو ئەتوانین بڵێین زیاتر لەم ڕووەوە لە مێژوو جیا ئەبێتەوە .

گەلی کوردی ئێمەش ، بە درێژایی ساڵانی خەباتی نەتەوەیی‌و نیشتمانی‌ی خۆی‌و ، بەتایبەتی لە ساڵانی پاش شۆڕشی تەمووزدا مێژوویەکی پڕ کارەسات‌و قوربانی‌دان‌و کوێرەوەری‌و قارەمانەتی‌و هەورازو لێژی بووە . ڕووداوەکانی ئەم ساڵانە نەك تەنها شوێن پێ‌یەکی وای بە ژیانی تێکڕای گەلی کوردو عێراق‌و بەتایبەتی گەلی کوردی عێراقەوە بەجێ‌هێشتووە کە هەموان بەئاشکرا هەستی پێ ئەکەین‌و تا دێر زەمانیش شوێنی کوێر نابێتەوە ، بەڵکو کارێکی یەجگار بەتینی لە ناخی دڵ‌و دەروونی هەموو کوردێکی هوشیاریشا کردووە ، هەرکام لە ئێمە بەگوێرەی بیرو باوەڕی خۆی‌و جۆری لێکدانەوەو لە دنیا گەیشتنی خەریکی چاو پیا گێڕانیەتی‌و شەن‌و کەوی ئەکا ..

لێرەدا ئەبێ جێگای ئەدیبەکانمان جێگایەکی دیاری بێ .. ئەبێ جێگایەك بێ ئەدەبی کورد شانازی‌ی پێوە بکاو پێ‌یەوە بچێتە ڕیزی ئەدەبی زیندووی جیهانی زیندووەوە . کەرەستەی‌وا دەوڵەمەندو هەمە جۆرو فرە - سەرو بەپێت بۆ کەم گەل‌و بۆ کەم ئەدیب ڕێك ئەکەوێت .. ئەدیبێکی لێ‌هاتوو لە ڕێگای بەرهەمێکی سەرکەوتووەوە لەبارەی بابەتێکی‌وا درامایی‌و ترازیدیایی‌یەوە ئەتوانێ نەوەندەی دەیان جۆرە کاری‌تر کوردو مەسەلەی کورد بە جیهان بناسێنێ .

ئێمە نامانەوێ لێرەدا ڕێگا بۆ ئەدیب دیاری کەین چی لەم بارەیەوە بنووسێ‌و چۆن بنووسێ . دیارە ئەدیب بەر لە هەرچی ئەبێ وەڵامی متمانەی دەروونی خۆی بداتەوەو ئەو بکا بە سەرپشك بۆ کاری خۆی . سەرەڕای ئەوەش ئەدەبێك لە دەرەوەی دەروونی ئەدیب خۆیەوە ڕەنگی بۆ بڕێژرێ ئەدەبێکی پووچەڵی لێ دەرئەچێ مەگەر ئەدیبەکە خۆیشی لەگەڵ باوەڕی ڕەنگ ڕێژەکەدا بێ‌و ئەدیبێکی بەڕاستی لێ‌هاتوویش بێ . دیارە ئێمە پڕ بەدڵ پێمان خۆشە ئەو کارە ئەدەبی‌یانەی لەم بارەوە ئەهێنرێتە بەرهەم کاری‌وا بن وەك هەستی مرۆ بە گیانی شاکارانەی خۆیان ئەبزوێنن ، ڕێگای ڕاستیشی بۆ ڕوون کەنەوەو ناتەواوی‌یە کوشندەکانی قۆناغی خەباتی سەختی بۆ دەست بخەنە سەر . بەڵام وەك وتمان ئێمە نامانەوێ حەزی خۆمان بکەین بە دەمڕاست لە کارێکا کە بەر لە هەرچی کارێکی ذاتی‌یەو وەڵام دانەوەی پێویستی‌یەکی مەوزووعی .

ئێمە دڵنیاین لەئەنجاما هەر ئەو کارە ئەدەبی‌یە جێی خۆی ئەگرێ‌و ژیانی بۆ ئەنووسرێ کە سوودی تیا بێ‌و خەڵك چەشی لێ وەرگرن‌و لەوە بەولاوە هەمووی بلقی ئاوەو وەك هەزاران کاری پووچی‌تری ئەدەبی لافاوی ژیان لەگەڵ خۆیا ڕای ئەماڵێ .

ئەوەی مەبەستمانە بیڵێین ئەوەتە ئەدیبەکانمان هەرکامیان هەستێکی ڕاستەقینە بە توانای ئەدەبی ، بە ژانی دەروون ئەکاو لە هێنانە بەرهەما زۆر لە خۆی ناکاو بەرهەمی ناکام دانانێ ، نەهێڵن کەرەستەی کاڵی خەباتی ساڵەهای گەلەکەیان بە فیڕۆ برواو وەك مێژووی دەیان قارەمانەتی‌و تێکۆشانی مەردانەی‌تری گەلی کورد فۆلکلۆرێکی نیوەو ناتەواوی لێ‌بەجێ بمێنێ .. بفەرموون ئەوەی لە دەروونیانا پیشی خواردوەتەوە ، بە شیعری ناسك ، چیرۆکی قووڵ ، شانۆ نامەی خوێ بەسەر برینا کەرو ، پەخشانی بڵند پایە دەربڕن‌و گەلیش بێ‌گومان چاوەڕوانەو مێژوویش بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە .

« ئەدەب‌و ژیان »

راپۆرتێ لە بارەی گۆشە ئەدەبیەکانمانەوە !!

مەحموود زامدار

من ئەڵێم : ئەو ڕۆژەی بەسەر وشەی کوردی‌یا هاتوە مەگەر هەر بە چاوی خەیاڵ بتوانیت بگەیتە ئەنجامێ .. ئەوەی بەسەر ئەم وشەدا هاتوە ، بەرگەی بەرگی بەرهەنگێکی سەیر بەخۆیەوە ئەگرێ .. خۆ ئەو کارەساتەی کە بەسەر ئەم وشە ئاوارەیەدا هاتوە ، بەسەر وشەی هەر زمانێکی کەدابهاتایە ، ئێستا ببوە ئاردی بێژار کراوو زاناو پسپۆری (زمانی بزماری) راستی‌یەکەیان بۆ ساخ نەئەکرایەوە .. جا نازانم .. هێزەکە لە وشەکە خۆی ، یا لە میللەتەکەی‌و یانە سەر دەوسی موعادەلەی شارستانیەتەکەی . ڕۆژهەڵات‌دایە ؟

لەو ڕۆژەی کوردەکەو منالەکانی ئێمەش بگەنە زمانەکەی ، پشویەکیان داوەو ئاستی منالە روح سوکەکانی هەناسەیەکی قوولیان هەڵمژیوە سەرزەمین ، گەر بە (لایلایە)ی .. وشەی بەر پرسیار ، وشەی کوردیش کەوتۆتە پێرەوکەو گەشە سەندن ، تا وردە دەیانی وەك : (بابا تایەرو جزیری‌و پەریشان‌و قوبادی‌و خانی‌و گرگاشی‌و نالی‌و کوردی‌و حاجی‌و شێخی گەورە .. تاد) لەساو سێبەریا وردە جۆشی دەرونیان پێ دامرکاندوەو شیعریان پێ نوسیوەو نامەیان پێ رازاندوەتەوەو دنیای کوردەواریان لە رازو جوانی‌و خەون‌و تاسەو مەردایەتی .. پڕو لێواو لێو کردووە . هەر لەسای سازگارو فێنکی ئەم وشە شیر پاکەدا ، هەزاران بەیت‌و بەند بێژی وەك (عەلی بەردە شانی) ملوانکەی پیرۆزەیی‌یان هۆنیوەتەوەو لە گەردنی کچی میللەتی نەورۆزو خاکی نەورۆزیان داوە .. چونکە ئەوەیان باش زانیوە ، کە لە پەنای ئەو وشەیەوە نەبێت ، نیگەرانەو زۆریش زەحمەتە ، ساوایانی کورد گۆش بکرێن‌و راپەڕینە هەرە گەورەکەی مرۆڤی ئەم‌وڵاتە بەرپا بێت .. ناوێ‌و ناکرێ ،

کوردی ، فریشکیان نەگیرێ کەواتە پاراستنی وشەکە ، گروگاڵو پاسەوانی یە لە خودو کەسایەتی‌و ئاکارەکان ... پاراستنی دوێنێ و ئەمڕۆ پاشەرۆژی ئەم میللەتەیە یەکێ لەو شتە هەرە گرینگانەی کە دەورێکی مەزنیان لەم پاراستنەدا دیوە (گۆشە ئەدەبی)یەکانمانە .. وانیە مەسەلەی گۆشەی ئەدەبیاتیش هەر لەناو ئێمەدا بووبێ‌و بەس ، بەڵکو خۆی لە خۆی‌دا دیاردەیەکی مێژویی‌ی نێو تان‌و پۆی هەر جوڵانەوەیەکی فیکری‌و فەلسەفی‌و رۆشنبیری لەمسەر تا ئەوسەری گەلانی زیندوی جیهانە .. دیارەو بێگومان هەر نەتەوەیش جۆرە دۆخ‌و بارێکی تایبەتی خۆی لەم دیاردەیەدا هەیە .. (سالۆناتی ئەدەبی)فەرەنسایی شتێکەو دیوەخان‌و حوجرەی کوردستانی شتێکی‌تر ، بەڵام مەبەست هەر هەمان مەبەست‌و ئەنجامیش هەر هەمان ئەنجامە هەر لە دێرین زەمانەوەو بەپێی رەوتی شارستانیەت ، دیوەخانی (بەگ‌و میرو سان‌و پاشاو ئاغا)کان ، دەورێکی باشی لەم دەرفەتەدا بینیوەو وشە نازەنینەکەی کوردی پاراستوە و توند توند بە سنگی خۆیەوەی نوساندوە .. ئەمەو سەرەڕای سوچی حوجرەی مزگەوتەکان‌و دڵێ دەلان‌و زۆری ماڵی مەلا ناودارەکانی کوردستان‌و کونە دوکانی ئەدیب‌و شاعیرو کورد پەروەران .. دیارترینی ئەمانەش - وەك دیارە - هەر لە شارە چەلەنگەکە ، لە شاری شیعرو هونەرو نوکتەو ئەدەب‌و جوانی‌و کوردایەتی (سلێمانی)ی ئازیزدا دیاری داوە - لەبەر ئەگەلێ هۆی شارستانی - لەمانەش :

« کۆرەکانی مزگەوتی پیسکەندی - خانەقای مەحوی - ماڵی موفتی - خانەقای بیارە - دوکانەکەی نەجمەدینی مەلا - قەڵەندەر خانەی پیرە مێرد - مزگەوتی حاجی مەلا رەسوول دیوەخانی حاجی مەلا سعید ئاغای کەرکوکی - دیوەخانی حەپسە خان‌و شێخ قادر ، مزگەوتی هەمزاغا لای مەلا رەحیمی مەریوانی ، دوکانەکەی حاجی باقی بەنگینە - مزگەوتی قازی - دوکانەکەی مەدهۆش تاد » .

لە هەولێرە کۆنیش‌دا :

« دیوەخانی مەلا ئەفەندی - دیوەخانی موفتی - ماڵی پیربال ئاغا - سوچی حوجرەی مەلا سالحی کۆزە پانکە - حوجرەی مەلا عەولای کونە فلوسەیی - حوجرەی مەلا عەولای شەنەغەیی - ماڵی حەیدەر ئەفەندی - دیوەخانی علی پاشا - ماڵی ئەحمەدی حەمەدەمینی دزەیی - دیوەخانی کانی - تەکیەی شێخ عەتار - کتێبخانەی عبدلکریمی دارەخورما - تەکیەی شێخ محی‌الدین تەکیەی شێخ مستەفی نەقشبەندی - تەکیەی سافی هێرانی - ماڵی شێخ لەتیفی بەرزنجەیی - ... تاد »

لە شاری شیرینی کەرکوکیش‌دا :

« تەکیەی تاڵەبانی - ماڵی (خادم السجادە)ە، دیوەخانی سید ئەحمەدی خانەقا - .. تاد »

لە کۆیەی خنجیلانەش‌دا

« ماڵی جەلی زادە - دیوەخانی کاکە زیاد - دیوەخانی عەونی شاعیر - »

لە شاروچکەکانی کەی کوردەواریشا ، هەر هەمان شوێن‌و جێگا ئەم دەورە دیارەی بینیوە ..

هەر لەگەڵ و لەدوای ئەوەیش ، کە رەوتی شارستانیە مەزنەکە هەنگاوە- کانی نایە سەر خاکی کوردستانەوە .. گەلێ لە دیوەخانی بەگ‌و مەگەکانی هەڵتەکاندو سوچی حوجرەکانی هەڵوەشاندو بەهاو پێوانەی تازە بەخشی شارستانیەتی هێنایەکایەوە .. ئەم وشەیە ، کەوتە دوای (بدیل) ێکی گونجاوتر ، تا خۆی لە سوچی گازینۆو چاپخانەو ماڵە ئەدیب‌و یانەو کتێبخانە-گشتی‌و تایبەتی‌و کانیاوو کارێزو چەمەنزارو باخ‌و بارەگاو مەیخانەکان‌دا دۆزی‌یەوە . تاو تینێکی گەرم‌و پوختی بەخشیە (وشەی کوردی)و خستیە سەر بارێکی‌تر .. هەر لە (سلیمانی)یەکەدا :

« کتێبخانەی قادر ئاغای - کتێبخانەی گەلاوێژ - کتێبخانەی گشتی - گازینۆی کوێرەکان - باخی میللی - کارێزی وەستاشەریف - کتێبخانەی کاکەی فەلاح - کتێبخانەی محمود خاکی - گازینۆی سەرچنار - باخی شێخ لەتیفی دانساز - ماڵە ئەدیبەکان - سوچی یانەکان - کانیاوی سەرچنار .. تاد » هاتە ناوو کەوتە کار ..

لە هەولێریش‌دا : « کتێبخانەی شێخە شەل - چاپخانەی کوردستان - کتێبخانەی سەربەستی - قاوەخانەی عەبۆ - چایخانەی مستیل - قاوەخانەی مەچکۆ - گازینۆی بێخاڵ - گازینۆی صلاح‌الدین- چایخانەی مام عوسمان - گازینۆی سەفین .. تاد »

لە کەرکوکیش‌دا : **چایخانەی سەرچەم - کتێبخانەی بێکەس کتێبخانەی ئاسۆ - مەیخانەی حامورابی - گازینۆی بابیل - قاوەخانەی مەجیدیە - گازینۆی تەهای ئیمام قاسم - کتێبخانەی مەشخەڵی شۆڕیجە - کتێبخانەی هەندرێن - سوچی یانەی فەرمانبەران .. تاد »**

لە کۆیەش‌دا : « گازینۆی حەماموك - چایخانەی گەمحان- چایخانەی پشت حەمام -

بروانە ل ٧

بەهرەمەندێکی نەخوێندەوار

« فەرروخ » شاعیرێکی نەخوێندەواری کوردە ، وەك کاك « هەڤریست » لە وتارێکا بۆی نووسیوین لە « جزمی عەممە » بەولاوە نەڕۆیشتووە لە خوێندندا . لەگەڵ ئەوەشدا بەهرەیەکی ئارادەیەکی باش بەرزی هەیە لە شیعردا . شیعری نیشتمانی‌و نەتەوەیەتی‌ی هەیە ، بەڵام زوربەی بەرهەمی شیعری ئایینی‌یە . ئەم شاعیرە لە ١٣٢٠ی هیجریدا لە ناوچەی بەرزنجە لەدایك‌بووە . ناوی راستەقینەی سەید جەلالی کوڕی سەید هاشم‌و دەمیك بە دارتاشی‌یەوە خەریك بووەو ئیستاش بەم پیری‌یەو بەچاوێکی کزەوە دووکانێکی بچووکی عەتاری‌ی هەیە لە سلیمانی .

ئەمەش نموونەیەکی شیعری ، بێزاری‌ی خۆی تیا دەرئەبڕێ لە باری دواکەوتووی کۆمەڵایەتی‌ی گەلەکەی :

فەلەك بڕۆخێ هەتا کەی وا بم
ڕووت‌و پێخاوس دایم گەدا بم
قەت نەبوو کاتێ بە کراسێ شا بم
بۆچی مەگەر گام لەو پێستەدا بم !

هاوکاری

وڵات لە هەفتەیەکدا

ژمارە (٢٧١) ١٣-٢٠/٦/١٩٧٥

وەزیری اشغال و اسکان بۆ نوێنەری هاوکاری ئەدوێ

کردنەوەو قیرتاوکردنی رێگاو بانێکی زۆر لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی

مامۆستا رشـــید رفاعی وەزیری (اشغال واسکان) بـەرۆژنامەی هاوکاری راگەیاندووە کە وەزارەتەکەی لـە دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئادارەوە هەتا ئیستا توانایەکی زۆری تەرخان کردووە بۆ کردنەوەی رێگاوبان لە ناوچەی ژوورووی وڵاتدا .

بەرێز وەزیری (اشـــغال واسکان) وتوویەتی :- بێگومان هەتا ئیستا بەسەدان کیلومەتر رێگای نوێ دروست کــــراوە سەرەرای چاکردنـــەوەی زۆر جادەو شەقامی تر .

وە وتوویەتی : گورجو گوڵی حکومەتی شۆرش لەچـــاک کردنەوە و زۆرکردنی رێگاوبان لەو ناوچەیەدا بەمەبەستی بلاو-کردنەوەی خۆش گوزەرانی یــە لەنـاو جەماوەری کورددا. دوای ئەم ساڵانەی کە کوێرەوەریەکی زۆریان بینیوە ، وە بۆ دروست کردنی پەیوەندیە لەنێـــوان دیهاتو قەزاو ناحیەو شارەکاندا ، هەتا وەکـو بەئاسانیو گورجو گوڵی ئەوناوچانە بەرو-بوومی کشتو کاڵییان بگەیەننە بازارەکانەوە ، لەگەڵ ئاســـان کردنی مەرامی ئاوەدانی لــــە ناوچەی ژوورودا .

مامۆستا رشـــید رفاعی بەردەوام لـــــە قسەکانیدا وتوویەتی :

ئیشوکاری وەزارەت لەسەر-دەمی یاخی بوونی تاقمـــــــە تاوانبارەکەدا وەنەبی لـــەو ناوچەیەدا راوەستابێت ، بەڵکو بەردەوام لەئیشوکاری کردنە-وەو چاکردنی رێگاو باندابووە فەرمانبەرانی وەزارەت بەوپەری دڵسۆزیەوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە چالاکانە لەژێر باری دۆخێکی ناخۆشدا ئەرکی سەرشـــــانی خۆیان بەجێ بهێنن .. بەرهەمی ئەم کارەش کردنەوەی زیاتر لە ٣٠٠ کیلومەترە رێگاوبانی تازە بووە لەناوچەکەدا لەگـــــەڵ چاکردنەوەی ئەو رێگاوبانانـەی کە تێک دراون کە ئەم ئیشەش بەرهەمی تەنیا ساڵی پاربووە ..

بەرێز وەزیر بەردەوام لەسەر قسەکانی رویشتو وتی : بەڵام کە ئەمرۆکە ئەویاخی بوونـــە سەرکەشە نەمـــاو لەبەرچاوی دۆستو دوژمن مەرامی ئـــەو تاقمە ئاشکرابوو ، ئیستا ماوەی ئەوە زۆر بوو کــە ئاوەدانیو رێگاوبان زۆربکرێت ودۆخـی ئەوە پەیدابووە کە کار بەچاکی هەڵسورێت .

ئەو پرۆژانەی بەدەستەوەن جێبەجێ بکرێن :-

ئیستا هەندێ لـەو پرۆژەی رێگاو بانانە دەخەینە بەرچـــاو کە وەزارەتی اشغال واسکان بەهۆی هێئاتەکانی یەوە لـــــە ناوچەی حوکمی ئۆتونومیــــدا جێبەجیان دەکات ..

پرۆژەی رێگای نیوان داقوقو کرکوک پرۆژەی رێگای نیـــوان هەولیرو رەواندز ، دانــــانی نەخشـــــە بوردوست کردنی رێگای نێوان تاسلوجەو قەرەداغ دروست کردنی پردی دهـوک ، قیرتاوکردنی رێگای زاخۆو کانی ماس ، رێگای هەولیرو رایــات رێگای نیوان بافستیان ومیرگـە سوور رێگای نێـوان سلیمانیو عەرەبەتو هەڵەبجە ، رێـــگای نێوان سەنگەسەرو چۆمـــان رێگای نیوان دهۆکو ئامێـدی رێگای نیوان قەراخو ســـەنگاو رێگای نیوان سلیمانیو چوارتا ، رێگای خەلیفانو بلەو بازان ، رێگای نیوان دوکانو رانیـــەو قەڵادزێ ، رێگای نیوان سەیـد-صـــایەقو پێنجوین ، رێگای هەیبەت سولتانو بێســـتانە ، رێگای نیوان توزو کفری رێگای نیوان عەین الســـفین اتروشو زاویتە ، رێگای پردی ســـنوور نزیک زاخۆ ، رێگای موســـڵ کەڵکی یاســـین ئاغا ، رێگای موسڵو تلکیفو ئەلقـــوش ، رێگای تەلەعفەر سنجار ، رێگای نیوان کرکوک ریـــــار رێگای بەرزنجە ، قیرتاوکردنی رێـگای چومانو سنگاو ، قیرتاو کردنی رێگای نیـــوان شوانو تەقتەق وکویسنجاق ، دروست کردنی رێگای مەخمورو گەیارە ، لەگەڵ دروست کردنی چوار پرد لەگەڵ عەلی بەگ .

هەڵاڵەی یەکیتی گشتی نەقابەکانی کرێکاران لە مەڵبەندی ئۆتۆنۆمی دا.

کاک کـەمال میرانی :

● بارەگـــایەک بۆهەموو نەقابەکــــان ٨٠٠ره هەزار دیناری تێ ئەچێت .

● میوانخانەیەک لەکوردســـــتاندا بـــۆ کرێکاران ئەکرێتەوە

« یەکیتی بەردەوام هەوڵو تەقەلا ئەدات بۆ چەسپاندنی ئەو دەســـکەوتانەی لـــە ســـــای شۆڕشدا بۆ چینی کرێکار بەدی هاتووە ، لە کوردستانداو بـــۆ کرێکاری کورد چەســـپاوترو فراوانتر بێت » .

کاک کەمـــــال میرانی ، سەرۆکی یەکیتی گشـــــت نەقابەکانی کرێکاران لە هەولێر بەم جۆرە دوانەکەی بۆ نێراوی رۆژنامەی « هاوکاری » دەست پێکرد .

هەروەها وتی :

مەکتەبێکی پشکنینمان لـــە هەموو نەقابــــەکانو دەزگای پشکنینی کار پێک هێنــــاوە ، ئەرکی سەرشانی ئەم مەکتەبە سەرپەرشتی بەدوادا چـــونی جێبەجێ کردنی یاســـای کاری لەئەستۆیە سەرەرای ئیشـــو-کاری چارەسەرکردنی ئـــــەو گیروگرفتـــــانەی لەکاتی ئیش کردنیا دێتــــــە رێی کرێکاران .

کاک کاوانی دەربارەی ئـەو دەستکەوتانەی یەکیتـــــــی توانیویەتی بۆ کرێکاری کوردی زامن بکات زیاتر وتی :

ـــ چاومان لەوەوەیە ، کـــە کرێکاری کـــــورد لەبارێکی تایبەتیدا ئەژیو پێویستی بە یارمــــــــەتیو دەست گرتنی بەردەوامە ، لەبەر ئەوە دەزگای تایبەتی باربووکردنی کرێکارا-نمان هەیەو لەماوەیەکی کەمدا توانیومانە (٤٢٠٠) دینـــــار بەسەر ئەو کرێکارانــــــــەدا ببەخشینەوە کە پێویســـــتیان بەیارمەتی هەبووە ، بەرامبـــەر بەیارمەتیو ئەوەی کە هەمیشــە یەکیتی چاوی لە کرێکارانەوەیە، هانیشیان ئەدەین بۆ زیـــــاد کردنی بەرهەم .

کاک کەمال باسی دەستکەو-تەیەکی بەنرخی کرد کە یەکیتی توانیویەتی بۆ هەندێ کرێکاری بەشخوراوی زامن بکات ، لـەم بارەیەوە بۆی باس کردین کە :

ـ لە هەولێر (٩) کارگـــەی بەرگ دورین « کەرتی تایبەت» هەیە کــــە زۆربەیان ئافرەت ئیشی تیا ئەکاتو یاسای کاریش ئەیانگرێتەوە بەڵام مانگانەیەکی کەمیان ئەدا بەو کرێکارانە کـــە لە ٥ تا ٦ دینـــار تێ نەئەپەڕی سێ ساڵ بوو زیادەو یارمەتیو یاسای پێویستیان بەرامبـــەر جێبەجێ نە ئەکرا توانیمـــان مافی ئەو سێ ساڵەیان لـــە هەموو روویەکەوە بـــــۆ وەربگرینەوە .

دوایی ئەوە داوامان لـــە سەرۆکی یەکیتی کرد کە ئـەو گیروگرفتانەش دیاری بکات لـە رێگای ئیشوکاریاندایە ، لـەم بارەیەوە وتی :

ـ ئەوەی راستی بێـت ، لەمەوبەر گیروگرفتێکی هەرە دیار هەبووبێت بێ کاری بووە ، کە ئیستا ، وە بەهۆی ئـــەو پرۆژە گەورە ئاوادانیانەی لـــە مەڵبەندی حوکمی زاتی کوردستاندا دەستیان پێکراوە ، توانراوە چارەسەری بکرێت . گیروگرفتێکی تر ئەوەیـــە کۆچ کردن لە لادێکانەوە بۆ ناو شار بەهۆی جێبەجێ نەکردنی باشی چارەسەری کشـــتوکاڵ لە رابوردوودا لە کوردستان کە هاندەری سەرەکی کوچـــــی جوتیاران بووە ، ئیستە ئـــەو جوتیارانە کە لە تەسکەرەدا بە جوتیـــار نووسراونو زەویشیان نیەو ممارەســـەی فەلاحەتیش ناکەنو لەبـــەر ئەوەی بەناوبش جوتیارن ماوەی ئیشوکاریان نیە یان یاسای کار نایان گرێتەوە، ئیستە ئێمە لە رێگای دوزینە-وەی چارەسەری ئەم گیروگرفتە داین بەوەی یان زەویـــــاز بدرێتیو بگەرینەوە ســـــەر جوتیاری خۆیان یـــان ناونوو-سیان لە جوتیارەوە بکرێ بــــە کرێکار تا بتوانن ژیانیـــــان لەرێی یاسای کارەوە زامـــن بکەن .

دوای ئەمەش کاک کەمـــاڵ کاوانی هاتە سەر باسی ئـــەو دەستکەوتانەی لە پاشەرۆژدا بۆ کرێکـــــار لەرێی یەکیتی یـــە کەیانەوە بەدیەتو ئیستـــە بەگەرمو گوڕی ئیشی بـــــۆ ئەکرێتەو وتی :

ـ نیازمان وایە بارەگایەکی گەورە بکەینەوە کە هەمـــوو نەقابەکانی کرێکارانی مەڵبەندی حوکمی زاتی جێگایان تیایـــدا ببێتەوە ٨٠٠ر٣ هەزار دیناری خۆمانو ٢٠٠ هەزار دینار لـــە مەکتەبی تەنفیزی یەکیـــــتی گشتیەوە بۆ ئەم مەبەســـــتە تەرخان کراوەو زەوی بۆ تەرخان کراوە .

هەروەها بە هاوکاری لەگەڵ دامەزراوی زەماندا ئەمانەوێت **میوانخانەیەک لە هاوینە هەواری** صلاح الدین بۆ پشووی کرێکاران بکەینەوە کە روبعە ملیـــۆن دیناریکی تێ ئەچێت .

دیسان نەخشەمان داناوە بۆ کردنەوەی شاری کرێکاران کە قوناغی یەکەمی (٣٠٠) خانـــو ئەبێت بـــــە نەخۆشخانەو قوتابخانەی سەرەتاییو ناوندیو ئامادەییەوەو دابەشی ئەکـــەین بەسەر ئــــەو کرێکارانەدا خانوویان نیەو زەوی بۆ ئــــەم شلەش تەرخان کراوە .

نێراوی (هاوکاری)

٦٠٠ هەزار دینار بۆ بەرێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی

وەزارەتی پەروەردە بـــۆ بودجـــەی بەرێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی ٦٠٠ هـــەزار دیناری تەرخان کردووە ..

ئەوپارەیەش دانراوە بۆ کرینی چاپخانەیەک بۆشاری هەولێـــر بۆچاپکردنی کتێـــب بەزمانی کوردیو عەرەبیو ئینگلیــزی ، دامەزراندنی ئەو چاپخانەیە ٣٧ هەزار دیناری تێدەچێت ، وە ٦٠ هەزار دیناری تریشی بۆ زیاد-کراوە بۆجێ بەجێ کردنی بڕیاری خویندن بەبێپارە لە قوتابخانە-کاندا ، لەوە پارەیە ٢٥٠ هەزار دیناریش تەرخان کراوە بۆ چاپ-کردنی کتێبی کوردیو کتێبـــی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری وە هەر ... دیناریش تەرخان کراوە بۆپرۆژەی خواردەمەنی بـــۆ قوتابیان .. وە ١٠ هـــــەزار دیناریش لەو بودجەیە دانراوە بۆکردنەوەی چەند دەورەیـــەک بۆفێرکـــــردنو شارەزاکردنی مامۆستایانی کورد وە ١٠ هەزار دیناریش بۆ کەرەسەی فێــــر-کردنو روون کردنەوەی دەرسە-کان وە ٣٥ هـــەزار دیناریشی لێلادراوە بـــۆ کـــەرەسەی قوتابخانەو موختـــــەبەری قوتابخانەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی وە ١٨ هەزار دیناریش بـــۆ چالاکی قوتابیـــان تەرخان کراوە وە ٢٢ هەزار دیناریش بۆ کرینی کەلوپـەلی نوێ بۆقوتابخانەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی تەرخـــان-کـــراوە .

خـــوێندنی کـــوردی لـــە نـــاوچەی ئۆتۆنۆمی دا

ماوەیەک لەمەوبەر ئەنجومەنی پەروەردە بڕیاری داوە کەلە ساڵی (٧٥-٧٦)ەوە لەهەموو قوتـــابخانەکانی ناوچەی ئۆتونومیـــدا بە کوردی بخوێنـــدرێت .. بەوپێیە کتێبـــــەکانی دەرسی پەروەردەی ئاینیو میـــــژووعەرەبی وئیسلامی ، کیمیاو بـــۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی دەکرێت بەکوردی وە قوتابیانی ئـــــەو پۆلەش ئەو دەرســانە بەکوردی دەخوێنن ..

ئەوەی شایانی باسە پۆلـــەکانی پێنجی ئامادەیی لە ئـــــەم ساڵەوە ســــــاڵی (١٩٧٤-١٩٧٥)ەوە لە قوتابخـــانەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دەســـتیان کردبوو بە کوردی خوێندن . وە پۆلی یەکەم لـــە ساڵی (١٩٧٠-١٩٧١)ەوە دەستیان پێ کردبوو ، پۆلی دووهەمیش لەســـــاڵی (١٩٧١-١٩٧٢)ەوە ، پۆلی سێ هەمیش لــــــە ساڵی (١٩٧٢-١٩٧٣) وە ، بەڵام پـــــۆلی چوارهەمی ئامادەیی لە ســـاڵی (١٩٧٣-١٩٧٤)ەوە دەرسە-کانیــــان بەکوردی خوێندووە ئەم شێوەی خوێندنەش لە سەر بڕیاری ئەنجومەنی پەروەردەیـــە کەلەساڵی ١٩٧٠دا دابووی وەک جێبەجێ کردنی بریــــاری ئەنجـــــومەنی سەرکردایەتی شۆڕش کــــــە قوتابخانەکانی ناوچەی ئۆتونۆمی بــــە کوردی دەرس بخوێنن .

مامۆســـتا جمال بابان گەڕایەوە بەغدا

رۆژی چــــوار شەممەی رێککەوتی ١١-٦ مامۆستا جمال بابان بەرێوەبەری گشـــــتیو ســـــەرۆکی ئەنجــــومەنی بەرێوەبردنی دەزگای هـــاوکاری لەچوارچێوەی ئەو سەردانەدا کە لەگەڵ وەفدێکدا بۆ یەکێتـــــی سۆڤییەت کردیانو وەفدەکـــەش هی کۆمەڵـــەی دۆستایەتیو هاوکاری عیراقو سۆڤییـــەت بوو ، گەڕایەوە بۆ بەغدا .

روونـــاکی

سیاسەتی ئەمریکا لەبـــەرئەوەی زۆر لـــە سەنگەرەکانی بێچۆڵ کراون تووشی لەقولۆق بوونێکی گەورەبووە . ئەمـــەش بۆخۆی بەڵگەی ناراســـــتی ئەوبنچینانەیە کە ئەو سیاسەتە یان لەسەر بنیات نراوە، ئەویش بریتین لـــە خزمەت کردنی ئامانجی ئیمپریالیستیو زەربەوەشاندن لە قازانجو مافـــــی گەلان .

وەنەبێ سیاسەتی ئەمریـــکاعەر لە چوارچێوەی جێبـــەجێ کردندا تووشی زیـــانو دۆران بووبێ ، بەڵکە سەری کێشـــاوە تە پێوەندیەکانی ئەمریــــکاش لەگەڵ دەوڵەتانی ترو تەنانـــەت دەوڵەتە هاوپەیمانەکانیشی .

حکومەتی ئەمریکا هەمـــووهەوڵو توانای خۆی وەکارخست بۆ ئەوەی پەیمـــــانی ژووروی ئەتڵەنتیک بەربەزێکی دوژمـــن بەمافی گــــەلانی خەباتکەرئامانجی رزگاریو سەربەخـۆیی ئەوگەلانەدا بەرێوەبەری ولـەورێگایەش دا سەرکەوت .

سەرەرای ئەوە ، کۆڕوکۆمەڵە ئەمریکاییەکان دەیانـــــەوێ دەسەڵاتی خۆیان بەسەرولاتانی ئەندامی پەیمانی ئەتڵانتیکیش دا بسەپێنن .

جیرالــد فۆرد سەرکۆ رێ ئەمریـــــکا لەکۆبوونەوەکانی پەیمانی ژووروی ئەتڵانتیک لەبروکسیل هەوڵی ئەوەیدا کـە باوەڕی لەق بووی هاوپەیمانەکان بەرژیمی ئەمریکا بێنێتەوە جێگای خـــۆی وسەرکردایەتی خۆی بەسەرولاتانی ئەورووپــای رۆژئاوادا بسەپێنێ . ئەویـــش دوای ئەوشکستەی لە خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا تووشی هاتوە .

ناکۆکی بیروباوەرێکی توندلــــــە کونگرەی سەرۆکانی دەوڵەتەکانی پەیمانی ئەتڵانتیکدادەرکەوت ، بەتایبەتی لـــــە مەیدانی پێوەندیە ســــیاسیوعەسکەرییەکاندا . ئەمریـــکا تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کــــەدەسەڵاتی خۆی بەسەر وڵاتـــانی ئەورووپای رۆژئاوادا بسەپێنێ .

بێ ئەوەی هیچ بایەخێک بـۆهەستو شعوری گــــــەلانی ئەووڵاتانە دابنێ .

ناکۆکیـــــەکانی ناوەوەی پەیمانی ئەتڵانتیکو دەرکەوتنی بەربەرەکانی دەسەڵاتی ئەمریکالـــــــە ناوخۆی ئەوپەیمانەدا دەستکەوتێکە بەقازانجی جوولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی گەلان . چونکە بوونی ئەوناکۆکیانە لەناوەوەی پەیمـــــانی ئەتڵانتیک دا مانای ئەوەیە کـەجوولانەوەی رزگاریخـــــوازی نیشتمانی دەتوانی خەبـــاتیڕەوای خۆی دژی ئیمپریالیزمو پەیمـــانە ئیمپریالیستیەکان بەرەوژوور بەرێ .

سەرچاوەکانی رۆژنامەگەری فەرەنسا وتوویانە سیاســـەتی دەرەوەی ئەمریکا لەسەر ئـــەوەساخ بۆتەوە کە هەوڵ وتەقەلا-یەکی ناهومێدانە بەکاردێنێ بـۆئەوەی وەزعی ئێستای پەیمـــانی ئەتڵانتیک بپارێزێ ، لە کاتێکدا رۆژ بە رۆژ ئەووەزعە بەرەو گۆران دەچێ .

ئەووەزعەی ناو پەیمــــانی ژووروی ئەتڵانتیـــک دەبێ هاندەربێ بۆ ئەوگەلانەی لەدژی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم خەبـــات دەکەن ، بۆ ئەوەی خەباتی خۆیان قووڵترو توندوتیـــژ تر پەرەپێ بدەن تاوەکوو بتــوانن زەبری زۆر گەورەوکاریگە لە سیاسەتی ئیمپریالیزم بوەشێنن .

باوکی دلێر

راپۆرتی ناوخۆ

باوکی شیرین

خوێنەری خۆشەویســـت هەواڵەکانی هەفتەی رابوردوو سەرەتای ئەم هەفتەیـــــــە هەمەجۆرو ناوەرۆک گرینـــک بوون .

○ سەرۆکی فەرمانــــــدە ، کـــاک احمد حسن بکر داوای کرد کە بایەخ بە نەوەی نـــوێ بدرێ لە لادێداو پێداویستی-یەکانی پەرەسەندنی دەستەبەر بکرێ . هەروەها ســـــەرۆکی فەرماندە لە دیدەنییەکەیدا لە وەزارەتـــــی کشــــتوکاڵو چارەســـەر کردنی کشـــتوکاڵ لە سێی ئەم مانگەدا وتـــــی . کاری میللی پراکتیکێـــــــکی شۆرشگێرانەیە ئەبێ بایـــەخی پێ بدرێ چونکە پەیوەندییەکی پتەوی بە پێداویستییەکـــانی گەشە کردنی نەتەوەییەوە هەیە بە مەبەستی بەرز کردنـــەوەی ئاستو رادەی کـــــەرتی کشتوکاڵ .

○ لە لایەکی ترەوە ، هەڤال صدام حسین ، ئێوارەی سێــی ئەم مانگە سەرۆکایـــــــەتی کۆبونەوەی ئاسایی لیژنـــــەی بەرزی بـــــەرەی نیشتمانیو نەتەوەیی پێشکەوتنخوازی کرد وە لە سەرەتای کۆبونەوەکەدا هەڤال صدام حسین دەربارەی سەردانەکـــەی لـــە بولگـــاریاو مەجەرو ئەلەمانیای دیموکراتو رۆمانیا دواو باسی ئـــــەو وتووێژانەی کرد کە لەگـــەڵ سەرکردەکانی ئەو وڵاتـــــە سوشیالیستیـیە دۆستانەدا کردویەتی کە سەری لێداون .

○ وە لیژنەی بەرزی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی پێشـــکە-وتنخواز ئەو هەنگـــــاوە شۆرشگێرییانەی پەسند کرد کە لە ناوچەی ئۆتۆنومــی دا نراون لەگەڵ جێگیر کـــردنی ئاسایشو ئاسودەیی تیـــایداو دانانی یاسای رێکخســــتنی مۆڵکایەتی کشتوکاڵ تیایـــداو دەست کردن بە جێبەجێ کردنی گۆڕانێکی چۆنی (نوعی) لـــە پرۆژەکانی گەشە پێ کردن کـــە ژیانی جەماوەری گەلەکـــەماندا وەدی ئەهێنن .

◉ ئەم کۆبونەوەیەو ئـــەو وتووێژەی تیـــایدا کراو ئـــەو بڕیارانەی داینی ئەوە دەرئەخات کــــــە هێزە نیشتمانییەکانی گەلەکەمان بە سەرۆکایەتی پارتی بەعسی سوشـــیالیستی عەرەب بایەخ بە پەرەپێدانی ناوچـــەی ئۆتۆنۆمی ئەدەن لە ئاســـتە جوربەجۆرەکانیدا .

◉ هەروەها گەلەکەمان بـــە پەرۆشەوە بایەخیدا بەدەرچونی یاسای رێکخستنی مولکایـــەتی کشتوکاڵ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئەنجومەنی ســـــەرکردایـــەتی شۆرش لە یەکی ئەم مانگـــەدا (حوزەیران) ئەم یاســـایەی دەرکـــرد .. یاســـاکەش بۆ مەبەستی فراوان کردنی کەرتی سوشیالیستییە لە کشتوکاڵدا کە کێڵگەکانی دەوڵەتو کێڵگە هەرەوەزکاریو هەرەوەزکارییە کشتوکاڵییەکان ئەگرێتەوە .. ئەمەش لەبـــــەر رۆشـــنایی بڕیارەکانی هەشتەمین کۆنگرەی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەبدا جێبەجێ کران .

◉ دیسانەوە ، ئەنجومـــەنی نەخشە کێشان بڕیاری دا کـــە ئەو پارەیەی بۆ بەرنامەی بەرهەم هێنانی ئەم ساڵ تەرخان ئەکرێ پتر بکرێو لە ٩٨٨ ملیـــۆن دینارەوە بکـــرێ بە ملیارێکو (٧٦) ملیۆن دینار . ئـــــەم بڕیارەش لە کۆبونەوەیـــــەکی ئەنجومەنی نەخشەکێشان دا درا کە بە سەرۆکایەتی کاک صدام حسین جێگری ســـــــەرۆکی ئەنجومـــەنی ســـــەرکردایەتی شۆرشو سەرۆکی ئەنجومـــەنی نەخشە کێشان کرا . وە کاک طه جزراوی ئەندامی ئەنجومەنی ســـــــەرکردایەتی شـــۆرشو سەرۆکی لیژنەی ئاراســـتەیی ئەنجومەنی نەخشە کێشان وتی : ئەم زیاد کردنە دوای دانانی چەند پرۆژەیەکی گرنگ لـــە کەرتە جوربەجۆرەکـــانو دوای لێکۆڵینەوەیەکی ئابوری بڕیاری لەسەر درا .

چـــەند بیناهیەک لســـەر رێگا شۆرشێ

سەخبێرکرنەکا بەر فرەهـ یا تێتەکرن بۆ وەلاتی هەمیێو تایبەتی دەڤەرا حووکمێ زاتـــی پشتی ئاشتیێو تەناهی زڤریە وەلاتیو دەستەکا خایین نەمای ئەو دەستەکا شەرو کاڤل کرن وێران کرن ل وەلاتی پەیداکری ل دەمێ گەلەک سالاو خزمەتـــا هەڤالێت خۆ دکــــــرن ژ ئیمپریالیزما .

ئەڤ قووناغا ڤێ گـــاڤێ عیراق تێدا دبوریت قوونـاغـێ بزاڤێو شولیە ژبۆ ئاڤاکـــرنا عیراقەکا نوی . عیـــــراقێ بەرپەرەکا نوێڤەکر لسەرکەتنا مەزن لسکەر دەستەکا خائیـــن ژبلی دەستە سەریاوێ لســـەر بەرهەمێت نەفتێو تەشریعاتێت دیێت بەرکەتی هەرژ شورەشا ١٧ی تیرمەهێ سالا ١٩٦٨ . ئـــەڤ قووناغە قـــووناغا پشکدریا میللەتێ مەیـــــێ کوردە ل ئاڤاکرنێو ئاشتیێو حوکم دەسکەفتێت میللەتی . بزاڤەکا بەرکەتی یا تێتەکـــرن ل دەڤەرا حووکمێ زاتـــــی ل کەسپوکاریو خەباتــــــــا ئاڤاکرنێ .

ئەڤرۆکە پشتی ئاشـــتیێو تەناهی زڤریوەلاتی دەرگەهێت نوی ڤەبوون لبەر میللـــەتێ مە ، دەرگەهێت شـــــولیو زڤراندنا ئاڤاکـــــرنێ . ل رێڤەبەریا گشتی یانەخــــش کێشانێو هەندەسێ ل وەزارەتا شارەوانیێ یا دەزگەهەکا نـــۆی هاتە درستکرن بۆ نوێکرنا بازێرێ هەبلێرێ پشتی بوویە مەرکەزێ حووکمێ زاتـــی .

دنیا هەمی بچاڤەکێ بلند بەرێ خۆ دەنە رێکا شورەشا یا ١٧ی تیرمەهێو رێکا خەباتا وێو ڤەگوهاستنێت هاتیتەکرن ل وەلاتی . شورشێ هەمـــی سەروبەر درستکرن بـــــۆ پێشکەتنا چاندنێ . چنکـــو چاندن لایەکێ بەرکەتی دگرێت ل ئابووریا وەلاتی ژ بلی کارێت ڤەگوهاستنا هەڤیشـــــکی ل گوندا دا جووتیار دەورێ خـــۆ ببینن ل ڤەگوهاســـــتنێت هەڤیشکی ل وەلاتی .

شورەش چاڤدیرا بزاڤێت تێنەکرن دکەت ژ بۆ پالدانـــا لایێتو گەلەک تەشریعـــــات دەیخستن بۆ ووجا جووتیـــارا راپوورتا سیاسیا کونگــــرا هەرێماتیا پارتا بەعسا عەرەبیا سوشیالیستی ڤێ چەنـــدێ دیاردکەتو بچاڤەکی بلنـــــد بەرێخۆ ددەتە چانــــدنێ . وەپێنگاڤێت مەزن هاتنە هاڤێتن ژ بۆ ڤەگوهاستنا هاڤیشــکی ل گوندا . وە زەڤێت دەولـــەتێ وزەڤێت پێکڤە ببنە پــــەروازێ ژیانەکا نوێ ل گرنـــــدێت عیراقێ .

شورەش بزاڤێ دکەت ژ بۆ نەهێلانا هەمی رەنگێت پـــاش کەتنێو ژناف برنا هــــەمی شۆنوارێت کەڤن .

عبدالاله حاج موسی

institutkurde paris

خەباتی قوتابیانی كوردستان

ئامادە كردنی سكرتاریەتی یەكێتی قوتابیانی كوردستان -

مەسەلەی فەلەستین

پارتی بەعسی سوشیالیستی‌عەرەب هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە مەسەلەی فەلەستینی بە كێشەیەكی ناوەندی - مركزی - داناوە‌لەخەباتی عەرەبدا كە توندوتۆڵ بەخەباتی نەتەوەی عەرەبەوە بەستراوەتەوە لەپێناو رزگاری‌و یەكگرتن‌و بنیاتنانی سوشیالیستیدا ٠

بەڵام دوای بەزینی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧و داگیركردنی بەشێكی گرنگی‌خاكی سوریاو میسر لەلایەن ئیسرائیلەوە ، بایەخی ئەم كێشەیە لەژیانی عەرەبدا پتربوو ٠٠ هەروەها مەترسی بوونی زایونیزم‌و هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیمپریالیزم‌دا دژی بوونی نەتەوەی عەرەب‌و پاشەرۆژی‌خەباتی رزگاریخوازو یەكگرتن‌و سوشیالیستی یانەی بەشێوەیەكی بێوێنە دەركەوت ٠

لەراپۆرتی سیاسی هەشتەمین كۆنگرەی قطری پارتی‌بەعسی سوشیالیستی عەرەبەوە

كاری میللی رەوتی بنیاتنان بەرەوپێش ئەبات

- جمال چەرمەگا -

نزیكەی ٧ ساڵ دەبێت بەسەر شۆرشی ١٧ تەموزدا تیپەریوەو سەركردایەتیی‌ەوشیارەكەی لێپرسراوێتی‌یەتی تەواوی لەبەرامبەر ئەو پەیمان‌و بریارانەی لە ماوەی رابردوو دابوی نواندوەو سووره‌لەسەری ٠

بەڵێ لەو ماوەیەدا ووشیاری سەركردایەتی شۆرش لەبارەی گەلیك مەسەلەو گیروگرفتەوە دووا وەو چارەسەری كردون بێ‌گومان ئەمە لەكاتیكدا كە بنچینەیەكی سەرەكی‌و گرینگی بۆ داناوە ٠

بەعسی سوشیالستی عەرەب‌و چەند ئەندامانی حیزب‌و لێپرسراوان چاودێری ئەو پرۆژانەی ئاوەدان كردنەوە یان كردوە كە دانراوە ٠

لە لایەكی كەشەوە بایەخێكی گرینگی بە كیشەی گیروگرفتی نیشتمانی عەرەب داوە بۆ ئەو ریبازی گرنگەی لە پێشیانە ٠

هەروەها لەرۆژی هەڵگیرساندنی شۆرشی ١٧ی تەموزەوە ، سەركردایەتیەكەی گرینگیەكی تەواوی بە بنیاتنانی چارە كردنی گیروگرفتێكی كۆمەلایەتی‌و چالاكیەكانی داوە ٠

هەروەها لەو ماوەیەی رابردوودا سەرۆك كۆمار مهیب احمد حسن بكرو هەڤاڵ صدام حسین جێگری سكرتیری سەركردایەتی قطری پارتی



هەر لەو ماوەیەشەوە هەریمەكەمان گۆرانیكی گەورەی بە خۆیەوە دیوە ٠

كاری میللی لە سێ لاوە سەیری ئەكرێ :-

یەكەم : لەبارەی سیاسیەوە: هەر لەگەڵ هاتنی شۆرشی ١٧ی تەموز ئەبوایە كە جیابونەوە نەمایە لەنێوان جەماوەرا كە سەردەمەكانی پیشو چەسپاندبویان لەبەر ئەوەی كە شۆرش‌و استراتیجیەتی هەمیشە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی جەماوەرە واتە پەیوەندیەكی تونتر لەنێوان سەركردایەتی سیاسی‌و لە نیوان جەماوەرا - كریكار و جوتیارو هەمو چینەكانی تر بەتایبەتی لەم كاتەدا بۆ وەستان دژی پیلان‌و نەخشەكانی هیزی ئیمپریالزم‌و زایۆنیزم‌و كۆنەپەرستان ٠

وە كاری میللی - كاریكی گرنگ‌و ئامادە كردنیكی‌سیاسی ریك‌و پیكە بۆ جەماوەر ، لە هەمان كاتدا ئەوە ئەگەیەنێ كە چۆن جموجولیكی پراكتیكا نەیە لە ژێر دروشمیكی دان بە خودا گرتن‌و دەركردنی بەرهەمی شۆرشگیرانە ٠

بە شیوەیەكی گشتی ئەتوانین بلێین كە مەیانەكانی كاری میللی - خۆپیشاندانیكی سیاسی بوو بۆوەستان دژی ناحەزان لە ناوەو دەرەوەی ولاتا - جگە لەوەی كە بریتی بوو لە خەباتیكی بێ وچانی نێوان كریكارو جوتیارو هەمو چینەكانی ترو روشنبیرە شۆرشگیرەكان ٠

دووەم : لە بارەی ئابوریەوە :

پیویستی وای فەرز ئەكرد كە زیاتر و بەزوترین كات هەوڵ بدرێت بۆ پێ شێل كردنی ئەو بارە ناخۆشانەی پێش شۆرشی ١٧ی تەمووز لە بارەی كشتوكالیەوە ، بەخیرایی‌و بێ چاوەروان كردن‌و دراسەت كردنی و دەركردنی (مناقصات)و ریگای دووری تر ٠

بەڵام توانرا بە هۆی كاری میللیەوە كە بە ئامیریكی شۆرشگیرانە ئەژمێرت چاوەروانی ریگا دوورەكە نەكرێت ٠

هەرواش بوو بە زوترین كات ژمارەیەكی زۆر لە پرۆژە جێ بەجێ بووبێ ئەوەی كە پاریەیەكی زۆریشی تێ بچێ ٠ لەو پرۆژانەی كە زوو تەواو بوون :-

١ - پرۆژەی ١٧ی تەمووز - المغیشی - كە ٦٠ هەزار دونم ئاو ئەدات‌و جێی ٢٠٠٠ خێزانی جوتیاری ئەبیتەوە ٠

٢ - پرۆژەی ٣٠ تەمووز - الدوایە - ١١٤ هەزار دونم ئاو ئەدات ٠

٣ - پرۆژەی - البعث - ٨٥٠٠ دونم چەڵتوك ئاو ئەدات و جیگەی ١٠٠٠خێزان جوتیاری تیائەبینەوە ٠

٤ - پرۆژەی یەكیەتی ٣٦٠ هەزار دونم ئاو ئەدات ٠

٥ - پرۆژەی ٧ نیسان - الجزمیە - ٦٠ هەزار دونم ئاو ئەدات ٠

٦ - پرۆژەی ئاودانی(الدور) كە ٦٠ هەزار دونم ئاو ئەدات ٠

٧ - پرۆژەی ئاودانی (الحی) كە ٣٠٠ هەزار دونم ئاو ئەدات ٠

و لەبارەی ئابوریەوە كاری میللی بە تەنها كشتوكاڵ ناگریتەوە بەڵكو زۆر شتی تر ئەگریتەوە بە جۆریك كە لەگەڵ نەخشەی شۆرشا بگونجێ ٠

سیهەم : لە بارەی كۆمەلایەتیەوە :

كاری میللی شیوەیەكی پێش‌كەوتو خوازانە ئەگەیەنێ بە رۆحیكی پر لە مسوءولیەت لەناو هەمو جەماوەرا ، و لە هەمان كاتدا ئەوە ئەگەیەنێ كە

بڕوانە : ل -٩-

هەواڵەكانی یەكێتیمان..

یەكێتی قوتابیانی كوردستان لە مەڵبەندی حوكمی زاتی ناوچەی كوردستان لەم هاوینە بەشداری ئاوەدان كردنەوەی گوندەكانی كوردستان ئەكات ٠

هەولێر : نێراوی «هاوكاری» لەسەردانەكەماندا بۆ ... ی هەولێر مەڵبەندی حوكمی ... ی ناوچەی كوردستان‌و ... چوارچێوەی گەرانەكەماندا ... رێكخراوە كوردستانیەكاندا ... رمان لە بارەگای یەكێتی ... تابیانی كوردستان‌داو ... بارەی گەلێك كاروباری ... كێتی‌و ئەركی ئەمرۆی ... تابیە كوردستانیەكان لە ... كردنەوەی دەستكەوتەی ... زنی گەلەكەمان (حوكمی ... نی ناوچەی كوردستان) ... این‌و هەروەها دەربارەی ... رنامەی داهاتوی یەكێتی ... ك رێكخراویكی پێشرەوی ... تابیانی كوردستان ٠ كاك « رفعت عثمان محمد »

لێپرسراوی پیشەیی یەكێتی رای‌گەیاند كە (لەپشوی ئەم هاوینەدا ، قوتابیەكانی كوردستان بەشداری ئەو هەرەوەزیەیی كاری میللی ئەكەن كە لەكوردستاندا بۆ ئاوەدان كردنەوەی گوندەكان‌و ریگاو بانەكانی ناوچەكە دەست پێ‌ئەكات دوای ئەوەی ئاشتی‌و ئاسایش لە كوردستاندا جێگر بووەوە)٠

هەروەها دەربارەی چالاكیەكانی تری یەكێتی وتی (لەرووی رۆشنبیریەوە ، بەردەوامین لەرێكخستنی كورو دەركردنی بلاوكراوەی رۆشنبیری‌و لیژنەكانی رۆشنبیری لەقوتابخانەكاندا لەم رووەوە دەوری خۆیان ئەبینن‌و بلاوكراوەی « كاروان » نموونەیەكی ئەو چالاكیانەی یەكیتی یەكەمانە هەروەها یەكیتی هانی پەرەپێدانی هونەرو ئەدەبی ناو قوتابییەكان ئەدات‌و ئاهەنگ رێك ئەخات‌و بۆ بێتەدی لەرێكەوتە نیشتمانیەكاندا میهرەجانی هونەری لەبەرهەمی قوتابیان ساز ئەكەین) ٠

لە كوتایدا وتی (ئێمە بەهیوایەكی بەهێزەوە سەرنجی پاشە رۆژ ئەدەین كە لەسای دەستكەوتە جەماوەریە بەهادارەكانی شۆرشی ١٧ی تەموزی پێشكەوتن خوازدا ناوچەی كوردستان زیاتر ئاوەدانی‌و دەستكەوتەی مەزنی) ٠)

هەولێر

لێژنەی رۆشەنبیری لقی هەولێر بە زمانی كوردی بە ناوی (تاڤگە) (سەركەوتن)ەوە چەند پەخشنامەیەكی سەردیواری دەركرد ٠

هەروەها لێژنەی رۆشەنبیری لە ئامۆژگای مامۆستایان پەخشنامەیەكی بە ناوی « ئاوازی نەمر » دەركرد هەروەها لێژنەی پۆلی یەكەم لە ئامۆژگای مامۆستایان پەخشنامەیەكی بە ناوی « ئەستێرە » دەركرد ٠

هەروەها لێژنەی یەكێتی لە قوتابخانەی ئازادی پەخشنامەیەكی بە ناوی « فەلەستین » دەركرد ٠

وێنەیەك لە جۆلانەوەی‌هونەری‌و رۆشنبیری قوتابیانی كوردستان لە هەولێر ٠

تێكرا لە ئامادەیی كوردستان‌و لێژنەی ئامۆژگای مامۆستایان‌و لقی یەكێتی ئەم بلاوكراوانە دەرچودن :-

سەركەوتن ٠ كۆتر (٧)ی نیسان ٠ هیوا ٠ مەشخەل٠ بەهار ٠ ڤینوس ٠ گوڵ ٠ پەروەردە ٠

ئەم بلاو كراوە یەك لە دوای یەكانەی لقی هەولێر نیشانەی هەست بە لێ پرسینەوەی خۆیانە كە لەم ماوەیەدا توانیویانە ئەم جم‌و جۆلانە بەرپا بكەن ٠

ئۆردوگای ئەمساڵ‌و سەرنجێكی تر

خالد جوتیار

ساڵی پار بە بازووی قوتابیانی عیراق بەبیرو ئامادە بوونی قوتابیان سەلماندرا كە لە تواناداهەیە هەموو شت بگۆردرێت ، تا ئەوانەش



كە لەبیرو خەیاڵی ئیمپریالیزمەكان دوورن زۆر بە ئاسانی جەماهیر تەفرو تونای دەكات رەش‌و رووت لە هەموو مەسەلەیەكدا خۆی هێزی سەرەكی‌یە هەموو گۆرانێك ئەگەر قوربانی‌و خەباتی بۆبكرێت هەر سەردەگرێت ، با لەسەرەتاشەوە هەندێك گیروگرفت بێتە كایەوە ، بەڵێ پار قوتابیان « خالیسەیان » دروست كرد ، « خالیسە » بیرەوەری پێش‌مەرگەكانی فەلەستینە ، « خالیسە »و ٠٠ « ئەبو منێسیر »و ٠٠سەرەتان سەرەتای سەندنەوەی چلە زەیتونە زەوت كراوەكەن ، ئەگەر چی ئەمرۆ ئیسرائیل بەو پەری وەحشیەت‌و دەوڵەتە عەرەبە بەرچاو تەنگەكانیش منالە فەلەستینیەكان شار بەدەر دەكەن ئاگەرچی لیرەو لەوێ خەریكی ئاش بەتاڵ كردنن لەمەسەلەی فەلەستین بەڵام دیارە تا پێشمەرگەیەكی خاكی قودس مابێ بەرینگاری مردن‌و هەموو جۆرە دوژمنێكیش هەر دەبنەوە لە « خالیسە »ی پار نەك هەر قوتابی عەرەب‌و كورد بگرە ئەو عیراقیانەی لە دەرەوە دەخوێنن‌و نوێنەری زۆربەی یەكێتی‌و كۆمەڵەو رێكخراوەكانی قوتابیانی دەرەوەش بەشداریان تێدا كرد ٠

بڕوانە ل - ٧

ئەوەی بۆ بنیات نانی نیشتمان ئارەق نەرێژی بۆ پاراستنی نیشتمان خوێنی ناریژی - هەڤاڵ صدام حوسێن -

- ئافرەت -

لەگەڵ لێپرسراوی یەكێتی ئافرەتانی كوردستان لە هەولێر..

هەولێر : نێراوی « هاوكاری »

لە بارەگای یەكیتی‌ئافرەتانی كوردستان لقی هەولێر ، چاومان كەوت بەخوشكە « نافعە عثمان » سەرۆكی یەكیتی‌و گفتوگۆیەكمان دەربارەی یەكیتی‌و باری ژیانی ئافرەتانی كوردستان‌لەگەڵدا كرد ، خوشكی ناوبراو وتی :

- لەبەر ئەو بارو زروفە نا ئاساییەی لەماوبەر تێكرای

ئافرەتی كوردستانی لەشاری هەولێر

ناوچەی كوردستانی تێدائەژیا ، یەكیتی ئافرەتان زۆر گیروگرفتی ئەهاتە رێگای‌چالاكیەكانی وەك رێكخراویكی ئافرەتان ، بەڵام ئەمرۆ وەلەسای ئاسایشدا ، یەكیتی یەكەمان كەوتۆتەوە نواندنی‌چالاكی خۆی‌و لەروی رێكخستنیەوە خەریكی بەهیز كردنین ، وەنەبێت لەماوەی رابوردوشدا وەستابوبین ، بەڵام‌ئەمانەوێت ئەم یەكیتی‌یە زیاتر گورج‌وگوڵ ببێت‌و بتوانێت‌زیاتر خزمەتی ئافرەتی كورد بكات ٠

یەكیتی‌یەكەمان ، بەردەوام‌كوری بۆ ئافرەتان سازكردوەو لەرووی ئاموژگاری‌و«تەوعیە»وەدەوری خۆی گیراوەو لەرووی رۆشنبیریەوە ، بلاوكراوەیەكمان‌دەركردوە كە ئافرەتانی لقەكەمان بەشداری نووسینیان كردوە ٠

وەبەبۆنەی ساڵی ١٩٧٥ساڵی ئافرەتانی جیهانەوە خوشكە « نافعە » داوای كردكە بەهەموو لایەكی دلسۆزان هەولبدرێت بۆ فراوان كردنی‌ماوە لەبەردەم ئافرەتی كورددا كە دەوری راستەقینەی خۆی‌لەبنیاتنانی كومەڵێكی پێشكەوتودا لە كوردستان ببینێت ٠

هەروەها داوای كرد كە دەستكەوتەی حوكمی زاتی ناوچەی كوردستان زیاتر قوڵ‌بكرێتەوە تا دەزگاكانی زیاتر ماوەیان لەبەردەمدا فراوان‌بێت بۆ جێ‌بەجێ‌كردنی ئەركی پیرۆزی سەرشانیان لەخزمەتی ئاوات‌و خواستەكانی جەماوەری گەلی كورددا ٠

- گۆشەی منالان -

... ە گەلاوێژ

منالە خوشەویستەكانم ... رۆكی ئەم هەفتەیەمان ... رۆكی رێوی فیلبازە ٠

رێوێكی فیل‌باز هاتە ... دارستانیكی گەورەو ... ستی كرد بە جانەوەر ... كردنەوە تاو تاو قسەی ... رشی بۆ ئەكردن‌و ریوی ... بازی وەكو خوی زور لەگەڵ ... هەرچ قسەیەكی بكردایە ... ئەوەی بیری لێ‌بكەنەوە ... ك سەر دەیان ووت‌قسەی ... ریوی زۆر راستەو ... جێیە بەم جۆرە دەستی‌كرد ... خواردنی بەروبومی ... رستانەكەو هەرچ نیچیر- ... بگیرایە موچەی ئەوو ... ماڵەكانی‌بون ٠ تایفەی ریوی ... ڵ باز بەتایفەی سەر ... ور ئەناسران ٠ ئەم چینە ... ریە زۆر بەخوشی ئەژیان ... كو رێویەكانی ترنەبون ٠ ... ر لە برەودابون ٠ ماوەیەكی ... رو درێژ رێوی فیل باز ... فرو فیل توانی ببێ ... سەرەكی هەموو رێویان ٠ تا ... هات بەرەو بومی دارستانەكە

ئێستاش تۆز ئەكات

لەكەمی دابو خو دێهاتی ناووچەكە هەموو لە سەغلەتیا بون بە دەست هێرشەكانی رێویەكانەوە مریشك‌و كەڵەشیرو قازو مراویان هەر نەما شەو نەبو زریكە لەدێیەك هەڵ نەسی ٠ هابگرە نامەردت نەكەن نەیەلن دەرچی بیگرن بەلیس لێیان دەن ٠ بەم جوره دێهات لە ناخوشیدا ئەژیان ٠ دانیشتوانی دێهاتەكانی دەورو بەری دارستانەكە كۆبونەوەو بریاریان‌دا كە هەرچونێ بێ ئەبێ چارەیە ، چارەسەری بۆ دەست درێژی ئەم رێویانە دابنێن زیانیكی زۆریان لێ‌كەوتوە هەمۆشەوێ لەدەوری ماڵەكانیان پاسەوانی ئەكەن‌و كەچی هێشتا دەستەی ریوی سەرسور هەر لە پەلاماردان ناكەون ، لیان ئەگیری بە تەلەوەئەبن بەلیس ئەكوژرێن ئاواییەكان كۆبونەوەو

تەگبیریان كرد كە شەو لەدەوری دێیەكان پوش كۆبكەنەوە شاپلێتە ئامادە بكەن لەگەڵ لەهەر لایەكەوە وەیان‌لە هەر دێیەكەوە دەستەی رێوی روی تێ‌كردن ئاگر بكەنەوە پەلاماری‌رێویەكان بدەن تا قەلاچویان ئەكەن ئینجا دوابەدوای ئەوە روو بكەنە دارستانەكە بەشاپلێتەوەو بەتەنەكە لێدن تا كۆمەلی رێوی سەرسور لەناو ئەبن‌و لەزەرەرو زیانیان رزگاریان ئەبێ ٠

منالە خوشەویستەكانم ئاواییەكان ئەم بریارەیان‌دا هەموان خویان حەشاردا تا شەو داهات پێویستی خویان ئامادە كردبو ٠ لەدەم كەلەوە- مانگ هەڵ‌هات لەدورەوە روەو هەردێیەك كومەلی رێوی خویان كوتا تاراوی ئەم شەویان دەست گیربێ ٠ زۆر بە هیواشی ئەرویشتن

سەركردەی راوی ئەم شەویان رێوی فیل‌باز بو كە خوی بەسەرۆكی هەمویان دائەنا لەگەڵ لەدارستانەكە هاتنە دەرێ بون بە (٥) پینج بەشەوە هەربە شەی دە رێوی بو سەركردەكە پاش‌ئەوەی بەرێویەكانی وت ئەبێ نیچیری ئەم شەومان لەهەمو شەوان زیاتر بێ ٠ خوی لەسەر بەردی مەلاس كردو چاوەنواری ئەنجامی هێرشی ئەم جارەی ئەكرد ٠ لە پر چاوی كردەوە تەماشای‌كرد لەهەموو لایەكەوە ئاگر كراوەتەوە گرمەو هەرایە تەنەكە لێدانە ٠ چاوی لێك ناو سەری قوت‌كردەوەو لەپر چاوی‌كردەوە كە تەماشای كرد بەلی راستە ئەم هەموو ئاگرەو بەرەو دارستانە كەش دێ لەم كاتەدا رێویەك لە رێوییەكان كە نیوەی لەشی بەئاگر سوتابو گەیشتە

سەركردەو ووتی راكە خواگرتو هەمو سوتاین وا دیارە تەگبیرمان لێ‌كراوە مام رێوی فیل باز وتی چی‌یە وەلامی دایەوە وتی لەگەڵ گەیشتینە نزیك دێیەكە كاتی زانیمان كەوتینە ناو ئاگرەوە هێندیكمان سوتاین هیندیكیشمان كوژراین وابزانم هەرمن دەرچوم دەرچونە كەیشم ئەمەیە كە ئەمبینیت ٠ لەم كاتەدا گری ئاگر نزیك بوەوەو دەنگی تەنەكە لێدان زیادی كرد هیچی بۆنەما ووتی دە دوام كەوە كیمان ماوە بارزگارمان بێ لەم دارستانەوە بگوێزینەوە بچینە لایەكی زۆر دوور كە دەستی‌كرد بەراكردن تۆزی ئەكرد تائێستاش هەر تۆز ئەكات ! منالە خوشەویستەكانم هەرچی زیان بەكەسیكی تر بگەینی زیانی پێ‌دەگات ٠ وە ئەنجامی كاری خراپ ماڵ وێرانی‌و سەرگەردانی‌و زیانە لەبەر ئەوە ئاوایان بەسەرهات ٠ تا هەفتەی داهاتو بە یەزدانتان ئەسپیرم ٠

هیڤی‌و داخازێن ژنا کورد لسالا جیهانی‌یا ژنان

– صدیق علی ئامێدی –

ئەڤ سالە ، سالا جیهانی‌یا ژنایەو لهەر چارکنارێن جیهانێ لدوی بانگێ جڤاتا نەتەوێن ئێکگرتی ، دێ بزاڤ‌و خەباتەکا پترتر ژ جاران هێتەکرن ژ بوسەربەستی‌و ئازادی‌یا ژنان لهەمی جهان ، ژبەرکو ژن یا لبەرزورداریەکا مەزن‌و لگەلەك ئەردان وەکی مروڤەکی بەرێ‌خو نادەنێ‌و چو دەورەك نینە دژین‌و ژیارا چڤات‌و مالا خو ، بەلکی وەسا تێدگەهن کو ژن هەر بو بەرمالێ‌و بخودانکرنا بچویکانە .

لبەرڤێ چەندێ‌و بۆ هندێ ئەم بیروباوەرو هزرێن ژنا کورد خۆیا بکەین‌و لدوی شیانا خو بەشدارێ‌و سالا جیهانی‌یا ژنا بکەین ، ئەڤ چەند پرسیارە مە ژ چەند خویشکا کرن لدهوکێ ، وانژی بدلەکێ پر ئومێد بەرسڤدا .

لێ ژبەرکو ئەڤ بەرسڤەنە بیروباوەرا خودانایەو ئەم وەکەل هندەکا نینین لەوما دەق‌ودەڤ بلاڤدکەین بێ دەستکاری‌و لدوی سەربەستی‌یا بلاڤکرنێ .

پرسیارێن مە ئەڤەنە بوون :

١ – وسالا جیهانی‌یا ژناندا ، دخوازێن تە چنە بو ژنا عیراقێ بێنەجە ؟

٢ – هزرو بیرێت تە چنە لسەررەوشێ عەدەتێن ژن‌ئینانێ ل وەلاتێ مە ؟

٣ – هیڤیا تە د ژیانێدا چی‌یە ؟

ئەڤەنە ژی بەرسڤێن خوشکان بوون :

خوشکا : نسیبە أحمد عبد .. گوت :

١ – یافەرە ژن پەیوەندیێن خو لگەل هەمی ئەندامێن جڤاکی بهێزبکەت‌و دڤێ خەباتا بەردەوام بیت ژبو سەربەستی‌یا ژنان‌و بۆ هەندێ ئەڤ خەباتەیا سەرکەفتی بیت ، پێدڤی‌یە ئێکگرتی بین .

٢ – پێدڤی‌یە کچ شوی بوی مێری بکەت ئەوێ دڤێت ، دیسان کور ژی وێ بینیت دوا ژی دڤێت ، گەلەك یافەرە نەخت بهێتە دەستنیشان کرن‌و تشتەکێ رەمزی بیت ، گەلەك گیروگرفتێت مێروژنا ئەگەرا ژی نەختینە ، گەلەك مالا خراپ دکەت شوینا ئاڤابکەت ، ژبەر ڤێ چەندێ عیراق پێدڤی یاسایەکا پێشکەفتی‌یە بۆ ژن‌ئینانێ .

٣ – هیڤیا من ئەوە ئەز بگەهمە پەیسکا – ئەندیرا غاندی – دژیانا خودا ، دا خزمەتا مللەتێ خو بکەم .

خوشکا ئەدیبە ئەحمەد ، ئەڤ بەرسڤەدان :

١ – داخازا من ئەوە جڤاك بچاڤەکێ خراب بەرێ خو نەدەتە ژنا بگشتی نەمازە ممرضا ، ژبەرکو هەکە ژنەکێ کارەکێ خراپ کر ، هەمی ژنێن دی بەرپرسیار نینن ژوی کاری ، هەروەسا ئەگەر زەلامەکی خرابیەك کر هەمی زەلام بەرپرسیار نینن .

دیسان دەستنیشانکرنا دەسهەلاتا مێری لسەر ژنێ گەلەك یافەرە وچونکو مێروەکی عەبدەکێ بەرێ خو ددەتە ژنێ .

٢ – دڤێت هەمی ژن لنك دادپرسی بێنە مەهرکرن‌و ئەو کەسێ کچا خو ئان خوشکا خو بزۆری بدەتە شوی بهێتە جزاکرن‌و پارەکێ باش لێوەرگرن .

هەروەسا دڤێت پێ‌گوهورکی رابیت‌و نەخت ژ لایێ کوریڤە بهێتە دەستنیشان کرن نەکو ژلایێ بابێ ئان برایێ .

٣ – هیڤیا من ئەوە مللەتێ مە ژیانەکا پر کامەرانی‌و دویر ژ هەمی گیرگرفت‌و ئالوزی‌یا بژیت .

خوشکا نوال محمد علی ، کو ئەوژی وەك خوشکا ئەدیبەو نسیبە ، ممرضەیە لسەر پرسیارێن مە گوت :

١ – یافەرە خانییێت زاروان بو وان فەمیلیا دروست بکەن

– حربیه حنا –

ئەڤێن ژنێن وانا ئان پالەوان فەرمانبەرو ئەز دخازم ژن وهەمی کارو لایەکێ ژیانێدا پشك دار بیت‌و دەسەلاتا مێری بێتە دیارکرن‌و توخیبەك بو مێری خراب بهێتە دانان .

٢ – دڤێت نەخت بهێتە دەست نیشانکرن ژبەرکو گەلەك نەساخێین جڤاکی ژێ چێدبن‌و پێدڤی‌یە کورو کچ هەڤدوو ببینن ، بەری مەهرکرنێ‌و خاستنێدا ، دا وئێکودوو شەهرەزابن ، هەروەسا پێدڤی‌یە کچێ بخوزنی نەدەنە شوی ژبەرکو گەلەك نەساخێیێت کۆمەلایەتی ژێ‌چێدبن .

٣ – هیڤیا من ئەوە خزمەتەکا باش بو مللەتێ خوبکەم‌و دکارێ خودا سەرکەفتی بم‌و تەو جوداهی‌یا لناڤبەرا ژن‌و مێراندا نەمینیت .

خوشکا بەرنادێت ، خوشکەکا دی بوو کو مە پرسیار ژێ کرین‌و وێ ژێ ئەڤ بەرسڤەنە دان .

١ – داخازا من ئەوە جوداهی لناڤبەرا ژن‌و مێراندا نەمینیت‌و بەرهەمبەری ئێك بن وهەمی لایەکێ ژیانێدا .

٢ – یافەرە کەس ژ ژنەکێ وێڤەتر چو ژنا نەئینیت‌و ئەڤ چەندە بهێتە قەدەغەکرن ، دەسەلاتا مێری‌ژی لسەر ژنێ کێمتربیت ، دیسان کچ‌و کور بدلێ خو شوی بکەن‌و ژنێ بینن‌و لێ کچەکێ بزۆری بدەتە شوی بهێتە جزاکرن .

٣ – هیڤیا من ئەوە جودایی لناڤ ژن‌و مێرادا نەمینێت هەروەسا لناڤ بسلمان‌و فەلان‌و هەمی ئولێن دی نەمینێت .

حویشکا حربیە حەنا ، کو سەروکا ممرضانە ئەڤ بەرسڤەدان :

١ – هیڤی‌دکەم ژن دگەل مێری دهەمی مەجالاندا هەڤ پشك بیت‌و پەیسکا ژیانا وێ بلندتر بیت‌و پەیوەندیێن وێ دگەل مێری پەیوەندیێت مروڤایەتیێ بن .

٢ – دڤێت نەخت بهێتە کێم‌کرن‌و بزۆری دانەشوی نەمینیت ، هەروەسا پێ‌گوهورکی‌و دڤێت خەباتەکا گەرم بێتە کرن دا (عەبا) نەمینێت ، ژبەرکو (عەبا) رێکێ لپێش‌کەفتنا مللەتی دگریت .

٣ – هیڤیا من ئەوە ئەز خزمەتەکا باش بو ڤێ مللەتی بکەم‌و دکارێ خودا سەرکەفتی بم‌و وێ روژێ بچاڤێ خو ببینم یا مێرو ژن وەك ئێك‌و یەکسانن وهەمی کارو فەرماناندا .

پشتی مە ئەڤ چەند پرسیارە ژ خوشکێن ممرضە کری ، مە پرسیارێن خو پێشکەشی ماموستایان کر و خوشکا ماموستا « شکریە شکری » دبەرسڤا خودا گوت :

١ – لناڤبەرا ژن‌و مێراندا لعیراقێ جودایەکا مەزنا هەی‌و ئاشکرایە مللەت پێش‌ناکەڤیت ئەگەر نەهێتە راگرن‌و ژن‌و مێر وەکی هەڤ لێ‌نەهێن ، گەلەك مێرێن هەین وەکی بەنیەکێ بەرێ خو ددەن ژنێ‌و چو رێزو

– برنادیت عبدالاحد –

قەدرەکێ بو ناگرن ، ژبەر ڤێ چەندێ دەستنیشان کرنا دەسەلاتا مێری لسەر ژنێ یا فەرە .

٢ – دڤێت نەخت تشتەکێ رەمزی بیت‌و پێ‌گوهورکی نەمینیت ، ژبەرکو ئەڤ تیتالە ، نیشانەکا بیروباوەرو جڤاکا کەڤنەپەرستن‌و پێدڤی‌یە کچ‌و کور بدلێ خو شوی بکەن‌و ژنان بینن‌و دڤێت مەهرکرنێ لجەم دادپرسی بیت .

٣ – من دڤێت ئەز دژیانا خودا ماموستایەکا سەرکەفتی بم ، دا خزمەتا ڤی مللەتی باش بکەم .

« شکریەمراد » ئەوژی ماموستایە لخویندنگەها ماموستایان لدهوکێ گوت :

١ – داخازا من ئەوە ژن وەکی میری مافێن خو هەبن‌و چو جودایی لناڤبەرا واندا نەمینێت .

٢ – پێ‌گوهورکی کارەکێ خرابەو نەمانا وی قازانجا مللەتی‌یە ، یا فەرە یاسایێن پێشکەفتی بهێنە دانان ژبو ژن‌هینانێ ، دیسان دڤ هەمی مەهرکرن لنك داوپرسی ببن ژبەرکو وی دەمی کەس نکاریت کچا خو ئان خوشکا خو بزۆری بدەتە شوی .

٣ – هیڤیا من ئەوە ژینەکێ خوش بژیم‌و نەخویندەواری لناڤ ژناندا نەمینیت .

پشتی ڤان دوو ماموستا بەرسڤا پرسیارێن مە داین ، مە پرسیارێن‌خو ژ چەند خویشکێن خویندکارکر لخویندنگەها ماموستایاندا .

خوشکا « نظیمه نور الدین » وبەرسڤا خودا گوت :

١ – داخازا من ئەوە لڤێ سالێ هوشیار کرنەکا زانستی بهێتەکرن لناڤ گەنجێن عیراقێ نەماز لناڤ وانا ئەڤێن بچاڤەکی خراب بەرێ ددەنە کچان ، دیسان هیڤیدارم ژن ژ (عەبا)ی قورتال بیت ، ژبەرکو رێکا پێشکەفتنا ژنا دگریت‌و هەروەسا هیڤیدارم نەخویندەواری لناڤ ژناندا بن‌بر ببیت ، جونکو نەزانین دوژمنێ مللەتی‌یە .

٢ – بزۆری وانە شوی زیانەکا مەزن وبەخشیت‌و دبیتە ئەگەرا هەرفاندنا پەیوەندیێن ناڤ ژن‌و مێریدا ، دڤێ ئەڤ بزۆری دانە شوی‌و تیتالێ پێ‌گوهورکیێ‌و ژن بچویکاتی دانە شوی نەمینن‌و نەمانا ڤانا داخازا هەمی ژنێن عیراقی‌یە ، ئاشکرایەژی ئەڤ کارە ناهێتەکرن ئەگەر ئەم نەخویندەواریێ بن‌بر نەکەین .

٣ – هیڤیا من ئەوە ئەز ماموستایەکا سەرکەفتی‌بم‌و زوی بهێمە تەعین‌کرن‌و بشێم لچەند پارچەکێن جیهانا بەرفرەه بگەرێیم .

(بشری خالد) خویشکەکا دی بوو بەرسڤا پرسیارێن مە بڤی رەنگی داین .

١ – دخازم جڤاك بوی چاڤێ بەرێ خو ددەت مێری هەروەسا بەرێ‌خو بدەت ژنێ‌و هەردوو هەمبەری ئێك بن دهەمی کارو لایێن ژیانێ‌داو دیسان دخازم

– علیه الطائی –

پەیوەندیێن دەرەبەگایەتیێ لناڤبەرا مێرو ژنێدا نەمینن . مێری بکەت ئەوێ وێ دڤێت‌و

٢ – یافەرە کچ شوی بوی بزۆری نەدەنە شوی یاسایا : الاحوال الشخصیه – بارێت کەسایەتیێ .. بهێتە گوهرین بیاسایەکا پێشکەفتی‌و دڤێت قەدەغە کرن ، جونکو زیانەکا مەزن ژێ چێ دبیت .

٣ – هیڤیا من ئەوە خویندنا خو تەمام بکەم دا هاریکاریا مالا خو بکەم .

خویشکا (ماجدە محمود) شاگردەکا دیا خویندنگەها ماموستایان بوو کە بەرسڤا پرسیارێن مە داین :

١ – ژن نیڤەکا جڤاکیەو هەلبەت یەکسان نینە لگەل

– أدیبه احمد الشیخ –

ژ ژنەکێ پتر ژن‌هینان بهێتە قەدەغەکرن ... مێری‌و دڤێت خەباتێ بکەت دابگەهیتە ئارمانجێن خو .

دیسان چەوا ژن بەرپرسیارە ژ کاروبارێ مالێ ، هەروەسا مێرژی بەرپرسیارەو دڤێت هاریکاریا ژنێ بکەت ، هەروەسا رزگار بوونا ژنێ ژ (عەبا)ی گەلەکا فەرە ، هەتا ئەڤ (عەبا)یە هەبیت ژن رزگار نابیت .

٢ – نەخت دڤێت نەمینیت ، ژبەرکو نەخت نیشانا فرۆشتنێ‌یە ، دڤێت کچ بخو وی کوری ببینیت ، ئەوێ دێ شوی پێ‌کەن بەری مەهرکرنێ بهەبامەکی ، نەکو باب‌و برایێن وێ بۆ ببینن !!

دیسان عەدەتەکێ گەلەك

– سنیه احمد سلیم –

خراپ لعیراقێ پێ‌هەی دڤێت رابیت‌و نەمینیت ، ئەوژی کچێت گەلە بچویك ددەنە شوی ، ئان ئێکا بیست سالی دێدەنە مێرەکێ شێست سالی .

هەلبەت دڤێت پێ‌گوهورکی رابیت ، جونکو ئەڤە ژنێ دکەتە ئەرزانترین (بضاعه – تشتێ فرۆشتنێ) .

بێ‌گومان‌ژی هەمی گیروگرفتێن ژن هینانێ نارابن‌و ببیچ نابن هەکە مێری یاسایەکا پێشکەفتی بو نەدانیت‌و ئەوا نهو نەگوهرێت .

٣ – هیڤیا من ئەوە ئەز دژیانا خودا ببینم ژن‌و مێر وەکی ئێکن‌و چو جودایێ لناڤبەرا واندا نینە ، دیسان هیڤی‌دکەم ئەز ببمە روژنامەنوسەکا سەر-

– نوال محمد علی –

کەفتی .

لووی وێدا ، خویشکا (فکتوریا شموئێل) کو خویندکارە لخویندنگەها ماموستایاندا گوت :

١ – یا فەرە ژن دهەمی مەجالاندا وەکی مێری بیت‌و ئەو گومانا مێری هەی بەرامبەر ژنێ نەمینیت ، دیسان هندەك دای‌و بابێن هەین ، وەکی ئێك بەرێ خو نادەن کچ‌و کورێن خو ، پێدڤیە ئەڤەژی رابیت .

٢ – راکرنا نەختی نیشانا سەرکەفتنێ‌و پێشکەفتنێ‌یە ، لچو دەولەتێت پێشکەفتی نەخت لێ نینە ، تنێ لدەولەتێت پاشکەفتی یێ هەی ، دڤێ کچ‌و کور ئێکو دوو ببینن بەری مەهرکرنێ‌و بزۆری کچێ نەدەنە شوی ، دیسان دڤێت پێ‌گوهورکی بهێتە بن بر کرن .

٣ – هیڤیا من ئەوە خویندنا خو تەمام بکەم‌و هاریکاری‌یا بابێ خو بکەم‌و لهەمی عیراقێ‌و دەرڤە بگەرێیم .

(علیه الطائی) خویشکەکا دی بوو لسەر پرسیارێن مە بەرسڤ دای ، خویشکا (علیه) ماموستایە لخویندنگەها ماموستایان لدهوکێ .

١ – دڤێت ژن ژ بەندو کوت – قیود – ێن ئابوری‌و جڤاکی رزگار بیت ، ژ نێن عیراقێ پێدڤی ئێکەتیێ‌و خەباتەکا دژوارن دژی کەڤنە

بروانە : ل -٩-

گەنم دەرمانە پێش ئەوەی خۆراك بێت..

حەسەن مەحمود رەسول

گەنم بە گەورەترین سەرچاوەی خۆراکی مرۆڤ دائەنرێ کە هەمیشە پێویستیەتی‌و گەلێ خواردن‌و زۆر بەی شیرینی لێ دروست ئەکرێت بۆ نموونە محەلەبی‌و بە زۆری لە گەنم ئەکرێت ئەکات ، جگە لەنان کردن کە خواردنەوەی لێ دروست .. دروست کردنی ساوەرو پسکویت‌و .. وە هەروەها گەلێ خواردنەوەشی لێ دروست ئەکری . (وێسکی‌و ڤودکاو ..) جگە لەمانەو زۆر شتی ووردەی تر پاشماوەی دەرەوە کە لە کاتی هاڕین دا هاڕین‌و وورد کردنی ئەدرێت بە بە ئاسانی لا ئەچێت وە ئاژەڵ‌و پەلەوەر رۆنیش لە گەنم بریتیە لە ٩٪ی کێشی ، دوا دەردەهێنرێ . ئەگەر بێت‌و لە بە دوای ئەو چینێکی رەق دێت دەنکە گەنمێك وورد ببینەوەو کە لە ٣٪ی کێشی پێك دێنێ‌و بەشەکانی لە یەکتری جیا رێژەیەکی چاکی لە ئازۆت بکەینەوە ئەبینین کە پێك دێت – ئێن – تێدایە وە ئەوەی کە لە توێژاڵێکی زۆر تەنکی دیری مایەوە بریتیە لە چینی ناوەوە لە نیشاستە – نشأ – پێك دێ‌و ٨٥٪ی کێشیەتی .

کۆرپەلەی – جنین – چاکترین‌و بەرز ترین پارچەیەتی کە دەوڵەمەند بێت بە بەشێکی زۆر لە ڤیتامینات‌و ماتەرو ووزە ، بەڵام چینی ناوەندی بە تەنیا کەمێك لە نەشاستەی تێدایەو هیچی تر . توێژاڵی دەرەوەو پاشەڕۆی هاڕین‌و کوتانی – نخالە – پڕە لە ڤیتامین بی ١و بی ٢و بی ٦و پی‌پی‌و ئی و بی ١٢ لەبەر ئەوە هۆیە بە زانستی زانراوە خواردنی نانی جۆ – نانی رەش – زیاتر لەش ئەپارێزێ دژی نەخۆشی بەری بەری‌و لە کەڵك کەوتنی دەمارە شانەکان‌و خاو بوونەوەی .

ماسولکەکان‌و لاوازی دل . وە هێزو تواناو ووزەیەکی گەورە ئەدەن بە لەش‌و ئەبنە هۆی زیاد بوونی پیتێن – الاعصاب – لەبەر بوونی رێژەیەکی چان لە ڤیتامین ئی چینی دەرەوەی دەنکە گەنم رێژەیەکی بەرزی لە فۆسفۆر تێدایە کە مێشك بە تین ئەکات‌و هەروەها ئەبێتە هۆی بەتین بوونی توخمە کۆ ئەندامیەکان – الاجهزة التناسلية – وە هەروەها ماتەری ئاسنی تێدایە کە هێزو تین ئەدات بە خوێن‌و پاکی ئەکاتەوەوە زیاتر ئۆکسجینی ئەداتی ، هەروەها کالسیۆمی تێدایە کە ئێسقان دروست ئەکات‌و زیاتر بە تینیان ئەکات‌و هێز ئەدات بە ددان ، چینی ناوەوەی دەنکە گەنم رێژیەکی بەرزی لە سلیکۆن تێدایە کە مووی لەش بە تین دەکات‌و زیاتر شەوق‌و چەوری ئەداتێ وە یۆدی تێدایە کە ئەبێتە هاوکێشانی گلایدینی مل – الغدة الدرقية – خواردنی گەنم ئەبێتەهۆی هێمنی‌و لەش سووکی‌و لەسەرخۆی مرۆڤ .

وەرێژەیەکی لە پۆتاسۆم‌و سۆدیۆم‌و مەخنسیۆمی تێدایە کە یارمەتی دروست بوون‌و پتەو بوونی تیشوو زیادی شلەی هەرەسی – العصارات الهضمية – .

گەنم هەندێ کەڵکی تری هەیە بۆ لەش بە تایبەتی دژی نەخۆشی‌و ناسازی گیانی وئەندامەکانی تری لەش بۆ نموونە ..

پاشەڕۆی هاڕین‌و کوتانی بەکار دێنرێت بۆ هێمن کردنەوەی کۆکەو هەڵامەت‌و سەرمابوون وە دوای کوڵاندنێکی کەم بەکار دێت بۆ هێمن کردنەوەی برینەکانی گەدەو ریخۆڵەو سك چوون‌و سەر خولان وە ئاردی گەنم بۆ خورانی پێست‌و سووتانی‌و دەرکردنی دومەڵ زیپکەو ووردە لیرو کوان ، گەنم وەك درمانێکی میللی بە کار دێنرێت بۆ سوتاندنەوەی پێستی منداڵ‌و کۆڵنج کردنی ، بەڵام نەشاستەی – نشأ – بۆ سوتاندن‌و خوراندنی لەش‌و ئاگزما ..

پۆستەی خوێنەران !

● **بۆ خاوەنی « چەند سەرنجێکی رەخنەیی » لە کتێبەکەی کاك مومتاز حەیدەری :**

راستت ئەوێ مەرجەکانی رەخنەی سەرنەکردوو لە وتارەکەتدا نەهاتبوونەدی . پتر لە شەرە کۆتەك و پلاز هاویشتن ئەچوو . بەڵێ هیچ کاری ئەبێ بە بێ‌رەخنە گوزەر نەکا ، بەڵام سەرکوتاندنەوەشمان ناوێ .

● **بۆ خاوەنی وتاری (شانۆی ریالیزمی سۆشیالیستی) :**

وەرگیرانی وتارەکەت هەر لە سەرەتاوە دارشتنەوەیەکی نوێی پێویست بوو ، چونکە لەوانە نەبوو خوێندەوار بەئاسانی لە زمانەکەت بگات .

● **بۆ خاوەنی وتاری وەرگێڕراوی (ژیانی ئەدەبی‌و هونەری لە ناوچە ئازاد کراوەکانی ڤیتنامی خوارووەدا) :**

وتارەکە لەڕادەبەدەر درێژ بوو ، زۆریشی بابەتی راپۆرتێکی سیاسی‌و رۆژنامەیی بوو نەك لێکدانەوەی باری ئەدەب‌و هونەر .

● **بۆ خاوەنی وتاری (قانیع‌و هەستی نەتەوایەتی) :**

بەداخەوە پەردەیەکی نوێت لە ڕووی ئەو شاعیرە گەورەیە لانەداوە .

● **بۆ خاوەنی وتاری (کام بۆ چوونی ؟) :**

لامان‌وایە کەمێك مەیدان بدەی کەف‌وکوڵی دڵت بنیشێتەوە ئەوجا بەرپەرچی یەکێك بدەیتەوە ، قسەکانت (موضوعی) تر ئەبن . وا نی‌یە ؟ تو بڵێ :

● **برای خوشەویست سۆران چاورەش :**

رەخنەکەت رەخنەیەکی بە توێکڵ‌و پڕ مانا بوو . وەڵامی ئەم جارەت لەلایەن (لاپەرەی ئەدەب‌و ژیان)ەوە ئەدرێتەوە . بەش بەحاڵی سەرپەرشتی‌کەری ئەم لاپەرەیەو باوەڕی وایە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو برادەرانەی بۆ ئەم رۆژنامەیە ئەنووسن لەسەر بناغەی ناسیاوی‌و نەناسیاوی ، کارێکی‌وایە لە هەموو جۆرێکی هەست بە لێ‌پرسینەوە کردن دوورە . من ناتوانم بڵێم ئەوەی تۆ نووسیوتە ڕاست نی‌یە ، چونکە مرۆڤ لە ژیاندا هەموو جۆرە کەسێکی دێتەڕێ ، نایشتوانم بڵێم خاترو خاترکاری دەوری نەدیوەو نایبینێ ، بەڵام ئەتوانم بەمتمانەوە پێت رابگەیەنم ئەو بەرهەمەت بێتە لاپەڕەی (ئەدەب‌و ژیان)و بەرهەمی باش بێ‌و لەو باشتر لەپێشەوە نەبێ بێ‌گومان بڵاو ئەکرێتەوە پاشەڕۆژیش هەموو شتێ ڕوون ئەکاتەوەو لە هەموو حاڵێکیشدا ڕێی تێ‌ئەچێ چ ئێمە‌و چ ئێوەو چ هەرکەسێکی تر لە هەڵسەنگاندنماندا بەهەڵەدا بچین .

● **بۆ خاوەنی وتاری (چرپەیەك بەگوێی کاك فەهمی قەرەداغی‌دا) :**

هەرچەند بنچینەی گەلێ لە بابەتەکانی وتارەکەت لە ڕووی ئایدیۆلۆژی‌یەوە ڕاستە ، بەڵام ئێمە لە وتارەکەی کاك فەهمی‌دا شتی‌وامان نەدی پەیوەندی بە بەرپەرچدانەوەکەی تۆوە ببێ . بۆیە ببوورن لە بڵاو نەکردنەوەی .

● **بۆ خاوەنی وتاری (گۆران : شاعیری نوێ خوازی کوردە) :**

بەداخەوە وتارەکەتان شتێکی نوێی تیا نەبوو لەگەڵ ناوو نیشانەکەیدا بگونجێ‌و شایانی پایەی ئەو شاعیرە مەزنە بێ .

● **بۆ خاوەنی وتاری (لە یادی شاعیری بلیمەتی کورد ماموستا گۆران) :**

بەداخەوە وتارەکەی ئێوەش ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ نەهێنابوو .

بروانە ل ٩

institutkurde de paris

پاشماوەی خەباتی قوتابیان

سەرنج و لێکۆڵینەوە لە بەر ڕۆشنایی ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قطری پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب

– ئازاد –

گەلی کوردمان توشی هەزاران کارتێکردنی ناخۆشیو زوڵم لێکردن هاتوە ، لە لایەن بەکرێ گیراو کۆنە پەرستا دیکتاتورەیەکانەوە ، بۆ ئەوەی دەست بگرن بەسەر مافی ڕەواو نەتەوەی گەلی کوردماندا • بۆ ئەوەی لەکاروانی خەبات دوا بکەوێتشان بەشانی بزوتنەوەی نیشتمانی • هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکان هاوکاری کاریگەرانەیان پێك هێنا لەگەڵ هێزو بەرە پێشکەوتوەکانی کورد •

ئەو دروشمانەی کە داوای بونی مافە نەتەوەیەکانی گەلی کوردی کرد بوو بە دروشمی مەرکەزی بزوتنەوەی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازی عیراق •

بەیانی یانزەی ئادار هاتوو بڕیاری گرنگی خەباتی هاوبەشی گەلی عیراقمانی دا • کە تیایدا هاتوە « یەکێتی خەباتو هەوڵدانی کوردوعەرەبو پەرەپێدانی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی عەرەبوکورد ، توانی گەلێك جێگای گرنگ لە ڕووی دوژمنانوئیمپریالیستی زیونیزمی ئیسرائیلی لە ناوچەکەدا ، کە بەیانی ئادار کاکڵەی تەنگو چڵەمەکەی دیاری کرد ،وەسەرنجی مەبدەئیو ڕیبازی خۆی دیاری کرد لەناو ئەوپیلانانەی دژی بەکاریان ئەهێنا وەلە پیلانی تەواوی خۆیدا لەچوار چێوەی ڕاستیدا بەرامبەر زوربەی خەباتی نیشتمانیوبەکردار بایەخی پیداو جێگای کردەوە • خەباتی گەل لەپێناوی هێنانەدی شۆڕشی نیشتمانیو دیموکراتیوگەیاندنی بۆ بنیات نانی سوشیالیستی • هەروەها بەیانی ئادار هیچی لەو بەرهەمە پێشکەوتوو شۆڕشگێڕانە کەمترنیە کە شۆڕش هێناویتە بەرهەم ، بەڵکو نمونەیەکی زیندوە ، کە لە ئەنجامی کارو چارە سەرکردنی دیموکراتیانەی تەنگو چەڵەمەی کوردا هاتۆ دیوەزنجیرەیەکی گرنگە لەو دەستکەوتانەی کە لەدوای شۆڕشی حەڤدەی تەموز ، لە بواری سیاسیو ئابووریوکۆمەلایەتیدا هاتۆتە بەرهەم •

لەبەر ئەوە ، ئەرکو مافی جەماوەرو هێزە نیشتمانیە پێشکوتنخوازەکان بوو ، کە بەیانی ئادار بدەن • بۆ بایەخدانو پشتگیلری کردنی بۆ ئەوەی بیپارێزن ، ڕۆژ بەرۆژ لە خەباتی بێ ووچاندابن ، هەتاوەکو دژی ئەو هەوڵدانانە بوەستنەوە کە ئامانجان ڕاکردن بوو لەو ئیلتزامانانەی تیایدا هاتبوو •

گومان لەوە ناکرێ کەجێبەجێ کردنی بەیانی ئادار توشی گەلێك گیروگرفت دێت،چونکە زۆر هێز هەیە کە بەرژەوندیان لەگەڵ جێبەجێ کردنی بەیانەکەدا ناکونجێ، هەمیشە ئەیان ویستی لەپێناوی گوڕینی بەیانەکەدا کاربکەن ، بۆ ئەوەی تەنها چارەسەرکردنێکی کاتی بێت ، وجیاوازی نەبێ لەگەڵ چارەسەرە کاتییەکانی تری پێشو ، کە تەنها بۆ ماوەیەکی کورت شەڕی تیا ئەوەستێدرا بەلام هوشیاری حزبوسەرکردایەتیەکەی نەی هێشت ئاواتی ئەم دەستانە بێتە دی ،بەتەواوی چارەسەری کێشەکەی کردو سەرەڕای ئەو هەمووناخۆشیانەی هاتە ڕێگای ،وەکو ئەو کۆنەپەرستانەی چاویان بڕیبوە سامانی نەتەوەیمان •• لە بەرژەوندی خۆیاندا ،ئەوەبوو هەموو بەرژەوندی کۆنەپەرستانی نەوتی خۆماڵی کرد • پرۆگرامە سیاسیو نیشتمانیەکانی هەمیشە لەئاستی دەرونیو بەرژەوەندی ڕاستەقینەی گەلی عیراقونەتەوەی عەرەبدا هەڵئە قوڵێ هەروەکو بەشدار بوون لەشەڕی تێشریندا ، کە قینی کۆنەپەرستانی « عەرەب یان کورد » هەڵئەستێنێ ناو خۆیان دەرەوە ، ئەو هێزەئیستعماریانەی کە ناتوانن ڕوبکەنە ئیلتزامو دانبەخۆیاندا بگرن بەرامبەر ئەو گۆڕانە خێرایانەی کە (قطرە) کەمان تیدا ئەژی ، ئەوی ئەمڕۆ لە عیراقدا ڕوو ئەدا ئەرکی هەموانە بۆ لێدانی ڕێکخراوە کۆنە پەرستەکانوگشت بەرژەوەندی ئیستعماری نەوت لە ناوچەکەدا •

پاشماوەی : هەرجارەی نووسینێك

ئازادی)دا تێپەڕمو ببینم خەڵك لەجیاتی ئەوەی قەدری جواد سەلیمیان زانیبێو یادی ئەوانەیان زیندوو ڕاگرتبێ کە پەیکەرەکە لێیان ئەدوێ ، هەر هیچ نەبێ دەس بەرداری ئەوە بووبن ڕووبکەنە پایەی پەیکەرەکەو پشت بکەنە خەڵكو جۆگەلەی میز بەردەنەوەو کە خۆری نیوەڕۆ لێی ئەدا مێشکی ڕێگوزەری پێ کاس کەن ••

دڵم بۆ ئەو سەعاتە ئەگەشێتەوە لە سینەمادا دانیشمو دووکەڵی جگەرە قانگم نەدا •• لە پاسا دانیشمو دوو دوو خەڵك لەملاو لەولامەوە ڕازی سەلمو توور نەگێڕنەوە ••

چاوەڕوانی ئەو سەردەمەم هەر ماڵێ بەرمیلێکی لە بەردەرگاکەیا دانابێ زبڵو پڵو پووشی خۆی تێکاو نەیکاتە ناو کۆڵان تا باش بە ئاسمانی شارەکەیا بگێڕێو بیداتەوە بە ڕووی هەزارانا •• تامەزرۆی ئەو چەرخەم لاوان ئەوەندە چاو برسی نەبن کە کچێکیان دی هەموو گیانیانی لێ بکەن بە چاوو •• کۆنە پەرستانەکانیش نەکەونە تیرو توانج تێ گرتنی ••

خولیای میشکم ئەوەیە ڕۆژێ ببینم سەر جادەکانمان بشۆرێن •• گەسك بدرێن •• خەڵك تفیان لەسەر ڕۆ نەکەنو دەنکە شقارتەو قنگە جگەرەو پاکەتی بۆشیان تێ فڕی نەدەن •• لە هەمووش گرنگتر منالی

بەدبەختی بێکارو لاوی چارە ڕەشی دوا چارەکی سەدەی بیستەمی ولاتەکەمان ناچار نەبن بە هەزار یائەللا هەندێ وردە کەلوپەلی فرۆتەنی پەیداکەنو سەر شۆستەکانی بۆ بکەن بە پیشانگاو ، تاو نەتاوێکیش پۆلیسی شارەوانییان لێ تاین ببێو خۆیانو « دەسمایە »یان بماشێتەوە خوا ئەزانێ بۆکوێ •

ئاواتەکانم زۆر سادەن ؟

بێگومان بە پێودانی ولاتانی « ئادەمیزادە بەختیارەکان » بەڵێ •• بەلام کێ ئەڵێ ئێمە بەختیارین؟ ئەگەر بەختیار بووینایە هەوایەکی خاوێنمان هەڵئەمژی لەجیاتیێ قوڕو تۆز بەناو گوڵو شینایی‌دا ئەگەڕاین •

ئاواتەکانم ، برادەرینە ، زۆر دوورن •• هاتنە دییان شۆڕشێکی لە جۆری بیرکردنەوەدا ئەوێ •• بنیادەمی نوێی ئەوێ•• بازدانێکی ئەوێ لەقوناغێکەوە کە هەرچی سەری خراپی ژینی کۆنو نوێ هەیە هەمووی لە خۆیا خڕ کردوەتەوە ، بۆ بەردەرگای چارەکی چوارەمی سەدەی بیستەم لە ولاتێکی خاوەن شارستانەتیدا ••

ئاواتەکانم قەبەن •• ئاواتی چەرخی سۆشیالیزمو کردنەوەی دەرگای ئاسمانن•• لەڕووی ئێمەدا ئێمەی لە ناخی دەرەبەگیو تاریکترین ئەشکەوتی مرۆی یەکەمدا ژیاوو ئاساو ••

دەسا ، خەڵکینە ، کەی ئەم شارستانیەتییە بە خۆتان ڕەوا ئەبینن •• هەمووی لە دەستی خۆتانایەو هەر خۆتانن ئەتوانن بڕیاری یەکجاری بدەن ••

زمان لە هەردوو شێوەی دا

– ئەنوەر تاهیر بەکر –

**

پێش هەموو شتێ ئەبێ بزانین کە هەندێ زمان تاوەکو ئێمرو هەر لە شێوەی گفتووگۆدایە واتە شێوەی نووسینی بۆ دانەمەزراوە • ئەم جۆرە زمانانە بە زمانی زیندوو[1] لە قەلەم دەدرێت • هەندێ زمانیش هەر لە شێوەی نووسین دا ماوەتەوە ، کە سیش ئێمرو گفتوگۆی پێ ناکات • بەم جۆرە زمانەش دەگوترێ زمانی مردوو • ئەم دوو جۆرە زمانانە لە قاوغێکی زۆر تەسکدا تەنگدان • سوودیشیان لە سنوورێکی تایبەتی دیاركراو تێ ناپەڕێت • هەندێ زمانی تری زیندوو هەن کە لە هەر دوو شێوەدان واتە گفتوو گۆشیان پێ دەکرێتو ئەشنووسرێن •

سوودی ئەم جۆرە زمانانەش بێ سنوورە لە ژیاندا •

دەمێك بوو تای ترازوی زمان لە شێوەی نووسیندا گرانتر بوو لە تایەکەی تر کە زمانە لە شێوەی گفتووگۆدا • وا دەزانرا کە تەنیا نووسین زمانی وختەو ڕاستەقینەیە تەنانەت ڕێگای هاتوچۆ واسووكو ئاسان نەبوو •

یەك لە هۆیەکانی پەسەند کردنی نووسین ئەوە بوو کە پاش دۆزینەوەی چاپەمەنی بە هەزارەها کتێبو گۆڤارو ڕۆژنامەی هەرزان – لە شێوەی زنجیرەیەکی نەپچراودا – کەوتنە بازارەکانی ولاتانی هەموو جیهانەوە •

دەست کرا بە خوێندنەوەی ئەم نووسینانە تا وای لێ هات کە بلێین زمان تەنیا نووسینە • بێ گومان بلاو بوونەوەی نووسین بەم خێرایە چاوەڕوان نەکراوە ، بە شۆڕشێکی کۆمەڵی مەزن دادەنرێت چونکە بوو بە هۆی قڕ کردنی نەخوێندەواری لە زۆر جێگادا •

ئیمرۆش ئامانجی هەموو ولاتێك ڕزگار بوونە لەم نەخۆشیە کوشندەیە •

بەلام ئەوەندەی پێ نەچوو کە زمان لە شێوەی گفتوو گۆدا پالەپەستی زمانی کرد کە لە شێوەی نووسین دایە ئەوەش بەهۆی بەکار هێنانی (رادیوو تەلەفزیونوسینەماو موسەجیلەو تەلەفۆن •••) • بەم جۆرە ترازوی زمان لەنگ بوو • تای ترازوی زمان لە شێوەی گفتوو گۆدا لاسەنگ بوو • ئێستا وای لێ هاتوە کە بلێین زمان تەنیا گفتوو گۆیەو هیچی تر • هۆیەکی تر ئەوە بوو کە زمان ناسەکانی ئەوروپا – لە کاتی لێکۆڵینەوەی زمان دا – پەنایان ئەبردە بەر زمانەکانی نووسراو • لە رستەوە ووردە ووردە ئەچوون بەرەو ووشە ، ئنجا بۆ دەنگەکان ، گرنگی پێکی زۆریان بە مانا ئەدا • بە پێچەوانەوە زمان ناسەکانی ئەمەریکا دەستیان کرد بە لێ کۆلینەوەی ئەو زمانانەی کە هەر لە شێوەی گفتوو گۆدا بوون • ئەم زمان ناسانە لە دەنگەوە چوون بەرەو ووشە ئنجا بۆ ڕستە • هیچ نرخو بایەخیشیان بە مانا نەدا (ئەگەر چی هەرە گرنگترین ئەرکی زمان مانا بەخشینە) • چونکە ئەوان دەڵێن هیچ پەیوەندیێك لە نێوان ووشەو مانا[2] دا نی یە • ووشەکانی زمان وەکو فارگۆنەکانی شەمەندەفەرێك نین کە پڕ بن لە ڕەژوو خەڵووز •

هەر کەسێکیش (بە چ زمانێ بدوێ) کە شەمەندەفەرەکەی دیت بزانی کەوا باری ڕەژووە •

بە پێویستی دەزانم کە باسی چەند جیاوازیێك لە نێوان هەر دوو شێوەی زمان دا واتە (نووسین)و (گفتوو گۆ)دا بکەم :–

١ – بێ گومان زمان لە شێوەی گفتوو گۆدا لە پێش شێوەی نووسین دێ • هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە تا ئێستا نەزانراوە چۆن زمان لە بنەرەتدا پەیدا بووەو گەیشتوتە ئەم ڕادەیە • ئەوەندە هەیە کە تەماشای منداڵ دەکەین لە کاتی فێر بوونی زمان ، زۆر شتمان بۆ ڕوون دەبێتەوەو بە دڵنیایی دەتوانین بلێین کە نووسین پاش گفتوگۆ دێت •

٢ – گفتووگۆ شتێکی سروشتیە (بەلام ویراسی نی یە) هەر منالێ پاش ئەوەی گوێ دەگرێتە زمان بۆ ماوەیێکی زۆر فێری ئەم زمانە دەبێتو بە ئاسانی گفتوو گۆی پێ دەکات • کەچی نووسین دەستکردە •

هەر کۆمەڵێ ڕێگایەکی تایبەتی خۆی هەیە بۆ وێنە گرتنی دەنگەکانی زمانەکەی •

٣ – لە گفتوو گۆدا دەنگ سازی (فۆنۆلۆجی) زۆر گرنگە ، بایەخ بە دەنگەکانو هێزو بەرزیو نزمیو ماوەو وەستان دەدرێت • کەچی لە نووسیندا گرانی دەکەوێتە سەر ڕێنوسیو خالبەندیو ڕەوان بێژیو ستایەل •

٤ – لە کاتی گفتوو گۆدا چاوو دەستو هەندێ ئەندامانی تری لەش یارمەتی زمان دەدەنو ڕێگاش لە نێوان قسەکەرو گوێ گردا زۆر سووك دەکەن • هەر لەبەر ئەمەشە کە ووشە کەم بەکار دێتو سەرو گوێلاکی ڕێزمانیش جار جار بریندار دەکرێت •

بەلام لە نووسیندا چونکە نووسەرو خوێنەر لەیەك دوورن ئەبێ نووسەر ووشە زۆر بەکار بێنێتو بەسەر ڕێزمانی زمانەکەدا زال بێت ئەگینا لە کارەکەیدا سەر ناکەوێت •

٥ – هەر زمانێ بریتی یە لە چەند دایەلێکتی جیاواز ، بەلام لە نووسیندا یەك دایەلێکت – کە بەستاندەرد دانراوە – بەکار دێت • ئەندامانی کۆمەڵ ئەبێ سوور بن لە سەر ئەمەو بەس •

٦ – لە گفتوو گۆ کردندا گوێ گرتن پێش قسە کردن دێت •

لە نووسیندا خوێندنەوە پێش نووسین دێت •

٧ – لە گفتوو گۆدا زمان – ئەگەر تۆمار نەکرێت – زوو لە هەوادا گوم دەبێت ، بەلام بە نووسین ئەتوانین زمان بپارێزین – بە تایبەتی لەم سەردەمەدا – هەتا هەتایێ •

٨ – لە گفتوو گۆدا گوێمان لە دەنگەکانی زمانە ، بەلام لە نووسیندا زمان بەچاو دەبینین واتە زمان نەك هەر دەنگی هەیە بەلکو ڕەنگیشی هەیە •

٩ – یونیتی (واتە یەکەی) زمان لە نووسیندا ووشەیە ، کەچی یونیتی زمان لە گفتوو گۆدا ڕستەیە •

١٠ – لە نووسیندا نووسەر ماوەی ئەوەی هەیە دەستکاری نووسینەکەی بکات ، ووشە بگۆڕێو پەنا بباتە بەر فەرهەنگ لە کاتی پێویستیدا بەلام لە گفتوو گۆ کردندا کە شتێك لەدەم دەرچو ناگەڕێتەوە سوودی ببوورە ••• ببوورەش زۆر کەمە لەم بارەوە •

ئێستا بۆمان هەیە کە بلێین ئەگەر چی زمان لە شێوەی گفتوو گۆدا لە پێش شێوەی نووسیندا پەیدا بووە ، بەلام دەبێ هەر دووکیان بەیەك چاو تەماشایان بکەینو یەك یارمەتی یەکتر بدەن چونکە بەروپشتی یەك قوماشن • زمان خۆی چەکێکی کاری گەورە بە دەست مرۆڤەوە بۆ هێنانە دی ئامانجەکانی لە کۆری ژیاندا • تۆمار کردنی زمانیش – بە نووسین – بە یەك لە هەرە بەنرخترین دەستکەوتەکانی مرۆڤ دادەنرێ چونکە هەر بە نووسین کراوەو دەکرێ کە کەلەپووری (زانستی کەلتوورو وێژە)ی ئادەمیزاد بپارێزیو بە ئەمانەتی بەگۆزێتەوە لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر •

(١) زمانی (ئێس پراتۆ) بە تەواوی بە زمانێکی زیندوو دانانرێت ئەگەر چی هەندێ کەسیش گفتووگۆی پێ دەکەن چونکە زمانێکی دەستکردە •

(٢) هەر کۆمەڵێ لە خۆیەوە ووشەیەك بۆ شتێك دادەڕێژێ بەبێ ئەوەی بزانی بۆچی ؟ شت خۆی ناگۆڕێ بەڵام دەنگەکانی (کە ڕەمزن) بۆ شتەکە • لە نووسیندا پیت بەکار دێت کە وێنەی دەنگە واتە (ڕەمزی ڕەمزە) بۆ نموونە :

ئێمەی کورد دەڵێین (دار)
بە عارەبی پێی دەڵێن (شجرە) •
بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (تری) •
بە فەرەنسی پێی دەڵێن (ئاربر) •
بە تورکی پێی دەڵێن (ئەغاج) •

پاشماوەی ڕاپۆرتیك لە بارەی گۆشە ئەدەبیەکانمان

گازینۆی سلیم – داری کەندە کۆخ – گازینۆی چنارۆك دوکانی سامی عەودال •• تاد »

ئەمەیان لە ناوەوەی کوردستان •• لە (بەغدا)ش دا گەلێ یانەو دوکانو حوجرەو پانسیۆنو گازینۆو مەیخانەو ماڵە ئەدیبو دەوری خۆیان لەم مەیدانەدا بینیوە ، لەمانەیش •

« ماڵی ئەمین زەکی – ماڵی تۆفیق وهبی – یانەی سەرکەوتنی کوردان – بارەگای گۆڤاری گەلاوێژ – دوکانەکەی بشیر مشیر – حوجرەکەی مامۆستای سجادی – حوجرەی مەلا کەریمی بیارە – ماڵی دوکتۆر خەزنەدار – پانسیۆنی جلالی میرزا کریم گازینۆی حسن عجمی – گازینۆی زهاوی – گازینۆی رصافی – گازینۆی بلدیە – مەیخانەی شریف حداد – مەیخانەی رحاب – یانەی اعلام – مەیخانەی ڕۆمانس – یانەی عدلیە – یانەی اسالة الماء – یانەی یەکیەتی نوسەران سەرتا شخانەی ئەبوو کامەران •• تاد •

بەلام ئەوەی کە دوای ١١ ئاداری ١٩٧٠ و تا ئەمڕۆش توانیبێتی هەر زۆر بە تەواویو بە پوختیو بێ پچڕانەوە نەك هەر زۆربەی زۆری شاعیرو نوسەرو ئەدیبو هونەرمەندانی کوردی بەغدا ، بەخۆوە بگرێتو ببێتە (بدیل)و بارەگای هەمیشەیی یان •• نابەڵکو – تاکو تەرانەبێ – نوسەرێ ، یا شاعیرێ ، ئەدیبێ ، یا هونەرمەندێ لە کوردستانەوە هاتبێ ووروی نەکردبێتە گازینۆی (پەرلەمان) کە بەرامبەر بە مزگەوتی حەیدەر خانەی شەقامی ڕەشیدو نزیك بە کۆنە هەوارەکەی وەستا (بەشیرە) ••• !

بە ڕاستی ، ئەم ساڵەیان وابوو بە پێنجەمین ساڵ ، ئەم گازینۆی (پەرلەمان)ە دەورێکی بەنرخو دیاری لەم مەسەلەیەدا دیوە •• ئەوەندەی من ، کە کۆنە ئەندامو دەستەی (دامەزرێنەر)و – پەرلەمان نشینم بە دەیان دە شاعیرو نوسەر و هونەرمەند ، هەر لەم گازینۆی – پەرلەمان –دا ، ئاشنایەتیان لە گەڵ یەکا جۆرە موناقەشەی ئەدەبیو پەیدا کردوە تائەمڕۆ بەپێی زروف هەزاران هەزار فیکریو ڕۆشنبیریو هونەری کوردی ، لەنێو ئەندامانی گۆشەی – پەرلەمان –دا ، هەڵیساوەو تەقیوەتەوە •• تا ئەمڕۆش گەلێ سوچی گازینۆ و بارەگا چۆڵ کرا ، کەچی سوچەکەی (پەرلەمان) هەر مایەوە و هەر مایەوە ، – خوا تەمەن درێژی کات – •• تاکو ئەمڕۆش ، زۆر بەئاسانی ئەتوانیت ، دوا دەنگو باسی ئەدەبو شیعرو فیکرو شتی – سەیر سەیرتر –یش لە – پەرلەمان –دا بەرگوێت بکەوێ •• بەراستی: پەرلەمان ئەبێ وتارێکی سەربەخۆو تازەبابەتی لەسەر بنوسرێت • لاموایە ، هاتوچۆکەرانو ئەندامانی پەرلەمان لە بەردەم ئەم ئەرکەدا بەرپرسیارن خۆ نەچوە بچێ – ؟ ؟•

مایەوە سەر ئەو سووکە سەرنجەیش ، کە نابێ هەڵیبوێرمو بلێم : زۆربەی دانیشتنەکان لەم هەموو – دیوەخانو حوجرەو گازینۆو دوکانو یانەو باخو ماڵ و چایخانەو کتێبخانەو •• –دا ، بەپێی فەسلو هەروا زروفو باری سیاسی جێگۆڕکێیان پێ کراوە •• لەم ماڵە بۆ ئەو گازینۆیە ، لەم مەیخانەیە بۆ ئەوەکەیتر ، لەم کتێبخانەیە بۆ ئەو دوکانە ، لەم دوکانە بۆ ئەو چایخانەیە •• یا وابوەو ئەبێ ، هەر لەناو یەك گازینۆ ، یامەیخانە ، یا ماڵو یانەدا ، گۆشەکان جێ گۆڕکێیان پێ کراوە •• !

سلاو لە گۆشە ئەدەبیەکانمان ••

سەرنج :

١ – هەر چەندە هەندێ دانیشتنی ئەم گۆشانە طابعێکی سیاسی هەبوە ، بەڵام لەپەنایا خزمەتی وشەی کوردی کراوەو جێی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە •

•

٢ – دور نیە ، هەندێ لەم لەم ناوو شوێنانە – لایهەندێ کەس – ئەوەنە هێنێ ناوزەد بکرێ •• دوریش نیە گەلێ ناوو شوێنم لەبیر کردبێ ، دەبا ئەوەی شتی تازەو دەگمەنو لەپارێزی لەبارە ، درێغی لەم ئەرکە ڕۆشنبیریەدا نەکات •

– سوپاس بۆ هاریکاری براو مامۆستایان •

ئوردوگای ئەمساڵ : پاشماوە

بەکۆمەڵ کارکردن بوو بەبزیەتی ژیانو گیانی قوربانیدان بوو خۆئامادەی کردن بوو بۆ لە دایكبونێکی تر •

ووتە بەنرخەکەی هەڤال « صدام حسین » •

لەم ئوردوگایە مانایەکی قووڵو سەرنجێکی دوا ڕۆژ بوو •

کێ هەیە خۆی بکاتە قۆچی قوربانی لە پێناوی ولاتەکەی

ئەگەر بایی ئەوەش ئامادە نەبێ وولات ئاوەدان بکاتەوە ،

ئەم ئاوەدان کرونەوەی وولات خۆی لە خۆیدا دا کۆکی لە

نیشتمان کردنە خۆ ئەوانەی لە خۆیان ڕانابینن یان نایانەوێ

بۆ دروست کردنی نیشتمان ئارەقە برێژن ئامادەش نین بە

هیچ ڕووێك بیپارێزن بیرکردنەوەی مرۆڤو جۆری بۆ چوونی بۆ مەسەلە

لابەلاو بنەڕەتیەکان بەندە بە ڕۆشنبیریو لێکدانەوەی

ئەوکەسە • واقیع باشترین قوتابخانەیە بۆ پێگەیاندنو

ئامادەکردنی مرۆڤی لێهاتوو ئەوانەی دەیانەوێ لە ژیان

بگەن با لەواقیعی میللەتەکەیان بگەن ••

قوتابیان دەستەیەکی ڕۆشنبیرو پێگەیشتوون لە کۆمەلدا ئەرکی پێگەیاندنو تێگەیاندنیان لەسەر شانە •

پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب گرنگیەکی گەورەی بە

قوتابیان داوە ئەرکو ماف دەمێکە دەست نیشان کراوە •

قوتابیانیش لە ڕوانگەی هەست بەڵێ پرسینەوەی خۆیان

ئازایانە هەموو ساڵێ بۆ میللەتی ساغ دەکەنەوە کە لە

توانایان داهەیەو دەیسەلمێنن چەکی زانستو کارکردن هەر لە پیناوی خزمەت کردنی خەڵکدایە •

تی ڕوانینێکی قوول :

سەرەتای هەموو کارێکی میللیانە یەکبوونو برایەتیو تێگەیشتنە لە مەسەلەی ژیانو بنەڕەتەکانی دا ، قوتابیان پارچەیەکی ئەم نەتەوەن ڕۆڵەی ئەمانن و لە ئێشو ئازاریان هاوبەشن خۆ ئامادە کردنو گیانی ئیش کردن لای قوتابیان لە ڕوانگەیەکی فیکریو تێگەیشتنەوە دەست پێ دەکات بەو پێیەی کە سەرکردایەتی شۆڕش یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق دەوری « تەعبیئەی » ئەم خەلکەیان هێناوەتە بوون ، بۆ کار دەکەین ؟! لە پێناوی چیدا ؟• بەر لە شۆڕشە پیرۆزەکەی ١٧–٣٠ گەلاوێژی نەمر نەك هەر قوتابیان پشت گوێ خرابون بەڵکو هەموو چینو دەستەیەکی ئەم گەلە لەزیندانی دواکەوتویی دا بوون ، زیارەو گیانی کارکردنو بەرایەتی ژیان لای ڕۆڵەکانی ئەم وولاتە هەر هەبووە بەڵام سەرکردە گۆڕبەگۆڕەکانی پێشوی عیراق قەت ڕۆژێك بیریان لە پاشە ڕۆژو چاکەی میللەت نەدەکردەوە ، سەرەڕای ئەوەش ئیمپریالیزمەکان دەستێکی بالایان هەبوو لە کاروباری ناوەخۆی وولات •

بەڵام ئەمڕۆ ڕۆژی گۆڕانو دەسکەوتە ، دامو دەزگاو چاو چنۆکەکان لە ناو براون بیری سەردەم پەرەی سەندووە •

هەموو ڕۆڵەکانی ئەم وولاتە لەکار کردندان ئاواتی دوورونزیکی پارتی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لەم ئوردوگاو خزمەت کردنانە پەرە پێدانی ناوچەکانی عیراقە بۆ ڕێگا خۆشکردنی گۆڕانە بنەڕەتیەکانی تریش•

خۆ ئامادە کردنو کارکردنی ئەم ساڵمان ئایرییە لەگەڵ ساڵانی تر ، ئەم ساڵ خانووبەرە ڕووخاوەکان چماك دەکرێنەوە ، کێلگە بۆ جوتیارو کارگە بۆ کریکارو چەندان دەسکەوتو کارگوزاری تریش بۆ خەلکی کوردستان دەکرێ بە بازوی قوتابیانی عیراق بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق •

دەسەلاتە ڕەش بینیەکەی سەرکردایەتی یەخێلەکیەکە قەت نەی دەهێشت کوردستان پێ بگا چونکو لە پێگەیشتنی خەلکی کورد نیاز پیسی ئەوان ئاشکراتر دەبوون •

ئەم ساڵی ئوردوگا تاقی کردنەوەیەکی تری قوتابیانی عیراقە لە زروفو ناوچەیەکی تر ، با لێکرا بازووی کارکردن هەڵ بکەین بۆ ئاوەدان کردنەوەو تێگەیاندنی هەموو لایەکی ئەم عیراقە •

★

یاریدەدەری ئەمینداری گشتی پەروەردەو خوێندن بۆ رۆژنامەی هاوکاری ئەدوێت

مامۆستا عبدالغفار الصائغ یاریدەدەری ئەمینداری گشتی لە کاتی دوانەکەیدا بۆ رۆژنامەی هاوکاری .

هەولێر : نێرای « هاوکاری »

مامۆستا عبدالغفار الصائغ ، یاریدەدەری ئەمینداری گشتی پەروەردەو خوێندن لە ناوچەی حوکمی زاتی دوانێکی تایبەتی بە رۆژنامەی « هاوکاری » راگەیاند کە تیایدا باسی ئیشوکاری ئەمانەتی گشتی پەروەردەو خوێندنی کردو لە سەرەتادا وتی ، ئەوەی ئەمانەتەکەمان تائیستە جێبەجێی کردوەو ئەوەی لە پاشەرۆژدا نەخشەی بۆ جێبەجێ کردنی داناوە ، هەنگاوی بەهێزکردنی جوڵانەوەی فێرکردن و پەروەردەیە لەناوچەی کوردستانداو قەلاچۆکردنی نەزانی کە شۆرش سوورە لەسەر ئەوەی لە هەموو لایەکی وڵاتدا بنبڕی بکات .

مامۆستا صائغ وتی :

ئەمانەتی گشتی ، لەبەر رووناکی ئەم قوناغەی ئیستە کوردستانی تیا ئەژیو جێگیربوونەوەی ئاشتی لەناوچەکەدا ، کەوتە خۆی بۆ کردنەوەی هەموو قوتابخانەکانی شارو گوندەکان کەبەهۆی روژگاری نائاسایی رابوردووەوە خوێندنیان تیا وەستابوو ، خۆ کۆکردنەوە بۆ ئەم کارە بەخێراییو گورجو گۆڵییەکی وابوو کە نەمان ویست ساتێك بەفیرۆ بڕوات تا توانیمان وابکەین لەسەرەتای مانگی نیسانی رابوردودا هەموو قوتابخانەکانی سەرەتاییو ناوەندیو ئامادەیی ناوچەی کوردستان بکەینەوە بەزامن کردنی هەموو پێویستیەکانی دەست کردنەوە بە دەرس خوێندن لەو قوتابخانانەدا ، هەتا هەندێك شوێن کە رێگای هاتوچویان تیك چووەو گەیشتنی بەو شوێنانەی دران کردبو ، بەفرۆکەی تایبەتیو خێرا مامۆستاو هەموو کەرەسەیەکی پێویستی کردنەوەی قوتابخانەکانمان گەیاندنێ ، هەتا ئەگەر هەندێ شوێن قوتابخانەی تیا وێران بوبێت ، توانیمان لەشوێنی ترا جێگا بۆ قوتابیەکان بکەینەوە تا لەخوێندن دوانەکەون ، لەگەڵ دەست کردن بەئیشوکار بۆ نوێ کردنەوەی ئەو قوتابخانانە تا لەساڵی داهاتوی خوێندنا ئامادەبن .

دوای ئەوە یاریدەدەری ئەمینداری گشتی هاتە سەر باسی نەخشەی داهاتووی ئەو ئیشوکارەی ئەمانەتی پەروەردە جێبەجێیان ئەکات و وتی :

بەپێی بایەخدانی فراوانی شۆرش بەمەسەلەی پەروەردەو خوێندن بەو ناوەی رێرەوی تێکۆشانێکی پیرۆزە دژی نەزانیو نەخوێندەواریو لەبەر رووناکی راپۆرتی سیاسی کونگرەی هەشتەمی سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سۆشیالستی عەرەبدا ، ئیستە هەوڵی ئەوە ئەدەین وەك بریارەکانی کونگرەی هەشتەم دیاری کردوە بنکەی پەروەردەو خوێندن پتەو بەهێز بکەین و ساڵی داهاتوی خوێندن هەنگاوێکی تری فراوان بێت لە پێناوی پەروەردەو خوێندنی سۆشیالستیدا ، بەجێهێنانی ئەم ئەرکە پیویستی بە هەوڵو تەقەلایەکی فراوانە ، توانامان بۆ ئەم مەبەستە هەیەو بە خەت گورج کردنەوەی دەزگاکانی ئەمانەتەکەمان و هاوکاری تەواو لەگەڵ وەزارەتی پەروەردەدا لە ناوچەی کوردستاندا هەموو پێویستیەکی فراوان کردنی خوێندن زامن ئەکرێت ، جا بۆ ئەوەی گەورەترین گیروگرفت لەرێی فراوان کردنی خوێندندا لەناوبەرین ، کە کەمی مامۆستایە بریارمان داوە لە هەموو پاریزگاکانی کوردستاندا قوتابخانەی ماموستایانی کورو کچ بکرێتەوە سەرەرای « پەیمانگەکانی ئامادەکردنی مامۆستایان » . ئێمە لەو گۆشەیەوە سەرنج ئەدەین کە زوربەی زۆری منداڵانی کوردستان بەتایبەتی لەگوندەکاندا لە خوێندن بێبەش بوون ، لەبەر ئەوە بەشێوەیەکی فراوان دەست ئەکەین بەکردنەوەی قوتابخانە لە هەموو شوێنێکی کوردستاندا .

هەروەها مامۆستا عبدالغفار الصائغ ئاشکرای کرد :

بە مەبەستی پەرەپێدان و فراوان کردنی بنکەی خوێندن و پەروەردە لە ناوچەی کوردستاندا بریارمانداوە کە قوتابخانەیەکی ئامادەیی فراوان لەشاری هەولێر مەڵبەندی حوکمی زاتی بکەینەوە ، کە خوێندن لەم قوتابخانە ئەمادەیەدا پیشەیی ئەبێت « پیشەسازیو کشتوکاڵ » لەپاڵ خوێندنی ئاکادیمیداو پارەی پێویست بۆ کردنەوەی ئەم قوتابخانە فراوانە دانراوە .

لەرووی قەلاچۆ کردنی نەخوێندەواریەوە لەناوچەی کوردستان مامۆستای ناوبراو وتی : ئەمانەتەکەمان بە گورج و گۆڵی کەوتۆتە خۆی کە جوڵانەوەی لەناوبردنی نەخوێندەواری لە کوردستاندا فراوان بکات .

دیسانەوە بەزمی خونفسیەت

● بڕیاری مەحووکردنەوەی دیمەنی « خونفسیەت » لەناو لاوەکانماندا بەرەو دیمەنی بایەخدان بەپێشکەوتنی ناوەرۆك ، لەجێی خۆیدایە بەلام :

جارێکی تر بەزمی خونفسیەت ئەوەی کاکەی پولیس یەخەیان کەوتۆتەوە ناو ناوان .. بگرێ یا .. مەکینە لە هەڵگرانی سەروسیماو سەرشەقامەکان بکەونە رووخساری خونفسیەت دروێنەی زولف و پرچ .

● هوشیار کردنەوەیەکی قوڵو ئایدولوژی و کۆمەڵایەتیو سیاسی لەگەڵدا بێت .

دیسانەوە دووچاری بریاری قەدەغە کردنی ئەو جۆرە (بەرەللاییە) بوونەتەوە بەلام ئەم جارە بەدلێکی فراوانترەوە پێشوازی لێکرا بێچەن و چۆن پۆل پۆل ویەک لە دوای یەک بەرەو سەرتاشخانەکان ملیان نا پێش

سەرتاشخانەکان بەرناکەون کێ ئازایە زوو فریای خۆی کەوێ پێش ئەوەی فریای کەون ! هەر ناچاریش بوون لە ماڵەوە سەرکۆزەرێکی ئەگرن و زولفەکەیان قت ئەکەن ..

دەلاك رۆژێتی .. دەمێکە

تینوی ئەم رۆژە بوون .. ئەوەندەی نەمابوو دەست لەم پێشەی چەند ساڵەیان هەڵبگرن و دوکانەکانیان داخەن چونکە تا ئەبوو بازاڕیان کزئەبوو ئەوەندەیان نەمابوو بکەونە سەر ساجی عەلی !

ئینجا ئەوەی سەیرە ئەگەر خونفسیش نەبی کە لە سەرتاشخانەیەك هاتینە دەرەوە وا ئەزانن تۆش لەوانەیو پەنجەت بۆ درێژ ئەکەن بە ناهەق ! هەر چەندە سەروسیمای خونفسە راستەقینەکان تا چەند رۆژێك هەر دیاریە تا شوینەکانی وەکوو هەموو دەمو چاوی لێدێ و پێوەی رایەن .

هەر چۆنێ بێ ئەم جارە رادەی نارەزایێ زۆر کەمە لەو بڕوایەدام ئەگەر ئەوبریارە لە قەوارەی بریارێکی ئیداری وپولیسی گیری نەخواردایە و لەگەڵیدا هوشیارکردنەوەیەکی قوڵو چروپڕی ئایدولوژیو کۆمەڵایەتیو سیاسی بکرابایە پێم وایە خونفسیەت کز تر ئەبوو ئەگەر بنە بڕیش نەکرایە ... وەبەبێ ئەم هوشیار کردنەوە یەئەوا لەوانەیە زیاتر سووریان کا لەسەر ئەو بەزمەو لە هەڵێکدا بچنەوە سەر بای

لەنەوەی پێشو کە لەبیروباوەڕی ئەم سەردەمەوە دوورن و لە بیرە کۆنەویستەکانیاندا گێژئەخۆن هێرش ئەبە نەسەر ئەو لاوە خونفسانە ... کە ئەمە زیاتر پاڵ بەلاوەکانەوە ئەدەنێ سووربن لەسەر خونفسیەت ..

بۆیە ئەبێ لاوانمان تێبگەینین کە نوێو نوێخوازیوپێشکەوتن لەوەدانیە کە بەپێچەوانەی باو باپیرانمانەوە لە جیاتی سەرە

● با لاوەکانمان بەکردەوە فێر بکەین کە « گۆڕان » بەرەوپێشەوەو پاشە رۆژی باشتر ئەبێت لە دیوی ناوەوەی مێشکەوە بێت .

بەڕە چونکە هەتاکو ئیستا لە دەزگاکانی راگەیاندن (بە ئیستگەو تەلەفزیون و رۆژنامەو گوڤارەکانەوە) هیچ دیراسەیەك لەو بارەیەوە بلاو نەکراوەتەوە وە بایەخێکی وای پێنەدراوە لەو کاتەدا کە بە بەرەنگاری کردنی بەشێوەیەکی رەسمیو دەست پێکراوە سەرەڕای ئەوە خەڵکێکی زۆر

قوچکە تاشکراوەکەیان ... بەسەرو پرچو زولفی درێژ بهێڵنەوە ... بەڵکو گوڕاندنەکە ئەبێ لەدیوی ناوەوەی مێشك بێ ... واتە گۆش بکرێ بەبیروباوەری شۆرشگێر وزانستی وپێشکەوتنخواز ... تا بتوانین کومەڵەکەمان بەرەو پێشەوە بەرین ...

فەهمی قەرەداغی

بازرگانی خوێن بۆتە کارێکی نا ئینسانانە

بەگوێرەی راپۆرتی ریکخراوی لەش ساخی جیهانی قازانجی کرین و فرۆشتنی خوێنی ئینسان «زێری سوور» گەیشتۆتە دە بەرابەری مایەکەی . بەوجۆرە کە بازرگانەکان لەولاتانی پەرەئەستێن لیتری خوێن بە دوو تا چوار دولار دەکڕن و لەولاتە دەوڵەمەندەکان بە بیست تا چل دولاری دەفرۆشنەوە .

رێکخراوی لەش ساخی جیهانی ، سەرنجی ١٤٤ ئەندامی خۆی بۆ ئەو مەسەلە گرنگە راکێشاوەو رای گەیاندوە کە « خوێن فروشتن» ئیتر ناوەرۆکی پیرۆزی یارمەتی ئینسانیک بە ئینسانیکی تری نەماوەو لەوانەیە ئەو کەسانەی خوێن دەفرۆشن تووشی هۆگرییەکی وەک هۆگری ئەلکول بکا . بێجگە لەوە ئەو خەڵکە هەژارە کە بەخواردنی خۆراکی ناتەواو لانی کەمی ئەو خوێنەی فرۆشتوویانە دەتوانن بەدەست بهێننەوە ، بەرەبەرە فێر دەبن خوێن بدەن و پارە وەربگرن .

یەکەم جار ئەنجومەنەکانی خاچی سوور لە ساڵی ١٩٧٣دا دەستیان بە خوێن کڕین کردو تا ماوەیەك ئەو سەودایە بۆ هیچ لایەک زیانی نەبوو . بەلام ئیستا بازرگانی خوێن باری مرۆڤایەتی نەماوە . رێکخراوی لەش ساخی جیهانی لەراپۆرتەکەی دا دەڵێ :

« فرۆشتنی خوێن رەنگە بۆ زۆر کەس و بەتایبەتی ئەوانەی هۆگری ئەلکول و شتی گێژکەر « مواد مخدرە»ن سەرچاوەیەکی سەرەکی داهات بێ و هەربۆیە رۆژ بەرۆژ هێندێک مەترسی گەورە هەرەشە لەخوێن گر (یاکڕیاری) خوێن دەکەن .

پێشانگای هونەری فۆتۆگرافی ڤێتنام

رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٥ـ٦ـ١٩٧٥و لەژێر چاودێری مامۆستا (طارق عزیز) وەزیری راگەیاندندا ، بەبۆنەی شەشەمین بیرەوەری دامەزراندنی کۆماری خواروی ڤێتنامەوە پێشانگای هونەری فۆتۆگرافی لەهوڵی کۆمەڵی هونەرمەندانی تەشکیلی لە مەنسور کرایەوە .

ئەم پێشانگایەش بریتی بوو لە کۆمەڵێك وێنەی فۆتۆگرافی کە تێکۆشانی شۆرشگێرانەی سەرۆکی ڤێتنام (هوشی مین)ی دژی ئیمپریالیزمی ئەمەریکایی پیشان ئەداو لە پاڵ وێنەکانی « هوشی مین » دا کە لە بۆنەی جیا جیا گیرابوون کامەرانی گەلی ڤیتنامیش دوای سەرکەوتنی بەسەر دوژمندا لە چەند وێنەیەکدا پیشان ئەدات .

جەنگاوەرانی ڤێتنام

هۆشی مین ـ

ـ سەگێك خۆی بەخێو دەکا ـ

« شین » زلترین سەگی بریتانیایە . ئەو سەگە قورسایی نیزیکەی سەدو چواردە کیلۆیە . پێتان سەیر نەبێ ، لەهەفتەیەکدا نیزیکەی ٢٥،٥ کیلو گۆشت دەخوا ، ٣٠ تا ٣٥ پەرداخ شیر دەخواتەوەو نیزیکەی ١٨ کیلو بیسکویت دەخوا . ئەم سەگە دوندرمەشی پێخۆشەو هەموو جارێك دوو سێیەك دەخوات . پەیداکردنی ئەو هەموو خواردنە بۆ خاوەنەکەی واتە خاتو « شیلابنگز » کەخەڵکی « میچام » لە « ساردنی‌یە زۆر دژوارە .

شین ئێستا تەمەنی شەش ساڵەو پێنج مانگە بوو کە کەوتە دەست خاتو بنگز .

ئەو سەگە هەفتەی ١٤ لیرە خەرجیەتی . لە ئەنجامی گران بوونی شتوومەکی خواردەمەنی دا پەیداکردنی خۆراکی سەگەکە ئەوەندە دژوار بوو کە خاتو بنگز خەریک بوو بیفرۆشی .

بەلام کاتیک دڵنیا بوو ناتوانێ سەعاتیکیش لەخۆی دوور بخاتەوە فکرێکی بۆ هات کە لە رۆژی دواترا جێبەجێی کرد .

ئیستا ئەو سەگە ١١٤ کیلوییە هەموو رۆژێ بە عارەبانەیەکی یەك نەفەری هەشت منداڵ دەگەیەنێتە قوتابخانەو باخچەی منداڵان و لەماڵی هەرکام لەو منداڵانە هەفتەی دوو لیرە وەردەگرێ کە دوو لیرە لە خەرجی هەفتەکەی زیاترە .



عبدالله عباس

خۆشەویستی پیرۆز قینی پیرۆز ..

ـ ١ ـ

○ کاتێك ، ئەتوانین « خۆشەویستی »مان خۆش بوێت ، تێبگەین لە مانای قین بوونەوەمان لە «قین» ، ئەو کاتە ، بە هوشیاریو بەئاگایی سەرنجی ژیان و پەیوەندیەکانی ئەدەین ، مادەمێکی « خۆشەویستی »مان خۆش وێت و لە ناوەرۆکی جوانی تێئەگەین و بەو پێیەش رەفتاری پێئەکەین ، بەو پێیەش مامەڵەمان لەگەڵ خەڵکیدا دیاری ئەکەین ، ئەو کاتە « قین » تەنیا بۆ ریشەکێش کردنی « ناخۆشەویستی » ئەبێت ، جوان ئەبێت ، وانەبێت « قین » ناشیرینەو ئەیکوژین ..

○ « خۆشویستی » خۆشەویستی ، مانای خۆشەویستی قوڵتر ئەکاتەوە ، پیرۆزی ئەکات ، ئەوساش « قین » بەرامبەر ـ ناجوانیـو « ناخۆشەویستی » پیرۆز ئەبێت و لە دەرەوەی ئەو سنوورەدا رەفتار بە « قین » ناشیرین ئەبێت و رەفتار بە « خۆشەویستی » بێ ماناو ناوەرۆك ئەبێت .

رستەی بەمانا :

ـ ٢ ـ

○ لە دوایدا « لیف تۆلستوی »م خوێندەوە کە ئەڵێت :

(نووسینی دەیان بەرگ فەلسەفە ، ئاسانترە لە رەفتار پێکردنی تەنیا پەیرەوێکیدا) .

وە ئەڵێت : (ئەو تێگەیشتن و کامڵ بوونەی مرۆڤ پێی ئەگات گرنگ نیە بەقەدەر ئەوەی هەڵبژاردنی ئەو رێرەوە گرنگە کە تێگەیشتن و کامڵ بوونەکەی لێوە ئەسەلمێنیت .)

کاریکاتێر :

« رووتم نەدیوە ، عاشقی بالاتم ! »

دەستکردی عبدالله علی

هەر جارەی نوسینێك ●●●

بە ئاواتی شارستانیەتی یەوە ..

محمدی مەلاکریم

بە ئاواتی ژیانێکی شارستانیانەوە سبەینان لە ماڵ دەرئەچم .. دەست ئەکەم بە کار .. ئەگەڕێمەوە .. شەو سەر ئەنێمە سەر سەرین .. خەو بە وڵاتێکی شارستانییەوە ئەبینم .. سبەینێ زوو کە لە خەو هەڵئەستم هیوای یەکەمی رۆژی نوێم ئەوەیە شارستانیەتی وەك سپیدەی بەرە بەیان لە ئاسۆی دوورەوە دەرکەوێو بێ دەست کاتە ملم ، دڵو دەروونی کەلەلای دیمەنی رۆژانەی ژیانی پاشکەوتووی دەیان

سەدە لەمەوبەرم پڕ کا لە خۆشی ..

شارستانیەتی بابەتی بیری تەنهاییمە .. هیوای خەباتمە .. ئەو بووکی رازاوەی ژیانەمە کە بەهیوام بێت و هەر نەهات .. ترسی ئەوەم لە دڵایە بمرم و بەم دوو چاوەی خۆم نەیبینم ..

کەی بێ بتوانم تێر تێر بەسەر شەقامەکانا بسوورێمەوە هۆڕنی بە وەخت و ناوەختی ئۆتۆمۆبیل لە هەموو لایەکمەوە ، سیمفۆنییە رەزا لەسەر گوێ گرانەکانیم بۆ لێنەدا .. کەی بێ قورو لیتەی تەڕەوەرزو تۆزو گەردی وشکە ـ وەرز ، ئەمیان پێڵاوو پانتۆڵم لەخۆیەوە نەگلێنێ و ئەویشیان چاوو لووت و گوێو گەرووم سوامە نەدا ..

بەهیوای ئەو رۆژەوە شەوو رۆژ بەیەکا ئەدروم ببینم هەرکەس وا بیر بکاتەوە تەنها ئەو خۆی لەم جیهانەدا ناژی .. لەکاتێکا لە قاتی سەرەوەو لای ژوورەوەی پاسا بۆشایی هەبێ ، ئەمان لە دەرگاکەدا

کەڵەکە نەکەن و رێگە لە رێبوار نەبڕن و هەناسەیەك ئەوەشیان لە بەرچاو بێ ئەم هەموو خەڵکەی لە ئێستگەکەدا راوەستاون ژن و منداڵ و دووگیان و منداڵ بەبەرو پیرو پەلەو ، هیوایان تیایە سەعاتێکە چاوی بڕیوەتە ئاسۆی دوور ئاواتە خوازی گەیشتنە بەرەوەی کەژاوەی لە خانمێکی بەلەنجەو لار نازارتری پاسە .

بەهیوای ئەوەم لەوکاتەدا ئەوەیان لە یاد بێ کە خۆیان رۆژێ لە رۆژان وەك ئەو هەموو چاوەڕوانیکەرە لە دەرەوە ئەوەستن .

گۆرانی بە باڵای ئەو رۆژەدا ئەڵێم کە خەڵك ئەگەر ویستیان شتی بکڕن ، بچنە سینەمایەك ، پاسێك ، سەرە بگرن ، کەس نەیەوێ بە ناهەق لە کەسی تر پێش بکەوێ ، زۆردار بێ زۆر نەخاتە لاوە ، بەهێز بێهێز پێشێل نەکا ..

بەهیوای ئەو رۆژەوە ئەژیم بەلای (پەیکەری

پروانە ل ـ ٧ ـ

بەیاننامەی ژمارە (٧)ی

ساڵی ١٩٧٥

لە وەزارەتی ئابوورییەوە

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەلایەن ئەنجومەنی ڕێکخستنی بازرگانییەوە پێمان دراوە بڕیارماندا نرخی بەفر بەم شێوەیەی خوارەوە دەست نیشان بکەین :-

لە پارێزگاکانی بەغدا ، بەسرا ، نەینەوا :-

١٠٠ فلس نرخی یەك قاڵب کە بگاتە دەست فرۆشیاری (مفرد) ٠

١٤٠ فلس نرخی یەك قاڵب کە بگاتە دەست کڕیار ٠

لەپارێزگاکانی تر :

٨٠ فلس نرخی قاڵبێك لە کارگەکەدا ٠

١٢٠ فلس نرخی قاڵبێك کە بە کڕیار بفرۆشرێ ٠

بەو مەرجەش کە ئەم نرخە بەشەکانی قاڵب (چارەكو نیو) بگرێتەوە ٠

پێویستە لەسەر بەرهەم هێنەرانو فرۆشیارانی لەگەڵ بڵاو کردنەوەی ئەم بەیاننامەیەدا پەیڕەوی ئەم نرخانە بکەن ٠ ئەوەی بە پێچەوانەشەوە بجوڵێتەوە بە پێی ناوەڕۆکی یاسای ڕێکخستنی بازرگانی ناو خۆی ساڵی ١٩٧٠ سزا ئەدرێ ٠

حکمت عزاوی

وەزیری ئابووری

بوزانین

داواکاریی سەرلەنوێ

تۆمارکردنەوەی عەقار

لەسەر ئەو داواکارییەی لە ٣١-٥-١٩٧٥ پێشکەش بەم دایەرەیە کراوە بۆ سەرلەنوێ تۆمارکردنی تەواوی عەقاری زنجیرە ٣٧٢-١ گەرەکی کانێسکان بەناوی وەرەسەی غفور سعید عثمان بەوشێوەی بەماوەی قانونی مالیکی ئەو موڵکەن ٠ وە بۆ تەسبیت کردنی موڵکی ناوبراوو تۆمارکردنی بەپێی ناوەڕۆکی یاسای تۆمارکردنی عەقار ژمارە (٤٣)ی ساڵی ١٩٧١ بڕیارماندا ئەو داواکارییە بڵاوبکەینەوەجاهەر کەسێ پەیوەندی یان مافێکی دیاری کراوی بەم موڵکەوە هەیە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم بۆزانینەتا ماوەی سێ ڕۆژ داواکاری پێشکەش بکاتو لەسەعاتدەی بەیانی ڕۆژی دوای تەواوبوونی ماوەی بۆزانینەکە لەشوێنی عەقارەکە ئامادەبێ بۆ ئەوەی لە کەشفدا مافەکەی تەسبیت ببێ کە ڕۆژی ناوبراو بۆ ئەم مەبەستە ئەکرێ ٠

سعید شفیق

بەڕیوەبەری دایەرەی تەسجیلی عەقار لە سلیمانی

پاشماوەی تیکوشانێکی ٠٠٠٠٠

مەڵبەندە تەرخان دەکا ٠

سەرکەوتنی ویستیشۆرشەکەمان بەسەر دەستەی بەکرێگیراودا بەهۆی پشت - بەخۆ بەستنو بەهۆی تێکۆشانی هێزە چەکدارەکانمان وبەهۆی یەك گرتنی کۆمەڵانی خەڵك و بەهێزی ئابووری نیشتمانی مان وەدی هات ٠ بێجگە لە شوێن وپایەی وڵاتەکەشمان لەمەیدانی جیهانی دا ٠

کاتیك بەرەنگاری نەخشەکانی داهاتووی ئیمپریالیزم دەبین لەبەرامبەر مەڵبەندە نەوتە لانی وڵاتەکەمان دا ، پێویستە ئیرادەی گەلان خۆی ڕابگرێ وپشت قایم بێ بەحساباتی مەبدەئی و سیاسیو عەسکەری ٠

ئیمپریالیزم دەیەوێ ئاگری زۆر انبازی چەکدارانە لە مەڵبەندی هەڵگیر ساوی نەوتەڵان دا هەڵنە گیرسێنێ مەگەر ئەوکاتەی بەوردی هەموو حسابێکی بۆ کردبێ ٠ ئەودەزانێ شەڕی چەکدار لەومەڵبەندە هەڵگیرساوەدا چ مەترسیەکی هەیە ، دەزانێ ئیرادەی گەلان بۆ وەدی - هێنانی ئامانجەکانیان چەندە پێگەیشتوە ٠ بۆیە ئیمپریالیزم دەیەوێ خۆی بخزێنێتە سەنگەرەکانی دواوە ٠ لەوبارەوە بەڕێز سەدام حوسین دەڵێ :

« ئیمپریالیزم دەیەوێ لە ڕیگای پێگە کۆمەڵایەتیو ئابوور یەکانیشەوە خۆی تێ خزێنێ ، دەیەوێ زمانی بگاتە هەموو شوێنێکی دیاری کراو لە ناوکۆمەڵی ئێمەدا»

جا چونکە بەربەرەکانی ئەوجۆرە نەخشەی ئیمپریالیزم دژوار ترە لە بەرەنگار بوونی ڕاستەوخۆ ، ئەمە تێکۆشانێکی زیاتری دەوێ بەشێوەیەکی تازەتر ٠

بەڕێز سەدام حوسین داوا دەکا کە لەناوخۆدا لەباری مەبدەئی وسیاسیەوە زۆر پتەوبین :

تا ئەگەر لە سیاسەتی جیهانیمان دا بەنەرمی دەجوولێینەوە ، ڕێگا نەدەین زمان وبیرو نەخشەکانی ئیمپریالیزم بگەنە ناوپێگە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی کۆمەڵ ٠ « تێکۆشانێکی لەڕادەبەدەر پێویستە لەڕوون کردنەوەی مەبدەئی دا کە پێوەندی بە سیاسەتی ئێمەوە هەیەو پێوەندی هەیە بەتێگەیشتنی جموجۆڵی هێزەکانی دژی شۆڕش » ٠

لەبەر ئەوەی کە عیراق بە سەرکردایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست وبەرەی نیشتمانی ونەتەوایەتی پێشکەوتنخواز زۆر ئەرکی عەرەبی وجیهانی لەسەر شانە ، ئەرکی عیراق هەرگیز لەچوارچێوەی وڵات دا تەنگە بەرنابێ ، بەڵکە لەو سنوورەتێ دەپەڕێ بۆ هەرشوێنێك کە نفووزی ئیمپریالیزم ودەسەڵاتی بەسەرگەلان دا بیگاتێ ٠

بەڕێز سەدام حوسین دەڵێ :

« دەوری ئێمە وەك بەرەو ئێمە وەك حیزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیست تەنیا لە عیراق دا تەنگە بەرنابێو و بەڵگە دەکاتە هەر شوێنێك کەنفووزی ئیمپریالیزمی بگاتێ لەچەوساند نەوەی گەلان دا » ٠

بۆ ئەوەی لەڕادەی ئەرکە گەورەکانمان دا بین بەڕێز سەدام حوسین دەڵێ :

« پێویستە لەم ڕیگایەدا تێکۆشانێکی فکری لەرادەبەدەر بەکار بێننوپێویستەوەدوای ئەو پڕوپاگاندە ژەهراویانە نەکەون کەهەر جارەنا جارێك بڵاو دەکرێنەوە » ٠

بۆ بەرەنگار بوونی هێزە ئیمپریالیستی یەکانی دژ بەشۆڕش دەبێ عیراقێکی بەهێز بنیات بنێین هەروەك بەڕێز سەدام حوسین گوتی :

« ئێمە عیراقێکی سەربەخۆ ، ورزگار کراو وسوشیالیستی مان دەوێ ودەمانەوێ دەورێکی پێشرەوی لەمەڵبەندو لە نیشتمانی عەرەبیدا دیاری بکا ٠٠ هەروەها پێشڕەوی لە بەهێز کردنی ڕیبازی سیاسەتی دژی ئیمپریالیستی لەمەیدانی جیهانی دابگێڕێ » ٠

ئەمەیە ئەو عیراقە نموونەی ئێمە دەمانەوێ و ئەرکی دروست کردنی عیراقێکی وهاش دەکەوێتە سەر شانی کۆمەڵانی گەلەکەمان بە هەموو هێزە نیشتمانیو ونەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکانیەوە ٠

پاشماوەی : شەڕی ڤیتنام ٠٠٠

دا سەپابوو ٠ ڕابەرایەتی ئەمریکا شەڕی ڤیتنامی دەویست و بەدرۆو دەلەسەش بیرو ڕای گشتی فریو دابوو ٠ بیرو ڕای گشتی دەمێك بوو خوا حافیزی لە شەڕی ڤیتنام کربوو ٠

بەڵام بوروکزای ئەمریکا درێژەی پێ دەدا ٠ لە ساڵی ١٩٦٧ ڕا بەشێکی زۆر گەورەی ئەمریکاییەکان باوەڕیان بەشەڕی ڤیتنام نەمابوو ٠ انتخاباتی ساڵی ١٩٦٨ لە ڕاستی دا دەنگدان لەدژی ئەو شەڕەبوو ٠ کونگرەی ئێستاش کە دەنگی بۆ یارمەتی زیاتر بەڤیتنام نەدا هەر نیشانەی ناڕەزایی لەو شەڕە بوو ٠ ئەمە بەر پەرچ دانەوەی خەڵك بوو بۆ درۆیەکانی واتر گێت و ڤیتنام ٠

شەپۆل ئامادەی کردوە

پاشماوەی : کاری میللی

سروشتی بەرهەمی تەنیایی نامێنێ و بیروباوەڕی کۆن پێ شێل ئەکریت کە ئەبونە هۆی پێش کەوتنی کومەڵایەتیو ئابوری وسیاسی ٠

ئەو سێ بارەی کە باسمان کرد یەك بە یەکەوە بەستراوە ولەیەك جیا نابنەوە ٠

جمو جۆڵی کاری میللیوپەرەپیدانی لەم کاتەدا گرنگیەکی زۆر ئەگەیەنێ کە لەگەڵ ئامانجەکانی پارتی پێشرەو پارتی بەعسی عربی سوشیالستا بگونجێ ٠

پاشماوەی / پۆستەی خوێنەران

● **بۆ خاوەنی وتاری (ئاوڕێك لە ژیانی دڵداری شاعیر) :**

وتارەکەتان هەر مێژووە زانراوەکەی شاعیری ناوبراو بوو ، لێکۆڵینەوەیەکی نوێی تیا نەبوو ٠

● **بۆ خاوەنی وتاری (هێمنو ڕیالیزم) :**

ئەو بابەتە زۆری لەسەر نووسرا ٠ وا ئەزانین بوار بە بابەتێکی کەش بدەین باشترە ٠٠

پاشماوەی : هیڤیو داخازێن

پەرستان ، چونکو ئەون ئاستەنگ درێکا پێشکەفتنا ژناندا ٠

هەلبەت ژن دڤێ خەباتا خودا دێ گەلەك نەخۆشییان بینیت ، لێ بەلێ دڤێت ئەو نەخۆشی رێیا خەباتێ ڕێ نەدەنە بەردانو هەردەوام بن هەتا دگەهتە ئارمانجێت خو ٠

بێ گومان بڕیارا جڤاتا نەتەوێن ئێکگرتی کو ساڵا ١٩٧٥ێ ساڵا جیهانی یا ژنان بیت ، بەرێ خەباتا وێیەو ئەز هیڤیدارم بکێماتی ڤە ئەم ئەڤساڵە خو ژ - عەبا -ی رزگار کەینو ئەز هیڤیدکەم ژ خویشکێن - عەبای - باڤێژن ٠

٢ - دڤێت کورو کچ هەڤدوو ببینن بەرێ مەهر کرنێ ، هەلبەت رامان ژڤێ هەڤدوو دیتنێ دا باش ئێکو دوو بناسنو تێك بگەهن ، یا فەرە ژێ نەخت تشتەکێ رەمزی بیتو پێ گوهورکی نەمینیت ٠

٣ - هیڤیا من ئەوە ئەز ببمە وەزیرە دا بەرەڤانیێ ژ ژنان بکەمو وخزمەتا واندا بم ٠

(نوال سماعیل) خویشکەکا پالەیەو ل کارگەها مەحفیران لدهوکێ کاردکەت ، بەرسڤێن خویشکا (نوال) لسەر پرسیارێن مە ئەڤەنە بوون :

١ - هیڤیا من ئەوە دڤێ ساڵیدا ، ساڵا جیهانییا ژنان ، شورشەك بهێتەکرن بۆ نەهێلانا نەخویندەوارییو رزگارکرنا ژنان ژ - عەبای - و بۆ هندێ یەکسان بیت دگەل مێران ٠

٢ - دڤێت پێ گوهورکی نەمینیتو ژبەرکو نەخت مالا گەلەکا خراپ دکەت ، پێدڤییە بهێتە دەست نیشان کرنو دیسان بزۆری دانە شوی ژپەیسکا مرۆڤایەتیێ دئینیتە خارێو ئارمانجا هەمی ژنێت عیراقێیە نەمینیت ٠

٣ - هیڤیا من ئەوە دژیانا خودا ئەم ژگیرو گرفتێت ئابوری رزگار بینو ناف مالیا خو تەمام بکەین ٠

خویشکا (رمزیە نشأة) ، پالەیە ل کارگەها مەحفیرکا لدهوکێ ، وبەرسڤا پرسیارێن هاوکاریێدا گوت :

١ - داخازا من ئەوە نەخوێندەواری لناڤ ژناندا نەمینیتو هەمبەری مێران بنو دەسەلاتا مێری بهێتە کێم کرن ٠

٢ - دڤێت کچ بخو دەزگرێ خو ببینیت نەکو دایوبابو گەلەك یافەرە نەخت بهێتە دەست نیشان کرنو مەهر برین لنك دادپرسی بیت ٠

٣ - هیڤیا من ئەوە دژیانا خودا سەرکەفتی بمو دەرفەی عیراقێ ببینم ٠

هەروەسا (نسرین یونس زاوی) کو پالەیە لکارگەها مەحفیران ، گوت :

١ - هیڤی دارم ژنا عیراقێ پێش بکەڤیتو پتر وژیانا ئابووریو جڤاکیدا دەورێ خو ببینیتو براستی وگەل میری یەکسان بیت نە لسەر کاغەزێو بدەڤی ٠

٢ - یافەرە نەخت بێتە کێم کرنو یاژ هەییا فەرتر پێ گوهوڕکی نەمینیتو نەخویندەواری بهێتە بنبرکرنو مەهرەبرینێ ٠

٣ - هیڤیا من ئەوە ژن دەورێ خو ببینیت وخزمەتا نیشتمانیواو پشکدآربیت دوێ خەباتا پیرۆز ژبو پێشخستنا وەلاتی ٠

خویشکا (صبیحە حمید) پالەیەکا وییە لکارگەها مەحفیران ، گوت ٠

١ - داخازا من ئەوە لڤێ ساڵێ یاساێن پێشکەفتی بو ژنان بهێنە دانانو براستی چو جودایی نەمینیت لنابەینا مێرو ژنان ٠

٢ - لناڤ مللەتێ مەدا گەلە کچان یا حەزکری شوی بکورەکی بکەن ژمالەکا هەژار ، بەلێ مالا کچێ قایل نەبووینە ، ئەڤە تشتەکێ خراپەو خەلەتە ٠

٣ - هیڤیا من ئەوە ئەز بسەربەستی بژیمو دکارێ خودا سەرکەفتی بمو ژنو مێرێن عیراق چو چوداهی لناڤبەواندا نەمینیت ٠

خویشکا (لاهیجان سعید) کو فەرمانبەرە لکارگەها مەحفیران ، لبەرسڤا پرسیارێن مەدا گوت :-

١ - دخازم ژنا عیراق ژ هەمی لایەکیڤە پێش بکەڤیتو چو جودایی لناڤبەرا ویو مێری نەمینیتو ژ - عەبای - ژی رزگار بیت ٠

٢ - گەلەك کەس کچێن خو ددەنە شوی بێ هندێ کچا وان بزانێت ئان کورکی ببینیت ، بێ گومان ئەڤە کارەکێ خرابەو دڤێت نەمینیت ، یافەرە نەخت بهێتە دەست نیشان کرنو مالا کەسێ پێ خراب نەبیت ٠

٣ - هیڤیا من ئەوە ئەز دکارێ خودا سەرکەفتی بمو ژیانەکا کامیرانو خۆش بژیم ٠

لدیوماهییا ڤی ریپورتاچی ، مە دڤێت بێژین هەکە بێتو ئەم بەرێ خو بدەین بەرسڤێن ڤان هەمی خویشکان ، دێ بینین بەهرا پتر وەکی ئێکن ئەگەرا وێ ژی ئەوە گیروگرفتێن ژنان لوەلاتێ مەدا ئێکن ، بەلێ یا گرنگ ئەوە ئەم بزانین ڤەکولینا ژنا دهوکێ لگیروگرفتێن خو ، وە بەلافکرنا داخازێت خو لسەر لاپەرێن رۆژناما ، سەرکەفتنو پێشکەفتنەکا مەزنە لڤێ ساڵێن بووری ، هیڤیدارم ئەڤ ساڵە ژنا عیراقی بگشتی ژنا کورد بتایبەتی شورشەکێ بکەت لسەر هەمی ئاستەنگێن درێکا پێشکەفتنا ویدا دراوەستن ٠

پاشماوەی : برایەتی کوردو ٠٠

بەم چەشنە ئەم کاروانی خەباتی گەلە کەوتبووە ڕێگاو درێغی نەدەکرد لە خۆ بەخت کردن تاوەکو پێکەوە بەپشتی هەردوو گەل گەلو سوپا هەموو پارتیەکانو کۆمەڵەکان قەڵای ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستەکان هەرەسی هێنا - خۆری (١٤)ی تەموز هەڵهات وەهەموو وڵاتو گەلی گرتەوە ٠٠٠

مەبەستمان لەم باسە ئەوەیە کە دووبارە دووپاتی دەکەینەوە کە هەر چەندە هەندێ کەس واتێدەکەن کەئێستا دەوریئەوە نەماوە باسی ئەم دروشمە بکرێ ٠٠ وەوای بۆ ئەچن کە گوایە ئەم دروشمە وەختی نەماوەو ناوبردنی بێ سوودە ٠٠ بەڵام وەکو دەرکەوتو ڕۆژگار دەری خست کە دووپات کردنەوەی گەلی بە کەڵکەو جێگای سوودە چونکە مێژووی ئەم دواییەی هەرەس هێنانی دەستەی بەکرێ گیراوان بۆی ڕوون کردینەوە کە برایەتی کوردو عەرەب لەسەر خۆڵەمێشو چلکەو چەوێڵو پوش دانەمەزراوە ٠ بەڵکو بناغەیەکی توندو تۆڵی ئەو تۆی هەیە کە بە هیچ پاچو بێڵێکی ئیمپریالیزمو نۆکەرانی ناتوانن خشتێك لەوکۆشکە بەرزە دەر بهێنن ٠ چونکە لەسەر هەستو هۆشو ئارەزوو سوودی هەردوو لاو بۆ ئامانجو ئاواتی بەرزی هەردوولا بنیات نراوە٠ بە جۆرێك ڕەگو ڕیشەی داکوتاوە لەناو دڵو دەروونی ڕۆڵەکانی گەلدا ، کە هیچ هێزێکی ڕوخێنەر لە توانایاندا نیە تۆز لەبەردی بکاتەوە ٠٠

بۆزانین

ڕێگای ئاسمانیی عیراق

Iraqi airways

لەرێگای ئاسمانیی عیراقدا ببە بە (مضیفە)و هەموو جیهان ببینە ، هەلێکی بەنرخە کە ڕێگای ئاسمانیی عیراق بۆ کچانی عیراق لە دەرچوانی خویندنی ئامادەییو زانستگای سازئەکات ٠٠ داواکاری پێشکەش بەم دەزگایە بکە بۆ ئەوەی لەسەر (اسطولە) ئاسمانییەکەی ئیش بکەیت کە تازەترین فروکەی تیادایە لەجیهاندا وە هەلی تەمەنت بۆ سازئەکات ، ئەو هەلەی هەموو کچێك ئاواتی بۆ ئەخوازی بۆ ئەوەی جیهان ببینێ ٠٠٠ داواکاری تاکۆتایی دەوامی ڕەسمی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێککەوتی ٢٦-٦-١٩٧٥ وەرئەگیرێو پێشکەش بە بارەگای بەڕیوەبەرایەتی گشتی (لقی ذاتیە) فرۆکەخانەی دولی ئەکرێت ٠

- مەرجەکان -

١ - ئەوەی داواکاری پێشکەش ئەکات نابێ لە ١٦٥سم کورتتر بێ ٠

٢ - لەگەڵ داواکارییەکەیدا تازەترین وێنەی پێشکەش بکات ٠

٣ - داواکاری ئەوانەی کە لەمەوبەر لەتاقی کردنەوەدا سەرنەکەوتوون وەرناگیرێ ٠

- ئیمتیازەکان -

١ - موچەی دەرچووانی خوێندنی زانستگا :-

-ر٢٨ دینار موچەی اسمی لەکاتی تەعین بوونەوە ٠

-ر٢٣ دینار مخصصاتی غلاءمعیشە

-ر٢٨ دینار مخصصاتی ئاسمانیی کەراستەوخۆ لەگەڵ تەعین بوندا ئەدرێ ٠

-ر٧٩ دینار تێکڕای موچەی مانگانە ٠

٢ - موچەی دەرچوانی خوێندنی ئامادەیی :-

-ر١٨ دینار موچەی اسمی لەکاتی تەعین بوونەوە ٠

-ر٢١ دینار مخصصاتی غلاء معیشە ٠

-ر١٨ دینار مخصصاتی ئاسمانی کەلەکاتی تەعین بوونەوە ئەدرێ ٠

-ر٥٧ دینار تێکڕای موچەی مانگانە ٠

٣ - دوای تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر تەعین کردنی دەرچوانی زانستگادا دەرەجەیەکی زیادەی ئەدرێتێ واتە دوای سالیك تێکڕای موچەی مانگانەی ئەبێت بە (٨٧) دینار ٠

٤ - مضیفە بەرامبەر بەهەر شەوێك کە لەکاتی فرماندا لەدەرەوەی عیراق بەسەری ئەبات مخصصاتی (٦) دینار ئەدرێتێ ٠

بەڕیوەبەری گشتی

دەزگای ڕێگای ئاسمانیی عیراق

Institut kurde de Paris

لایەن‌گرتنی هەڵوێستی ڕاست دژی هەڵوێستی ناراست‌و بەدرێژایی ڕێگا دژی ئیمپریالیزم بێ ٠

ئێستاکە ئاوامان ئەوێ ٠٠ جا کە ئێمە عیراقمان بەو شێوەیە بوێ ئەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بین کە ئیمپریالیزم شتێکی‌ترو بە شێوازێکی پێچەوانەی تری ئەوێ ٠

کەوابو وەکو ئێمە بۆی ئەچین ئیمپریالیزم چۆن ڕەفتار ئەکات ؟٠٠

وە چی‌پێویستە لەسەرمان بیکەین بە ڕێختێکی پێچەوانە تردا ؟!

هەموو لایەك ئاگاداری ئەو بەزینەیە کە لەساڵی ٧٤و سەرەتای ساڵی ١٩٧٥دا ئیمپریالیزم دووچاری بوو ئیمپریالیزم لە پورتوگال دەرکرا ٠ وە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەرکرا ٠٠ ویستی گەلان لەخوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەتەواوەتی سەرکەوت‌و تێ‌شکانی مادی‌و بگرە هی مەعنەویشی بە ئیمپریالیزم گەیاند نەك هەر لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەڵکو لەسەرانسەری جیهان‌دا ٠ وە ویستی گەلی پورتوگاڵ لە شوێنی هێزی ئیمپریالیزم لە پەیمانی ئیمپریالیستی لە پەیمانی ژووروی ئەتلەنتیك سەرکەوت ٠

ئەمەش شتێکی تازە نیە کە بڵێین‌و بگەینە ئەنجامی تێ‌شکانی ئیمپریالیزم‌و سەرکەوتنی ویستی گەلان ٠٠ بەڵام ئەبێ لەپێشەوە ئەوە بخەملێنین کە لەکوێ ویستی گەلان سەرئەکەوێ‌و لەکوێ ئیمپریالیزم ژێر ئەکەوێ ٠٠ ئەوەندەی ئەمە پەیوەندی بەویستی گەلەکەمانەوە هەیە ٠٠٠ ئیمپریالیزم لەم ـ قطر ـ ەدا ڕیشەکێش کراو ئەو تاقمە بەکرێ‌گیراوەی لەسەر چیاکان بوو دژی شۆڕشی هەموو عیراق بوو ٠٠ جابۆیە بەڕاستی (تاقمی هەڵگەڕاوەی بەکرێ‌گیراو) پڕ بەپێستی خۆیەتی ٠ تەنیا تاقمێکی بەکرێ‌گیراو نەبوو لەسەر شاخەکان بەڵکو تاقمێکی بەکرێ‌گیراو بوو دژی تێکرای‌شۆڕش‌و ناوەڕۆك‌و سیاسەت‌و ڕێبازەکەی‌و هێزە شۆڕش‌گێڕەکانی بەهەموو دەستەکانیەوە ٠

ئەوە بەندەرێکی ئیمپریالیزم بوو لەم جێگایەدا ٠٠٠ سوریش بوو لەسەر ئەوەی کەشتیەکانی ئیمپریالیزم بەهۆیەوە خۆیان بکێشنەناوەوە بۆ لێدانی شۆڕش لە نزیکترین مەڵبەندەوە ٠

سەرکەوتنی ویستی شۆڕش ٠٠٠ سەرکەوتنی هەموتانە بەسەر تاقمی بەکرێ‌گیراوو سەرکەوتنی شۆڕشی جیهانیشە لە هەموو شوێنێکدا ٠ هەروەکو چۆن سەرکەوتنی شۆڕش‌گێڕان لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا سەرکەوتنی شۆڕشگێڕان بوو لە هەموو جێگایەك ٠

کاتێ ئیمپریالیزم لەناوچەیەکدا سەرئەکەوێ توانای مەعنەوی بەکرێ‌گیراوانی‌و شوێن‌پێی ئابوری‌و کۆمەلایەتی‌و بیری‌ی‌و عەسکەری‌و ئابوری بەرز ئەکاتەوە ٠٠ وەکاتێك لەچەند شوێنێکدا بەچۆکدادێت ٠٠ بنکەو شوێن‌پێ‌کانی ئیمپریالیزم دوچاری شکانی مەعنەوی‌و سایکولوجی ئەبن ٠٠ وەکو ئێمە بۆی ئەچین کاتێك ئیمپریالیزم لەو شوێنانەی باسمان‌کردن بەچۆکا دێت ٠٠ ئەبێ بیر لە بەرزکردنەوەی بەشێك لە مەعنەویاتی بەکرێ‌گیراوو شوێن‌پێ‌کانی لەجیهان‌دا ئەکاتەوە ئەویش بەدەست وەشاندن کە نەخشەی بۆداناوە سەرەڕای هەندێ مەبەستی کلاسیکی تری کە لەئامانجەکانی‌دا دیاری‌کراون‌و ناسراون ٠٠ کاتێ لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا تێ‌ئەشکێ ٠٠٠ وە لە پورتوگال بەچوکدادێت ٠٠ وەکاتێ لە عیراق لەناوەڕاستی ناوچەیەکی داگیرساوی نەوت لەجیهان‌دا بەچۆکادێت ٠٠ ئەبێ ڕەنگی نەخشەیەکی تر برێژێ جا بەشێوەی خۆکشاندنە ناوەوە بێ یاخود بەشێوازی ڕووبەڕووبوونی ڕاستەوخۆ ٠

وە کەسەرنجی دەست‌نیشان‌کردنی شوێنە ستراتیژەکان ئەدەین بە پێودانگی قۆناغی نوێ لەبۆچوونی ئیمپریالیزم‌دا ، ئەبینین کە ناوچەکەمان ٠٠٠ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٠٠٠ ناوچەیەك کە دەست‌نیشان کراوە بۆ ئەوەی بەزیادیەکی لەئاسایی بەدەر لەم قۆناغەدا تیشکی بخرێتەسەر ٠٠٠ وەکە ئێمە باسی زیادە تەقەللای ئیمپریالیزم ئەکەین کەئەیدا بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی مەبەستەکانی کەدەستمان بۆ درێژکردن لەناوچەکەدا ، ئەوەمان لەبیر ناچێ کە هێزی گەلان‌و دۆستە نێو دەوڵەتی‌یەکانیان لە سەرکەوتنیان‌دا لە پورتوگال‌و خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیاو لەعیراق‌و لەشوێنی تری جیهان ئەوانیش بەشێکی هێزەکانیان دەست‌خستۆتەوە بۆ بەرەنگاری‌کردنی ئیمپریالیزم لە جێگای تری جیهان‌دا ٠

ئەمە ڕاستە ٠٠ بەڵام ئەبێ پەنجە بۆ لایەنێکی تەکنیکی بۆچونەکانی ئیمپریالیزم‌و لایەنێکی تری تەکنیکی درێژبکەین لە بوچوون‌و خەمڵاندنی هێزو توانای سیاسی نێودەوڵەتان بەرامبەر بە گرتنە ئەستۆی هەندێ لەو پاڵە پەستۆیەی ئەم ناوچەیە کەوتۆتە سەری ٠

ئیمپریالیزم‌و بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا ، لە چەند ناوچەیەکی دیاری‌کراوی جیهان‌دا نەرم‌و نیانیەکەی حیساب‌کراوە ٠٠٠ ئەو نەرم‌ونیانی‌یەی‌بەرادەی پەیوەندی بوونی ئەم‌کارە بە دۆستە نێو دەوڵەتی‌یەکانی‌یەوە حیساب ئەکرێ نەك بەرادەی پەیوەندی ئەم کاروبارە بەویستی گەلانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ٠ نەرم‌و نیانی‌یەکەی لە پەیوەندی نێوان ڕۆژئاوی ئەورووپاو ڕۆژهەڵاتی ئەورووپاوە حیساب ئەکرێ ٠٠٠ نەرم‌ونیانی‌یەکەی بەشێوازێکی وردتر یاخود وەکو ئەوەی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە حیساب ئەکرێ ٠٠٠٠ ئەو پاڵەپەستۆیەی لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا هەڵی‌ئەگرێ ئەو پاڵەپەستۆیە نی‌یە کە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵئەگیرێ ٠٠ لەوێ جورە نەرم‌و نیانی‌یەك هەیە جیاوازترە لەو نەرم‌ونیانی‌یەی‌کە لەبەردەم ڕوودانی‌جەنگی جیهانی‌دایە لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ٠٠٠ ئەگەر ئەو دەستەی لەخوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا لە ئیمپریالیزم ئەوەشێنرێ ئاراستەی چەند جێگایەکی دیاری‌کراوو گرنگی لەشی ئەکرێ ئەوا ئەو دەستەی لیرە لێ‌ی ئەوەشێنرێ ئاراستەی گەردنی ـ نخاع الشوکی ـ ئەکرێ ٠٠ هەروەکو لەئەورپا ئاراستەی دڵی ئەکرێ ٠ لیرە پاشەکەوتی (ئیحتیاتی) پیترۆڵی جیهان هەیە ٠٠٠ وە مەکینەی ئیمپریالیزم بۆ سوتەمەنی وەرگرتن پشت

وتاری هەڤال صدام حسین ـ پاشماوە

بەم ناوچەیە ئەبەستێ ٠٠٠ کەواتا ٠٠٠ پێوەرەکان کامانەن ٠٠٠ وەرادەی ئەو نەرم‌و نیانی‌یە چی‌یەکە ئیمپریالیزم لە حیساباتی سیاسەتی نێو دەوڵەتان ڕەفتاری پێ‌ئەکات بەورادەیەی کەچەندە ئەو کارەپەیوەندی بەهێزە کاریگەرەکانی جیهانەوە هەیە بەڕێگایەکی پێچەوانەداو لەمانە دۆستەکانمان ٠

ئەم کێشەیە بەچەند خاڵێکەوە بەستراوەتەوە ٠٠٠ بەڵام خاڵی ناوەندی‌ی لەمەدا ویستی گەلە لەناوخۆدا ٠٠٠ چەندە ویستی گەلان لەمەیانی ناوخۆدا خۆی‌بگرێ ئەوەندە بە بۆچوونی مەبدەئی‌و سەرتایی‌و عەسکەری توانای بۆ دەستەبەر دەبێ بۆ وەدی‌هێنانی سەرکەوتن ٠٠٠ بەهەمان ڕادەش فراوان ئەبێ یاخود دێتەوە یەك بەڕێگایەکی پێچەوانەی نەرم‌ونیانی ئیمپریالیزم ٠

لەکاتێکدا کە ویستی گەلان بۆ بەرەوپێش‌چوون‌و سەرکەوتن پتەوتر ئەبێ لەگەڵ ئەمەدا نەرم‌و نیانی ئیمپریالیزم‌لەڕەفتاردا بەرامبەر بەهێزە ڕزگاریخوازەکانی ناوخۆو نێو دەوڵەتان پتر ئەبێ ٠

لەگەڵ ئەمانەش‌دا ٠٠٠ ئەبێ گەورەیی بەرژەوەندی‌ـ ئەو بەرژەوەندی یانەمان لەبەرچاوبێ لەو ناوچەیەدا لە بۆچوونەکانی ئیمپریالیزم‌و لەبۆچوونی ئێمەش‌دا ٠

کەواتا ئەو تەقەللایەی پێویستە بدرێ بەرادەی ئەو ڕزگاری‌یەی کە گەلان لەخوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بەدەستیان هێناوە دوو ئەوەندەیە کاتێ کە بەرژەوەندی‌ـ یەکانی ئیمپریالیزم ئەهێنینە بەرچاو کە لەو بەرژەوەندی‌یانە جیاوازترە کە لەخوارووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا هەیە ٠

کەوابوو هەڤاڵینە ٠٠٠ لەگەڵ ئەو تەقەللاو خەباتەی کە لەمەوبەر باستان‌کردو کردوتانە ٠٠٠ تا ئێستاش داواکراون کە تەقەللا پتربدەن بۆ ئەوەی شوێن پێ‌تان لەسەر ئەم زەوی‌یە قایم بکەن ٠٠

ئەم ناوچەیە لەبۆچونی کلاسیکی عەسکەری‌و لە چوارچێوەی نەخشەی کەونی‌ی ئیمپریالیزم‌دا زۆرگرنگە ٠ وە لە بۆ چوونی پتردا بەرادەی پەیوەندی ئەم کارە بەهەردوو مەسەلەکەوە ٠٠٠ قەوارەی زایونیزمی دۆستی ژمارەیەکی ئیمپریالیزم لەناوچەکەو ٠٠٠ بەپیترۆڵەوە کە هەروەها دووەم هۆ (عامل)ی گرنگە ٠

کاتێ بەخێرایی سەرنجێ لەم هۆیانە ئەدەین وایپێویست ئەکات کە ڕادەی ئەو تەقەللا قورسە پێویستەمان لەبەرچاوبێ کە پێویستە لەلایەن هێزە ڕزگاریخوازەکانەوە ، هەروەها لەلایەن هێزە شۆڕشگێڕو ڕێکخراوە دیموکراتی‌یەکانەوە بدرێ لەپێناوی تەواوکردنی بەرنامەکەیان ٠

ئەم ناوچەیە پیترۆڵی تیادایە ٠٠٠ وە لەبەر ئەوەی ناوچەکەی نەوتی تیادایە چەند دەست نیشان‌کردنێکی دیاری‌کراو لەقایل بوون بە مەیانەکانی زۆرانبازی‌دا ئەسەپێنێ ٠٠٠ لەگەڵ ڕازی‌بوون بە ئامانجەکانی زۆرانبازی‌و ڕازی‌بوون‌بەڕێگاو شێوازەکانی زۆنبازی‌ـ یەکە ٠ ئیمپریالیزم لەناوچەی نەوت‌دا بەتەنگەوەیە کە بەبێ بۆچونێکی وردو تەواو ئاگری شەڕی چەکداری ڕاستەوخۆو فراوان هەڵئەگیرسێنێ ٠

٠٠٠ ئێستا بەتەنگ ئەمەوەیە چونکە ئەوەی‌زانیوە کە ویستی گەلان لەتوانای‌دا هەیە کە لە شوێنەکانیەوەو لەئامانجەکانی‌داو لەشێوازو ڕێگاکانی‌دا پەرە بسێنێ ، پەرەسەندنێك بەزروفی نائاسایی واتە زروفی جەنگ با قورسیش‌بێ ٠٠٠ ویستی گەلان لەتوانای‌دا هەیە کە شوێنێکی پێشکەوتوو بەدەست بهێنێ لە پیودانگی (نسبی)دا بەرەو دۆخی پێش جەنگ ٠٠٠ دوای ئەمە هەڕەشە لە بەرژەوەندی‌یەکانی ئەکرێ‌و دورنی‌یە بتەقێتەوە ٠

کاتێ ئەمە بەم جۆرە دەست‌نیشان‌ئەکەین‌و مەبەستەکانی ئیمپریالیستمان لەبیر ناچێتەوە ٠٠٠ ئەبێ ئەو تەقەللایە لەرادده بەدەرەمان لەبەر چاوبێ کە ئیمپریالیزم ئەیدات بۆ خۆکێشانە ناو سەنگەرەکانی دواوە ٠٠٠ کە شێوەی خۆکێشانی فراوان لەو شێوە ئاساییە پتر بەکارئەهێنێ کە لەگەڵی ڕاهاتووین ٠

گرنگترینی شێوەی ئەو خۆکشانە ناوەش کە لە بوچونەکانی‌دا کاریگەرەبەشێوەی ڕەفتاری سایکۆلوجی‌یانە ئەبێت بەرەو ڕێگایەکی پێچەوانە ٠ واتە تێك‌دانی نفوس‌و کارکردن دژی ڕێبازی هاوکاری‌و کۆمەك بەیەکتری‌کردن کە بەهەستی دەرونی‌ی هاوکاری‌کردنی ناوکۆیی نێوان ڕیزی هێزە شۆڕشگێڕو نیشتمان‌پەروەرەکانەوە بەستراوەتەوە لەگەڵ هەوڵدان بۆ تێکدانی ٠

دووبەرەکی خستنە نێوان هێزە نیشتمانی‌یەکان کارێکی غەریب نیە لەلایەن ئیمپریالیزمەوە ٠٠ بەڵام ئەوشتەی نوێ‌یە ئەو چوارچێوە نوێ‌یەیەکە بەکاری‌ئەهێنی وەکو دوا داهێنانی زانست‌و تەکنیك کە ئیمپریالیزم توانیویەتی بەتوانای تایبەتی خۆی وەدی‌بهێنێ ٠

کەواتا ئێوە چەند داواکراون ٠٠٠ چەند بەچونێتی نەك بە چەندیەتی ٠٠٠ چەندتان لەسەر پێویستە کە لەمەیانی سایکولوجی‌و مەبدەئی‌و سیاسی‌دا خۆراگربن بۆ ئەوەی بەرەنگاری کاری خۆکیشانە ناوەوەی دوژمنان ببن بەوشێوەیەی لەمەوبەر دەستمان بۆ درێژکرد ٠

ئیمپریالیزم بەهۆی شوێن‌پێ کۆمەلایەتی‌و ئابوری‌ـ یەکانی لەکۆمەڵدا هەوڵ ئەدا خۆ بکێشێتە ناوەوە ٠ هەروەها هەوڵ ئەدا دەستی بەسەر هەموو شوێنێکی گرنگی کۆمەڵدا بگات ٠٠٠ هەروەکو ئاشکرایە ئێمە بەسەر خۆداگرژبوون ئەدەینە دواوە ٠٠ چۆن ئێمە بەوە قایل ئەبین کە بەسەرخۆمان‌دا گرژبین لەکاتێکدا کە تێکرای جیهان بەگرژبوون بەسەرخۆدا (الانغلاق) ڕازی نابێت ٠

جابۆیە پێویستە خۆراگری‌ی مەبدەئی‌و سیاسی‌مان لەناوخۆدا پتەوتربێ بۆ ئەوەی بتوانین بەنەرم‌ونیانی لەسیاسەتی نێو دەوڵەتانمان‌دا ڕەفتار بکەین وە ڕێگای درێژبوونی زمان‌و ئەقڵ‌و نەخشەکانی ئیمپریالیزم نەدەین بەرەو شوێن‌پێ ئابوری‌و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵەکەمان ٠

کەوابوو پێویستە تەقەللایەکی لەئاسایی بەدەر بدرێ بۆ پتەوکردنی خۆراگری‌ی مەبدەئی‌و ڕۆشنبیرکردنی مەبدەئی‌یانە کە بەسیاسەتی بەباشی بینینی ڕەفتاری هێزی دوژمنانەوە بەستراوەتەوە ٠

لەم‌قۆناغەدا سەبارەت بەهێزە شورشگێڕو نیشتمانی‌یەکان پێویستە تەقەللایەکی بیری‌ی نائاسایی بدەن بۆ قوڵکردنەوەی خۆڕاگری‌ی مەبدەئی‌و سایکولوجی‌و سیاسی گەل‌و ڕێکخراوە شورشگێرو دیموکراتی‌یەکانی ٠

شۆڕش کە تارادەیەك بەنەرم‌ونیانی ئەجوڵێتەوە، ئەمە ڕادەیەکی بەرەنگاربوونی زایونیزمیش دابین‌ئەکات ، پێویستە ئاگاداری ئەو خۆراگری‌یە بین کە لەناوخۆدا ئەمانەوێ ٠٠٠ بۆئەوەی ئەوە بە بیردا نەیەت کە نەرم‌ونیانی لەسیاسەتی دەرەوەمان‌دا دوور نیە جورە خۆکردنەوەیەك لەسەر هەمان بنچینەو ڕێگا لەناوخۆدا بگەیەنێ ٠

ئەم تەقەللایە تەنیا سەرکردایەتی دەوڵەت یاخود سەرکردایەتی بەرە یاخود سەرکردایەتی فلان پارتی نایدەن بەڵکو هەموویان بەیەکەوەو هەڤاڵانتان لەهەموو جێگایەك ئەیدەن ٠

شتێکی نهێنی نادرکێنین ئەگەر بڵێین ئێمە وەك بەرەیەك وەئێمە وەکو پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب دەورمان تەنیا لەعیراق گیرنا خوات بەڵکو ئەگاتە ئەوشوێنانەی کە دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی تیادایەو گەلانی تیادا ئەچەوسێنێتەوە ٠

ئێمە کاتێك لیرە دائەنیشین بەرپرسیاری‌مان ئەگاتە مەسافەیەکی درێژ لەسەر ئەو بنچینەیە پێویستە خۆراگری‌مان نەفەس درێژبێ‌و نابێ نائاسایی بێ بۆئەوەی بەتەواوەتی مەبەستەکانی بەدی‌بهێنێ ٠

جالەبەر ئەم هۆو ڕونکردنەوە کورتانە پێویستە خۆراگری‌یەکی بەرزی مەبدەئی‌تان هەبێت ٠

داواکراون کە تەقەللایەکی بیری‌ی نائاسایی بدەن‌و بەدوا پروپاگەندەی کیناویانە نەکەون کە جاروبار ـ بەداخەوە ـ لەلایەن هەندێکتانەوە دوبارە ئەبێتەوە، بەبێ‌ئەوەی هەست بەمەترسی‌یەکەی بکات هەڵی ئەگرێ ٠ دوای گلان پروپاگەندە بڵاوئەبێتەوە کە بەزەمینەی گلانەکەوە بەندەو مەبەستی ناوخۆیی‌و ناناوخۆیی هەیە ٠

دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی شورش بەتەقەللای هەمووتان بەسەر تاقمی هەڵگەڕاوەی بەکرێ‌گیراودا بەدەستی‌هینا ، چەند پروپاگەندەیەك بڵاوبۆوەو ئێمە ئەمان‌بیست‌و ئێستاکەش ئەیبیستین پروپاگەندەکەش ئەمەیە کە پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب چاو بە تەوژمی بەرەیی‌دا ئەخشێنێتەوە ٠٠٠ چاو بەپەیوەندی‌یەـ کانی‌دا ئەخشێنێتەوە لەگەڵ لایەنەکانی‌تری بەرەدا ٠

ئێمە ڕانەهاتوین کە هیچ بشارینەوە ٠٠ ئەبێ بیڵێین ٠٠ هەندێ هەڤاڵ توشی ئەو نەخۆشی‌یە بوون ٠٠٠ نەخۆشی پروپاگەندەو ئەپەشۆکان ٠٠ بەڵام بۆچی هەندێکتان لەو سەرکەوتنە ئەپەشۆکێن ٠٠ باشە ئێوە هەوڵ‌تان نەئەدا کە ئەم سەرکەوتنە بەدی‌بێت ٠٠ کەواتە بۆ ئەپەشۆکێن ٠٠ وە ئایا ئێوە لەو باوەڕەدابوون کە شورش لەشەڕدا لەگەڵ دوژمندا بەچۆکادێت ٠

نیزیکەی ساڵێك لەمەوبەر هەر لەم شوێنەدا گوتمان شۆڕش سەردەکەوی ٠ ئەو قسەیەمان لەخۆوە نەگوت‌و بۆ استهلاکیش نەبوو ، بەڵکە حیسابی تەواومان بۆ کردبوو ، و دڵنیابووین کە سەردەکەوین ٠ کەوابو ، مادام باوەڕمان بەسەرکەوتن هەبووەو لەو ڕیگایەدا بۆ ئەو مەبەستە تیکۆشاوین‌و لەلوتکەی چیا بەرزەکان‌دا خوێنمان لەپێناوی سەرکەوتن‌دا بەخشیوە ، بۆچی سەرکەوتن نیگەرانمان دەکا ٠ بۆچی سەرکەوتن بە بەهێزکردنێکی تازەی جێ‌پێ‌ی‌خۆمان نازانین بۆ بەرەوپێش‌چوونمان چ لەبەهێزکردنی بەرەو ئەرکەکانی‌و چ لەبەهێزکردنی داهاتووو ئامانجە ستراتیژی‌یەکانی‌دا ٠

هەر مەسەلەیەك کە دوولایەن یا زیاتر تێیدا بەشدارن ئامانج‌و بەڵگەی تایبەتی خۆی هەیە ٠ لایەنەکانی بەرە کاتێك لەبەرەدا بەشداربوون‌ئامانجەکانیان لەپەیمانی کاری نیشتمانی‌دا دیاری‌کراون ٠ ئەو ئامانجانەی لەپەیمان‌دا دیاری‌کراون ئامانجێکی کاتی نین ، بەڵکە ئامانجێکی ستراتیژین کە داواتان لێ‌دەکەن کاری دژوارو بەردەوام بکەن بۆ وەدی‌هێنانیان ٠

جێگای خۆی نیە ئێمە پێمان وابێ بەڕووخانی تاقمی بەکرێ‌گیراو لە لوتکەی چیا بەرزەکان‌دا هەموو ئامانجەکانی پەیانمان وەدی‌هێناوە ٠

کەوابوو نیگەرانی بێ‌جێ سەردەکێشێ بۆ بەکارهێنانی هێندێك ئوسلوبی ناڕەوا ٠٠ نیگەرانی بێ‌جێ سەردەکێشێ بۆ بەکارهێنانی هێندێك ئوسلوبی خۆپارێزی ناڕەوا ٠

هەرکام لەئێمە ئوسلوبی خۆ پارێزی ناڕەوا بەکاربهێنێ ، لایەنەکانی تر دەیبینن‌و پالیان پێوە دەنێ بۆ بەکارهێنانی هێندیك ئوسلوبی خۆپارێزی بەرامبەر بەو ئوسلوبانە ٠ بەو جۆرە ریزە ئوسلوبێکی خۆپارێزی‌ی خۆپارێزی بەرامبەر بەکاردەبرێ هەتا وامان‌لێ دەکا لەجیاتی ئەوەی هەمومان لەسەنگەرێك دابین ، بەرامبەر بەیەکتر ڕاوەستین‌و ئەوەش مەترسی‌یەکی گەورەیە ٠٠ یاری بەمە بێ‌گومان یاری‌کردن بەئاگرە ٠

پێویستە بگوتری هەر هەڤاڵێکی حیزبی لەهەرجێکایەك‌و لەهەر شوێنێك‌دا یاری بەمە بکا ئەوا یاری بەئاگر دەکاو مانای ئەوەیە دەستی خۆشی‌و لایەنەکانی تری بەرەش دەسووتێنێ ٠

زۆرجارمان گوتوەو بەمەبەستی استهلاکیشمان نەگوتوە ، گوتوومانە ئێمە واتە شۆڕش بەهەموو هێزەکانیەوەو بەهەموو ڕێبازە سیاسی‌یەکانیەو نیازی بە مندالێکی شیرەخۆرە هەیە ٠٠ کەوابو چۆن نیازی بەلایەنەکانی تری بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز نیە ؟٠

ئەو سەرکەوتنەی وەدی‌هات‌و کەهەموو هیزە نیشتمانی‌یەکانیش دەوریان تێدا هەبوو پێویستە وەك هۆیەکی تازەی پتەوبوون بەکاربهێنرێ بۆ بەهێزکردنی پێوەندی هەڤاڵانە لەناو بەرەداو دەبێ وەك ئیمکاناتێکی تازە بەکاربهێنرێ بۆ بەرەوپێش ـ چوونمان لەئەرکێکی گەورەتر لەجێ‌بەجێ‌کردنی سۆشیالیزم‌داو هەروەها لە سیاسەتی ڕزگاریخوازیمان‌دا ٠

گەڕانەوە نیە ٠٠ بۆ پێشەوە هەڤاڵینە ! هیچ ڕەوانیە کە پاش سەرکەوتنەکان بیر لە ڕوودانی شتی پێچەوانەبکەنەوە ٠

سەرکەوتنەکان هەمیشە شۆڕشگێڕان لە بەرامبەر چەند ئەرکێکی تازەدا دادەنین ٠ چەند ئەرکێکی تازە بۆ بەرەوپێش‌چوون بەرەو ئامانجە ستراتیژی‌یەکان ، نەك بۆ ئەوەی بیربکەنەوە کە هەنگاوێك بەرەودوا بگەڕێنەوە ٠

هەڤاڵینە ! پێویستە تێکۆشانێکی زیاتر بەکاربهێنین بۆ ڕاست‌کردنەوەی هەڵەکان‌و بۆ ئەوەی هەڵەکان وەبیریەکتر بهێنینەوە ٠٠ نابێ هەڵەکان بەکەم بگرین نابێ پێوەندی هەڤالانە مان بەکەم‌بگرین ٠

ئێوە هەمووتان دەزانن کە بەرە لەسەر لاشەی قوربانیانی هەڤالانی هەرکام لەهێزە نیشتمانی‌یەکان دامەزرا کە بەدەستی هێزەکانی تر کوژرابوون ٠ لەگەڵ ئەوەش‌دا بەرە بە بەڵگەی خۆیەوە دامەزرا ٠٠ ئێستا چەند پێویستە کە ڕێبازی بەرە زیاتر تەخت بکەن نەك هەر بۆ ئەوە کە ڕابردوو بەڕابردوو دابنێن ، بەڵکو بۆ ئەوەش کەجێ‌پێ‌ی خۆتان لەسەرڕێگای داهاتوو پتەو بەهێزبکەن ٠

ڕێگای داهاتوومان ناتوانین تەنیا بەفکر ببڕین ٠ ڕێگای داهاتوومان بەبێ سیاسەت وبەبێ ئیرادەیەکی ڕێکخراو ریک‌وپێك بۆ نابڕی‌و لێرەدا هاوکاری یەك‌گرتنی مەعنەوی جێگایەکی تایبەتی هەیە ، واتە هەست‌کردن بە گرنگی‌ی یەك‌گرتنی هەموو هیزە نیشتمانی‌یەکان بەبێ‌جیاوازی ٠

پێویستە ئەو تێ‌بینی‌یە دەرببڕین‌و ئەرکەکانی هاورێ‌یانمان دەست‌نیشان بکەین ئەرکی یەك‌گرتنێکی ناوخۆیی لەچوارچێوەی بەرەداو ئەرکی کاری بەربڵاو لە ناوریزەکانی کۆمەڵدا بۆڕوون‌کردنەوەیان لەسەر ئەو ڕێبازانەی باسمان‌کردن ٠

ئەگەر لەڕابردوودا هێزە کۆنەپەرستەکان ئێوەیان حەپس‌دەکرد ، ئێستا دەیانەوێ لەئەستۆتان‌بدا ، هی هەمووتان ، هەرکەس باوەڕی بەپێشکەوتن هەبێ ، باوەڕی بەڕزگاری هەبێ ، باوەڕی بەرزگارکردنی ئابووری‌یەکەی هەبێ ، باوەڕی بەوە هەبێ کەشوورەی وڵاتەکەی لەسەربەخۆیی دەرەوەی‌دا وەك دەمی موسی ریش تاشین تیژبێ ، ئەستۆی لەژێر هەڕەشەی ئیمپریالیزم‌و پێگە کۆمەلایەتی‌و ئابووری‌یەکانی دایە ، دوای ئەو تاقی کردنەوەی ئیمپریالیزم بەکاری‌هێناو لەم وڵاتەدا لەهەموو بارێکەوە تووشی تێ‌شکان‌و نوشوستی هات ٠

ئەم وڵاتە ئەگەر هەرواتیشك بداو کەدیارە هەروا لەم مەڵبەندەدا تیشك دەدا ، ئەوا هەڕەشە لەقازانجی ئیمپریالیزم دەکا ٠٠ کەوابوو بیر لەحەسانەوە مەکەنەوە پێتان‌وا نەبێ هەرکەسە بەحیساباتی‌سیاسی خۆی‌بەتەنیا دەتوانێ بەرەو ئامانجە گەورەکانی بڕوا بێ ئەوەی نیازی بەکەسی‌تر هەبێ ٠٠ نا ٠٠ بەڵکو هەمیشە شتێك لەدرێژایی خۆتان کەم بکەنەوە تا درێژایی هەڤالەکانی تری بخەنە سەر ٠٠ بۆ ئەوەی ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینە بدەن بەئەرکەکانی بەرە لەخەباتی بەردەوامی‌دا ٠

ئەوە شتێك بوو کە ویستم دەستی پێ‌بکەم ٠٠ وە ئەوە شتێکی زۆر کورتە لەوەی کە پێویستە زۆری قسە لەسەر بکەین‌و ئیتر سلاوتان لێ‌بێ ٠

هەڤاڵ صدام حسین لەکۆبوونەوەکەدا وەلامی هێندیك پرسیاری دایەوەو هەڤاڵ جێگر لەوەلامدانەوەکانی‌دا زۆر ستایشی ڕێك‌کەوتنەکەی جەزایری کرد لەنێوان عیراق‌و ئێرانی دراوسێ‌دا ٠٠ هەروەها گوتی کونگرەی هەشتەمی قطری حیزب سیاسەتی باش‌کردنی دراوسێ‌یەتی لەگەڵ ڕیژیمەکانی تری‌دا پەسندکرد سەرەڕای جیاوازی ڕیژیمی کومەلایەتی‌یان ٠

ئێمە باوەڕمان بەپێوەندی باش‌کردنی دراوسێ‌یەتی لەو بابەتەهەیە ، پاش ئەوەی کە بەگوێرەی ئەو ڕێك‌کەوتنە هەل‌ومەرجی بۆپێك‌هاتوە ٠٠ واتە ئەمە مەسەلەیەکی تاکتیکی پتەو بەڵکە ئێمە پێمان وایە مەسەلەی جێ‌بەجێ‌کردنی التزاماتی بەرامبەریەك مەسەلەیەکە کە پاشگەزبوونەوەی لێ‌ناکرێ ٠٠ وە ئێمە ئیلتزاماتی خۆمان بەتەواوی جێ‌بەجێ‌دەکەین ٠٠ و ئێرانی دراوسێش ئێستا بەوردی ئیلتزاماتی خۆی جێ‌بەجێ دەکا ٠

پاشان لەکۆبوونەوەکەدا بەرنامەی کاری قۆناخی داهاتوو خوێندرایەوە کە لە چاوپێکەوتنی سکرتاریەتی بەرەی نیشتمانی‌و نەتەوایەتی پێشکەوتنخواز لەگەڵ لیژنەکانی بەرە لەپاریزگاکان‌دا ئامادەکرابوو ٠

بەرنامەی کار بریتی بوو لە ڕوون‌کردنەوەی کۆمەلاّن لەسەرپەیمانی کاری نیشتمانی‌و بەڕێوەبردنی جەوهەری بیروباوەڕەکانی لەهەموو تێکۆشانێکی سیاسی‌و فکری‌دا ٠٠٠ وە بەهێزکردنی ڕیژیمی شۆڕشگێڕ لەکۆماری عیراق‌داو بەرەوژووربردنی خەباتی کۆمەلاّن بۆ خاشەبڕ کردنی پلان‌و فرت‌و فێڵەکانی ئیمپریالیزم‌و سەهیونیزم‌و کۆنەپەرستی‌و بەرەنگار بوونی هەموو پڕوپاگاندەیەکی دژ بە ڕیبازی شۆڕش ٠٠ وەیەك خستنی کۆمەلاّني گەل‌و دابین‌کردنی بەشداری کۆمەلاّن لەبناخەدانانی ئابووری وکۆمەلایەتی‌دا ٠

هەروەها بریتی‌بوو لە بەکارهێنان‌و هاندانی چاوەدێری‌یەکی دیموکراتی بەسەر ڕەفتاری کاربەدەستانی ناوچەی پاریزگاکان‌دا ٠٠ وە پێشنیارکردن بەلیژنەی بەرز لەهەرشتێك‌دا کە ببێتە هۆی بەربەرەکانێ‌ی بیروکراسی‌و جێ‌بەجێ کردنی بڕیارە پێشکەوتووانەکانی حکومەتی شۆڕش ٠٠ وە بەهێزکردنی دەزگاکانی بەشی گشتی (القطاع العام) وە جوولانەوەی هەرەوەزی‌ی (الحرکە التعاونیە) ٠

ئا٠د٠ع

institut kurde de paris